311

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات

خولی چوارەم/ ساڵی بیست و شەش/٥ی ٩ی ٢٠٢٣

- **خاوەنی ئیمتیاز**
  شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
  ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
  سەرکەوت وەلی
- **مۆتیف و پۆرترێت**
  قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
  باسم ڕەسام

**ناونیشان/ هەولێر ـ میدیا سەنتەر**

**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی /** www.raman-media.net

**ژمارە مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە) /** 07504494662

**(دەرەوە) /** 009647504494662

**پۆستی ڕامان:** sarkautwali@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆکسانا/ هەولێر**

**نرخ/ ٧٥٠ دینار**

## ناوەرۆکی ڕامان


**● دەق**
- مێرگی وشە/ نەزەند بەگیخانی/ ٣
- ژووان لەگەڵ خاتووخودایەکی ئیلامی/ یوونس ڕەزایی/ ٥
- ساقی../ غەریب پشدەری/ ٨
- نێرگزی شەڤە و کوژیکێ کەل/ موحسن قۆچان/ ٩
- لوورەی گورگ، یان ئەوکاتەی هۆنراوەی کوردییە و من دەگریم/ هاڵی مەیسن، لە ئینگلیزییەوە: ژاوێن شاڵی/ ١١
- نامەکانی خان/ سەلاح شاکەلی/ ١٣
- زۆیا/ ستیڤان شەمزینی/ ١٦
- شەڕی ناو کتێبخانەکەم/ باهۆز مستەفا/ ٢٢
- هێڤییێن قورمچی/ لەوەند دالینی/ ٢٤
- چەخماخ/ لە دانیمارکییەوە: ئازاد مەولوود/ ٢٦

**● هەڤپەیڤین**
- هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ چیرۆکنووس و وەرگێڕ (جیهان عومەر)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ ٣٣

**● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**
- ڕۆنانی بەردینەی ڕۆمان لەسەر بناغەی حەقایەت و بەیتان/ موراد ئەعزەمی/ ٥٩
- نیشانەی سیمیۆلۆژی لە گوتاری شیعریی (جەلالی میرزا کەریم)دا/ غازی حەسەن/ ٦٨

**● هزر و فەلسەفە**
- ئیبن ڕوشدی ئەندەلووسی (١١٢٦ – ١١٩٨ز)/ پ. د. حەمید عەزیز/ ٧٩

**● وتار**
- گێڕانەوەی نێرینەیی و مێینەیی لە ئەزموونێکدا/ حسێن لەتیف/ ٩٢
- ئەنتۆلۆژیای دەنگ/ بەختیار محەمەد/ ٩٩

**● زمانزانی**
- واتاکانی وشەی (ڤەدان)ی ک. سەروو و هاوواتاکانی بە ک. ناوەڕاست/ ناسح حوسێن سلێمان/ ١٠٥

**● مێژوو**
- چەند بیرەوەری عارف قەزوینی سەبارەت بە سنە/ لە فارسییەوە: فەرامەرز ئاغابەیگی/ ١١٣

**● هونەر**
- دراماتورگی میرهولد لە نمایشدا/ د. فازڵ جاف/ ١١٩
- سێ هونەرمەند لە پێشانگەیەکی شێوەکاریدا، چاوەکان تێر ڕەنگی ئاوی دەکەن/ سۆران ئیسماعیل/ ١٢٥

**● بەسەرکردنەوە**
- دیمانەیەک لە تەمدا (دەلاقەیەک بەرەو ژیان)/ عەبدوڵڵا سەمەدی/ ١٣٢

**● خوێندنەوەی کتێب**
- پاشای خەونەکان/ عەبدولمۆمین دەشتی/ ١٤٣

**● نامە**
- چەپکێک نامە... / ئا: سەرنووسەر/ ١٤٧

**● بە باڵابرین**
- بۆچی گۆڤاری (ڕامان) لە تۆقەڵاندا مایەوە؟/ حەیدەر عەبدوڵڵا/ ١٥٥

**● سووکە لەنگەر**
- لەم ژمارەیەوە ڕامان مانگانە دەردەچێتەوە/ سەرنووسەر/ ١٦٠

# مێرگی وشە

نەزەند بەگیخانی

وشە جۆگەیە
بەرەو تۆ ڕێ دەکا
بەسەر زیخ و بەردی نەوتن-دا سەردەکا
لە نێوان ئێمە والا دەکا دەرگا

دەرگایەک بۆ بینین
یەکێ بۆ بیستن
دەرگایەک بۆ گومان
یەکێ بۆشاگەشکەبوون
لە کێلونی بزەیەکەوە
کە قوولاییەکان دەهەژێنێ
دەبینە ڕووبار و شەپۆل دەدەین
قەڵشی کەستەکی کەنارەکان
دەخۆنەوە ئاوی ژیان
مێرگێ لە وشە شین دەبێ
جوانی دەپشکوێ
ئاوەدان دەبێ
چۆڵایی بوون
پڕ دەبێ لە پیت ئاسمان
لەگەڵ نەسیمی برگە
پۆلێ فاریزە و خاڵ و نیشانەی سەرسوڕمان
سەما دەکەن لەبەر پەنجەرەی تێڕامان
لەم زەمینە پرتەقاڵییە
کە بە کازێوەی دێڕێک چاودەکاتەوە
سوجدە دەبا
لەسەر گردی کۆپلە مانا
بۆ یەکەمین نیگا
یەکەمین ڕوانین لە ڕوخساری تۆ فوارە دەکا



ئینجا لەسەر پردی شیعرێ
پێک دەگەن هەردوو کەناری وشکهەڵاتووی ئێمە
من دەپەڕمەوە بەرەو تۆ
تۆ بەرەو من
لە فەزای ژێر دەستەکانمان
زەمەن زاهیرانە ڕێ دەکا

لەسەر شۆستەی کۆتری سەلام
دەستی دەگرم و
لە بەرانبەر هەمووان
تێر تێر ماچی دەکەم

من شۆڕشم؟

## من شۆڕشم؟

ئەمڕۆ نیشتمان چرۆ دەکا
من تەنورەیەکی کورت دەپۆشم
لێوم بە تۆخی سوور دەکەم
پرچم دەدەمە دەم با و
بە پیاسە تا مەیدانی شار دەڕۆم
لەگەڵ دوکاندارەکان مامەڵە دەکەم
بە دەم ڕێگاوە دۆندرمە دەخۆم
قاقا پێدەکەنم
لە چایخانەی مەچکۆ
ئاسایی
قاچ لەسەر قاچ دادەنیشم
چایەکی گەرم دوور لە چاوەکان
بە هێمنی فڕدەکەم
جگەرەیەک دەردەهێنم و
لە کوڕەکەی تەنیشتم داوای چەرخ دەکەم
ئەو شەرم دەیگرێ
جگەرەکەم بۆ دادەگیرسێنێ
دەبینم دەستی دەلەرزێ و
لەژێر لێوەوە پێدەکەنێ

ئینجا هاوڕێکەم دەگا
پێکەوە گفتوگۆ دەربارەی وجوود و عەدەمی سارتر
جنسی دووەمی سیمۆن دوبۆڤوار دەکەین

دەمەو ئێوارەش ڕووەو قەڵا

## کچەکەم

هەنگاو بنێ
بەرەو دەریاری ئەو نا
بەرەو خۆت
بۆ ئەو نا
بۆ خۆت
کە پێی گەیشتی مەوەستە
بەردەوام بە
بۆ ئەوان نا بۆ خۆت

# ژووان لەگەڵ خاتووخودایەکی ئیلامی

یوونس ڕەزایی
(بۆکان)

خاتووخودایەکی ئیلامیم خۆش دەویست
ڕووت ببۆوە لە دڕندەیی کوێستان
و
گەنمی لە پەنجەکانی من داچاند

خاتووخودایەکی زاگرۆسم پێویست بوو
بە شیری مەمکەکانی خۆی
گڵی نیشتمانی تەڕ کرد
سواڵەتێک؛
لە وێنەی کاراسکێک لە پەنجەی ئاوسی ڕووا

خاتووخودایەکی باکووریی
کە جوغرافیام بوو
شیری دامێ
گەنمی دامێ
ترێی دامێ و
ئێوارەیەک بوو بە دارێک لە نیگامدا
من ئیتر وێڕای پڵینگەکان نەرمونیانم
ڕەوەز تا ڕەوەز هەرێمی منە و
دارێکی مێوینەش

من ئێستا هاوڕێی مارەکان
پاپۆکە دەخۆم
لەسەر نەخشەی مێژوویی نیشتمان
لە دەریایەکی بە چارەنووسی ڕەشەوە
تا کەنداوێک کە هەر دیرۆکی ئاژاوە

بەندەرەکانی خوازنێکیش پیرۆز ڕادەگرم



میحراب لە گەنم ساز دەکا
پەرستگە لە ڕەشەڕەیحانەی
دەم کانییەکی پەڕیوە

ئێوارەیەک؛ وێڕای ئاسۆ خواردمییەوە
ئەو خاتووخودایەی؛ بەرە بەرە تاریک بوو
کازیوەیەک؛ من لە منداڵدانیدا سەربەخۆییم چەشت
کە هاتمەوە دونیا
بوومە دەستەبرای شاخێک
بەرز بوو
بوومە ئاواڵدوانەی شارێکیش
وێنەکانی ژن دووپات بووبوونەوە
لە ئاوەدانی پەنجەرەکانیدا

من ئیتر وێڕای کەوەکانی نیشتمان
هەر نسێ داهاتبا
ئاور لە دەمارم بەردەبوو
لەگەڵ ماسییەکانیش بیرمان لە کرۆکی دەریاکان
لە ڕێگای دووری ڕووبار و
پێداگریی کانی دەکردەوە

من خاتووخودایەکی ئیلامی دەخوازم لەو شیعرەدا
چەک دادەنێم
ماڵاوایی لە ئوستوورەکانی ڕاو دەکەم
لە ئەفسانەکانی خوێن
لە چیرۆکەکانی زام

مۆمێک دادەگرسێنم و دەڵێم: خەڵکینە!
ئەوە موعجیزەی منە

پەنجەرەیەک دەکەمەوە لە ڕەوەزێک و
دەڵێم: گەلی دە برادەرینە!
ئەوە ئاکاری منە

ژنێک ماچ دەکەم لە هەر کوڵانێکی خەونێکدا و
دەڵێم: ئەوەیە بەشێک لە ئایینزای تازەی من

من خاتووخودایەکی ئیلامی دەژیم
لە کێوەکان؛ گیا دەخوێنینەوە
بەشکوو سەوزایی بێتە دی

لە بنارەکان؛ ئاو دەڵێینەوە
بەڵکوو متمانەی کانی بین

لە دەشتەکان؛ پێستی ڕووتی یەک دەنەخشێنن
پاشان نوێژی باران دەکەین

من ستایشتی دەستەکانی مێوینەم
لە شەڕەکانی دوورەدەست پێ باشترە
من چاوەکانی پیرۆز دەکەم
بە ئایەتێک هەر لە خۆی
ئەوەم لە پەرستگەکانی دوورەدەست پێ باشترە
پاشان لەسەر پێستی
نەخشەی نیشتمانم تاتۆ دەکەم
لەسەر پێستم
وێنەی ژنێک کە لە دەریای ڕەشی چاوییەوە
تینووم
تا کەنداوەکانی کەلامی
کە پیرۆزن هەمیشە

من خاتووخودایەکی ئیلامی لە خۆمدا دەچێنم
با بەر بگرم
تەنانەت لادەدەم لە ڕێچکەی بارانە
سەری خۆمان هەڵدەگرین و
بە نێوان دەریاکاندا سەفەریی دەبین
هەر دارێکمان دی نوێژێک لە ژێر نسێیدا

هەر ڕووبارێک، لەشێک دەسپێرینە چاوی
هەر شاخێک، بیرەوەرییەک بە باڵای
تەنیا دوور دەکەوینەوە لەوانەی خوێن دەچێنن

من ئاشقی خاتووخودایەکی ئیلامیم
نامەیەکی بۆ دەنووسم

خاتوون! کە خودا لە ناوتدا شاراوە
بە ناوی کرماشان و نیگارەکانی بێستوونەوە
دەست پێ دەکەم
بە ناوی قەسری شیرین و دارخورمایەک کە
سنووری من و شەوە
پێم خۆشە هەر ڕۆژێ ئایەتێک لە جەستەم
بخوێنمەوە
دەمهەوێ خوازبێنی تۆ لە دالاهۆ بکەم
کە پیرە

لە دەفتەرەکاندا ناوت تۆمار کەم
مارەییت با تاوسێک بێ
کە لە هەورامان ون بووە
هۆرەیەکیش بە گیازی بێنە تکاتە

لە سنە ژووانێک دەکەین و
ڕەنگە ئیتر من بسووتێم
پاش هەزار و یەک کەلامی دیکەی ئاور
سەر هەڵدەدەمەوە لە خۆڵەمێشی خۆم

خاتوون! سوێند بەو چەکانەی ناتەقن
ڕووبەڕووی تاریکی نەبێ

چەکێک لە شان دەکەم و
بە ئەفسانەیەکی هەوشاردا تێدەپەڕین
پەرستگا لە سەر پەرستگا

بە زاراوەی موکریاندا دەبینە گۆرانی
حەیران لەسەر حەیران
بە دەشتی سندووسدا دەبینە ترێ و
مەست لە ئامێزی یەکدا

تۆ ئیتر خاتووخودایەکی مەستیی
نهێنییەکانم بۆ بدرکێنە
تاوێک دەستنووسەکانی کێلەشینم بدوێنە
تا بە تێپەڕینەوە
سبەینێ دەگەینە دم دم

من خاتووخودایەکی ئیلامی ژیاوم
لە دواوێستگەی ئەو شیعرەدا
لە باکووری جوانییەوە لەسەر تەختێک دادەنیشم
تا باشوور، هەر باخە مێژووم

ئێمەش
ڕۆژهەڵاتی لەشی یەک دەدوێنین
بە لەشی برینداری نیشتمان سوێند بێ

# ساقی..!

غەریب پشدەری

ساقی قوربانی دەست و پیاڵەتم
گیانبەخشی ئا ئەو لێوە ئاڵەتم
شەیدای شێوەی ئەو دەنکە خاڵەتم
دەسا دەی تێکە پیاڵە لێواولێو

بە پیاڵەیەک مەی تەواو مەستم کە
کار لە دەروونی پڕ لە هەستم کە
لە بیری ژینی تاڵ دەربەستم کە
ئەوسا دووهەمیش تێکە لێواولێو

بەجێم نەهێڵی تا بەری بەیان
هەڵنەخەڵەتێی بە خۆشی ژیان
ئەو خەڵکە هەمووی خەریکی ڕیان
خێرا سێهەمیش تێکە لێواولێو

هەر کاتێ زانیت تەواو سەرخۆشم
لە باسی ئەم و ئەو فەرامۆشم
بێبەری لە ژین لە بیر و هۆشم
لێو لەگەڵ لێوم جووت کە لێواولێو

تا دوا هەناسەم سارد دەبێتەوە
ڕەنگی ئاڵی ڕووم زەرد دەچێتەوە
دەخیلتم ئەوسا هۆشت بێتەوە
پیاڵەیەک فرمێسک پڕکە لێواولێو



# نێرگزی
# شەڤە و کوژیکێ کەل

موحسن قوچان
(دهۆک)

ل بن گەهێن تاریێ دنەرمژیت
تاری میرە و تیرۆژکێن سێوی ڤەدکوژیت
قارەمانێ چیرۆکا من یێ ئەڕنی
پەیا رێکێن ل ستێران بڕین
ناهێلیتن کەت ژێ بڕژیت
شەڤە و ب شەڤ
چریسکەکا هایدانا فال
د هشێن وی دا دبیتە سومبوول
ئەو کەسەکێ نێرگزییە
خۆ دپەرێسیت
خۆ ب تەڤنەکێ پیرۆز درێسیت
ڤیانا وە گەمارەکا خولیکییە
د پێلاڤا ویدا دگرنژیت
قاسی شرۆخا کالکا خۆ حەز ژ وە دکەتن
هوین ئەوێن دی
شوینپێیەکن د دویف کوخکا وی را دەردکەتن
ئەو کولیلکا هوین مای ژێدکەن
سترانەکا ل بەر مرنێیە
ب سیبەرا وی ئاڤز دبیت
من هزار جار هوینێن هایداین
نە ئەوبیتن د سەردا ب چن،
د بەردا بچن
خۆ ژ بیر نەکەن
چیرۆکێن خاڤ نەڤەچنن
قارەمانێ چیرۆکا من یێ رکۆیە
رکمانێ د گەل داران دکەتن،
د گەل نەرمە بای،



کوچکێن سا و کاران دکەتن
چ جارەکا وی هوین ڤیان
کەڤز گەهێن عشقێ دگریت،
باران دبەتن
ئەو یێ جوانە و هوین دکرێت
ئەوێ قەنجە و هوین دفهێت
ئەگەر جوانی ل وە بوو مێهڤان
دێ هەبوون سەروبن بیتن،
ئالوز بیتن و
ب سەرئێکدا هێت
قارەمانێ چیرۆکا من
تیرۆرستەکێ یاخیە
یێ ل دەقا من پشترێ کەتی
رستا دخۆتن
چ هزرەکا د ناڤ پەیڤاندا پالڤەدا
چرەک لێ دا، خۆ پێ دشوتن
قەلەمێن من تەڤ د بێ سەرن
وی سەرێن وانا کراندن
تەڤ دقرۆتن
ئەڤ دەبیحێ من ژ نەرمە پەیڤان چێکری
خۆ زڤر دکەت
ڤرا ددانێت، خۆ باخۆر دکەت
ئێدی ئەز ب خۆ سەهما ژێ دکەم
کۆرێ چیلێ
من ئافراند
هەمی رۆژان
گەفان ل من دکەت

۲۰۲۳/٤/۸

# لوورەی گورگ، یان ئەو کاتەی هۆنراوە کوردییە و من دەگریم

هاڵی مەیسن*
لە ئینگلیزییەوە: ژاوێن شاڵی
(ئەمریکا)



دەنگەکان لەهەمان کاتدا
گەرمان و ئاوارەیین
هەر هێلێکیش
بیرەوەرییەکی منداڵییە

لێم دەپرسێ بۆ گریام؟
من بیری دایکم دەکەم
ناوی مانگی شەوی چواردەیە
من بیری شەوقەکەی دەکەم

❋

لە بیرەوەریدا، دەموچاوی ئێمە ئاوێنە –
چەناگەیەک کە دەلەرێتەوە و چاوانێکی تەڕ

کەلێنەکە لە نێوانمان
لەدایکبووی ئەو بەرجەوەنەیە کە منی تێدا دەدیت

«ئەو مروارییانە بۆ تۆ دەبن
ئەگەر مێرد بکەی
بە پیاوێک»

❋

من هێلکە و خورما بە پەنیرەوە لێ دەنێم و
فرمێسک بەسەریدا دەبارێنم

هەرجاریش کە دایکێک و کچێکی جحێڵ دەبینم
قورگم دادەخرێت

❋

ئەو منداڵێک بوو، حەڵقە ئاوێزی نێوان دوو زمان

عەرەبی لە دەرەوە و کوردی بە تەنیا لە ماڵەوە،
چیت بەسەردادێ ئەو کاتەی کە زمانیشت تاوان
بێت.

*

نازناوی خۆشەویستەکەم شەوقی مانگی چواردەیە
سەرەتاکان پێم وابوو چارەنووسە

شەش ساڵ تێپەڕیەوە و ئێمە هێشتا کاتێک کە
چراکان هەڵن شەو شاد دەکەین..
خۆشەویستییەکەی ئەو ژنە خۆشەویستەم
دەستی لێ دەدرێ

*

من گریام لەبەر ئەوەی من دوولەتم
لوورەی گورگێک لە قورگم پەنگی خواردووە و
ناوکی خورمایەک لەوێ دانیشتووە

هاوڕێیەکم
سەبارەت بە نازناوەکەم پێم دەڵێت
خۆشناو- عەشیرەتێک ناودار بۆ بوێری و
سەرسەختی

دەڵێن
پیاوێک وییستوویەتی بزمارێک بە دیوارێکدا ڕۆ
بکات کە نەڕۆشتووە
ئاخر خۆشناوێک لەولای دیوارەکە ڕاوەستاوە

*

کەوابوو چی ڕوودەدا لە کۆتاییدا
کاتێک هەرکەسێک
بۆ دڵی کەسێکی تر نزا دەکات
بۆ ئەوەی بگۆڕێ؟

*** هالـی مەیسـەن، شـاعیرێکی ئەمریکییـە، کـە چەنـدان خەڵاتـی وەرگرتـووە، ئـەو لـە دایکـەوە دەگاتـەوە بـە کـورد. لـە شـیعرەکانی ئـەودا دەردەکـەوێ کـە شـوناس لـە هەمـوو ڕەهەندەکانیـدا، بـۆی بابەتێکـی حەیاتییـە، هـەر بۆیـە شـیعری لـوورەی گـورگ وەک هەوڵێـک دەبینرێـت بـۆ ئاشـنا بوونـەوە لەگـەڵ خـودی شـاعیر لـە گۆشـەنیگای دایـک و پێوەندییەکـەی لەگـەڵ شـاعیردا و لـە بەسـتێنی ئـەو پاشـماوە زەینیانـە کـە لـە کـورد و کوردبـوون بـۆی ماوەتـەوە. دایک، شـاعیر و کورد بـوون بـۆ ئـەم شـاعیرە هەرکامیـان هەڵگری واتایەکـن کـە لـە بازنـەی شوناسـدان، هـەم شوناسـی تاکەکەسـی و هـەم شوناسـی کۆمەڵایەتـی.**

**سەرچاوە:**
https://wordcitylit.ca/2021/12/15/2-poems-by-holly-mason/



# نامەکانی خان

**سەڵاح شاکەلی**
**(سلێمانی)**

بۆ من ئاسان نەبوو، بۆ خەڵکی تریش هەر وایە، ناکرێ بە خێرایی لەوە تێبگەن کە بۆچی باپیرم پشتی کردووەتە درەخت و سەوزایی باخچەکە و لەسەر کورسییەکەی بەرەو ڕووی لا دیوارێکی بەرز و کۆنی داڕووخاو بەرانبەر خشتە دەرکەوتووەکانی کە قوڕیان پێوە نەماوە وەک قوتابییەکی گوێڕایەڵ لە پۆلدا کە تەماشای تەختە ڕەش و مامۆستا بکات باپیریشم چاو لە گۆشە و کەناری لەتە خشتە دەرکەوتووەکان هەڵناگرێت، هەندێ لە خشتەکان هێندەی شاشەی ئایپادەکەم دەرکەوتوون، هەندێکیش زیاتر، بەڵام من لێرە و لەم ئایپادەوە دەچمە دنیایەکی نوێ، دەچمە ئاییندە لە هەر بابەتێک تازەترینیان هەڵدەبژێرم کە ماندوو بووم دەگەڕێمەوە بۆ یاری مینی کرافت، یان کاندیکراش، بەڵام باپیرم کە لە خشتەکان ڕادەمێنێ، بۆ زیاتر لە شەست ساڵی ڕابوردوو دەگەڕێتەوە (سەرەتای شەستەکان).

بێ ئەوەی من هیچ لە خشتەکان ببینم ئەو زۆریان تێدا دەبینێت، ئەگەر ڕووداوەکان دابەشی سەر خشتەکان بکات، دەبێ دووجار زیاتر بەسەر هەر خشتێکدا بچێتەوە و تاڵاو و شیرینی ڕووداوەکان بچێژێتەوە، هەروایشە لەگەڵ تەزبیحاتدا جارێک دڵتەنگ دەبێت تا دەگاتە ئەوەی بە دەستەسڕە گەورەکەی کە لە بەینی پشتوێنەکەیدایە، چاوە تەڵخەکانی دەسڕێت، هەندێ جاریش کە زیرەکی و لێهاتن و جوامێری کەسە نزیکەکانی هاوسەردەمی دێنەوە بەرچاوی، لەجێی خۆیدا ڕاست دەبێتەوە و لەبەر خۆیەوە دەڵێ: ئافەرم مەعنای پیاو بوویت، پیاوی پڕ لە چاکە و جوانی، لەگەڵیدا تەزبیحەکەی ڕادەتەکێنێ و دەیکێشێتە دشداشە شۆڕەکەی و دەڵێ: حەیف... یادی ئەوان برینەکانی سوێدارتر دەکەن، چونکە ئەم لەگەڵ بەسەرهاتە زۆر کۆنەکانیاندا کاتێ ئەوان لە هەرەتی گەنجی و پیاوەتیدا بوونە و ئەمیش مێردمنداڵ بووە وێنەی ئەو کاتەیان دەبینێتەوە و بە تەوسەوە ڕادەچەنێت.

ئـەوەی ڕۆژانـە مـن لێـرەدا گرنگـی پـێ دەدەم، تەنیا تەندروستی باپیرمە، نەک ئەوانەی کە بۆمی دەگێڕێتـەوە، گـوێ گرتنیشـم لـەو ڕووداوانـە بـۆ ئەوەیە هەست بکات کەسێک گوێی لێ دەگرێت و گێڕانەوەکانی جێی خۆیان دەگرن، ڕاستییەکەی هیچیان کاریگەریان لەسەر هەست و سۆزی مندا نییە، چونکە ناتوانم بچووکترین و کاڵترین وێنەی ژیان و ژینگە و گوزەرانی ئەوان و ئەوەی بەسەریاندا هاتووە، لە هزرمدا بکێشم، چونکە نە خۆشییەکانیان دڵخۆشم دەکات، نە کارەساتەکانیش دڵتەنگم دەکەن، ئەو بەسەرهاتانە ئەگەر بۆ باپیرم یادەوەری شەست ساڵ لەمەوپێشی ململانێ لەپێناوی ڕزگاریدا بووبێت، بۆ من لەگەڵ گوێز ژماردن و باسی مێژووی فیرعەونییەکان و شەڕی عوسمانی و سەفەویدا جودا نین، چونکە من ئاییندەم زۆرتر لێوە دیارە وابەستەی ڕابوردوو نیم دووروونزیکی ڕووداوەکانی ڕابوردوو بۆ من وەک یەکن و جودا نین.

باپیرم داوای پەرداخێک ئاوی کرد، بۆم هێنا، تۆزێکی لێخواردەوە.

+ پێم وت: باپیرە بن دیوارەکە گەرمە با کورسییەکەت ببەمە دواوە، بۆ بەر سێبەری دارەکان.

گوێی نەدامێ، پێ دەچێ بە خەیاڵ لە خشتێکی لادیوارەکەوە چووبێتە ئەو دیوەخانەی ڕۆژگارێک شوێنی حەکایەت و هەستی کوردایەتی و مەردایەتی و مەتەڵ وتن و شۆخی بووە و ئێستا تەنیا ئەو تۆزە دیوارەی ماوەتەوە، وا دیارە یەکێک لە بەسەرهاتەکان ناخی هەژاندبێت، ڕووی تێ کردم و بۆ گێڕانەوە، وامزانی لە تەمەنی ئەو و گەورەتریشم، بەڵێم بۆ کرد.

- لەسەرخۆ وتی: لەو دیوەخانەدا جاران ماجید خان لە شوێنی دیاریکراوی خۆیدا دادەنیشت، مەگەر میوانی غەریب، یان لەخۆی گەورەتری بهاتایە، قەت جێگۆڕکێی نەدەکرد، هەمیشە پۆشتە و ساز و ئامادە بوو بۆ هەموو بویەرێک، تا قوربانیدان، خەڵکی ناوچەکە بە پێ و بە سواری وڵاخ و چارەوێ دەچوونە شار شەو و ڕۆژی دووەم ئەوجا دەهاتنەوە بار و خورجیان تەنیا بڕی ڕێپێدراوی زەخیرە و نەوت و کڵاش و دەرمان و پاچی دەمەزەردکراو نەبوو، لەوانە گرنگتر وا ڕاهاتبوون لە شاردا گوێ هەڵخەن وردبن لە قۆستنەوەی هەواڵی چاک و خراپیش لە دۆست و کەسە نزیکەکان پرسیار بکەن دەربارەی بارودۆخ، شەو دەهاتنە دیوەخانی ماجید خان لە ئەلفەوە تا نون چییان دیبوو، یان بیستبوو دەیانگێڕایەوە، لەبیرمە یەکێکیان وتی: خان بڕوا بکە گیسک و کاوڕێکم خستبووە هەگبەی هێسترە بۆر بە شاخ و گوێ هەردووکیانیان بەرزکردەوە و دەریانهێنان بۆ ئەوەی بزانن چەک و تەقەمەنیمان پێیە؟. ئەوان وەڵامی نامە بچکۆلەکانی ماجید خانیشیان دەهێنایەوە کە بە تێپ دەیپێچانەوە و هێندەی دەنکە خورمایەک بچووک بوون.

نەمویست زنجیرەی گێڕانەوەکەی لەبیربچێتەوە

+ لێم پرسی: باپیرە ئەو نامانەی ماجید خان بۆ وا توند دەیپێچایەوە، بۆ کێی دەناردن؟

- بەبێ وەستان بۆی هات و وتی: ئەوانەی خان نامەی بۆیان دەنووسی خەڵکی دڵسۆز و خۆبەخش بوون بۆ تەنگانە و کاتی نائاسایی چالاک بوون، لەشاردا دەژیان، حکوومەت هەر کاتێ خەریکی پلانێکی گڵاو بوایە، ئەوان بەرپەرچیان دەدایەوە، یان ئەوانەی کە مەترسییان لەسەر بوو دەناردە دەرۆی شار، یارمەتییان کۆدەکردەوە بۆ ئەوانەی دەرۆ لە قاچاخە ڕێوە ئەو پێداویستیانەیان دەگەیاندە دەرۆی شار و بەو خەڵکەدا دەیاننارد بۆ شوێنی مەبەست، هەندێ جار فیشەک، زەمزەمی، جلی خاکی، جامانە، گۆرەوی، کڵاش و دەرمانی تیمارکردنیشیان دەنارد. نامەکانی خان لە گۆشەی جامانە و ژێرکڵاو و لە کیسەی تووتنەکانیشیاندا جێیان دەبووەوە بۆ ئەوەی سیخوڕ و دڕندەکان نەیگرن.

+ لێم پرسی: باپیرە ئەوان ژیانی خۆیان دەخستە مەترسییەوە لەپێناوی گەیاندنی هەندێ جل و پێڵاو؟

– کوڕم ئەو شتانە بۆ ئەو ڕۆژگار و وەزعە کەم نەبوون، زۆر بوون، ئێوە ئەو کوێرەوەریەتان نەدیوە! بەئومێدم نەیبینن. بێجگە لەوانە هەر بەو نامانەی خان بریندار دەگەیەنرایە کەوانەی شار و لەکاتی گونجاودا بۆ چارەسەر دەبرایە ماڵی ئەو خۆبەخشانە. لە نامەکاندا زۆر هەواڵ و شتی تریان دەنووسی، باسی کار و چالاکی سەخت و پڕ مەترسییان دەکرد... لە نامەیەکیاندا هاتبوو شێخەی سوارچاک بە سواری ماین دێتە شار بڵاوکراوە و زانیاری نهێنی و ڕێنمایی وەردەگرێت... بە چوپ لە چەمی سیروان دەپەڕێتەوە بۆ ئەوبەر و لەوێشەوە بە سواری ئەسپی خزمان پەیامەکەی دەگەیەنێتە بناری بەمۆ و خانەقین. کاتێکیش ڕژێمی ئەوکات بەوەی زانی، کەوتە بەر هەڕەشەیان، لە شەوێکی تاریکدا منیش لەوێ بووم، بە حەوت سەر وڵاخەوە دەسەجەم ماڵەکەیمان بارکرد و گواستمانەوە بۆ کوێرەدێیەکی دوورەجادە، دەبوو پێش ڕۆژ بوونەوە کارەکان تەواوکەین و نەکەوێتە ڕۆژ لەبەر فڕۆکەی بۆمبهاوێژ و قافڵەی سەربازی. بەلای دێیەکانی ئەو ڕێگایە تێپەڕین. لەدوا ماڵی کەوانەی دێیەکیانەوە دەنگی گریانی ئافرەتێک دەبیسترا سەگوەڕ نەیدەهێشت بزانین چییە تا گەیشتینە چەمەکە ئاومان خواردەوە، خاوەن بێستانەکە هەندێ ترۆزی داینێ و وتی: ئەو ژنە بۆ خورشید (خورشە) دەگری کە دوێنێ لە بۆردومانی فڕۆکەدا کوژرا. من ڕەشوەی گوێدرێژێکم ڕادەکێشا، کە لە دواین ملە سەرکەوتین یەکێک لە گوێدرێژەکان کە بارەکەی هۆڕێکی پڕ لە قاپوقاچاغی شووشە و فەخفووری بوو بە پووشوپەڵاش ئاخنرابوو، گوێدرێژەکە کەوت، هەرچی لە هۆڕەکەدا بوو هارەی کردو هەمووی شکا، هەر لەوێدا لە گوێی ڕێگاکەدا هۆڕەکەمان خاڵی کرد، تاکوو پێش ئەوەی لەم دواییەدا ئەو ڕێگایە بکرێتە قیر پارچەی شووشە و فەخفوورییەکان مابوون (هەموو جارێ لالە حەمەی کەیفە دەیوت: شێخ ژن هەرکاتێ بەوێدا دەڕۆم و پارچە شووشەکان دەبینم، لەبەرخۆمەوە دەڵێم خاتوو عاسمە چەندساڵ ماڵداری کرد هەمووی لەم کۆچ و بارەدا بەفیڕۆ چوو، کەس هێندەی ئەو لە شۆڕشدا زەرەری نەکرد).

ناتوانم بەوانەی باپیرم دەیانگێڕێتەوە، بڕوا بەو شێوە کارکردنە بکەم و بە سەرکەوتوویان دابنێم، بەڵام پێشم ناکرێ بە چاوی ئەم سەردەمەوە هەڵیانسەنگێنم، خۆری نیوەڕۆی بەهاری گەرمیان گێژتری کردم دڵیشم نەدەهات باپیرم جێ بێڵم و بچمە بەر سێبەری دارەکان و گێڕانەوەکەی پێ ببڕم، بە تەماشاکردنی پەیجی وەرزشەوە خۆم خەریک کرد، باپیرم بێدەنگ بوو، بەڵام دەمزانی کەم جار وا ڕێک دەکەوێت بە کراوەیی قسە و باسێک بگێڕێتەوە، دوای هەندێ سەرداخستن و خۆخواردنەوە و ئەم دەس و ئەودەس پێکردنی تەزبیحەکەی،

–لەسەرخۆ وتی: بەوەندەیش ڕازی بووین، بەڵام ئەوەی ئەوان دەیانکرد تاوانێکی زۆر گەورە بوو، تۆڵە کردنەوە بوو لە تەڕ و وشک، هێشتا گەنج بووم کاتی چوونە سەربازیم نەهاتبوو لەگەڵ زەلامەکانی دێکەماندا گیراین، هەر لە پەنای دیواری مزگەوتەکەدا بە دار و شووڵی تەڕی چەم و باخچەی مزگەوتەکە و قۆنداغە تفەنگ دۆزەخیان پێشان داین، ئێسکمان شکا، خوێنمان بەربوو، ددانمان کەوت، هەندێکیشیان برد بێ سەر و شوێنن، تا ئێستایش سۆراغیان نییە، سێبەری دار و گوڵی باخچە بەمن چی... لەوانەی باپیرم گێڕایەوە بۆ من تەنیا دەستەواژەی (شووڵی تەڕی چەم و باخچەی مزگەوتەکە) سەرنجمیان ڕاکێشا، لە شوێنی خۆمدا وەک شتێکی ونکردووم دۆزیبێتەوە، ڕاست بوومەوە و لەبەرخۆمەوە وتم: دۆزیمەوە، ئەمە بوو بۆی دەگەڕام، وەڵامی پرسیارە کۆن و نوێکەم دەست کەوت، گرێ کوێرەی نهێنییەکی گەورەی باپیرمم بۆ کرایەوە، جێم نەهێڵا، بەڵام چیتر داوام لێ نەکرد لەبەر سێبەردا دانیشێت.



# زۆیا


**ستیڤان شەمزینی**

**(سوێد)**


١

دوای ئەوەی چەندان کاتژمێر کاری کردبوو، چەند تاقم میوانی بەڕێ کردبوو، هاتە ژوورە بچووکەکەی خۆی کە وەک زیندانێکی کراوە بیری لێ دەکردەوە، لەسەر تەختە خەوەکەی پاڵ کەوت، کەمێک پەردە مۆرە تۆخەکەی لادا و سەیرێکی دەرەوەی کرد، بینی هێشتا بوولێڵ ڕۆشنایی دەرەوەی بە تەواوەتی قووت نەداوە، پێویستی بوو دەست بە نووسینەوەی یادداشتەکانی ڕۆژانە بکات کە هەر ئەمڕۆ و سبەی پێ دەکرد. لەبەر خۆیەوە دەیگوت بۆچی بینووسم؟ مەگەر لە خۆم زیاتر خوێنەرێکی دەبێت؟. لێوی نا بەو قاوە عەرەبییەی تازە لەم شارە فێری خواردنەوەی بووبوو، قومێکی لێ دا و لەبەرخۆیەوە ورتەیەکی لێوەهات وەک ئەوەی بڵێت مەگەر ئەم قاوەیە هێندەی ژیانم تاڵ بێت. پاش کەمێک سستی نواندن، پاندانێکی دەرهێنا کە دیاری باوکی بوو، چاوەکانی خوێنیان تێزا و سەری بەسەر چەند پەڕەیەکی سپی ئەی فۆڕدا شۆڕ کردەوە.

– دەی وا دەست پێ دەکەم.. چۆن دەست پێ بکەم؟ هەموو دەسپێکێک لە کۆتایی دژوارترە. خودایە یارمەتیم بدە بۆ ئەم کارە. (باوێشکێکی دا و ئازارێک لە ئەژنۆکانیدا بوو، دەبوو دوای دوو کاتژمێری تریش بڕوات بۆ کارێکی تر).

پاندانەکەی خستبووە لا لێوییەوە، وەک ئەوەی نەفەس لە سیگار بدات، هەڵیدەمژی و فووی بە ئاسماندا دەکرد، لەبەر خۆیەوە دەدوا و دەیگوت: ئای لەوە، خۆ پەژارە و ناسۆر وەک دووکەڵ

لـە لـووت و دەمــەوە نايەنــە دەرەوە، ئــەوان زۆر قورســن، لــە دڵــدا دەنيشــن. هەســتی دەكــرد خەريكــە دەخنكێــت و لەرزيشــی لــێ هاتبــوو بــۆ كارە بێزاركەرەكــەی هەمــوو شــەوانێكی. (قومێكــی تــری لــە قاوەكــە دا، هــەوا كەمێــك لــە ڕۆژانــی پێشــتر گەرمتــر بــوو، ساردكەرەوەی ژوورەكــەی پــێ كــرد).

ديســان ســەری گێــژ دەخــوات و ڕشــانەوەی دێــت، گوشــاری خوێنــی زۆر هاتووەتــە خــوار، ڕۆژی پێشــتر بــە خراپــی ڕشــابووەوە، دوو ڕۆژ پێشتريش بــە هەمــان شــێوە، دەســت بــە ســكيدا دەهێنێــت، لــە يــەك كاتــدا دوو هەســتی هەيــە: بێــزاری و شــادی. هــەوڵ دەدات ئازارەكــە لــە بيــر بــكات و دەســت بــە نووســين بــكات، پاندانەكــە دەخاتــەوە ســەر كاغەزەكــە، كەمێــك ئــاوی ســارد لــە پەرداخــە شووشــەكە دەخواتــەوە و هەنــاوی فێنــك دەبێتــەوە، هەرچــی دەگەڕێــت نازانێــت چۆن دەســت پــێ بــكات!، ئارەقــەی ســارد دەكاتــەوە، ئەوســا بيــر لــە ڕۆژانــی منداڵــی دەكاتــەوە، بەڵكــوو ڕووداوێكــی خۆشــی بيــر بێتــەوە و بيكاتــە دەســتپێكی نووسينەكەی، هيچــی لــە بيــر نەمــاوە! چەشــنی كەســێك تووشــی ئەلزەهايمــەر بوويێــت. بــە پاندانەكــە خەتــی لار و خــوار لەســەر لاپــەڕەكان دەكێشــێ، خــۆی دەبينێــت لــە دۆخێكــی دەروونيــی شــپرزەدا، كەچــی ناتوانێــت لــە دۆخــی خۆيشــی تــووڕە بێــت، ئەمــە بيرۆكــەی دەداتــێ بــە ڕســتەی (لــەو جێگەيــەی پێويســتە تــووڕە بيــت و نەتتوانــی تــووڕە بيــت، كارت كەوتووەتــە لای پزيشــكی دەروونــی.) دەســت پــێ بــكات. ناتوانێــت هيچــی تــر بنووســێت. لــە دوو كاتژمێرەكــە تەنيــا بيســت خولــەك مــاوە بــۆ دەســت پــێ كردنــی كاری شــەوانە. كاغەزەكانــی بەردەمــی لــوول دەدات و فڕێــی دەداتــە ســەتڵی خۆڵــی ژوورەكــەوە، بــە تيلەچــاو ســەيری پــەڕەكان دەكات و بــە دەنگێكــی تێكــەڵاو لــە گريــان و پێكەنيــن دەڵێــت: تــۆش وەك مــن چارەنووســت فڕێدانــە.

٢

بــە خێرايــی بــۆ لای كانتــۆری جلوبەرگەكانــی دەڕوات، بيــری دەكەوێتــەوە حەفتــەی پێشــوو لــە هەمــان شــەودا پێــی گوتبــوو حــەزی لــە جلــی ســوور و ســتيانی ســەوزی فســتقييە، بــە پەلــە خــۆی گــۆڕی، گــوارە گەورەكانــی كــردە گوێــی، ســووراوێكی پەمەيــی بەســەر لێــوە ئەســتوورە قاوەييەكەيــدا هێنــا، دوو پەمــپ لــە بۆنــی (هيپنۆتيــك پۆيــزن)ی لــە ســتيان و مەمكــە قووتەكانــی دا، جانتايەكــی بچووكــی ڕەشــی بــە دەســتييەوە گــرت، پێــڵاوە بــن بەرزەكانــی كــردە پێــی كــە ئەوەنــدەی تــر بــاڵای بەرزتــر دەكــرد و سمتيشــی باشــتر دەردەپەڕانــد. بــە پەلەپرووســكێ لــە ژوورەكــەی هاتــە دەرەوە.

–بۆچــی وا دوا كەوتيــت، دەبێــت هــەر ئێســتا بڕۆيــن؟.

+ (بــە بێدەنگــی و وريايييــەوە بــە قادرمەكانــدا دەهاتــە خــوارەوە).. پێويســت بــوو بــە دڵــی ئێــوە خــۆم بڕازێنمــەوە.

– (ســەری بــەرز دەكاتــەوە و دەحەپەســێت).. وااووو.. ئــەوە چييــە، زۆر شــازيت، دڵنيــام تــۆ هەمووويــان سەرســام دەكەيــت.

(دەچێتــە نــاو ماشــێنەكەوە و بــە درێژايــی ڕێگــە خەيــاڵ دەيباتــەوە و بيــر لــەوە دەكاتــەوە ڕازەكــەی بــۆ بدركێنێــت. بــە خێراييــش لــە بيرۆكەكــەی ژيــوان دەبێتــەوە و دەڵێــت: نــا، نــا پێــی ناڵێــم. دواتــر خۆيــان هــەر دەزانــن خــۆ نابينــا نيــن).

– مــن وا قســەت بــۆ دەكــەم، تــۆ لــە كوێــی؟ ئەمــڕۆ بــاش ديــار نيــت لەپێــش چــاوم، دەڵێــی

پاپۆڕەکەت نغرۆ بووە.

+ هیچ شتێکی ئەوتۆ لە ئارادا نییە، تەنیا کەمێک بێ حەواسم. لەوانەیە سەرمام بووبێت.

(دەگەنە بەرزاییەکی ئەودیوی شار و دەچنە ڤێلاکەی پێشوو، سەرنج دەداتە سەر ئامادەبووان هەمان پیاوانی جارانن، تەنیا یەکێکی نوێی تێدایە، پرسیار لە بارەیەوە دەکات):

+ ئەو پیاوە کورتە باڵا ئەسمەرە کێیە؟ ئەوە یەکەمین جارە ببینم.

− ئەوە (...) هاوڕێمانە، ساڵانێکە لە هەندەران دەژی، بڕیار وایە بەم زووانە ببێتە وەزیر.

+ واووو، واووو.. چ وەزیرێکە؟ واتە من ئەم شەو لەگەڵ ئەو وەزیرە دەخەوم؟.

− بەڵێ.. ئا ئا.. هەڵبەتە ئەو لەناو هەمووتاندا یەکێک هەڵدەبژێرێت، بەڵام دڵنیام تۆ هەڵدەبژێرێت. ناتوانێت بەرگەی ئەو لەشولارە سێکسییەی تۆ بگرێت.

+ بۆچی دەبێت ئەو هەڵمانبژێرێت؟ خۆ بە دەست خۆم بێت قەت بەو بڵحە ڕازی نابم.

− هێواش کچێ.. هێواش. بەم کوردییە عەنتیکەیەت قوڕ مەکە بەسەر خۆتدا، ئەم ئاهەنگە بە خاتری ئەو ڕێک خراوە.

(ئێستا بەرەو سەکۆ چیمەنتۆییەکە دەڕوات کە چەند بلاژێکتۆرێک ڕووناکیان کردووەتەوە، بەمەوە چوار کچ چوونەتە سەر شانۆکە و سەما دەکەن. لەولاوە بۆنی کەباب و گۆشتی برژاو و دەنگی نۆش و زرینگەی پەرداخەکان دێت کە بە یەکیدا دەدەن، ئەمانیش سەما دەکەن، هەر جارەی یەکێکیان بانگ دەکەن بۆ سەر مێزەکان لەگەڵیاندا ئەلکهول بخواتەوە، ئەم زۆرتر ئارەزووی عەرەقی ئۆزۆی بەلەم و ڤۆدگای گورباتچۆڤ دەکات. وەزیری داهاتوو بە لاچاو سەیری سمتی دەکات و خۆی بۆ ناگیرێت و بەسەر تەنوورە کورتەکەوە دەستێکی پێدا دەهێنێت).

− ئەم شەو تۆ لای منیت، هەرچی ئارەزووی دەکەیت لە پێناوتدا ئامادەیە.

+ سوپاس بەڕێزم. بێگومان ئامادەم، هەرچییەکم پێ بدەیت جیاوازییەکی نییە، مووچەی من جێگیرە و هەرچی بەخشیش و دیارییەکم پێ بدەیت بۆ ئەوە (پەنجە بۆ یەکێک لە پیاوەکان ڕادەکێشێت).

لە ناکاو ڕادەچڵەکێت وەک چۆن تەشتێک ئاو بکەیت بەسەر خەوتوویەکدا، دەست لە نووسینی ئەو دێڕانەی پێشەوەش هەڵدەگرێت، دووبارە کاغەزەکان هەپروون بە هەپروون دەکات. دەست دەخاتەوە سەر سکی و وەک ئەوە وایە مارێک لە ناویدا بجووڵێتەوە، لەگەڵیدا دەست بە ڕشانەوە دەکات، قاڵییەکە تەڕ دەبێت لە ڕشانەوەدا، بۆنی ناخۆشی عەرەقی دوێنێ شەو لەگەڵ ڕشانەوەکەدا هاتووەتە دەرێ، ژوورەکە بۆگەنی کردووە. دەست بە تەپەتەپ دەکات تا ئەوانەی خوارەوە بێدار ببنەوە و بیگەننە نەخۆشخانە، بەڵام هێشتا دوودڵە ئایا ڕشانەوە بەردەوامەکەی بە هەند وەردەگرن، یان نا؟.

٣

ئەمڕۆ دەی سێپتامبەر، سبەینێ شەش ساڵ بەسەر ڕووداوی یازدەی سێپتامبەری ئەمەریکادا تێدەپەڕێت. ژیانی ئەویش وەک هەردوو تاوەری بازرگانی جیهانی داڕووخاوە. هەوڵێکی تر بۆ نووسینەوەی یادداشتە ڕۆژانەکانی دەدات، ئەم جارە خەریکە سەرکەوتوو دەبێت و دەنووسێت:

(دوێنێ شەو ڕووداوێکی گرنگ لە ژیانمدا ڕووی دا، هەم زۆر خۆش هەم زۆر تاڵ!.) درێژەی دەداتێ: (زۆرجار ژیان دەمانبات بۆ جێگەیەک،

ئەگەرچی شتەکانیشی کۆن بن، بەڵام بۆ تۆ تازەن). ئەوە یەکەم جار بوو ڕێگەی بکەوێتە نەخۆشخانەیەکی ئەم وڵاتە، سەیر نییە ئەگەر دێڕێکی وای نووسیبێت. هەوڵ دەدات بەردەوام بێت و نازانێت چۆن دێڕەکانی پاشتر بنووسێت، چیتر کێشەی دەستپێکی نەماوە، ئاریشەکەی بووە بە کۆتایی. ئێستا دەزانێت لە کوێوە دەستی پێ کرد، بەڵام نازانێت لە کوێ دەوەستێت. بەم هەوا گەرمە سێپتامبەرییە لەرزێکی زۆری لێ هاتووە، خۆی خزاندووەتە ژێر بەتانییەکی ئەستووری ڕەنگ سەوزی کۆنی سەربازیی کە پێشتر خاوەن ماڵەکە لە گەرمای هاویندا بەسەر ماشێنەکەیدا دەدا. حەزی چووەتە سەر خواردنێکی میللی خۆیان، بەڵام ناچارە ئەو ساوەر و عەمبەیە بخوات، کە زیاتر ئازاری گەدەی دەدەن، فرمێسک بە گۆنایدا دێتە خوارەوە و دەنووسێت: (مرۆڤ تا بچووکتر بکرێتەوە، غەمەکانی گەورەتر دەبن.)

هێڵنجدان بەردەوامە و بە ڕژدیی بیر لەوە دەکاتەوە بزانێت سێ مانگ پێش ئێستا لەگەڵ کێ بووە؟ ڕقی لە خاوەن ماڵەکەیە، ئەو ڕۆژانە جیا لە کاری ناوماڵ، ناچاری کردووە شەوان لە باوەشی زیاد لە کەسێکدا ڕۆژ بکاتەوە، ئاستەمە بیری بکەوێتەوە کامیان بوو، هەر لە بنەڕەتەوە سێ مانگ پێش ئەمڕۆی نایەتەوە یاد، ئەو هەموو ڕۆژ و شەوەکانی لە یەکتر دەچن، شتێکە بۆ هەمیشە دووبارە دەبێتەوە. لە بێ چارەییدا بیری لە خۆکوشتن دەکردەوە، سەرەتا ویستی بڕوا بە خۆی بهێنێت بۆ خۆکوژیی، دەیزانی ئەوەی دەینووسێت بۆ ئەوەیە قەناعەت بە خۆی بهێنێت، کەمێک لە تابلۆی سەر دیوارەکە ڕاما کە هیچ مانایەکی نەبوو، بە خێرایی و لە ترسی لە بیرچوونەوە نووسی: (هەرچەند مەرگ بێ ئازارە، بەڵام پڕ ئازارترین شت ئەوەیە بمرم. ئەگەر خۆم بکوژم بوون و داهاتوو بە یەکەوە لە دەست دەدەم. لە مردندا نەک ئازار بوونی نییە، هیچ شتێکی تریش بوونی نییە، لە خەوێکی قووڵی بێ خەوندا دەبم، بەڵام هێشتا ناتوانم بە ڕەهایی خاسێتی و خراپی مەرگ هەڵبسەنگێنم). ئەو لە ژیانی خۆی تێنەدەگەیشت هەوڵی دەدا لە مردن تێ بگات و بۆی بڕوات. دەترسا لەوەی وەک ئێستا مل بۆ جێگەیەک بنێت هیچی لەبارەوە نەزانێت.

جارێکی تر خەیاڵی گەڕایەوە بۆ سێ مانگ بەر لە ئێستا، دەیگوت: ئا ئەو باڵابەرزە سوور و سپییە بوو، نا، نا، ئەو نەبوو. ئەو دەوڵەمەندە ورگنە بوو کۆمپانیای هەبوو، لەبەر خۆیەوە دەیگوت: تۆ چۆن دەزانی کۆمپانیای هەبوو؟، بەرسڤی خۆی دەدایەوە: مەگەر خۆی وای نەگوت؟. سەد کەس زیاتر بە خەیاڵیدا هات!- چۆن دەکرێت لە ڕۆژێکدا لەگەڵ سەد پیاودا سێکسم کردبێت؟. نا، نا نابێت، شتی وا نابێت. کەمێک خۆی ئاسایی کردەوە و دووبارە کەوتە پرسیار لە خۆکردن: چۆن دەبێت منداڵەکەی ناو سکم سەد باوکی هەبێت؟ ئەی چۆن بگەڕێمەوە ناو کەسوکارم، لە کاتێکدا بە تەنیا هاتم و بە دوو قۆڵی بڕۆمەوە؟. لەناو ئەم پرسیارانە نقووم بووبوو، فریای وەڵامدانەوەی پرسیارێک نەدەکەوت، چەندان پرسیاری تر لە مێشکیدا دەتەقینەوە. دەستەوەستان و واق وڕما لە بەردەم پەنجەرەکە ڕاوەستاوە و هەردوو دەستی خستووەتە سەر کەمەری و هیچی بۆ نەماوەتەوە تەنیا ئەوەندە نەبێت ڕقی لە کابرای خاوەن ماڵ و ژنەکەی دەبێتەوە و نەفرەتیان لێ دەکات. بیر لەوە دەکاتەوە ئەم چارەنووسە لە

کوێوە بۆی هەڵبژێردراوە: بە ڕۆژ ژنەکە بیخاتە ژێر باری ئیشی زۆر و قورسەوە و نەهێڵێت لە یەک کاتژمێر زیاتر مۆبایلەکەشی بەکاربهێنێت، شەوانیش مێردی ژنە کە پاسپۆرتەکەی ئەوی لای خۆی گل داوەتەوە، بیبات بۆ گردەکانی قەراغ شار و لەگەڵ هاوڕێکانی شەوانی سوور لەسەر لەشی ڕەشی بنووسنەوە؟. ئەوجا بە تووڕەییەوە لەسەر کاغەزەکەی بەردەمی دەنووسێت: (ئێوە ناتانەوێت لە جیاوازیی گورگ و ئاسک تێ بگەن، سەرنج دەدەنە سەر ئەوەی لە کۆتاییدا هەردووکیان ئاژەڵن.) لەم کاتەدا لە دەرگای ژوورەکەی دەدرێت، هەر ئەوەندە فریا دەکەوێت کاغەزەکان بخاتە ناو سوراحییە ئاوەکەی سەر پەنجەرەکە.

٤

بیر لەوە دەکاتەوە چۆن پاسپۆرتەکەی لە خاوەن ماڵ و ئەو کۆمپانیایە وەربگرێتەوە کە هێناویەتی بۆ ئێرە، تاکوو لە شوێنێکی دوور لە مەترسی دایکایەتی بۆ منداڵەکەی ناو سکی بکات و لە ئێستاوە بیر لەناوێک دەکاتەوە بۆ نۆبەرەکەی. شەڕێکی ناوخۆیی لە دەروونیدا دەستی پێ کردووە، بە خۆی دەڵێت: ئایا بەو دایکایەتییە قایل بم؟ ئایا بۆچی دەبێت ڕازی بم منداڵێکی باوک نادیار نۆ مانگ بە سک هەڵبگرم و تەمەنێکیش پەروەردە و بەخێوی بکەم.؟ لە کۆتاییدا دڵی خۆی دەدایەوە و دەیگوت: گرنگ نییە ئەو منداڵە لە کێیە، ئەوەی بۆم گرنگە لەناو منەوە دەرسکێت و دەبێتە گەواهیدەری کوێرەوەرییەکانی ژیانی ئێرەم.

دەنگە دەنگێک لەودیوی ژوورەکەوە دێت، گوێ قوڵاغ دەبێت، گفتوگۆی نێوان ژن و پیاوەکەی خاوەن ماڵەکەیەتی.

– ئەگەر خەڵک بزانن دووگیانە، ئابڕوومان دەتکێ. (پیاوەکە لەم کاتەدا لەبەردەم ژوورەکەدا هاتوچۆیەتی و ئەم قسانە دەکات).

(پەردەکە لادەبات دەبینێت ژن و پیاوی خاوەن ماڵ بە دەموچاوێکی ترشاوەوە، لەبەردەم دەرگای ژوورەکەیدان، بێ لە دەرگادان وەک دوو مێشی گیزەگیزکەر خۆیان دەکەن بە ژووردا).

– (ژنەکە بە مۆڕەوە سەیری سکی ئەم دەکات).. دەبوو (حەبی مەنع)ت بخواردبا، نازانیت پیاوی ئێمە چەند ڕقیان لەوەیە خۆیان ڕێگریی بکەن لە کاتی سێکسدا؟.

– (پیاوەکە بە سەرسوورمانەوە سەیری ژنەکەی دەکات و وەک بڵێی ئەزموونی زۆری هەبێت).. ئێستا دەبێت بڕۆین، بۆ نەخۆشخانە کوڵتاج بکەین، خێرا ئەو سکەت لەبار ببەین و خۆمان لە شەرمەزاریی ڕزگار بکەین!. خێرا خۆت ئامادە بکە.

(نەیدەتوانی هیچ بڵێت، زمانی لاڵ بووبوو، نەیدەتوانی داکۆکی لە خۆی و منداڵەکەی بکات، ناچار بوو مل بە داواکەیان بدات و داوای کرد لە ژوورەکەی بچنە دەرەوە، تا خۆی بگۆڕێت، ئەوانیش بە هێواشی بەرەو خوارەوە ملیان نا).

– دەبێت نەهێڵین بڕوات، پاسپۆرتەکەی دەگەڕێنمەوە بۆ کۆمپانیا، لای ئەوان بێت ناتوانێت هیچ بکات مەگەر (وشتر بکات بە کونی دەرزی درووماندا).

+ (دەکەوێتە پێکەنین، بەڵام تریقانەوەیەکی دەستکرد). نا، لێگەڕێ با ئەمە بڕوات، پێویستمان بە کارەکەرێکی گوێڕایەڵتر و جوانتر هەیە، ئەوە باشترە بۆ ئێمە.

- بیرۆکەکەت زۆر تەواوە، کەواتە لێی دەگەڕێین. من کارم هەیە لە دەرەوە، تۆش کەمێک بنوو، بەڵام سپلیت دامەگیرسێنە، با سەرمات نەبێت گیانەکەم.

(گفتوگۆی نێوانیان کۆتایی هات، پیاوەکە ژنەکەی لە ئامێز گرت و ماچێکی کرد، بە ماشێنەکەی بەرەو لای دۆستەکەی بەڕێ کەوت، ژنەکەش تەلەفۆنی بۆ کوڕێک کرد و پێی گوت هەر ئێستا چووە دەرەوە بە زووترین کات وەرە).

٥

ماشێنەکەی هێنایە حەوشەوە و بە دوو عەلاگەی پڕ میوە و کیسەیەک سەموونەوە بەرەو ناندێنەکە ڕۆیشت. سەیرێکی کرد هێشتا ژنەکەی خەوتووە. بە ئارامی بانگی کرد و گوتی: ئەو ئەو قولە خزمەتکارە لە کوێیە؟، ژنەکەش بە خەواڵوویی وەڵامی دایەوە: چوار کاتژمێرە دەنگی نییە، لەسەرەوە نەهاتووەتە خوارەوە، ئێستا دەچم لە دەرگای دەدەم. پیاوەکە دەڵێت: ئۆوو لە تۆ، خۆت ئەوەندە ئەزیەت مەدە، چاکترە مۆبایلەکەی پێ بدەیتەوە و هەر کات پێویست بوو تێلی بۆ بکەین. ژنەکە بە تووڕەیی دەڕواتە سەرەوە و بەدەنگێکی بەرز قسە دەکات: ئەی نەمانگوت دەبێت لێرە بڕوات؟. بەدەم بۆڵەبۆڵەوە دەچێتە بەردەم ژوورەکەی، چەند جارێک لە دەرگاکە دەدات، بەڵام نایکاتەوە. دەیەوێت خۆی بکات بە ژووردا و لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات، بۆی دەردەکەوێت دەرگاکە لە ناوەوە کلیل دراوە، هاوار دەکات بۆ مێردەکەی ئەو ڕەشە پیسە بووە بە شت لێمان، وای لێهاتووە دەرگامان لێ ناکاتەوە.

- پەلە مەکە وا هاتم هەر ئێستا پەلی دەگرم بۆ دەرەوە و سبەی تەلەفۆن بۆ کۆمپانیاکەش دەکەم بە توندیی سزای بدەن.

وردە وردە سەر دەکەوێت، بە هەردووکیان لە دەرگا دەدەن، بەڵام نایکاتەوە، چەند هاوار و بانگی دەکەن، دەنگێک لە ژوورەوە نابیسترێت. ناچار پیاوەکە دێتە خوارەوە و کلیلە یەدەگەکان دەهێنێت، دەرگای ژوورەکەی پێ دەکاتەوە. کاتێک دەرگا دەکەنەوە، ئەوەی دەبینرێت: خزمەتکارەکە کەوتووە بەسەر تەختە خەوەکەدا و چەقۆیەک لە سکی چەقیوە، لەولاترەوە کاغەزێکی فڕێدراو لە ناو تەنەکە خۆڵەکە بە لوولدراوی دەبینن، شاڵاو بۆ کاغەزەکە دەبەن و چرچولۆچییەکەی بە قۆڵ ڕێک دەکەنەوە کە چەند دێڕێکی بە زمانی ئینگلیزی لەسەر نووسراوە:

من ناوم زۆیایە، کچێکی ئەسیوپیم لە هەرێمی کوردستان، تەمەنم بیست و....

ئابی ٢٠١٤

سویسرا- بێرن

هوتێلی Ambassador



# شەڕی ناو کتێبخانەکەم

باهۆز مستەفا

لە کتێبخانەکەم خامۆش و بێ دەنگ دانیشتبووم، گلۆپێکی زەردی کزم پێ کردبوو، بە ئاستەم دووکەڵی جگەرەکەم دەبینی بە پێش شاشەی لاپتۆپەکەدا بەرزدەبووەوە، بیرم لە نووسینی تێکستێک دەکردەوە، کە سەرنجی زۆرترین خوێنەر ڕابکێشێت و ببێتە هۆی ڕاچڵەکاندنێکی بەهێز، چونکە هیچ نووسینێک بە هەند وەرناگیرێت و کاریگەری لای خوێنەران دروست ناکات، هەستم دەکرد هەڵە، یان سەهوویەک لای نووسەران هەیە، دەبێ ڕاست بکرێتەوە، جا ئاڵۆزی و ناڕوونییە، یان ڕەمز و هێما و ئیدیۆمە لە ناو تێکستەکاندا، یان شێوازی نووسینە؟ لە دەروازەی چ بابەتێکەوە بچیتە ناو بابەتە سەرەکییەکەوە؟ بە کوردییەکی پەتی و پاراو، یان بە زمانێکی تێکەڵی ڕۆژانە، ستاندارد؟ بە وتار، یان شیعر و چیرۆک و ڕۆمان؟ نا شانۆنامە؟ وشەکان سادە و مۆسیقایی بن، یان ڕەق و واتادار؟ بە کامە بنزار باشتر دەگات؟ کۆمێدی، یان تراژیدی؟ باشترە ئازادانە چ لە ناو مێشکم هەیە بیخەمە سەر کاغەز بەبێ ئەوەی پاڵەپەستۆ بخەمە سەر بیرکردنەوەم، نووسەر نابێ هەڵوەستە بکات و سنوور بۆ خۆی دابنێت.

لە ناکاو دەنگی پیاوێک هات، دەنگەکە بە دەنگی پیاوێکی تەمەن پەنجا - شەستساڵی دەچوو، گوتی: ئەوە خەریکی چیت؟

ترسام، بەس نەوێرام پرسیار بکەم: دەمەوێت شتێک بنووسم.

پێکەنی: من هەموو ژیانی خۆم بۆ نووسین تەرخان کرد، کەچی دواجار ئاوارەی هەندەران بووم و تا مردن بە کولەمەرگی ژیام.

ببوورە تۆ کێیت؟

هههه دەفەرموو، ئەوە سێ ساڵە لە ناو ماڵەکەتم هێشتان نامناسیت، قوڕی کوێ بە سەری خۆم دابکەم؟ ئەی خێرە گلەیی لە خوێنەران دەکەیت؟ جەنابتان بەبێ خوێندنەوەی کتێبەکانی ناو کتێبخانەکەت دەتەوێت لە خۆتەوە ببیتە حافزی شیرازی؟ من (نالی)م.

ویستم پرسیاری دیکە بکەم، دەنگێکی تر هات، بەڵام دەنگەکە کەمێک نووساوبوو، پیرتر دیار بوو، گوتی: خۆت ماندوو مەکە، ئەو وەزعە بە نووسین چاک نابێت، چونکە لە بنەڕەتەوە خوار هاتووە، مەگەر خوا خۆی چاکی بکات، هەر خۆیشی خاوەنیەتی.

تۆ کێیت بەڕێزم؟ (ئەگەر دەستم ڕەسەد بەرچەرخی گەردوون) بابە تاهیرم.

دەنگی لاوکێک هات (مێر خراب، ژنێ خرابیش هەنە) وەکی بەرێ وەرە، وەرە وەرە وەکی بەرێ. مێرێ من خرابە، ئەزیش خۆ خرابم. کوڕی خۆم، من لە جزیری بۆتانەوە هاتم تا بەغدا ڕۆیشتم، هیچ ماڵە میر و ئاغا و هەژارێک نییە من هاموشۆم نەکردبێ، کەسی لە خۆم دڵسۆزترم نەدیت، کەچی منیان بە چاوەش و خزمەتکاری دیوەخانان دەزانی، بەڵام من لە بەدبەختی خۆم ناچاربووم بۆ پارە لاوکان بێژم.

لە ڕەفەی ژێرەوە هاوارێک هات: ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان، نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان. ئێمەمانان بەو قسانە کۆڵ نادەین، من نەک بە لاوی، ئەگەر ئێستا بژیابام ڕەنگە بە مێرمنداڵی بمردبام.

لە گۆشەی ئەو سەری کتێبخانەکە، یەکێک وەڵامی دایەوە: نۆکەری بێگانە ناکەم تا لەسەر هەردم ئەمن، من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نییە، لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن. ڕەنگە خەڵکی لە جیاتی شاعیر بە سەرخۆشم بزانن، بەڵام من مەستی بە سەربەستی دەزانم.

لە ئەلبوومی وێنەکان دەنگی پێکەنین هات، پاشان گوتی: نەبابە، فڵتە فڵت ئەتو نان نەبوو بیخۆیت، ئەو قسە قەبانە چییە هێمن بەو کوڕە فەقیرەی دەفرۆشی؟

زامدار ئەوە تۆی، ئەوە چییە دیسان دەستت کردەوە بە قسە قۆڕ و بێ ماناکانت؟

هێمن، سەری قازیت لە قوڕێ نا، واز لەو کوڕە بێنە تووشی بەڵایەکی مەکە؟ خولە ژیان بەو سۆزە حیزە بەڕێوەناچێت، گەنجانمان ساردمەکەوە، بەرخی نێر بۆ سەربڕینە. بەڵتو نەوەڵڵا بەرخ بەس لۆ تکە لێدانە لەگەڵ قابەک عەرەق.

لە ڕەفەی سەرەوە بە دەنگێکی گڕ یەکێک گوتی: ئەز مامە د حیکمەتا خودیدا

کورمانج د دەولەتا دنێدا، ئایا بە چ وەجهی مانە مەحرووم، بیلجوملە ژ بۆ چ بوونە مەحکووم. ئەز نە ناسیونالیستم، ئەز ئینسان و مرۆڤدۆستم، میللەتێ من مەحرووم و مەحکومە ئەز چ بکەم. چاوم قەپات کردبوو، چاوەڕێم دەکرد جزیری وەڵامی بداتەوە. هەستم کرد دەستێک لەسەر شانمە! ترس و خۆشی تێکەڵاو بوو، خودایە ئەوە چییە، بووە ڕاستی کێیە لە ناو کتێبخانەکەم هاتووەتە دەرێ و زیندووبووەتەوە؟ نا من مردووم، من مردووم، بە گریانەوە هاوارم کرد نا نامەوێت بمرم نا! شانی هەڵتەکاندم، چاوم کردەوە ژنەکەمە: پیاوەکە بەو سەعات دووی بەیانییە چ هات و هاوارتە؟ هەستە برۆ سەر جێگەت. نا دەنووسم.

هههه: چ دەنووسی؟ هەستە گیانە با شێتیش نەبیت.

وازم لێ بینە، نەتهێشت لەو گفتوگۆ گرنگەی شاعیران بەشداربم، گەورەترین دانیشتنی ژیانت تێکدام.

وەی بسمیللا، ئەوە شەوێ چت خواردتەوە؟ پیاوی خەڵکی ئەو وەختانە شەونوێژان دەکات، هی منیش لە ناو خەوێ دەنووسی، چ بوو لەگەڵ ئەحمەدی خانی دانیشتبووی؟ ئەرێوەڵڵا ژنەکە ئەوە چۆن زانیت؟ هههه کو نازانم سەری خۆت بە کتێبەکەی کردییە، گوتم دەبی نەچووبیتە ناو مێشکی؟ هەستە برۆ سەر جێگەت، ئیشێکی دی بکەی باشتر نییە لەو قسە بێ مانایانە؟

٢٠٢٣/٣/٣



# هێڤیێن قورمچی

لەوەند دالینی
(ئەلمانیا)

دیا بێکەس دخویێ کو قەداندن ل ڤی بازاڕی نەمایە باڤۆ، ما چ قەومیە!؟ کا فنجانەک قەهوە ڤێ سبەهێ بدە من و پەیرە ئەزێ ب رەخێ سنجەقێ ڤە داگەڕم! ژ دۆستەکی، ژ هەڤالەکی یان ژی مرۆڤەکی، کو ب دەینێ خوە چەند قورووشەکی بدێ من، ب هێڤی مە کو ئەزێ بکاربم کریا شاندنا ڤان پرتووکێن خوە بینم و رێکم وەلاتێ بیانیێ؟

ئەو جامێرێ فەرهاد خوە دایە بەر بەلاڤکرن، و فرۆتنا وان ل وێدەرێ!! تو زانی بێ چقاسی ئەز وەستیامە ژ بەلاڤکرنا ڤێ پرتووکێ، ژ ئالیکی ڤە و د دیتنا کارەکی، ژ ئالیێ دن ڤە ژی؟ باوەڕ بکە تو کەس نەمایە ل ڤی بازاڕی کو من خەبەر نەدانیە جەم و من ژێرە نەگۆتیە؟ و تانی ئیرۆ ژی، کەسی نەگۆتیە وەرە ب چەرخیەکی ژی کار بکە!؟ ڤایە دیسا داویا مهێ، هات و کریزا کریا خانی و ئاڤ و ئەلەکتریکێ وێ دەست پێ بکن.

رەنگێن بوهارێ د ریا د ناڤبەرا وی بازاڕی و دەڤەرا وی دە، نە ب رەنگینی خویانی دکر، و رامانێن وی ژی تەڤلی هەڤدبوون! مژ و دوومانێ رەشا خوە ل پێشەڕۆژا وی دپێچا، گەلۆ کوو نە نڤیسکارەک با لێ بەلێ هۆستایێ خانیان، یان ژی ئێن پاتۆزا با وێ ژیانا وی نە تەکووزتر و چێتربا؟

دلێ وی ب بەلەنگازی د سەبەتا سینگا وی دە لێددا، و مەلوولی د هەردوو چاڤێن وی، ب

هەسانی دهاتن خوەندن.... پێلێن گەرمی و ساریێ جانێ وی دسپارتن هەڤ و هەیەجانێ د کوورانیا خەمگینییێ دە ئەو پەرچە پەرچە دکر! ژیان د رووباری هەردوو چاڤێن مەست و مەلوول ب رەنگەکی رەش و نە زەلال، و نەژی سازکار و ب رۆناهی، دهاتە خویانی کرن و د ڤێ دەرهەقێ دە خامەیا خوە تاوەبار و وەکە پۆلەکی بێ نرخ ددیت! و وەکە سەقەتەکی کو ناما خوە نکاربێ

بگهینێ و د نیڤێ رێ دە، بەراڤێتی ببێ، قورمچی، و نیڤجۆ بمینێ؟ دیسا ددیت؟

ئەو پەیڤا کو دگۆت: هێزا خامێ ژ ئا چەک و سیلەهان بێهترە؟ د وێ کێلییێ دە نە گەلەکی تەکووز و درست ددیت!!؟؟ (تەڤلی کو د ژیانا خوە ئا نڤیسینێ دە و ب خاما خوە و ل سەر رووپەلان، سینۆر و دەزگەهـ، تەڤدە دەرباس دکرن و تو رووباری ل پێش وێ نەددیت).

مۆرالێ وی د ریا ڤەگەڕێ دە کو دۆستەکی وی نە بتەنێ ئەو قەداندبوو، لێ بەلێ، فراڤینەکە خوەش و ب تەواش ژی دابوو یێ، و ئەو ب کێفخوەشی رێونگی بەر ب باژێڕ ڤە کربوو، هەبەکی هاتە گوهەڕتن و رەنگێن وێنێ، پێڕە ئەو ژی ل پێش چاڤێن وی، دهاتە گوهەرتن و نووژەنکرن؟ رەنگێن رەش و دۆمانی دەست ب زەلالبوونێ و خوەشکبوونێ دکرن، و ئاسۆ یێ ژی نووڤە خوە ل پێش چاڤێن وی، ئەشکەرە دکر.

زنگلێ تەلەفوونێ د بێریکا وی دە ب خورتی لێددا، دەما ب پەیاتی و ل بایێ لەزێ، ریا د ناڤبەرا تەرمینالا ئوتۆبیسێ و چارچیا باژێڕ دە ب کنایی قوت دکر...

ئەلۆ دیا بێکەس چیە؟ تو ل کوویە؟ ڤا ئەز گهشتمە باژێڕ؟ و بەرێ من ل جهێ شاندنا پرتووکایە؟ ب لەز وەرە مال!... یان تو بگهێ سەر بێکەس یان نا؟ و دەست ب گری کر...

د جهێ خوە دە سەکنی و قەدەرەکێ ما سار و بێ دەنگ!؟...دەستێ خوە ئاڤێتە پاکێتا چغارێ و ژ بێریکا خوە کشاند، چغاراک ژێ ئانی دەر، پێخست، و دناڤ درانێن خوە دە جووت!... ئاگرێ وێ د مزا یەکەمین دە وەکە پزۆتەکی سۆر بوو، و نیڤێ وێ شەوتاند!؟. دۆمانێ خوە هلدا ژۆر، و دوو ل ژۆرێ و ل پەی، خوە بەر ب با کر و بەلاڤکر... ئاسۆ... ژ رەشی و دۆمانییێ، ڤێ جارێ، ب تەمامی ل پێش چاڤێن وی نەما دهاتە خویانی کرن، و بێهەمد بەر ب مالێ دە ڤەگەڕی و بەزی.

د وان چەند رۆژ و شەڤێن کو بێ راوەستان، ل نەخوەشخانێ و ل بەر سەرێ بێکەس قەداندن، و ب زەحمەتی بژیشکان، ئەو ژ مرنێ ڤەگەڕاندن!؟... باڤێ بێکەس، نە تەنێ کریا شاندنا پرتووکێن خوە، ل سەر کر، لێ وەکە وان ژی ب سەر دە دەین دکر!؟.



# چەخماخ

**هانس کریستیان ئەندەرسن**
**لە دانیمارکییەوە: ئازاد مەولوود**
**(دانیمارک)**

سەربازێک لە سەر ڕیتمی مارش بە ڕێگایەکدا دەڕۆیشت: یەک، دوو! یەک، دوو. هەگبەیەکی بە پشتەوە بوو و قوتەشمشێرێکیشی بەقەدی خۆیەوە کردبوو. دیار بوو لە جەنگ بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە. لە ڕێگا تووشی پیرەژنێکی جادووگەری زۆر ناشیرین بوو، لێوی خوارەوەی تا سەر سنگی شۆڕ بووبووەوە. پیرەژنەکە پێی گوت:

«ئێوارەت باش ئەی سەرباز. وای لەو شمشێرە جوانە و لەو هەگبە گەورەیەت. دیارە تۆ بەڕاستی سەربازیت. ئێستا تۆ دەبیتە خاوەنی پارەیەکی زۆری ئەوتۆ بە دڵی خۆت بێ!»

«سپاست دەکەم پیرەژنی جادووگەر» سەربازەکە وەڵامی دایەوە.

«ئەو دارە گەورەیە دەبینی؟» جادووگەرەکە گوتی و ئاماژەی بۆ دارەکەی نزیک خۆیان کرد. «ئەو دارە ناوی کلۆرە. تۆ دەبێ بەسەر دارەکە هەڵگەڕێی تا دەگەیتە سەری سەرەوە، لەوێ کونی دارە کلۆرەکەت لێ بەدیار دەکەوێ. بەناو دارەکە شۆڕ دەبیتەوە تا دەگەیتە قووڵایی بنی بنەوە. گوریسێکت لەناوقەد دەئاڵێنم، هەر کاتێک بانگت کرد بە گوریسەکە هەڵتدەکێشم!»

«ئێ باشە من لە بنی بنەوەی دارەکە چی بکەم؟» سەربازەکە پرسی.

«پارە بۆ خۆت کۆکەرەوە!» جادووگەرەکە وەڵامی دایەوە، «تۆ بزانە، کاتێک دەگەیتە بنی بنەوەی دارەکە، ڕاڕەوێکی گەورە و ڕووناکت دێتە پێش، زیاتر لە سەت چرای لێ داگیرساوە، لەوێ سێ دەرگا دەبینی و هەر دەرگایەک کلیلی خۆی لەسەرە و دەتوانی بیکەیتەوە، کە

دەچێتە ناو ژووری یەکەم دەبینی سندووقێکی گەورە لە ناوەڕاستی ژوورەکە دانراوە و سەگێک لەسەر سندووقەکە هەڵتووتـرکاوە. ئەم سەگە جووتێ چاوی هەیە هێندەی ژێرپیاڵەیەک گەورەن، بەڵام تۆ گوێی مەدێ و خۆت سەخڵەت مەکە. من بەرهەڵبێنە شینە خانەخانەکەی خۆمت دەدەمێ، کە چوویتە ژوورەرە یەکسەر لەسەر زەوی ڕایخە و بە ئەسپایی بڕۆ سەگەکە هەڵگرە و لەسەر بەرهەڵبێنەکەی منی دانێ و سندووقەکە بکەوە، هەرچەندی پارەت دەوێ بۆخۆت ببە. پارەکان مسن، بەڵام ئەگەر لە جیاتی پارەی مس حەزت لە پارەی زیوە، ئەوە دەبێ بڕۆیتە ناو ژوورەکەی تر. لەوێ سەگێک دەبینی جووتێ چاوی پێوەیە هێندەی بەرداشێکن، بەڵام تۆ گوێی مەدێ و خۆت سەخڵەت مەکە. سەگەکە بخەرە سەر بەرهەڵبێنەکەی من و پارەکان بۆخۆت هەڵگرە، ئەگەر نا، دەتوانی لەجێی ئەمانە پارەی زێڕ بۆ خۆت ببەیت، بۆ ئەم مەبەستە دەبێ بچیتە ناو ژووری سێیەم و هەرچەند زێڕی دەتەوێ و پێت هەڵدەگیرێ بۆ خۆت ببە. بەڵام ئەو سەگەی لەسەر سندووقی پارەکە هەڵتووتـرکاوە دوو چاوی گەورەی هەیە، هەر یەکەیان هێندەی (بورجی خڕن) . باوەڕت بێ ئەمە بەڕاستی سەگە نەک گاڵتە، بەڵام تۆ هیچ گوێی مەدێ و خۆت سەخڵەت مەکە، هەر ئەوەندە تۆ بیخەرە سەر بەرهەڵبێنەکەی من، ئیتر ئەو هیچت لێ ناکات. دوای ئەمە چەندی زێڕت ویست بە ئارەزووی خۆت لە سندووقەکە ببە بۆ خۆت!»

«خراپ نییە» سەربازەکە گوتی. «ئەدی من چی بدەم بە تۆ، پیرەژنی جادووگەر؟ بیر دەکەمەوە خۆ دەبێ تۆش شتێکت پێ ببڕێ!»

«نەخێر» جادووگەرەکە وەڵامی دایەوە. «تەنانەت یەک عانەشم ناوێ! تەنیا یەک شتم لێت دەوێ. داپیرەم کاتی خۆی چەخماخێکی کۆنی لەناو دارەکە لەبیر کردووە. ئەو چەخماخەم لەگەڵ دەستی خۆت بۆ بێنە دەرەوە!»

«ئاوا! کەواتە با گوریسەکە لە ناوقەدم بئاڵێنم» سەربازەکە گوتی.

«ئەوەتا» جادووگەرەکە گوتی. «ئەوەش بەرهەڵبێنە شینە خانەخانەکەم.»، ئیتر سەربازەکە بە دارەکە هەڵگەڕا تا گەیشتە سەرەوە، لەوێ بەناو کونەکەدا خۆی شۆڕکردەوە هەروەکوو جادووگەرەکە پێی گوت تا گەیشتە ڕاڕەوە گەورەکە کە بە سەتان چرای لێ هەڵکرابوو.

یەکەم دەرگای کردەوە. ئۆۆۆۆی ... بینی وا سەگێک بە دوو چاوی زەقەوە سەیری دەکات کە هێندەی ژێرپیاڵەیەکن.

«ئای کە تۆ چەند سەگێکی ڕێکوپێکی» سەربازەکە وای بە سەگەکە گوت، ئەوجا هەڵیگرت و لە سەر بەرهەڵبێنەی جادووگەرەکەی دانا و گیرفانەکانی پڕکرد لە پارەی مس، پاشان سندووقەکەی داخستەوە و سەگەکەی لەسەر داناوە و چووە ناو ژووری دووەم.

واااى! لەوێ چاوی بەو سەگە کەوت کە چاوەکانی هێندەی بەرداشێک گەورەبوون، «هێندە سەیرم مەکە» سەربازەکە بەسەگەکەی گوت. «چاوەکانت بە ژان دەکەون»، ئەوجا هەڵیگرت و خستییە سەر بەرهەڵبێنەی جادووگەرەکە، کە چاوی بەم هەموو پارە زیوە کەوت لەناو سندووقەکە، هەرچی پارەی مسی پێ بوو،

هەمـووی فـڕێ دا و گیرفانەکانـی و هەگبەکـەی پشتی پڕکرد لـە پـارەی زیـو. دواتـر ڕۆیشـتە نـاو ژووری سـێیەم! ئـای چەنـد قێزەونـە! سـەگەکەی ژوورەوە جووتێ چاوی پێوەبوو بەڕاستی هێندەی بورجـی خـڕ گەورەبـوون. لەشـوێن خۆیـان وەکـوو چەرخوفەلـەک دەخولانـەوە.

«ئێـوارە بـاش» سـەربازەکە بـە سـەگەکەی گـوت و دەسـتێکی گەیانـدە کڵاوەکـەی سـەری خـۆی. لـە ژیانـی خـۆی سـەگی وای نەبینیبـوو، بـەڵام کـە کەمێـک سـەیری کـرد، بیـری کـردەوە، ئیتـر تـەواو، خـۆ تـازە پەشـیمان نابێتـەوە. سـەگەکەی هەڵگـرت و لـە سـەر زەوی داینـا و سـندووقەکەی کـردەوە. ئـەی خـوای گـەورە هـاوار، لـەو هەمـوو زێـڕە زۆرە! بـەو زێـڕە دەتوانێ هەمـوو کۆپنهاگـن و هەرچـی شـەکرۆکە و شـیرینی دووکانـان هەیـە بکڕێـت. دەتوانـێ چـی پەیکـەری بچکۆلـەی سـەربازەکان هەیـە کـە لـە فافـۆن دروسـت کـراون بیانکڕێـت. دەتوانـێ یارییەکانـی هەمـوو دنیـا بکڕێـت، ئەوانـەی لـە شێوەی ئەسپ دروست کراون و منداڵان سواریان دەبـن. بەڵـێ! پارەکـە هێنـدە زۆرە بەشـی هەمـووی دەکات! سـەرجەم پـارە زیوەکانـی نێـو گیرفانەکانـی و هەگبەکـەی پشـتی فـڕێ دا و لەجیاتـی ئـەوان پـارەی زێـڕی بـۆ خـۆی هەڵگـرت. گیرفانەکانـی و هەگبەکـەی پشـتی و کڵاوەکـەی سـەری و پۆتینەکانـی پڕکـرد لـە زێـڕ تـا وای لێهات بە ئاستەم دەیتوانی بڕوات. ئێسـتا بـووە خـاوەن پـارە، ئیتـر سـەگەکەی خستەوە سـەر سندووقەکە و دەرگاکـەی داخست و بەنێـو دارەکـەدا هـاواری کـرد:

«دەی پیرەژنـی جادووگـەر، ئێسـتا هەڵمکێشـە بۆ سـەرەوە!»

«چەخماخەکـەت لەگـەڵ خـۆت هێنـاوە؟» جادووگەرەکـە لێـی پرسـی.

«ئـەرێ بەڕاسـت» سـەربازەکە گوتـی. «خـۆ مـن چەخماخەکـەم لەبیـر چـوو!» یەکسـەر ڕۆیشت و هەڵیگرت. جادووگەرەکە هەڵیکێشاوە بـۆ سـەرەوە، ئیتـر سـەربازەکە بـە گیرفـان و پۆتیـن و هەگبـەی پشـت و کڵاوی پـڕ لـە زێـڕ کەوتـەوە سـەر ڕێگاکـە.

«تـۆ ئـەو چەخماخـەت بـۆ چییـە و چـی لـێ دەکەیـت؟» سـەربازەکە لێـی پرسـی.

«ئەوە پێوەندی بە تۆوە نییـە!» جادووگەرەکە گوتـی، «ئـەوە تـۆ ئێسـتا پارەکـەت وەرگـرت! بێنـە چەخماخەکـەم بـدەرێ!»

«قسـەی هەلـەق و مەلـەق» سـەربازەکە پێـی گـوت، «ئەگـەر هـەر ئێسـتا پێـم نەڵێـی چـی لـەو چەخماخـە دەکەیـت، ئـەوە بـەو شمشـێرە سـەرت پـەل دەدەم!»

«نا، پێت ناڵێم!» جادووگەرەکە پێی گوت.

سـەربازەکە شمشـێرێکی لـە ملی داو سـەری لـە لەشـی جیاکردەوە و لاشـەکەی لـەو نـاوە کـەوت، ئەوجـا زێڕەکانـی خسـتە نـاو بەرهەڵبێنـەی جادووگەرەکە و گرێـی لـێ دا و کردی بە بوخچە و خستییە سـەر پشتی خـۆی و ڕێگای شـاری گرتەبـەر.

شـارەکە شـارێکی یەکجار خـۆش بـوو. خـۆی کـرد بـە میوانخانەیەکـی زۆر خـۆش و داوای باشـترین ژوور و بەتامتریـن خواردنـی کـرد کـە حـەزی لـێ بـوو، چونکـە ئێسـتا دەوڵەمەنـدە و پارەیەکـی زۆری هەیـە. ئـەو خزمەتـکارەی دەبوایـە پۆتینەکانـی بسـڕێتەوە و پـاک بکاتـەوە و بۆیاخیـان بـکات پێـی سـەیر بـوو و بـاوەڕی نەکرد کاتێک چاوی بە پۆتینە کۆن و شڕەکانی کـەوت کـە لەگـەڵ پیاوێکی دەوڵەمەنـدی وەکـوو ئـەو نەدەگونجـا. تـا ئـەو کاتـە هیچـی تـازەی

نەکڕیبوو. ڕۆژی دواتر جلوبەرگ و پۆتینی جوان و ڕێکی کڕی، ئیتر بەم جۆرە سەربازەکە بووە پیاوێکی پۆشتە و ڕێکوپێک و خەڵک باسی شوێنە گرنگەکانی شار و پاشای شارەکە و کچە شازادە شۆخوشەنگەکەیان بۆی دەکرد.

«مرۆڤ لەکوێ دەتوانێ چاوی بەو کچە شازادەیە بکەوێ؟» سەربازەکە پرسی.

«کەس ناتوانێ بیبینێ»، هەموویان وایان پێگوت. «لە کۆشکێکی گەورە دەژی لە مس دروست کراوە و هەرچوار دەورەی بە شوورەی زۆر و بورجی بەرز گیراوە! هیچ کەسێک بەبێ ئاگاداری پاشا بۆی نییە بچێتە ژوورەوە، یان بێتە دەرەوە، چونکە چارەنووسی وا لێکدراوەتەوە کە شوو بە سەربازێکی سادە و ئاسایی دەکات، پاشاش ئەمەی بەدڵ نییە.»

«من حەز دەکەم ئەو کچە شازادەیە ببینم!» سەربازەکە لە دڵی خۆی گوتی، بەڵام دیارە بە هیچ جۆرێک بۆم نییە و ڕێم پێ نادرێ.

سەرەڕای ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە، سەربازەکە بە دڵێکی ئاسوودەوە ژیانێکی خۆش دەژیا. دەڕۆیشتە بینینی شانۆگەری کۆمیدی و لە باخچەی پاشا پیاسەی دەکرد و پارەیەکی زۆری دەبەخشییە هەژاران. بەڕاستی کارێکی جوان بوو! لە ئەزموونەکانی ژیانی ڕابوردووی دەیزانی نەداری و نەبوونی چەند سەخت و ناخۆشە، ئێستا ئەو دەوڵەمەندە، جلوبەرگی پۆشتە و ڕێک و جوانە، هاوڕێ و برادەری زۆر بووە و هەر هەموویان وەکوو پیاوێکی نەرمونیان و بەڕێز سەیری دەکەن و پای لێ دەنێنەوە و ئەویش دڵی بەم ڕێزگرتنە خۆش بوو. هەموو ڕۆژێک بە ئارەزووی خۆی پارەیەکی زۆری خەرج دەکرد تا وای لێهات پارەکانی خەریک بوو تەواو دەبوون، چونکە هیچ پارەیەک نەدەهاتەوە جێی ئەوانەی خەرجی دەکردن، بۆیە ناچار لەبەر بێ پارەیی ژوورە خۆشەکەی بەجێ هێشت و شوێنی ژیانی گواستەوە ژوورێکی بچووک لە بنمیچی خانوویەک و ئیتر پۆتینەکانی بە دەستی خۆی پاک دەکردەوە و خۆی شوێنە هەڵوەشاوەکانی دەدوورییەوە و هاوڕێکانیشی وردە وردە پشتیان تێ کرد و سەردانیان نەدەکرد و تاقەتیان نەبوو لەبەر خاتری ئەو، بەسەر ئەو هەموو قادرمانە بکەون.

ئێوارەیەکیان زۆر تاریک بوو، بەڵام ئەو توانایی نەبوو تەنانەت مۆمێک بکڕێت، لەپڕ بیری کەوتەوە ئەو کاتەی بە یارمەتی جادووگەرەکە چەخماخەکەی لەناو دارە کلۆرەکە دەرهێنا، پارچە مۆمێکی بچووکی لەگەڵدابوو. چەخماخەکە و پارچە مۆمەکەی دەرهێنا، بەڵام کاتێک چەخماخەکەی لێ دا و پرووشکە ئاگر لە بەردەکە هەڵسا و بە هەوادا بڵاوبوونەوە، لەپڕ دەرگاکە کرایەوە و ئەو سەگە لەبەردەمی پەیدابوو کە جووتێ چاوی هێندەی ژێرپیاڵەیەکی پێوەبوو، پێشتر لە ناو دارە کلۆرەکە بینیبووی و پێی گوت: «فەرموو گەورەم چ فەرمانێکت هەیە!»

«چی!» سەربازەکە گوتی. «وای لەو چەخماخە سەیرە، کەواتە هەرچییەکم بوێت دەتوانم داوای بکەم! هەندێ پارەم بۆ پەیداکە!» ئاوای بە سەگەکە گوت. سەگەکە بە چاوترووکانێک بزر بوو! بە چاوترووکانێک بەدەرکەوتەوە و کیسەیەکی بەدەمەوە بوو پڕی پارە بوو.

سەربازەکە ئێستا زانی چەخماخەکە چەند گرنگ و بەنرخە! ئەگەر یەک جار چەخماخ لێ دا، ئەوە ئەو سەگە دێت کەوا لەسەر سندووقی پارە مسەکان بوو، ئەگەر دوو جاری لێ دا سەگەکەی سەر سندووقی پارە زیوەکان

دێت، ئەگەر سێ جاری لێ دا سەگەکەی سەر زێڕەکان دێت، بەم جۆرە سەربازەکە جارێکی تر گەڕایەوە ژوورە خۆش و جوانەکەی و بەرگی جوان و ڕێکی پۆشی و هەموو هاوڕێکانی ناسیانەوە و زۆر دڵیان پێی خۆش بوو.

بیری کردەوە: نابێ ئەوە ڕاست بێ، چۆن دەبێ هیچ کەسێک بۆی نەبێ ئەو کچە شازادەیە ببینێ! وەکوو هەموو باسی دەکەن دەڵێن یەکجار شۆخوشەنگ و نازدارە! ئەوجا ئەو شۆخوشەنگییە بە کەڵکی چی دێت، ئەگەر ئەو بەردەوام لە ناو چوار دیواری کۆشکێکی گەورەی مس دانیشێ و ئەو هەموو بورجەی بە دەوردا قوت کرابێتەوە. — تۆ بڵێی من هەرگیز نەتوانم ببینم؟

– کوا چەخماخەکەم لەکوێیە! هەرکە ئاگری لێ دا یەکسەر سەگەکە هات بە جووتێ چاوی گەورەوە کە هێندەی ژێرپیاڵەیەک بوون.

«ڕاستە ئێستا کات نیوەشەوە» سەربازەکە گوتی، «بەڵام من لە ناخەوە ئارەزوومە کچە شازادە ببینم، تەنانەت مەگەر بۆ چاوترووکانێکیش بێت!»

سەگەکە یەکسەر لە دەرگاکە چووە دەرەوە، و بەر لەوەی سەربازەکە فریا بکەوێ بیربکاتەوە، بینی وا سەگەکە هاتەوە و کچە شازادەی بە خەوتوویی بەسەر پشتەوەیە و هێندە شۆخوشەنگ و نازدار بوو، هەر کەسێ بیدیبایە گومانی نەدەکرد کەوا کچە شازادەیەکی ڕاستەقینەیە. سەربازەکە هەرچەندەی کردی خۆی پێ نەگیرا و کچە شازادەی ماچ کرد، چونکە سەربازێکی ڕاستەقینە بوو.

سەگەکە بە ڕاکردن کچە شازادەی بردەوە شوێنی خۆی. کە سبەینە داهات لەو کاتەی پاشا و شاژن بەدەم چا خواردنەوەی بەیانی دانیشتبوون، کچە شازادەکە گوتی شەو خەونێکی زۆر سەیرم بینیوە. سەگێک و سەربازێک هاتوونەتە خەونم، لە خەونمدا سواری پشتی سەگەکە بووم و سەربازەکە ماچی کردم.

«بەخوا بابە چیرۆکێکی خۆشە» شاژن گوتی، ئیتر بڕیار درا شەوی دواتر یەکێک لە خانمانی یاوەری دیوانی پاشایەتی بە دیار تەختی نووستنی کچە شازادەوە ئێشک بگرێ، تا ببینێ ئاخۆ بە ڕاستی خەون بووە، یان چی؟

سەربازەکە پەرۆشییەکی ترسناک دایگرت تا جارێکی تر کچە شازادە ناسک و نازدارەکە ببینێ. کە شەو داهات هەمدیس سەگەکە هاتەوە و کچە شازادەی هەڵگرت و تا هێزی تێدا بوو بەڕاکردن ڕۆیی، خانمی یاوەری دیوانی پاشایەتی جووتێ پۆتینی لە پێی هەڵکێشا و بە هەمان خێرایی بەدوایدا ڕای کرد. کاتێک بینی سەگەکە و کچە شازادە چوونە ناو خانوویەکی گەورە و تێیدا بزربوون، بیری کردەوە، ئەوە زانیم و پێکەوتم لە کوێن، ئەوجا بە پارچەیەک تەباشیر نیشانەیەکی لەسەر دەروازەی خانووەکە دیارکرد، دواتر گەڕایەوە شوێنی خۆی و پاڵ کەوت، هێندەی نەبرد سەگەکە هاتەوە و کچە شازادەی هێنایەوە، بەڵام سەگەکە زۆر زیرەک بوو، کاتێک بینی نیشانەیەک لەسەر دەرگای ئەو خانووە دانراوە کە سەربازەکەی لێ دەژی، پارچەیەک تەبەشیری هێنا و هەمان نیشانەی لەسەر دەروازەی هەموو خانووەکانی شار دانا و ئەم کارە ئەوپەڕی زیرەکی تێدابوو، چونکە ئێستا کە خانمی یاوەری دیوانی پاشایەتی دەبینێ دەروازەی هەموو خانووەکانی شار نیشانەیان لەسەرە، لێی تێک دەچێ و نازانێ

دەروازە ڕاستەقینەکە کامەیە.

بۆ بەیانییەکەی پاشا و شاژن و خانمی یاوەر و تەواوی ئەفسەرەکانی سوپا زوو هاتن تا ببینن کچە شازادە شەو هاتووەتە کوێ.

«ئێرەیە» پاشا گوتی، کاتێک چاوی بە یەکەم دەروازە کەوت کە نیشانەی لەسەر بوو.

«نەخێر پیاوە شیرینەکەم، ئێرە نییە، ئەوێیە» شاژن گوتی، کاتێک چاوی بە دەروازەی دووەم کەوت کە نیشان کرابوو.

«ئەوەتا یەکێک لێرەیە، ئەوەتا یەکێکی تر» هەر یەکەیان کاتێک نیشانەیەکیان بەسەر دەروازەیەکەوە دەبینی؛ بە دەنگ دەهاتن، ئیتر تێگەیشتن کەوا هیچ سوودی نییە و ناگەنە ئەوەی بە دوایدا دەگەڕێن.

بەڵام شاژن ئافرەتێکی تا بڵێی هۆشمەند بوو، هەر ئەوە نەبوو تەنیا سواری گالیسکەی شاهانە بێت، بەڵکوو زۆر شتی دەزانی. دەستی دایە مەقەسێکی زێڕینی گەورە و پارچەیەکی گەورە ئاوریشمی هەڵبڕی و بە دورمان توورەگەیەکی خنجیلانەی جوانی لێ دروست کرد و پڕی کرد لە دانی ورد و لە پشتی کچە شازادەی گرێ دا، ئەوجا کونێکی بچووکی لە توورەگەکە کرد تا دانەکە دەنک دەنک بەڕێگادا بڕژێ، بەڵکوو شوێن پێی کچە شازادە بکەون و بزانن بۆ کوێ چووە.

کە شەو داهات، دیسان سەگەکە هاتەوە و کچە شازادەی لەسەر پشتی خۆی دانا و بەڕاکردن بردی بۆ لای سەربازەکە، کە زۆر زۆری خۆش دەویست و خۆزگەی دەخواست میرێک بوایە، بەڵکوو دەبوو بە هاوسەری. سەگەکە بە هیچ کلۆجێک هەستی نەکرد دەنکی دان بە دوایدا کەوتووەتە خوارەوە و لە کۆشکەوە ڕێچکەی بەستووە تا دەگاتە بەر پەنجەرەی سەربازەکە، ڕێک لەو شوێنەی بە کچە شازادەوە بە سەر شوورەکە بازی داوە. بۆ بەیانییەکەی پاشا و شاژن بینییان کچەکەیان لە کوێ بووە، بۆیە سەربازەکەیان گرت و خستیانە ژوورەوە و لەوێ بەجێیان هێشت. شوێنێکی تاریک و خەمناک بوو، پێیان گوت: «بەیانی تۆ لە سێدارە دەدرێیت.» هەواڵێکی ناخۆش بوو و چەخماخەکەیشی لە ژوورەکەی خۆی لە میوانخانەکە لەبیر کردبوو. بەیانییەکەی لە کەلێنی شیشە ئاسنەکانی پەنجەرە بچووکەکەی زیندانەکەی خەڵکی دەبینی وا بە پەلە ڕێگایان گرتووە بۆ دەرەوەی شار تا ئامادەی لە سێدارەدانی ئەو بن. گوێی لە دەنگی تەپڵ کوتان بوو، سەربازەکانی بینی بە مارش دەڕۆیشتن. خەڵکی تێکڕا بە ڕاکردن دەڕۆیشتن؛ لە نێوانیاندا منداڵێکی پینەدۆزی بینی بەرکۆشێکی چەرمی لەبەر بوو و جووتێ نەعلی لەپێ بوو. ئەو منداڵە بە هەڵبەزینەوە و بە گورگەلۆقە ڕێی دەکرد، بۆیە لەپڕ تاکە نەعلێکی لە پێی داکەندرا و دەرپەڕی و کەوتە لای شوورەکە، نزیک ئەو شوێنەی سەربازەکە لێی دانیشتبوو و لە کەلێنی شیشەئاسنەکان سەیری دەرەوەی دەکرد.

«هێی کوڕە پینەدۆز! پێویست ناکا وا پەلە بکەیت»، سەربازەکە پێی گوت. «هەتا من نەیەم هیچ ڕوونادا! وەرە بەڕاکردن بڕۆ ئەو شوێنەی من لێ دەژیم چەخماخەکەمم بۆ بێنە، چوار عانەت دەدەمێ! بەڵام خێراکە!» کوڕە پینەدۆزەکە لە خوای دەویست چوار عانەکەی دەست کەوێ، بۆیە وەک تیر بە دوای چەخماخەکە بۆی دەرچوو، هێنای و دایە دەست سەربازەکە، ئەوجا با بزانین بەسەرهاتەکە بە کوێ دەگات!

لـە دەرەوەی شـار سـێدارەیەکی گەورەیـان دامەزراندبوو و سـەربازەکانی پاشا و سـەتان هـەزار کـەس دەوریان دابـوو، پاشا و شـاژن لـە بەرانبـەر دادوەر و ئەنجوومەنـی دادوەران دانیشـتبوون. سـەربازەکە لەسـەر پلیکانـەکان وەسـتابوو و کاتێـک ویسـتیان گوریسـەکە بکەنـە ملـی، گوتـی هەمیشـە وابـووە، ئەگـەر گوناهبارێـک ئاواتێکـی هەبـێ، بـەر لـەوەی سزاکەی بەسـەردا جێبەجـێ بکرێـت، ئاواتەکـەی بۆ دەهێنرێتـە دی، دوا ئاواتـی منیش ئەوەیـە زۆر حـەز دەکـەم قەلنەیـەک تووتـن بکێشـم، ئـەوە دەبێتـە دوا قەلنـەم لـەم دنیایـە. بێگومـان پاشـا لـە بەرانبـەر ئـەم داوایە نالّـێ نـا. سـەربازەکە دەسـتی گەیانـدە چەخماخەکـەی و ئاگری لـێ دا، یـەک دوو، سـێ! هـەر سـێ سـەگەکان لەبـەر دەمـی ئامادەبـوون، ئـەو سـەگەیان بـە دوو چـاوی گـەورە هێنـدەی ژێرپیالّەیـاک و ئەوەیـان بـە جووتـە چاوێـک هێندەی بەرداشێـک و ئـەوەی تریان بـە جووتـێ چـاوی گـەورە، هێنـدەی بورجـی خـڕ.

«بـە هانـام وەرن و لـە سێدارە ڕزگارم کـەن!» سـەربازەکە گوتـی. لەگـەڵ ئـەم قسـەیە سـەگەکان تاویـان دایـە دادوەر و تـەواوی ئەنجوومەنـی دادوەران. قاچـی یەکێکیانیـان گـرت و لووتـی ئـەوی تریـان گـرت و چەنـدان بـاڵ بـەرز هەڵیـان دانـە ئاسـمان، لەگـەڵ کەوتنـە خوارەوەیـان پارچـە پارچـە بـوون.

«مـن نەمویسـت!» پاشـا هـاواری کـرد، بـەڵام سـەگە گەورەکـە پەلامـاری دا و پاشـا و شـاژنی گـرت و هەڵیدانـە پشـت ئەوانـی تـر؛ سـەربازەکان زیرەیـان لـێ هەڵسـا و خەلکەکـە هاواریـان کـرد: «ئـەی سـەربازە بچکۆلەکـە، تۆمـان دەوێ ببیـت بـە پاشـای ئێمـە، کچـە شـازادە شۆخوشـەنگ و نازدارەکـە دەبـێ بـۆ تـۆ بێـت!»

ئەوجـا سـەربازەکەیان سـواری گالیسـکەی شاهانە کـرد و هـەر سـێ سـەگەکان لەپێشـی سـەمایان دەکـرد و هاواریـان دەکـرد «بـا، بژی.....بـا، بژی!» و کـوڕە گەنجـەکان پەنجەیـان دەخسـتە دەمیـان و فیکەیـان لـێ دەدا و سـەربازەکان سـەلام قوتیـان دەکـرد.

کچە شازادە لە کۆشکی مس هاتە دەرەوە و بووە شـاژن و دڵـی زۆر خـۆش بـوو، زەماوەندەکەیـان هەشـت ڕۆژ و هەشـت شـەو بـەردەوام بـوو، سـەگەکانیش لـە دەوری مێزەکـە هەڵتووترکابـوون، چاوەکانیـان زەق کردبـووەوە.

لە کتێبی (سـەرجەم نووسـینەکانی هانس کریسـتیان ئەندەرسـن) وەرگیـراوە.

H. C. Andersen
Eventyr og Historier
Komplet samling
Bogklubben 2001

* ئـەم کورتـە چیرۆکـە کـە ڕاسـتەوخۆ لـە زمانـی دانیمارکییـەوە کراوەتـە کـوردی، تۆبـەرەی وەرگێڕانـی سـەرجەم کارەکانـی (ئەندەڕسن)ـە کـە دانیمارکییـەکان ناوەکـەی بـە کورتکراوەیـی بـە (هـۆ. سـی. ئەنەسـن) دەنووسـن، بە پیتی لاتینی دەنووسرێ H.C.Andersen. کۆی بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە کتێبێکی گەورەیە و لە دوو توێی (١١٨٠) لاپەڕەدایە، بریتییە لە کورتەچیرۆک و چیرۆکی بەرئاگردان، (ئازاد مەولوود)ی وەرگێڕ دەسـتی داوەتـە وەرگێڕانـی ئـەم کتێبە، بۆ تەواوکردن و بەچاپ گەیاندنی ئێمە لە گۆڤاری (ڕامان)دا چیمان لە دەست بێ دریغی ناکەین.

(ڕامان)



# جیهان عومەر:
## قەت بیرم لە نووسینی ڕۆمان نەکردووەتەوە.. زمانی چیرۆکی لاوەکانیشم بە دڵ نییە.

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(٢ - ٣)**

* جیهان عومەر میرزا تۆفیق بازرگان، کە لە ناوەندی ئەدەبی و دنیای نووسین و بڵاوکردنەوەدا بە جیهان عومەر ناسراوە، چیرۆکنووسێکی کۆتایی ساڵانی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانە، لەسەر ڕێچکەی ڕیالیزم چیرۆکەکانی نووسیوە و شان بە شانی هاوەڵە چیرۆکنووسەکانی: حسەین عارف، ڕەئووف بێگەرد، محەمەدڕەشید فەتاح، مستەفا ساڵح کەریم، ڕەووف حەسەن، تایەر ساڵح سەعید، ئەمینی میرزا کەریم، عەبدوڵڵا ئاگرین چیرۆکی نووسیوە و بڵاویانی کردووەتەوە، هەرچەندە لە ساڵانی هەشتاکان بەدواوە ڕۆماننووسین بووە بە باو، هەرچی هەڵدەستا خۆی بە ڕۆماننووسین تاقی دەکردەوە، بەڵام ئەم یەکێکە لەو چیرۆکنووسانەی بەلای ڕۆماننووسیندا نەڕۆیشت و بۆ هونەرەکەی خۆی وەفادار مایەوە، بۆیە لە ساڵی ١٩٥٨وە تا ئەمڕۆ (٥) کۆچیرۆکی خۆی بە چاپ گەیاندووە، (٤) کۆچیرۆکی لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوە، (٤) کۆچیرۆکیشی بۆ منداڵانی کورد کردووەتە کوردی.

* ئەو چیرۆکنووسە لە بنەماڵەیەکی خانەدان و ناسراوی شاری سلێمانی، لە ساڵی ١٩٣٩، لە گەڕەکی پیرمەسوور (مەڵکەندی) لە دایک بووە و چاوی بۆ ژیان هەڵێناوە. خێزانەکەیان لە بنەماڵە دێرینەکانی ئەو شارەن کە بە قەزازەکان ناسراون، هەروەها بنەماڵەیەکی ڕەسەنی شارەکەن کە هەر لە سلێمانی ژیاون، لە دایکیشییەوە کچی حەمە شازەمانی بەقاڵە. لەناو خێزانەکەیاندا، باوک و دایک و خوشک و براکانی کەسیان حەزیان بە چارەی کتێب و خوێندنەوە نەبووە، بەڵام مامێکی کە لەگەڵیان لە یەکماڵدا ژیاوە و ناوی عوسمان تۆفیق بووە، دەورێکی ئێجگار

گەورەی بەسەر ژیان و کەسایەتی ئەودا هەبووە، هەر ئەو مامەی کە زۆر حەزی بە خوێندنەوە کردووە و کتێبخانەیەکی گەورەی هەبووە، بەردەوام بە زمانی فارسی و عەرەبی و کوردی خەریکی خوێندنەوە بووە، دیارە ئەمە نەخشی بەسەر ئایندەی ژیانی ئەدەبی و نووسینی ئەودا بەجێ هێشتووە، چونکە بەلای هۆگری و خۆشەویستی خوێندنەوەی کتێبدا رایکێشاوە و وای لێکردووە کتێب خوێندنەوە لەلای ببێتە نەریت، لەوەوە زۆر سوودی لەو کتێبخانە گەورەیەی مامی وەرگرتووە، سەرەڕای بوونی ئەم کتێبخانە گەورەیە لە ماڵەکەیاندا، بەوەشەوە نەوەستاوە و بۆ پەیداکردنی سەرچاوەی دی، بە تایبەتی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو ڕۆژگارە، وەک گۆڤاری (هەتاو) و ڕۆژنامەی (ژین)ی دەست خستووە، زۆر کتێبی دیکەشی لە کتێبخانەکانی سلێمانی کڕیوە.

* تا گەیشتووەتە پۆلی چواری سانەوی، لە سلێمانی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی خوێندووە، ئیتر دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە و تاقەتی خوێندنی نەماوە، هەر ئەو کاتە بەکرێی ڕۆژانە (اجور يومية) لە دایرەی ئیسکان کە سەر بە موتەسەڕیفیەتی سلێمانی بووە، بەهۆی شێخ تەیب گوڵانی کە لەوێ بەڕێوەبەری ئەنجومەنی کارگێڕی بووە، بە مووچەی (٩) دیناری مانگانە دامەزراوە، دامەزراندنەکەشی بە پشتگیری و کاغەزی پارتی بووە، کە ئەوکاتە ئیشی لەگەڵیان کردووە، بەڵام ئەوەی لەبەرچاوە و دەڵێ لە چاکەی ئەو پیاوە دەرناچم، چونکە فێری ئیشوکاری کارگێڕی کردم و زۆر سوودم لێ وەرگرت. لەبەر ئەوەی لە سلێمانی سەروکاری زۆربەی هەر زۆری ئاهەنگ و بۆنەکانی پارتی کردووە، بۆیە کە چووەتە کارگەی جگەرەش دیسان لەلایەن پارتییەوە پشتیوانی لێ کراوە و لەوێ دامەزراوە، چونکە لە دایرەی ئیسکان بەهۆی (گۆران)ی شاعیرەوە کە ڕووبەڕووی موتەسەڕیف بووەتەوە، هەموویان لە کارەکەیان دوورخراونەتەوە.

* سەرەتاکانی نووسینی لە کۆتایی پەنجاکان دەستی پێکردووە، یەکەم چیرۆکی لە گۆڤاری پێشکەوتن بڵاوکردووەتەوە، ئەو گۆڤارە، گۆڤارێکی هەفتانەی



ئازاد عەبدولواحید - جیهان عومەر

گشتی بووە، ژمارە (١)ی لە (١٩)ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە، سەرەتا تا ژمارە (٣٩)ی بە شێوەی گۆڤار، دوای ئەوە وەک ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە، ژمارە (٥١٣)ی لە ١٨ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٠ دەرچووە، پێشتریش چیرۆکی (شۆڕشی گوێ بەندەرەکە) کە لە نووسینی ئەلکسەندەر ساهیایە لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوە و لە دووتوێی کتێبێکدا چاپی کردووە، لەو کاتەوە چیرۆک و وتار و وەرگێڕانەکانی لە ڕۆژنامەی (ژین) و زۆر گۆڤار و ڕۆژنامەی دیکەدا بڵاو کردووەتەوە.

* لە ساڵانی پەنجاکاندا وەک کەسێکی خوێنەوار و هۆشیار و کراوە، یەکەم نووسەرە لە شاری سلێمانی، هانی (گوڵزار)ی خوشکی داوە بچێتە سەر تەختەی شانۆ کە تا ئەوکاتە ئەکتەرە پیاوەکان ڕۆڵی ئافرەتیان دەگێڕا، لە پاش ئەو ڕچەشکاندن و دەستپێشخەرییە گرنگە، خەڵکی ئەو سەردەمە چوونەتە لای باوکی و تانەیان لێ داوە و ڕەخنەی ئەوەیان لێ گرتووە کە چۆن ڕێگەی داوە کچەکەی بچێتە سەر شانۆ، پێیان وتووە ئەو شوێنە، شوێنی کچی تۆ نییە.

* جیهان عومەر لە ساڵی ١٩٥٩وە پەیتا پەیتا کەوتووەتە چاپکردنی کتێبەکانی، سەرەتا بە وەرگێڕانی (شۆڕشی گوێ بەندەرەکە) دەستی پێکردووە، تا ساڵی ٢٠٢٢، (٢٣) کتێبی بە چاپ گەیاندووە، ئەو کتێبە چاپکراوانە لە بواری: (چیرۆک، کورتیلەچیرۆک، چیرۆکی منداڵان، فەرهەنگ،

دەروونناسی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە بۆ کوردی و لە کوردییەوە بۆ عەرەبی) بوون.

* بەهۆی ئەوەی جیهان عومەر دەنگی لە بار و گونجاو بووە، سالانی حەفتاکان هەر بۆنەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، هونەری هەبوایە، ئەویان بۆ بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی و پێشکەشکاریی ڕاسپاردووە، ئەوسا ئۆتۆمبێلێکیان هێناوە، بڵندگۆ و ئەمپریفایەریان خستووەتە سەر و بە شەقامەکاندا گێڕاویانە و بانگەشەیان بۆ چالاکی و بۆنەکە کردووە، هەموو ئەو کارانەی بێ بەرانبەر و بە خۆبەخش ڕاپەراندووە.

* ساڵی ١٩٦١ لە کارگەی جگەرە، لەبەر هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی گیراوە و خراوەتە بەندیخانەوە، دوای ئەوەی لە سلێمانی گرتوویانە، بردوویانەتە کەرکووک و لەوێوە براوەتە بەغدا، لە بەغداشەوە ڕەوانەی بەسرە کراوە، پاشان بۆ عەمارە دوورخراوەتەوە، کە لەوێ (٦٠) کوردی دیکەی بەندکراو و دەستبەسەری لێ بووە، دوای ساڵ و نیوێک هەموویان بە لێبوردنی گشتی عەبدولکەریم قاسم ئازاد کراون.

* جیهان عومەر وەک کەسێکی نەتەوەیی، ژیانی سیاسی لە ساڵی ١٩٥٩وە لەگەڵ حزبەکانی کوردستان دەست پێکردووە، سەرەتا لە ڕێگەی شێخ محەمەد هەرسین و (تۆفیق نووری بەگ)ی زاوایەوە لە کاژیک نزیک بووەتەوە، هەر ئەو ساڵانە لەسەر داوای شێخ محەمەد هەرسین و لەبەر ئەوەی متمانەی پێی بووە، ئامێری چاپ (آلة الطابعة)کەی کاژیکی بۆ چاک کردوونەتەوە و بەیانەکانیان کە زۆربەیان خۆی دەینووسین، ئەم بۆیانی چاپ کردووە، بۆیەش لەلایەن سەرکردایەتیی کاژیکەوە سپاسنامەیان بۆ ناردووە. لە ساڵی ١٩٧٤ چەند مانگێک پێش ئەوەی شەڕ دەست پێ بکاتەوە، ڕووی کردووەتە شاخ بۆ ئەوەی لە ڕیزەکانی پێشمەرگە خەبات بکات، یەکەم جار چووەتە ڕانیە، لە ماڵی خوشکی ماوەتەوە، ئەوجا لەگەڵ ئەحەی عەزە بۆق و مولازم حەمە شەوقی و جەلالی حوسە کەلۆش پێکەوە بە پێ بەرەو ناوپردان ڕۆیشتوون، لەنێوان ڕانیە و ناوپردان لە بارەگایەکی بارزانی لایان داوە کە خواردن و خەوی بۆ خەڵکی دابین کردووە، لەوێوە بەهۆی خزمایەتی و هاوڕێیەتی کۆنی لەگەڵ شێخ محەمەدی هەرسین ڕووی کردووەتە ماڵی ئەوان، خزمایەتییەکەشی بەهۆی گەلاوێژ خانی هاوژینییەوە بووە، بۆیە نەیانهێشتووە بە هیچ لایەکدا بڕوا، ماوەیەک لە ماڵی ئەوان ماوەتەوە کە لە گوندی (کەوەرتێ)ی خوار ناوپردان بوون، دواتر بە پێشنیاری شێخ محەمەد هەرسین چووەتە فرۆشگەی سلێمانی لە پێنجوین و لەوێ وەک جێگری بەختیار شەفیق ئاغا، کە بەرپرسی ئەو فرۆشگەیە بووە، بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک پێشمەرگایەتی کردووە و تا نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لەوێ بووە، پاشان گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی و دوای ماوەیەکی کورت لە کارگەی جگەرەوە، ناردوویانە بۆ شاری کوفە، ماوەی دوو ساڵ بۆ کارگەی چیمەنتۆی ئەو شارە دوورخراوەتەوە، دواتر گوێزراوەتەوە بۆ بەغدا و لە کارگەی پیپسی (المشروبات الغازية) دەست بەکار بووە، جارێکی دی وەزیفەکەی بۆ کارگەی شەکری سلێمانی گوێزراوەتەوە، تا ساڵی ١٩٧٨ کە بەهۆی گوشاری سیاسییەوە ناچار بووە داوای خانەنشینبوون بکات، دوای ڕاپەڕین جارێکی دی بۆ کارگەی شەکری سلێمانی گەڕاوەتەوە.

* جیهان عومەر، لە زۆر یەکێتی و کۆمەڵەی ئەدەبی و هونەریدا کاری کردووە و دەوری سەرەکی لە هەڵسووڕاندن و دامەزراندنیاندا گێڕاوە، لەوانە: لەگەڵ ئەمینی میرزا کەریم پێوەندییان بە نووری وەشتی، جەمال بەختیار، عەلی جۆڵا، حاتەم سەعید، مەحموود زێوەر، حەمەسدیقی مەحامی کردووە و (کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی)یان دامەزراندووە، نووری وەشتی و حەمەسدیقی مەحامی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆیان بۆ داناوە، بەڵام بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی هی جیهان عومەر و ئەمینی میرزا کەریم بووە. لە کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردیدا ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر و دەستەی بەڕێوەبەر بووە، لەگەڵ ئەو

ناوانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێ درا، داواکەیان بۆ دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیە پێشکەش کردووە، ئەو کۆمەڵەیەش مۆسیقا و گۆرانی و شانۆ و ئەدەبیاتی لە خۆی گرتووە و لقی دیکەی لە بەغدا و کەرکووک و هەولێر و کۆیەدا دامەزراندووە.

* لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کوردەوە بووەتە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە، تا ساڵانی دوای ڕاپەڕین (٣) کەڕەت لە سێ کات و قۆناغی جیاوازدا بە هەڵبژاردن بۆ دەستەی بەڕێوەبردنی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی دەرچووە. ساڵی ١٩٧٠ بە نۆرە لەگەڵ مستەفا ساڵح کەریم، بەرنامەی یەکێتیی نووسەرانی کوردیان لە بەغدا تۆمار کردووە، پاشان بەرنامە تۆمارکراوەکەیان بردووەتە تەلەفزیۆنی کەرکووک و لەوێوە پەخش کراوە، بۆ هەر بەرنامەیەک، دوو نووسەریان لەگەڵ خۆیان بردووە و گفتوگۆیان لەگەڵ ساز کردوون، بێجگە لەو بەرنامەیە، لە ئێزگەی کوردی بەغدا، ساڵی ١٩٧٨ حەفتانە بەناوی (گۆڤاری هونەر) بەرنامەی پێشکەش کردووە، کە لە بەرنامەکەیدا باسی هونەر و هەواڵی هونەری کوردی و عەرەبی و بیانی کردووە، کاتێک گەڕاوەتەوە شاری سلێمانیش بەرنامەکەی بەردەوام بووە، بۆ ماوەی (٧) ساڵ ئەم بەرنامەیەی پێشکەش کردووە.

* بێجگە لە کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی و یەکێتیی نووسەرانی کورد، لە زۆر سەندیکا و بنکە و یانەی دی دامەزرێنەر و ئەندامە، لەوانە: بنکەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گەلاوێژ، یانەی قەڵەم، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری سەندیکای خانەنشینانە لە سلێمانی، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری سەندیکای فەرمانبەرانە لە سلێمانی.

* ساڵی ١٩٧٥ کە لە شاخ گەڕاوەتەوە سلێمانی، بۆ ماوەیەکی کورت گێڕاویانەتەوە کارگەی جگەرە، لەوێوە ناردوویانە بۆ نەجەف و لە کارگەی چیمەنتۆی کوفە گیرساوەتەوە، لەگەڵ ئەو، (٩) کەسی دی بەرەو خوارووی عێراق دەنێرن، جەمال شارباژێڕی بۆ فەلوجە، ئەمینی میرزا کەریم بۆ سەددی هیندیە و تاد، ئەو ماوەیەی کە لە باشووری عێراقدا ژیان دەگوزەرێنێ، لەگەڵ هونەرمەند کەریم کابان، کە ئەویش بۆ شارەوانی ئەو شارە دوورخراوەتەوە، پێکەوە ژووری هوتێلێکیان گرتووە، بەشێکی زۆری دوورخراوەکان لەو هوتێلەدا ژیاون، بەشێکی کەمیشیان خانوویان بەکرێ گرتووە. لە نەجەف دەستبەسەر بوون و لەژێر چاودێری حکوومەتدا ژیاون، ساڵ و نیوێک بەدەردەسەری لە نەجەف دەمێنێتەوە، ساڵێکیش لە بەغدا، لە کارگەی پیپسی کاری کردووە، کە دەگەڕێتەوە سلێمانی، لە دایرەکەی لەلایەن ئەمنی سلێمانییەوە تەنگی پێ هەڵدەچنن و داوای بەعسیبوونی لێ دەکەن، ئەویش بە ناچاری دوای (٢٨) ساڵ خزمەت، داوای خانەنشینبوون دەکات، بەڵام داواکەی ڕەت دەکرێتەوە، دواتر بەهۆی هاوڕێیەکی منداڵیی خۆی (ئومێد مەدحەت موبارەک) کە ئەو کاتە وەزیری تەندروستی عێراق بووە، هەوڵی بۆ دەدرێ و خانەنشین دەکرێ. دوای خانەنشین بوونەکەی، لە دووکانی باوکی، کە دووکانی کۆتاڵفرۆشی هەبووە، تا دوای ڕاپەڕین، ماوەی (١٠) ساڵ لەو دووکانەدا کار دەکات، دوای ڕاپەڕین دەگەڕێتەوە سەر وەزیفەکەی پێشووی لە کارگەی جگەرە، ماوەی (٤٨) ساڵ و (٨) مانگ و (٦) ڕۆژ بەناونیشانی جۆراوجۆر لە وەزیفەدا بووە، سەرەتا لە ساڵی ١٩٦٠ لە موتەسەریفیەتی سلێمانی بە ناونیشانی نووسەر دامەزراوە، دوا کاریشی ماوەی (٥) ساڵ بەڕێوەبەری کارگێڕیی پێشکەوتوو بووە لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی و بەهۆی تەمەنەوە خانەنشین کراوە.

* جیهان عومەر تا ساڵی ٢٠٠٣ لەسەر کاری سیاسی بەردەوام بووە، ئێستا کەسێکی سەربەخۆیە و لە کاری سیاسی و حزبی دوور کەوتووەتەوە.. لەمێژ بوو حەزم دەکرد هەڤپەیڤینێکی تێروتەسەلی لەگەڵدا ساز بکەم، ئەوە بوو پار توانیم لە گفتوگۆیەکی شایان بە بەخششەکانی بەسەری بکەمەوە و لە بارەی وێستگەکانی ژیان و ئەزموونە ئەدەبییەکەی بە چەند دانیشتنێک بیدوێنم، ئەوەی دەیخوێننەوە بەرهەمی ئەو دواندنەیە، هیوادارم بە دڵتان بێت.

**ڕامان:** بەرانبەر بەو هەڕەشەیە هەڵوێستت چی بوو، چیت وت، چیت کرد؟

**جیهان عومەر:** ئەوەندەم لە دەست هات پێی بڵێم: ئیتر هەڵمدەواسی، هەڵمناواسی، ئارەزووی خۆتە، چی دەکەی، بیکە. وتی بچۆرەوە ژوورەکەی خۆت، ئێستا دێین دەتبەین، ئیشارەتێکم بە ساتع دا، وتم ئاگات لە دەمت بێ قسە نەکەی، چونکە لەو زەمانەدا لەگەڵ ئەو ساتعە کارمان بۆ ڕێکخستنی یەکێتی دەکرد، هاتمە ناو دەرگاکە و ئەمنەکان بە شەق و بۆکس دایانگرتم و هەتا ژوورەکەی خۆم بردیانم.

**ڕامان:** فەرمانبەرەکانی دایرەکەت ئاگایان لەو لێدان و کەین و بەینە هەبوو؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، فەرمانبەرەکان هاتنە دەرێ، بەزەییان پێمدا دەهاتەوە کە ئاوا لێم دەدرا و لەبەردەستیاندا بێدەسەڵات بووم، ئەوە بوو بردیانمە ژوورەکەی خۆم. دوای من ساتع، دوای ئەو شێردڵ، دوای ئەو سەیید جەباریان وا لێ کرد، دواتر بیستمانەوە وتبووی ئەم سەگبابانە دەڵێی تفیان کردووەتە دەمی یەک، هەموو وەکوو یەک قسە دەکەن.

**ڕامان:** لە پاش ئەو بارودۆخە، لەگەڵ هاوڕێیەکانت بیرتان لە ڕاکردن نەکردەوە؟

**جیهان عومەر:** ساتع هات وتی دەڵێی چی ڕاکەین؟ وتم لە کوێوە ڕاکەین، هەر چوار دەوری دایرەکە ئەمن گرتوویەتی، دەرفەتی ڕاکردنمان نەماوە، بەڵام ئاگات لە دەمت بێ، ئەگەر بردیانین بۆ ئەمن قسە نەکەی ها! قسە بکەی دەمانکوژن، ئیتر چی دەکەن، با بیکەن.

**ڕامان:** دواتر کابرای ئەمن گەڕایەوە لای تۆ؟

**جیهان عومەر:** ناوەڵڵا، کاتێکمان زانی کابرا هاتە دەرەوە و سواری ئۆتۆمبێلەکەی بوو، چووم پێم وتن وەرن نەجاتمان بوو، ئەوە ڕۆیشتن، تومەز هەر کەسێکیان بانگ کردووە، هەر هەمان قسەیان کردووە، ئیتر وازیان لێ هێنایەن. دوای ئەوە بۆ بەیانی داواکاریم پێشکەش کرد و داوای خانەنشینیم کرد.

**ڕامان:** ساڵی چەند بوو ئەو داوایەت پێشکەش کرد؟

**جیهان عومەر:** وا بزانم لە ساڵانی هەشتاکاندا بوو.

**ڕامان:** ئەوکاتە چەند ساڵ خزمەتت هەبوو؟

**جیهان عومەر:** کە داوای خانەنشینیم کرد، ٢٨ ساڵ خزمەتم هەبوو، پەسندیان نەدەکرد، وتیان ئێمە پەکمان دەکەوێ، تۆ بە باشی ئیشی کارگێڕیی دەزانی و ناکرێ خانەنشین بکرێی.

**ڕامان:** دواجار چۆن دەستبەردارت بوون و خانەنشین کرای؟

**جیهان عومەر:** دوای ئەوە پەنام بردە بەر دوکتۆر ئومێد مەدحەت موبارەک، کە لە گەڕەکی پیرمەسوور هاوڕێی منداڵیم بوو، ئەوکاتە لە بەغدا وەزیری تەندروستی بوو، تەلەفۆنم بۆ کرد و وتم شتێکی وا هەیە، ئەویش تەلەفۆنی بۆ بەڕێوەبەرەکەمان کرد کە ناوی جەلالی مەلا کەریم بوو، پێی وتبوو، ئەو داوایەی بۆم ڕەوانە بکە، خۆم بۆی جێبەجێ دەکەم.

**ڕامان:** ئەوجا هەر بەڕاست بۆی جێبەجێ کردی؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ.

**ڕامان:** دوای خانەنشینبوونت خەریکی چی بووی؟

**جیهان عومەر:** دوای خانەنشینییەکەم چوومە دووکانەکەی باوکم و لەگەڵ ئەو کارم دەکرد.

**ڕامان:** هەر ئەو جارە لە سلێمانی تووشی لێدان بووی، یان لە شوێنی دیکەش ڕووبەڕووی ئەشکەنجەدان و لێدان بوویەوە؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، هەر ئەو جارە لە سلێمانی، لە کارگەی شەکر بوو، ئەوە بوو وازم لە دایرە هێنا، دوای ڕاپەڕین خوا هەڵناگرێ عەبدوڵڵا ئاگرین هەواڵی بۆ ناردم، وتی تۆ لەسەر ئێمە وات لێ هاتووە، وەرە بگەڕێوە، یەکسەر فەرمانێکی بۆ دەرکردم و نوسخەیەکی بۆ ناردم، گەڕاندمیانەوە.

**ڕامان:** دوای ڕاپەڕین بۆ کارگەی شەکر گەڕایتەوە؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، گەڕامەوە کارگەی شەکر، ئیتر دایرە بە دایرە، لە زۆر دایرە کارم کرد، دوا شوێن دایرەی وەبەرهێنانی سلێمانی بوو خزمەتم تێدا کرد، دوای ئەوە کاتی خانەنشینیم هاتبوو، وەک تەمەن و وەک خزمەتیش، چل هەشت ساڵ و هەشت مانگ و شەش ڕۆژ کارم کرد و خانەنشین کرام.

**ڕامان:** گوتت لە ساڵانی هەشتاکان دوای خانەنشینی چوویتە سەر دووکانی باوکت؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، لە هەشتاکان کە خانەنشین بووم لە دووکانی باوکم کارم کرد.

**ڕامان:** دووکانەکەی باوکت، دووکانی چی بوو؟

**جیهان عومەر:** لە خانی تازە، دووکانی قوماشفرۆشی هەبوو.

**ڕامان:** ئەو خانە کەوتبووە کوێی سلێمانی؟

**جیهان عومەر:** ئەو خانە دەرگایەکی لەسەر جادە کاوە، دەرگایەکیشی لەسەر قەیسەری نەقیب بوو.

**ڕامان:** ماوەی چەند ساڵ لەگەڵ باوکت کارت کرد؟



سلێمانی، ١٩٧٠، یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی، لە ڕاستەوە ئەوانەی دانیشتوون: مستەفا ساڵح کەریم، ساجید ئاوارە، محەمەدئەمین کاردۆخی، غەفوور ڕەشید داراغا، جیهان عومەر. ڕیزی دووەم، ئەوەی بە پێوەن، لە ڕاستەوە: جەمال شارباژێڕی، ؟، محەمەدساڵح سەعید، محەمەد مستەفا کوردی، شێخ محەمەدی خاڵ، شاکیر فەتاح، ڕەئووف ئەحمەد ئالانی، ئەحمەد شوکری. ڕیزی سێیەم: تاهیر ساڵح سەعید، کاکەی فەللاح، ئەژی گۆران، حەسیب قەرەداغی، ئەمین میرزا کەریم، عومەر عارف قابڕەش، مەحموود زێوەر، هۆگر گۆران، کەریم زەند، محەمەد ڕەشید فەتاح، کامیل ژیر، حەمەنووری تۆفیق، ؟، کامەران موکری.

**جیهان عومەر:** نزیکەی دە ساڵ لەوێ بووم.

**ڕامان:** ئێستا دێینە سەر سەرەتاکانی نووسینت، دوای ئەوەی زانیمان یەکەم جار چۆن دەستت بە خوێندنەوە کرد، چۆن گۆڤاری هەتاو و ڕۆژنامەی ژین و ئەو کتێبە کوردییانەی لە مامتەوە بۆت مابوونەوە، دەتخوێندنەوە، ئەی کەی دەستت بە نووسین کرد؟

**جیهان عومەر:** لە پەنجاکاندا دەستم دایە نووسین، یەکەم چیرۆکیشم ئەوەی بیرم مابێت لە گۆڤاری «پێشکەوتن»دا بڵاو کردەوە.

**ڕامان:** ئەو گۆڤارە، گۆڤارێکی هەفتەیی گشتی بووە، خاوەنی ئیمتیازی محەمەد بریفکانی و سەرنووسەرەکەی یوونس ئەلسەباغ بوو، ژمارە (١)ی لە (١٩)ی تەممووزی ١٩٥٨ بە کوردی و عەرەبی دەرچووە، لە سەرەتاوە

تا ژماره (٣٩) بەشێوەی گۆڤار، دواتر بووەتە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە، ژمارە (٥١٣)ی لە ١٨ی کانوونی یەکەمی ساڵ ١٩٦٠ دەرچووە.

**جیهان عومەر:** وابزانم ئەو زەمانەیە.

**ڕامان:** ئەو چیرۆکەت کە لەو گۆڤارەدا بڵاو کردەوە، نازانی ناوی چی بوو؟

**جیهان عومەر:** بەڕاستی بیرم نەماوە.

**ڕامان:** دوای ئەوە لەسەر چیرۆکنووسین بەردەوام بووی، یان ناو بەناو و پچڕ پچڕ دەتنووسی؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، لەسەر چیرۆکنووسین بەردەوام بووم.

**ڕامان:** بۆچی سەرەتا ویستت بە چیرۆک گوزارشت لە خۆت بکەی، بە شیعر، یان بە ژانرێکی ئەدەبی و هونەری دی دەستت پێ نەکرد؟

**جیهان عومەر:** ڕاستییەکەی زەوقی شیعرم نەبوو، زیاتر حەزم لە چیرۆک بوو.

**ڕامان:** لەو سەرەتایەوە چیرۆکی زۆرت دەخوێندەوە؟

**جیهان عومەر:** چیرۆکی زۆرم دەخوێندەوە، لە هەمان کاتیشدا چیرۆکم دەنووسی، یەکەم جار ساڵی ١٩٥٩، بە وەرگێڕانی چیرۆکی «شۆڕشی گوێ بەندەرەکە»، نووسینی ئەلیکسەندرۆ ساهیا دەستم پێ کرد، کە لە عەرەبییەوە وەرمگێڕایە سەر زمانی کوردی.

**ڕامان:** ئەو چیرۆکە وەرگێڕاوە لە کوێ بڵاوکرایەوە؟

**جیهان عومەر:** لە هیچ شوێنێک بڵاونەکرایەوە، یەکسەر کردم بە کتێبێک.

**ڕامان:** وەک لەبیرت مابێ، ئەو ڕۆمان و چیرۆکانەی ئەو ڕۆژگارە سەرنجیان ڕاکێشابووی کامانە بوون؟

**جیهان عومەر:** ئەوکاتە هەرچییەکم بەردەست بکەوتایە دەمخوێندنەوە. بیرم دێ کە سەرەتا دەمخوێندەوە، شەوانە دەستم بە خوێندنەوە دەکرد، ئەوسا ماڵمان لە پشتی زیندانی کۆن بوو.

**ڕامان:** زیندانی کۆن لە چ گەڕەکێکی سلێمانی بوو؟

**جیهان عومەر:** لای فلکەی کاوە بوو، زۆر نەبوو چەند خانوویەک لەو گەڕەکە دروست کرابوون، پێشتر خانووی لێ نەبوو. زۆرم دەخوێندەوە، شەوی وا هەبوو باوکم لە نیوەی شەودا خەبەری دەبووەوە، دەیگوت ئەوە بۆ نەخەوتووی و تا ئێستا چی دەکەی؟ دەموت باوکە خەریکم دەخوێنمەوە.

**ڕامان:** دیارە ئەوکاتە ژن و منداڵت نەبووە؟

**جیهان عومەر:** ئەوکاتە خێزانم نەبوو، ژنم نەهێنابوو. دەیوت کوڕە کوڕم بنوو، کوێر دەبی، تۆ لە ئێوارەوە خەریکی و دەخوێنیتەوە، ئیتر چی کتێبی چیرۆک و سیاسەت و هەرچییەکم لەملا و ئەولا چنگ دەکەوت و پەیدام دەکردن، دەمخوێندنەوە.

**ڕامان:** ئەی کتێبت نەدەکڕی؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، کتێبیشم دەکڕی، دەچووم زۆر لە کتێبە نوێیەکانم، لە کتێبخانەی گەلاوێژ دەکڕی، لە تۆ، لەم، لەو، چ کتێبکم دەست بکەوتایە دەمخوێندنەوە. زۆر حەزم لە خوێندەوە بوو، بەردەوام دەمخوێندەوە، ئەوە وای لێ کردم و هانی دام بۆ چیرۆک نووسین.

**ڕامان:** یەکەم چیرۆکت کە بڵاوت کرایەوە، تەمەنت چەند بوو؟

**جیهان عومەر:** باوەڕ بکە بەبیرم نایەت.

**ڕامان:** لەوانەیە تەمەنت ٢٠- ٢١ ساڵ بووبێ؟

**جیهان عومەر:** هەر ئەوندە دەبووم، هەندێ

جار لە ڕۆژنامەی (ژین)دا وتار و بابەتم دەنووسی و بڵاودەکرانەوە، دوای ئەوە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی دیکە دەستم پێ کرد، هەرچییەکم هەبووایە، لەوانیشدا بڵاوم دەکردنەوە.

**ڕامان:** ناوەڕۆکی وتارەکانت سەبارەت بە چی بوون؟

**جیهان عومەر:** لەبارەی سیاسەت، بواری ئەدەبی و کۆمەڵایەتی دەمنووسی، هەرچییەک بە خەیاڵمدا بهاتبایە دەمنووسی.

**ڕامان:** لای تۆ پرۆسەی نووسین، سەرەتا هاندەرەکەی گەیاندنی پەیامێکی سیاسی، یان هونەری نووسین بوو؟

**جیهان عومەر:** وەک مرۆڤێکی نەتەوەیی، چەوسانەوەی نەتەوەیی پاڵیان پێوە دەنام بنووسم.

**ڕامان:** زۆرتر بابەتەکانت لە بارەی چەوسانەوە و ستەمی نەتەوەیی بوون، مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە نووسەری وا هەیە هاندەری سیاسی لە پشت نووسینەکانییەوە نییە، بگرە پتر بە عیشقی هونەرەکە چیرۆک و ڕۆمان دەنووسێ.

**جیهان عومەر:** من لەسەر کوردایەتی و بابەتی ئەدەبی و کۆمەڵایەتیم دەنووسی.

**ڕامان:** دوای ئەوەی ژمارەی چیرۆکەکانت زۆر بوون، بیرت نەکردەوە لە دووتوێی کتێبێکدا کۆیان بکەیتەوە و چاپیان بکەی؟

**جیهان عومەر:** ئێستاش ئەو نووسینانەم لەلا ماون کە بڵاوم دەکردنەوە، کاتی خۆی کە وتار و چیرۆک و وەرگێڕانەکانم بڵاو دەبوونەوە، کۆپییەکم لێ هەڵدەگرتن، هێشتا ئەوانەم لەلا ماون.

**ڕامان:** بتەوێ و نەتەوێ ئەو نووسینانەت لە قۆناغێکدا گوزارشت لە بۆچوون و ئاستی هونەری و ئەدەبی تۆ دەکەن، با قۆناغی دەست پێکردنەکە سەرەتاییش بووبێت، دەبوایە قۆناغ بە قۆناغ ئەو بەرهەمانەت کۆ بکردبایەوە و چاپت بکردنایە.

**جیهان عومەر:** چاپم نەکردوون، بەڵام لە فایلێکی گەورەدان و هەموویانم هەڵگرتووە.

**ڕامان:** ئەمە پێشنیاری منە بۆ تۆ، بەڵکوو لە دەرفەتێکدا چاپیان بکەی، چاپکردنیان زەرەری نییە، بەڵام ئەوەش بنووسە کە هەر وتارەیان لە کوێ و ساڵی چەند بڵاوبووەتەوە.

**جیهان عومەر:** ئێستا تەمەنەکەم هی ئەوە نییە، توانایی جێبەجێ کردنی ئەو کارەم نەماوە.

**زیاتر لە چیرۆکنووسە ڕیالیستەکانەوە نزیکم، خوێندنەوەی زۆری چیرۆکیش هانی دام چیرۆک بنووسم.**

**ڕامان:** تۆ کارەکانت ئامادەن، هەر ئەوەندەیان ماوە منداڵەکانت، یان کەسێک تایپیان بکات و لەژێر هەریەکێکیان بنووسن لە کوێ بڵاو کراوەتەوە، بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێ کە ئەم نووسینانە بەرهەمی سەردەمی زوون.

**جیهان عومەر:** تین و تاقەتی ئەوەم نەماوە، بڕیاریشم داوە دوای ئەم کۆمەڵە شیعرە کوردییە کە کردوومن بە عەرەبی و چاپم کردووە، هیچ شتی دیکە چاپ ناکەم.

**ڕامان:** دەتەوێ بڵێی ئەم کتێبە دوا وێستگەی نووسین و وەرگێڕان و کارکردنت دەبێ؟

**جیهان عومەر:** ئەرێوەڵڵا، ئێستا دەمەوێ بیرەوەرییەکانم بنووسمەوە، هەندێ شتم لێ نووسیوەتەوە.

**ڕامان:** هیوادارم لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانتدا هەرچی لە دڵتدایە و لە یادەوەریتدا هەیە بە ڕاشکاوی بیدرکێنی، یان لەو گفتوگۆیەدا باسیان

بکە، بۆ ئەوەی بە زنجیرە بڵاوی بکەمەوە.

**جیهان عومەر:** هەوڵ دەدەم، ئەم قسانەی ئێرە هاندەرێکی باشن.

**ڕامان:** بێجگە لە کورتەچیرۆک، بیرت لەوە نەکردووەتەوە ڕۆمانیش بنووسی؟

**جیهان عومەر:** ناوەڵڵا، بیرم لە نووسینی ڕۆمان نەکردووەتەوە.

**ڕامان:** هۆیەکەی چییە؟

**جیهان عومەر:** ڕاستییەکەی زەوقی ئەوەم نەبووە، چیرۆکی دووردرێژم هەیە، بەڵام ڕۆمانم نییە.

**ڕامان:** تۆ ئەو عەرەبییە لە کوێ فێر بووی؟

**جیهان عومەر:** هەر بەهۆی خوێندنەوەوە بووە، هەروەها لە فەرمانگەکان فێری بووم کە ئەو زەمانە هەموو نامە و نووسراوەکان هەر بە زمانی عەرەبی دەنووسران. من کە سەرەتا دەستم پێ کرد، ئەو کتێبانەی دەمخوێندنەوە هەمووی عەرەبی بوون، ئیتر لە ئەنجامی ئەو خوێندنەوانەوە عەرەبییەکەم باش بوو. ماوەی ساڵ و نیوێک لە عەمارە بووم، دەوری ساڵێک لە بەغدا بووم، ئەو ماوانە هەر بە عەرەبی قسە و کارم کردووە.

**ڕامان:** یەکەم جار کە بیرت کردەوە ئەو چیرۆکانەی خۆت لە دووتوێی کتێبکدا کۆ بکەیتەوە، کەی بوو، ئەو بیرۆکەیە چۆن دروست بوو؟

**جیهان عومەر:** کە هەلم بۆ دەرەخسا کۆم دەکردنەوە و دەمکردنە کتێب، «کاتژمێر یانزە»، ئەمە ئەو چیرۆکانەن کە لە گۆڤارەکاندا بڵاو بوونەتەوە، ئێستا کۆم کردوونەتەوە و کردوومن بەم کتێبە.

**ڕامان:** یەکەم کۆمەڵەچیرۆکت ناوی چی بوو؟

**جیهان عومەر:** «شۆڕشی گوێ بەندەرەکە»،



**سلێمانی، ٢٠١٠م وەستاوەکان لە ڕاستەوە: حەمەڕەشید فەتاح، عومەر عەبدولکەریم کەسان، د.عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، جیهان عومەر، سەلام مەنمی.**
**دانیشتووەکان: لە ڕاستەوە: محەمەد ساڵح سەعید، د. دڵشاد عەلی، محەمەد نووری تۆفیق، تەها بابان، جەزا عەلی ئەمین.**

کە وەرگێڕان بوو.

**ڕامان:** مەبەستم وەرگێڕان نییە، من باسی چیرۆکەکانی خۆت دەکەم، یەکیان ئەوەیە ساڵی ١٩٦٩ چاپت کردووە، پێش ئەویش لە ساڵی ١٩٥٩ وەرگێڕانێکت هەیە کە بە ناوی «شۆڕشی گوێ بەندەرەکە» بڵاوت کردووەتەوە، بەڵام ئێستا ئێمە قسە لەسەر چیرۆکەکانت دەکەین و دەمانەوێ وەک تەوەرەیەک حەقی خۆی پێ بدەین، چونکە تۆ زیاتر بە چیرۆکنووس ناسراوی، ئەو کۆمەڵەچیرۆکەت بریتی بوو لەو چیرۆکانەی کە بە شێوەیەکی پەرشوبڵاو بڵاو بووبوونەوە و کۆت کردوونەوە؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، ئەوە ئێش و ئازاری ئەو قۆناغە بوو کە تێیدا ژیام و لەو کتێبەدا کۆم کردوونەتەوە.

**ڕامان:** بۆ چاپکردنی ئەو کتێبانەت کێ یارمەتی داوی؟

**جیهان عومەر:** ئەو زەمانەی ئێمە هەر کەسێک لەسەر گیرفانی خۆی کتێبی چاپ دەکرد، ئەوە نەبوو یەکێک یارمەتیت بدات و پشتگیریت بکات.

**ڕامان:** هەر لە مووچەکەی خۆت پارەی چاپەکەت دابین دەکرد؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، هەر لە مووچەکەی خۆم پارەم داوە و چاپم کردوون، بەڵام ئەو زەمانە کتێب نرخ و شوێنی تایبەتی خۆی هەبوو، وەکوو ئێستا نەبوو، ئەو زەمانە کە کتێبێکت چاپ دەکرد و دەتدا بە کتێبفرۆشەکان و دەفرۆشرا، پارەکەیت وەردەگرتەوە، بەڵام ئێستا بەهۆی ئەم فەیسبووک و شتانەوە کە بڵاو بوونەتەوە، نە کەس کتێب دەخوێنێتەوە، نە کەس گوێ بە کتێب دەدا، لەبەر ئەوە من وا هەست دەکەم کتێب ئەو نرخەی جارانی نەماوە.

**ڕامان:** بەداخەوە کە کتێب وا کەم بایەخ بووە، ئەوەی دەیڵێی زۆر ڕاستە، خەڵک پارە بە کتێب نادات، ئەگەر کەسێک بیەوێت کتێبێکیش بخوێنێتەوە هەر لەناو ئینتەرنێت کتێبەکە هەیە، دوای داونلۆدکردنی، دەست بە خوێندنەوەی دەکات.. ئەو کۆچیرۆکەی ناوی «زەردەخەنەی ژیان»ـە کە ئێستا باست کرد، بێجگە لەوە کۆمەڵەچیرۆکێکیشت ساڵی ١٩٨٠ بە ناوی «وێنەی باوەشی دیوارەکان» چاپ کرد، ئەوەیان لەلایەن «دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی- دار الثقافة والنشر الكردية» چاپ کراوە، دیارە هەندێ لە کتێبەکانت لەلایەن داوودەزگا کولتوورییەکانەوە لە چاپ دراون؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، بەعزێکیان دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی چاپیان کردوون. کتێبێکم بە ناوی «کەسایەتی لە نێوان سەرکەوتن و سەرنەکەوتن»دا هەبوو، ئەوە کتێبخانەیەکی سلێمانی پێی گوتم وەری بگێڕە، ئێمە بۆتی چاپ دەکەین، کەچی وا دەرنەچوو.

**ڕامان:** سەیرە، کتێبت پێ وەربگێڕن و بەڵێنی چاپ کردنیت پێ بدەن و پەشیمان ببنەوە!

**جیهان عومەر:** هەر سەیر و بەس، دوایی وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپی کرد، بەڕاستی کتێبێکی زۆر چاک دەرچوو، زانکۆکانی کوردستان زۆر سوود لە بابەتەکانی ناو ئەو کتێبە وەردەگرن، کتێبەکە زۆر بە بایەخ بوو، ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو لە بازاڕدا نەما، بۆ جاری دووەم کتێبخانەیەک ناوی سارا بوو، بەرانبەر مزگەوتی گەورەیە، چاپی کردەوە، دیسان بە هەمان شێوە فرۆشرا و لە بازاڕدا نەما.

**ڕامان:** کتێب هەیە شوێن و بایەخی خۆی لەلای خوێنەران هەبووە و هەیە.

**جیهان عومەر:** بەڵێ، ئێستا بۆ جاری سێیەم چاپخانەی چوارچرا خەریکن چاپی دەکەنەوە، یان کتێبی «دەمامکدار»، ئەوەش شێرکۆ بێکەس پێی گوتم بیهێنە بۆت چاپ دەکەم، بردم بۆ دەزگای سەردەم، ئەوان چاپیان کرد، ئەویش هەر لە بازاڕدا نەما. لەم دواییەدا خۆم دانەیەکم نەمابوو، خەڵکم ڕاسپارد بۆم بکڕنەوە، نرخەکەی خۆی وا بزانم پێنج هەزار بوو، دە هەزاریان لێ سەندم، بۆیان پەیدا کردم و کڕیمەوە. لەم زەمانەشدا بەعزە کتێبێک هەن هەروا نرخی خۆیان هەیە، بەڵام هەندێ کتێبیش هەن مردوون.

**ڕامان:** ئێمە تا ئێستا لە فرۆشی کتێبدا ناتوانین عەقڵیەتێکی باشی بە بازاڕکردن- تسویق بخەینە گەڕ، بۆ ئەوەی بازاڕ بۆ فرۆشی کتێبەکانمان بدۆزینەوە، چونکە لە هەموو بارێکدا ئەو کتێبانەی بە کوردی چاپ دەکرێن، بایی خۆیان خوێنەریان هەیە، بەڵام ناگەنە شوێنی خۆیان، دەستی خوێنەری ڕاستەقینەی

خۆیانی پێ ناگا. لە هەموو حاڵەتێکدا ئێمە دەبێ دەزگایەکی کارا و شارەزا و مشوورخۆر و لێزانمان هەبێ تا ئەو کتێبانەی چاپ دەکرێن بە باشی لە هەموو سووچ و قوژبنێکی کوردستاندا بڵاو بکەنەوە، ئەگەر بەرپێکەوت ئەو جۆرە دەزگایانەمان هەبێت، داخەکەم بە باشی کاری خۆیان ناکەن.. بێجگە لەوەی چیرۆکت نووسیوە، ئێستا دێینە سەر ئەوەی باسی پۆلێنی چیرۆکی کوردیمان بۆ بکەی، ئەوانەی کە توێژینەوەیان لە بارەی چیرۆکی کوردییەوە نووسیوە و لێکۆڵینەوەیان کردووە، هەر لە (حسێن عارف)ـەوە، تا عومەر مارف بەرزنجی و ڕەوف حەسەن و سەباح غالب و ئەوانی دی، بەسەر وەچەی بیستەکان و سییەکان و چلەکان و پەنجاکاندا دابەشیان کردووە، واتە هەر دە ساڵیان کردووە بە قۆناغێک، یان شێوازێکی باوی چیرۆکیان بەسەر قۆناغێکدا دابەش کردووە، تۆ ئەو پۆلێنکردنانە چۆن دەبینی، بەلاتەوە باشن؟

**جیهان عومەر:** ئەو دابەش کردنە شتێکی چاکە، تا بتوانرێ لە هەر قۆناغێکدا ئەدەبی کوردی، بە تایبەتی چیرۆک هەقی خۆی بدرێتێ، بۆ نموونە ئاستی چیرۆکی قۆناغی پەنجاکان چۆن بووە، دوای پەنجاکان چی بووە، ئەمڕۆ لەناو کوردەواریدا نەوەیەک پەیدا بووە سەرقاڵی چیرۆک و لێکۆڵینەوەیە، خەریکە وردە وردە وای لێ دێت چیرۆک لە ئەدەبی کوردیدا هەقی خۆی وەربگرێت.

**خەریکە وردە وردە چیرۆک لە ئەدەبی کوردیدا هەقی خۆی وەردەگرێ.**

**ڕامان:** حەز دەکەی لەو پۆلێن کردن و دابەشکارییە، لە کامە قۆناغدا خۆت ببینی؟

**جیهان عومەر:** من لە وەچەی دوای پەنجاکانم.

**ڕامان:** واتە پێت باشە لەگەڵ وەچەی شەستەکان دابنرێیت؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ.

**ڕامان:** بێجگە لە پۆلێن و دابەشکاریی قۆناغەکان، وەکوو تایبەتمەندیی هونەری، حەز دەکەی لەگەڵ چیرۆکنووسە ڕیالیستەکان، یان ئەوانەی کە بە شێوازی دی نووسیویانە پۆلێن بکرێی؟

**جیهان عومەر:** زیاتر لە چیرۆکنووسە ڕیالیستییەکانەوە نزیکم.

**ڕامان:** تۆ چیرۆکنووسێکی ڕیالیستیت، بە هیچ شێوازێکی دی چیرۆکت نووسیوە؟

**جیهان عومەر:** نەخێر، بەتایبەتی لە کۆتایی پەنجاکاندا، کە یەکەم چیرۆکم لە گۆڤاری «پێشکەوتن»دا بڵاوبووەوە، دوای ئەوە حەزم لە چیرۆکی کوردی بوو، پاشان نەختە نەختە و ناو بە ناو دەستم بە نووسینی چیرۆکی کوردی کرد، هەر ئەوکاتە زۆربەی چیرۆکەکانیشم بڵاو دەکردنەوە، یان دەمکردن بە کتێب، وەک کۆچیرۆکی «زەردەخەنەی ژیان» کە لەوەوە دەستم پێ کرد و کتێب بە کتێب بڵاوم دەکردنەوە.

**ڕامان:** ئێستاش هەر پێت خۆشە وەک چیرۆکنووسێکی ڕیالیستی بناسرێیت؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، ڕاستە حەز دەکەم وەک چیرۆکنووسێکی ڕیالیستی بناسرێم ، بەڵام ئێستا تاقەتی نووسینم نەماوە، واتە هیلاک بووم.

**ڕامان:** دەزانم و ئاگاداری ئەوە هەم تۆ ئێستا کۆتاییت بە ژیانی نووسەرایەتی خۆت هێناوە، وەکوو دەڵێن نوختەیەکت داناوە و کۆتاییت پێ هێناوە، بەڵام پێت خۆش بێ، یان پێت ناخۆش بێ، ئەوەی نووسیوتە و چاپت کردوون، ئەوانە

بەرهەمی تۆن، هەر دەبێ بەرچاوڕوونییەک بدەی بەوانەی باس و لێکۆڵینەوە و ڕەخنە لە بارەی بەرهەمەکانتەوە دەنووسن، بۆ ئەوەی بزانن لە چ قۆناغ و خانەیەکت دابنێن، لانی کەم بۆ ئەوەی لە داهاتوودا غەدرت لێ نەکرێ.

**جیهان عومەر:** بەڵێ، من لە چیرۆکەنووسە ڕیالیستەکانم، کە ڕووداوی واقیعیم دەبینی و بە خەیاڵمدا دەهات دەمنووسی، بۆ نموونە ئەو «کاتژمێر یانزە»یە زیاتر ئەوەیە، کە ڕووداوە واقیعییەکانم دەبینی، یان دەمبیستن، دامدەڕشتن و دەمکردنە چیرۆک.

**ڕامان:** ئێستا دێینە سەر ئەوەش و باسی دەکەین.. ئەو شێوازی ڕیالیستییە، شێوەیەک لە شێوەکانی چیرۆکنووسینە، بەڵام تۆ کە چیرۆکی واقیعیت نووسیوە، ئەی دەوری خەیاڵ و فەنتازیا لەو چیرۆکانەتدا چییە؟

**جیهان عومەر:** من زیاتر خەیاڵم لەگەڵ واقیعەکە تێکەڵ کردووە و کردوومە بەو چیرۆکەی کە لەبەردەستە.

**ڕامان:** باشە، چۆن ناونیشان بۆ چیرۆکەکانت هەڵدەبژێری؟ ئایا دەبێ گوزارشت لە ناوەرۆکی چیرۆکەکەت بکات، یان لەلای تۆ جۆرێکی ترە؟

**جیهان عومەر:** جاری وا هەیە لە ناوەرۆکی چیرۆکەکەوە ناونیشانی بۆ دادەنێم.

**ڕامان:** بەڵام جاری واش هەیە بۆ سەرنجراکێشانی خوێنەر ناونیشانەکە لە ناوەرۆکی چیرۆکەکەوە دوورە؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، ئەوە ڕاستە.

**ڕامان:** تۆ هەست دەکەی زیندوویتی لە پاڵەوانی کام چیرۆکەتدا هەیە کە ئێستاش نموونەیەک بێ لەناو واقیعی کوردەواریدا بە بەرجەستەیی هەبێ؟

**جیهان عومەر:** ئەو چیرۆکانەی کە بە واقیع بینیومن، یان کە بەسەرم هاتوون، یان بەلامدا تێپەڕیون، ئەوانە واقیعی چیرۆکەکانمن.

**ڕامان:** چیرۆکێکی خۆت کە زۆر خۆشت بوێ، کامەیە؟

**جیهان عومەر:** هەر هەموویانم وەک یەک خۆش دەوێن، هەموویان وەک یەک ڕووداوەکانیان بەسەرمدا تێپەڕیون، واتە کە دەیانخوێنمەوە، ئەو ڕووداوانەم بەبیر دێنەوە کە لەبارەیانەوە نووسیومە و دەزانم بۆچی نووسیومن.

**ڕامان:** ئەگەر کەسێک بێت و بڵێ: حەز دەکەین تۆ سەرپشک بیت چیرۆکێکمان بۆ دەستنیشان بکەیت بیکەین بە ئینگلیزی، یان بیکەین بە ئەڵمانی، بێگومان دەبێ لەناو چیرۆکەکانتدا یەکێکی بۆ هەڵبژێری؟

**جیهان عومەر:** لێرەدا خۆی سەرپشک دەکەم بۆمی هەڵبژێرێ، کامەیانی بەلاوە پەسندتر و خۆشترە، ئەوەیان هەڵبژێرێت و وەری بگێڕێ.

**ڕامان:** بێجگە لەوەی چیرۆکی واقیعیت نووسیوە و هەندێک جار وەک خۆت دەڵێی خەیاڵیشت تێکەڵ کردووە، کە ئەمە بەلای منەوە شتێکی باشە، بەڵام لە ڕووی ئەزموونگەرییەوە چیت کردووە، بۆ نموونە ئەو هاوڕێیەت کە باسمان کرد، شێرکۆ بێکەس، تاقیکردنەوەی جۆراوجۆر لە شیعرەکانیدا بەدی دەکرێ، کورتەشیعر، شیعری بالاد، شیعری لیریک، شیعری زیهنی هەیە، واتە بە هەموو شێوازێک شیعری نووسیوە، ئایا تۆ هەوڵت داوە لە چیرۆکەکانتدا ئەزموونگەر بیت، هەمەچەشنیی لە ئەزموونی خۆتدا بەدی بێنی، هەمەجۆری لە کارەکانتدا بکەیت، بۆ ئەوەی لەسەر یەک شێواز نەمێنیتەوە و لەسەر یەک ڕیتم نەڕۆیت؟

**جیهان عومەر:** کە یەکەم جار چوومەتە سەر ڕێرەوی چیرۆکنووسینەوە، ئەم شێوازەم

هەڵبـژاردووە، بـۆ نموونـە چیرۆکێـک، پێم وایـە لـە کۆچیرۆکی «زەردەخەنەی ژیان»دایە، لە کۆڵانەکانی گەڕەکی پیرمەسوور باسی پێشمەرگەیەک دەکەم، ئـەو گەڕەکـە هـی کاتـی منداڵیـی منـە، بـەڵام بـەم زەمەنـەی پێشـمەرگەم بەسـتووەتەوە، کـە هاتـووە لەنـاو شـاردا کاری کـردووە. هێناومەتـەوە سـەر ئـەوەی کـە ئـەو پێشـمەرگەیە لـە کۆڵانەکانـدا کارێـک دەکات، دەمانچەکـەی لـە باخەڵیایەتـی، کۆمەڵێک بەیاننامـەی پێیـە، دەچێتـە هـەر ماڵێـک، بەیاننامەیـەک فـڕێ دەداتـە ماڵەکەیانـەوە، ئەمـەم بـەو واقیعـە کۆنـەی خۆمـەوە بەسـتووەتەوە، ئـەو قۆناغـەی کـە لـە سیاسـەتدا کارم کـردووە.

**ڕامـان:** واقیعەکـەی خـۆت لەناویـدا ژیاوی چـۆن بـووە؟

**جیهـان عومـەر:** کوڕێـک هەبـوو، ئێسـتاش مـاوە، عومـەری خەیـات پێشـمەرگەیەکی زۆر ئـازا بـوو، دەهاتـە دووکانێـک، دووکانـی حاجـی محەمـەدی ئاڵتوونچی، لەبـەر گەراجـی ئەسحابە سپی بـوو کـە ئێسـتا (جەمـال)ی کـوڕی بەڕێـوەی دەبـات، پێوەندیمان لەگـەڵ ئـەو دووکانـە هەبـوو، بەیاناتی لـێ وەردەگـرت بـۆ ئـەوەی بیبـات و شـەو لەنـاو شـاردا بڵاویـان بکاتـەوە.

**ڕامـان:** لـە دابەشـکردنی بەیانـەکان گرفـت نەدەهاتـە پێشـی؟

**جیهـان عومـەر:** ئـەو بەیانەکانـی دەخسـتە نـاو کیسـێکەوە، کیسـەکەی پـڕ دەکـرد لـە خەیـار و تەماتـە و ئـەو جـۆرە شـتانە، کـە بەنـاو مەفرەزەکانـی نـاو شـاردا دەڕۆیـی، وایـان دەزانـی خەیـار و تەماتـەی پێیـە، کەچـی پـڕ بـوو لـە بەیاننامـە، شـەو دەچـوو مـاڵ بـە مـاڵ لـە دەرگای دەدا و دانەیەکـی فـڕێ دەدایـە ماڵەکانـەوە. مـن ئـەوەم بـەو واقیعـە کۆنـەی خۆمـەوە بەسـتووەتەوە کـە لـە گەڕەکـی پیرمەسـوور بـووم.

**ڕامـان:** ئەوانـەی هاوئەزمـوون و هاوتەمەنـی تـۆن لـە چیرۆکنووسـیندا، یـان ئەوانـەی پێـش تـۆن لـە ڕووی تەمەنـەوە، هەمـوو چیرۆکەکانـی ئەوانـەت خوێندووەتـەوە؟

**جیهـان عومـەر:** هەندێکیانـم خوێندووەتـەوە و هەندێکیانـم نەخوێندووەتـەوە، چیرۆکاکانـی ڕەئـووف بێگـەرد، حەمەڕەشـید فەتـاح، ئەمینـی میـرزا کەریـم، چیرۆکـی ئەمانـەم خوێندووەتـەوە و کارەکانیانـم پـێ چـاک بـووە.

**ڕامـان:** ئـەی چیرۆکـی چیرۆکنووسـە لاوەکان دەخوێنیتـەوە؟

**جیهان عومەر:** نەوەڵا، نایانخوێنمەوە.

**ڕامان:** هۆیەکەی چییە؟

**جیهـان عومـەر:** نازانـم، زەوقـم لەگـەڵ ئـەو شـێوازەی ئـەوان پێـی دەنووسـن نییـە.

**ڕامـان:** لەبـەر ئـەوەی ئـەوان بـە شـێواز و تەکنیکێکـی جیـاواز و نـوێ دەنووسـن؟

**جیهـان عومـەر:** بەڵـێ، لـەو ڕووەوە ئێمەیـان بەجـێ هێشـتووە.

**ڕامان:** زمانی نووسینی لاوەکانت بەدڵە؟

**جیهـان عومـەر:** نـە بـە خـوا، زمانەکـەی خۆمانـم پـێ باشـترە.

**ڕامـان:** بـەلای تـۆوە زمانـی چیرۆکنووسـین چـۆن بـێ باشـە؟

**جیهـان عومـەر:** زمانـی ئـەم نەوەیـەی ئێسـتام تـۆزێ بـەلاوە قورسـە.

**ڕامـان:** مەبەسـتم زمانێکـی سـەرکەوتووی تایبەتـە کـە چیرۆکـی پـێ دەنووسـرێ، کامەیـە؟

**جیهـان عومـەر:** ئـەو زمانـەی خۆمـان پێمـان دەنووسـی باشـترە.

**ڕامـان:** ئاخـر تـۆ دەزانـی چیرۆکنووسـمان هەیـە زیاتـر بـە زمانـی گوندنشـینەکان نووسـیویەتی کـە درێژەپێدانـی فۆلکلـۆرە، زمانـی سەرگوروشـتەی

گوێ ئاگردان، یان بۆ نموونە دەڵێین حسێن عارف لە چیرۆک و ڕۆمانەکانیدا زمانی شار بەکار دێنێ، چیرۆکنووسی ترمان هەیە، زمانەکەی زۆر ڕەوان و پتەو و بێ گرێوگۆڵ و پاراوە، دەڵێن ئەمە بە زمانی پاڵە و جووتیاری گوندنشین دەنووسێ؟

**جیهان عومەر:** بە ڕای من ئەوەی لاوەکان بۆ کۆمەڵگەکەی ئێمە تۆزێ قورسە.

**ڕامان:** هەیە خەڵکی شاریشە و دەڵێ من بە ڕەسەنایەتیی زمانی گوندنشینەکان دەنووسم.

**جیهان عومەر:** من بۆ تێگەیشتن، زمانەکەی حسێن عارف بە باشتر دەزانم.

**ڕامان:** تۆ زیاتر چیرۆکنووسی بێگانە، یان عەرەب، یان کورد کاریگەرییان بەسەرتەوە هەبووە؟

**جیهان عومەر:** هەردوولایان.

**ڕامان:** دەتوانی ناوی چیرۆکنووسە بیانییەکانم پێ بڵێی کە کاریگەرییان لەسەرت هەبووە؟

**جیهان عومەر:** ئێستا بیرم نایەنەوە، بەڵام زۆر چیرۆک و ڕۆمانی عەرەبەکانم خوێندووەتەوە، زەکەریا تامر و ئەوانەم بەلاوە چاک بووە، زۆربەی بەرهەمەکانی زەکەریا تامرم خوێندووەتەوە.

**ڕامان:** تۆ بەناوی خوازراو نووسینت بڵاوکردووەتەوە؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، بەناوی شادمان دەمنووسی، ئەو ناوە، ناوی ئامۆزایەکم بوو لۆری هەبوو، لۆریەکەی سووتا و ئەویشی تێدا مرد.

**ڕامان:** هەر تەنیا بەو ناوەوە نووسیوتە؟

**جیهان عومەر:** بەناوی (ج.ع)یش لە ڕۆژنامەی ژین و پێشکەوتن و بڕوا نووسینم بڵاو کردووەتەوە.

**ڕامان:** ئێستا قسە لەسەر وەرگێڕانەکانیشت دەکەین، لەناو عەرەبەکاندا زەکەریا تامر، ئەی لەناو بێگانەکان کێ سەرنجی ڕاکێشاوی؟

**جیهان عومەر:** زیاتر بەلای ئەمانەدا چووم.

**ڕامان:** ئەی لەناو کورد؟

**جیهان عومەر:** ئەوانەی لای من باش بن، حسێن عارف، حەمەڕەشید فەتاح باشن، ئەو نەوەیەی ئەوان زۆربەیان باشن.

**ڕامان:** وەک تێبینیم کردووە، تۆ زۆر کورتیلەچیرۆک، چیرۆکی زۆر کورتت نووسیوە، بۆچی ئەو شێوازی نووسینەت هەڵبژاردووە؟

**جیهان عومەر:** ئەو هونەرەم پێ جوانە، حەزم لێیەتی، ئێستا چیرۆکەکانی «کاتژمێر یانزە»، زۆربەیان چیرۆکە کورتەکانن، تێبینیم کردووە یەکێک بە دەنگ بێزار دەبێت، بۆ نموونە، کەڵەشێر دەقووقێنێت، ئەو دەڵێ ئۆۆۆی ئەوە چییە نەبرایەوە، ئەم کەڵەشێرە بەم بەیانییە نایەڵێ ئەم خەڵکە بنوێ، یان وەڕینی سەگ، ئیتر هەر دەنگێک لەو دەنگانە ببوایە ئەو پێی بێزار دەبوو، دوا شت کە تێبینیم کرد، ماڵێک بەرخێکیان بۆ منداڵەکەیان کڕیوە دەباعێنێ، بەویش وەڕەز دەبوو، ئەمەش زیاد بوو! واتە دەبینی مرۆڤێک بە هەموو دەنگەکان بێزار دەبێت، ئاخر بۆ؟

**ڕامان:** مەبەستم لەوەیە کە کورتیلەچیرۆک شێوازێکە، خەستکردنەوەی ئەزموون و جیهانبینیی چیرۆکنووسەکەیە، کە ئەو جیهانبینیی و بۆچوونانەی خۆی لە کورتیلەچیرۆکێکدا چڕ دەکاتەوە، ئەمەش بە واتای ئەوە دێ تۆ پێویستیی هونەریی (الضرورة الفنية) وای لێ کردووی پەنا بەریتە بەر ئەم شێوازە، ئایا هۆکارێکی تر لە پشت ئەو شێوازی نووسینەتەوە هەیە؟

**جیهان عومەر:** ئەو شتانەی ڕۆژانە لەلام ڕوویان

داوە، کردوومــن بــەو هونــەرەی لەبەردەســتدان، بڵێیــن زەلامێک تاقم ددانی هەیە، لێی دەکەوێتە نــاو مەغســەلەکەوە و دەڕواتــە نــاو بۆڕیــی ئاوەڕۆکەوە، هــاواری لــێ هەڵدەستێ، دەڵــێ تاقم ددانەکــەم کەوتــە مەغســەلەکەوە، منیــش دەچــم دەڵێــم ئــەوە چییــە؟ دەڵــێ ئــەوە تاقــم ددانەکــەم کەوتــە نــاو مەغســەلەکەوە، پێــی دەڵێــم ماڵــت ئــاوا بێــت، مــن وام زانــی کارەبــا گرتتــی! یــان ڕووداوێکــی گــەورە ڕووی داوە، دەڵــێ ئەیچــۆن وا نەکــەم، وەرەقەیەکم پــێ داوە. هەموو مەغســەلێک جێیەکــی هەیــە ئــەو شــتانەی تێدا کۆدەبێتــەوە، دەســتم بــرد دەرمهێنــا و گوتــم ئەوەتــا! ئاوێکــی پێدا کرد و کردییــەوە دەمــی، نەیگوت پیســە با بــڕۆم جــوان بیشــۆم، یــان تەعقیمــی بکــەم، ئەمــە بووەتــە هــۆی ئــەوەی کــە شــتێک بــۆ مــن دروست بــکات و بیکەمــە چیرۆکێــک.

**ڕامــان:** بــەڵام لــە چیــرۆک و ڕۆماننووســیندا مــرۆڤ حاڵەتێــک وەردەگرێــت کــە گشــتاندنی تێدایــە، واتــە لەنــاو حاڵەتــە تایبەتییەکانــدا شتێکی گشــتی تێدایە، لەناو هەمــوو مرۆڤەکانــدا هاوبەشــیی تێدایــە، تــۆ لــە کاتێکــدا کــە ڕووداوێــک هەڵدەبژێــری بــۆ چیــرۆک، یــان چیرۆکــی زۆر کــورت، بیــر لــەوە دەکەیتــەوە کــە ئــەم حاڵەتــە زۆر بەرتەســکە و بــە دەگمــەن ڕوودەدا، یــان هەمــوو مــرۆڤ ناگرێتــەوە؟

**جیهــان عومــەر:** بەڵــێ، بیــرم لــێ کردووەتــەوە، بــەڵام وا هەســت دەکــەم ئــەوەی مــن حــەزی لــێ دەکــەم، تــۆش کــە دەیخوێنیتــەوە حــەزی لــێ دەکــەی. ئەوانــە وایــان لــێ کــردووم زیاتــر ئــەو کورتیلــە چیرۆکانــە بــڵاو بکەمــەوە، چیرۆکەکانــی زەکەریــا تامریــش هــەروان.

**ڕامــان:** چیرۆکەکانــی زەکریــا تامریــش ئــەو خەســڵەتانەی هەڵگرتــووە؟

**جیهــان عومــەر:** بزانــە ســەرەتا مــن لــە زەکەریــا تامــر شــارەزا نەبــووم و نەمدەناســی، شــێرکۆ بێکــەس گوتــی کتێبێکــی زەکەریــا تامــر هەیــە، بۆچــی وەری ناگێڕیــت؟ تــۆ وەری بگێــڕە، مــن بۆتــی بــڵاو دەکەمــەوە، کــە خوێندمــەوە بینیــم ئــەوەی لای ئــەو ڕووی داوە، لای منیــش ڕووی داوە. هەندێــک شــت هــەن کــە لای عەرەبەکــە ڕوو دەدا، لای منیش ڕوو دەدا، لای تــۆش ڕوو دەدات.

**ڕامــان:** بەڵــێ، ئــەوە هاوبەشــییە مرۆڤانەکەیــە کــە لەنــاو مرۆڤایەتیــدا هاوشــێوەن.

**جیهــان عومــەر:** جارێکیــان لێرە بۆنەیــەک هەبوو، هەمــوو نووســەرانیان لــە هۆڵێکدا کۆ کردبــووەوە، یەکێک لــە بەرپرســەکان گوتــی ڕێگام بــدەن پێنــج شــەش دەقــە قســە بــۆ ئــەم عەرەبانــە دەکــەم. کۆمەڵێــک عــەرەب بــوون، لــە هەمــوو دەوڵەتــە عەرەبییەکانــەوە هاتبــوون. گوتمــان دەی باشــە قــەی چــی دەکا، پێنــج شــەش دەقــە قســەیان بــۆ بکــە. بەرپرســەکە چــووە ســەرەوە، بــوو بــە دە دەقــە، بــوو بــە چارەگێــک، بــوو بــە بیســت دەقــە، ئیتــر لــەوە تێپــەڕی. دەســتم بــەرز کردەوە گوتــم، ئــەرێ بــەس نییــە. گوتــم تــۆ ئێمــەت بانگ کــردووە باســی سیاســەتی خۆتمــان بــۆ بکــەی، یان دەتــەوێ لەگــەڵ ئەم نووســەرە عەرەبانــە لــە یەکتری بگەیــن! گوتی باشــە، ئیتر هاتــە خوارێ.

**ڕامــان:** مەبەســتت لــە گێڕانــەوەی ئــەو قســەیە چییــە؟ دوای ئــەو بەرپرســە تــۆ هەســتای قســە بکــەی؟

**جیهــان عومــەر:** بەڵــێ، دواتــر گوتــی کــێ قســەی هەیــە؟ گوتــم مــن. چوومــە ســەرەوە، لەنــاو میوانــەکان ئافرەتێکــی تێــدا بــوو، لەیــلا عوســمان، چیرۆکنووســێکی کوێتییــە، چیرۆکــی زۆر جوانــی هەیــە و زۆر شــارەزایە. گوتــم تــۆ دوو حەفتــە لەمەوبــەر چیرۆکێکــت بــڵاو کردووەتــەوە،

ڕووداوەکەی لەسەر ئافرەتێکی میسرییە کە لەگەڵ مێردەکەی لە کوێت لە خەستەخانەیەک دەبوایە منداڵی ببووایە، بەڵام ئەو خەستەخانەیە ئەهلی بووە، ئەوانیش پارەی ئەوەیان پێ نەبووە نەشتەرگەری بۆ بکرێ و منداڵەکەی ببێت. خەریک بووە ئافرەتەکە بمرێ، هەرچۆنێک بوو بەزەییان پێیدا هاتووەتەوە، نەشتەرگەرییەکەیان بۆ کرد و منداڵەکەی بوو. گوتم هەمان ڕووداو کە تۆ باسی دەکەی، ئەوە بەسەر ئێمەش هاتووە.

**ڕامان:** بەسەرهاتی ئەوەی لای خۆمان ڕووی داوە چۆنە، بۆت گێڕایەوە؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، پێم گوت لە قۆناغێکدا، دوای ساڵی ١٩٩١ لە خەستەخانەکاندا دەرمان، ئۆکسجین نەبوو، ئافرەتێک کە مێردەکەی کرێکار دەبێت، منداڵی دەبێت، پێویستی بە ئۆکسجین و نەشتەرگەری دەبێت، بەڵام پارەی ئەوەیان پێ نییە.

**ڕامان:** ئەوە هاوشێوەی ئەو ئافرەتە عەرەبە میسرییەیە کە لە خەستەخانەیەکی کوێتی نەشتەرگەری بۆ کراوە؟

**جیهان عومەر:** ڕێک وەک ئەوەی لای خۆمانە، گوتم من چیرۆکەکەی تۆم وەرگێڕاوە و بڵاوم کردووەتەوە، بەڵام ئێوە ئەو هەموو عەرەبە، بە هەمووتان یەک دێڕ عەرەبیم بۆ بکەن بە کوردی، کەستان نییە، گوتم کەواتە ئێمە زۆر لە ئێوە باشترین.

**ڕامان:** وەڵامی چی بوو؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، گوتی ئەشەدوبیللا ڕاست دەکەی و ئەوە ڕاستییە. ئەو چیرۆکە هی منە و لە فلان گۆڤاردا کە ژمارەکەی ئەوەندەیە بڵاوم کردووەتەوە، واتە واقیعەکەی ئەوانیش لە واقیعەکەی من دەچێ، زۆر جار ئەمەم بەسەرهاتووە و کردوومە بە چیرۆک، یان وەرم گێڕاوە، بەڵام بەداخەوە ئەوان ئەوەیان نەبووە.

**ڕامان:** یەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکانی وەرگێڕان ئەوەیە بتوانی بابەتێکی باش و گونجاو لەگەڵ واقیعی خۆمان هەڵبژێری، ئاخر هونەری هەڵبژاردنی بابەت لە وەرگێڕاندا بۆ خۆی گرنگە، بۆیە دەبێ وەرگێڕ بابەتێک هەڵبژێرێ کە لەگەڵ بنیاتی کۆمەڵایەتی و شێوەی بیرکردنەوەی کوردەواری و زیهنیەتی ئێمە بگونجێت، تۆ بابەتێک وەربگێڕی بۆ نموونە، هیمنگوای چیرۆک و ڕۆماننوسێکی گەورەیە، بەڵام چیرۆکی لەسەر (گازۆران- مصارعة الثیران) نووسیوە، ئەوەی کە لە ئیسپانیادا هەیە و زۆر باوەو گازۆرانی پێ دەڵێن، تۆ ئەو چیرۆکە بهێنی بۆ خوێنەری کوردی وەربگێڕی، ئەوە هەرگیز بابەتی ئەو نییە و لێتی وەرناگرێ، لەو جۆرە بابەتانەش زۆرن، بۆیە هەڵبژاردن لە وەرگێڕاندا کارێکی گرنگە، واتە ئەو بابەتەی کە بۆ وەرگێڕان هەڵی دەبژێری، دەبێ لەگەڵ کۆمەڵگا و بنیادی عەقڵی و بیرکردنەوەیان بگونجێ.. شتێکی دیکە کە زۆر گرنگە، بابەتی شوێنە لە چیرۆک و ڕۆماندا، تۆزێک باسی شوێنم بۆ بکە، تۆ ئێستا ئاماژەت بەوە کرد کە لە پیرمەسوور ژیاوی و قۆناغی منداڵیت لەوێ گوزەراندووە، ئایا توانیوتە ئەو گەڕەکە لە چیرۆکەکانتدا ڕەنگ بداتەوە، ڕوونتر بڵێم بێجگە لە گەڕەکی پیرمەسوور، کەسایەتی تۆ لە چ گەڕەکێکی تری سلێمانی بەجێ ماوە و لەناو چیرۆکەکانتدا ڕەنگی داوەتەوە؟

**جیهان عومەر:** منداڵیی من تا گەورەش بووم هەر لە پیرمەسوور بوو، دوای ئەوە چووینە گەڕەکی تر و لێی ژیاوم، زیاتریش منداڵیم و

ئەو ڕووداوانەی هەبوون لەو گەڕەکە بوون.

**ڕامان:** ئەی لەو کاتانەی بۆ عەمارە و باشووری عێراق و ئەو شوێنانە دوور خرایتەوە، هیچیان لەلای تۆ نەبوونەتە کەرەستەی چیرۆک؟

**جیهان عومەر:** زۆر هیلاک بووبووین بەدەست ئەو دوورخستنەوە و سیاسەت و بارودۆخەوە، وامان لێ هاتبوو خۆیشمان لەبیر چووبووەوە. لەوێ بە برسێتی و بێپارەیی و دەردەسەری دەژیاین، زۆربەی خەڵکەکە داماو بوون. من کە لە عەمارە بووم شەست کەسی لێ بوو، خەڵکی هەموو شوێنەکانی لێ بوو، هی کفری، هەولێر، سلێمانی و شوێنانی دی زۆر لێ بوو، ئەوانە کاریگەرییان لەسەرم بووە کە ژیانەکە ئاوا بووە، بەڵام زیاتر ئەو شتانەی لە ناوچەکەی خۆم ڕوویان داوە وەکوو ئاوێنەیەک لە نووسینەکانمدا ڕەنگیان داوەتەوە و کاریگەرییان لەسەر من هەبووە.

**ڕامان:** تۆ شیعر دەخوێنیتەوە؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، شیعر دەخوێنمەوە و شیعریش هەیە چێژی لێ وەردەگرم، بۆ نموونە قوبادی جەلیزادە، شێرکۆ بێکەس دەخوێنمەوە و چێژیان لێ دەبینم.

**ڕامان:** تۆ لە کاتی خۆی هیچ هەوڵی شیعر نووسینت نەداوە؟

**جیهان عومەر:** نا، قەت نە شیعرم نووسیوە و نە بیرشیم لێ کردووەتەوە بینووسم، بەڵام زۆر شیعرم خوێندووەتەوە.

**ڕامان:** لەکاتی چیرۆکنووسیندا کاریگەریی ئەو شیعرخوێندنەوانە بەسەرتەوە چی بووە؟ هەستت کردووە زمانەکەتی بەرەو شیعرییەت بردبێ؟

**جیهان عومەر:** شیعر خوێندنەوە کاریگەریی لەسەر ئەو دەقانە هەیە، ئەو نەوەیەی ئێستا شتی جوان جوان بەکار دەهێنن.

**ڕامان:** تۆ مەبەستت لە شیعرەکانی ئەو نەوەیەیە؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ.

**ڕامان:** بەڵام من مەبەستم ئەوە نییە، دەمەوێ بڵێم زمانی شیعر کە زمانێکی چڕکراوەیە، وەکوو زمانی پەخشانێکی ئاسایی نییە، بۆیە گوتوویانە لەو کاتانەی کە پەخشان زمان بەرەو سووان دەبات، شیعر ئەو زمانە نوێ دەکاتەوە. ئەو کەسانەی کە زۆر شیعر دەخوێننەوە، دەربڕینەکانیان چڕوپڕتر دەردەچێت، لەجیاتی ئەوەی زمانی پەخشان، بابەتێک بە سێ دێڕ باس بکات، شیعر بە دێڕێک دەری دەبڕێ. تۆ لە چیرۆکەکانتدا چەند سوودت لەو زمانە شیعرییە وەرگرتووە؟

**جیهان عومەر:** منیش سوودم لەو زمانە وەرگرتووە، بە تایبەتی لە کورتیلەچیرۆکەکانمدا.

**ڕامان:** ئەی لە چیرۆکەکانی دیکەتدا؟

**جیهان عومەر:** نا، لەوانەدا نا.

**ڕامان:** لەو کاتەی قەڵەم بەدەستەوە دەگری و دەتەوێ چیرۆکێک بنووسی، پێشتر بابەتەکەت لەلا خەمڵیوە و گەڵاڵە بووە؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، بابەتەکە بە تەواوی لەلام گەڵاڵە بووە، ئەوجا دادەنیشم و دایدەڕێژم، کە دایدەڕێژم جاری وا هەیە بەدڵم نییە، بۆیە هەڵی دەوەشێنمەوە و جارێکی دیکە دایدەڕێژمەوە، تا دەگاتە دوا شێوەی خۆی، کە بەدڵم بوو، ئەوجا بڕیاری بڵاوکردنەوەی دەدەم.

**ڕامان:** بۆ نووسینی کورتەچیرۆکێک چەند جار دەینووسیتەوە و خەریکی داڕشتنەوەی دەبێ؟

**جیهان عومەر:** هەوڵم داوە جارێک، دوو جار بینووسمەوە.

**ڕامان:** ئەی ڕێکەوتووە زیاتر لە دوو جار خەریکی داڕشتنەوەی چیرۆکەکەت بووبی؟

**جیهان عومەر:** نەبووە، بەڵام هەشبووە نووسیومە و بەدڵم نەبووە، وازم لێ هێناوە، دواتر پاش ماوەیەک جارێکی دیکە چوومەتەوە سەری.

**ڕامان:** تۆ کە دەست دەدەیتە چیرۆکێک بینووسی، بیرت لای ڕووداوەکەیە کە بەرجەستەی بکەی و بیخەیتە سەر کاغەز، یان پاڵەوانەکە، یان شێوازی دەربڕینەکەت بەلاوە گرنگە؟

**جیهان عومەر:** زیاتر ڕووداوەکەم بەلاوە گرنگە.

**ڕامان:** ئەی پاڵەوانەکە؟

**جیهان عومەر:** ئەویش دەوری خۆی هەیە، بەڵام لەلام وەکوو ڕووداوەکە نییە.

**ڕامان:** محەڕەم محەمەدئەمین لە کورتەچیرۆکێکدا بە ناوی «شای قەرەجەکان» حەسۆ ئاغای هێناوە کە گەورە و شای قەرەجەکانە، شەوانە چووەتە لای پاڵەوانی چیرۆکەکەی و گفتوگۆیان کردووە، شای قەرەجەکان هەمیشە پرسیاری ئەوەی لێ کردووە کە من بۆچی وڵاتم نییە، بۆچی نیشتمانم نییە، ئیتر حەسۆ ئاغای وەکوو پاڵەوانێکی زیندوو هێشتووەتەوە و تا دواییش هەر بە قەرەجی ماوەتەوە و نەبووەتە خاوەنی خاک و وڵاتی خۆی، بۆیە دواجار خۆی دەکوژێت، واتە پاڵەوانێکی دروست کردووە دەکرێ بە کورد بەراوردی بکەی، کە ئێمە نەتەوەیەکین لە قەرەج دەچین، قەوارە و دەوڵەتمان نەبووە، خاکمان داگیر کراوە، بەم جۆرە چیرۆکنووس لە ڕێی پاڵەوانێکەوە توانیویەتی گوزارشت لە گرفتی نەتەوەیەک بکات.

**جیهان عومەر:** محەڕەم محەمەدئەمین کەسێکی بەهرەدار و هەڵکەوتوو بوو، زۆر یادگاریم لەگەڵیدا هەبوو، لەلام کەسێکی زۆر نزیک و خۆشەویست بوو.

**ڕامان:** ئەویش پیاوێکی نەتەوەیی بوو، ماوەیەک بەرپرسی ناوچەی سلێمانی بوو.

**جیهان عومەر:** بەڵێ، بەڕاستی پیاوێکی نیشتمانپەروەر بوو، پیاوێک بوو قەڵەمەکەی کاری خۆی دەکرد، دیارە ئەو کتێبەی کە چاپمان کردووە، هەموو بەرهەمەکانیەتی.

**ڕامان:** ئەوەی تۆ لەگەڵ ڕەووف حەسەن کردت؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، لەگەڵ ڕەئووف حەسەن پێکەوە کردمان، (هێرش)ی کوڕی ئەرکەکەی بە من سپارد، هاتە لام و گوتی کارێکم بۆ بکە. گوتم چییە؟ گوتی ئەو بەرهەمانەی باوکم بۆ ئەوەی پەرشوبڵاو نەبنەوە، بۆم کۆ بکەیتەوە و بیکەیت بە کتێبێک. گوتم بەسەرچاو.

**ڕامان:** وابزانم چاپی کتێبەکەشی گرتە ئەستۆی خۆی؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، بۆ چاپەکەی گوتی چیشی تێ دەچێت گرنگ نییە.

**ڕامان:** بۆ ئەو ئەرکەی پێی سپاردی، یەکسەر ڕەزامەندیت دەربڕی؟

**جیهان عومەر:** نەخێر، گوتم ئەو کارە بە من ناکرێت، بە یەکێک دەکرێت کە ئیشی نەبێت و بۆی هەڵسووڕێت و هەمووی کۆ بکاتەوە، هەروەها پێم وت ئەو کارە ئاسان نییە.

**ڕامان:** دواتر چۆن بەوە شکایەوە ڕەووف حەسەن ببێتە هاوکارت بۆ کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی موحەڕەم محەمەدئەمین؟

**جیهان عومەر:** هەر ئەو کاتە کوڕەکەی موحەڕەم محەمەدئەمین گوتی کێ بۆ ئەو کارە بە باش دەزانی؟ گوتم ڕەئووف حەسەن بە باش دەزانم. دەمزانی ئەو لەو کاتەدا کاری

نییە، ئیتر پێم گوت چی دەڵێی دەتدەمێ، ئەو کارە جێبەجێ بکە. خوا هەڵناگرێ ئەوەی پێی بکرایە دەیکرد، ئەوەی لە دەسەڵاتی ئەو نەبووایە لە خۆمی دەپرسی، فلانە بابەت لە کوێیە، ئەوە چییە و ئەوانە چۆنن، هەموویم پێ دەگوت، ئیتر ئەویش کۆی دەکردنەوە، تەنانەت هەندێ چیرۆکی لێرە چنگ نەکەوت، گوتی چی بکەم، دەزانم لە کتێبخانەی بەغدا هەیە. گوتم برۆ، خەرجییەکە چەند بوو، بەسەرچاو دەتدەمێ.

**ڕامان:** ئیتر چووە بەغدا، چیرۆکەکانی کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەوێ لە ئەرشیف هەڵگیرابوون دۆزرانەوە؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، چووە بەغدا و لەوێ کەسێکیشی ڕاسپارد، پێکەوە ئیشەکەیان کرد. هەندێ لە چیرۆکەکانی کە لێرە دیار نەبوون لە کتێبخانەی بەغدا هەمووی دۆزییەوە و هێنایەوە، لەگەڵ ئەمانەی ئێرە هەر هەمووی کۆکردەوە و کردمان بەو کتێبە. هەڵکەوت عەبدوڵڵاش یارمەتی داین، لە پێشەکییەکەی نووسیومانە کێ و کێ سەرپەرشتیی ئەم کارەی کردووە.

**ڕامان:** کتێبەکەم خوێندووەتەوە، چونکە پێش ئێوە من خەریکی کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی موحەڕەم محەمەدئەمین بووم و هەموویم لەلای خۆم تایپیش کردبوو، برامان (شەوکەت)ی زاوای ئاگادار بوو، کاتی خۆشی ئەوەی ئێوەم خوێندەوە، کەموکووڕیی زۆری تێدایە. ئێستاش نووسین و بابەتی ئەو نووسەر و چیرۆکنووسە لەناو گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا هەن، کە لەو کتێبەی ئێوەدا نین، چونکە من بۆ سازکردنی ئیندێکس و بۆ زانیاری خۆم، هەموو لاپەڕەکانی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردیم هەڵداوەتەوە، (محەڕەم محەمەدئەمین)یش یەکێک بوو لەوانەی کە لێی نزیک بووم. تا لە بەغدا لە «دار الثقافة والنشر الکردیة» بوو، هەر جارێک بچوومایە لە بەغدا سەردانیم دەکرد، گوێیشی گران بوو. دوایی کە هاتمە سلێمانی، لە سلێمانیش ناوبەناو بە خزمەتی دەگەیشتم، زۆر کەڕەتیش لەلای کتێبخانەی گەلاوێژ دەمبینی، لەبەردەم کتێبخانەکە، لای محەجەرەکەوە دەوەستاین و قسەمان دەکرد، کە قسەت لەگەڵ دەکرد دەبوایە نەختێک دەنگت هەڵبڕی.

**جیهان عومەر:** کتێبەکەی ئێمە چیی کەمە؟

**ڕامان:** دەبێ جارێکی تر بە وردی بەناو هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سەردەمی زوودا بگەڕێن، هێندێک نووسینی دیکەی ماوە، بخرێنە ناو ئەو کتێبەوە و جارێکی دی چاپ بکرێتەوە، بۆ ئەوەی هەڵەی چاپ و کەموکووڕی تێدا نەمێنێ.

**جیهان عومەر:** ئەو تێبینی و ڕەخنانەم زۆر پێ خۆشە، ئەگەر دوایی زانیاریم پێ بدەی، بەدوایدا دەچین.

**ڕامان:** من کاتی خۆی کە ئەو سەرنجانەم هەبوو، بە ڕەوانشاد (ڕەئووف حەسەن)یشم گوت، ئەویش پێی خۆش بوو، بەداخەوە ئەمری خوای کرد.. تۆ هیچ بیرەوەریت لەگەڵ م. محەڕەم محەمەدئەمین هەبوو؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، شەوێک نەورۆز بوو، ساڵەکەیم لەبیر نییە، بە یەکەوە لە شەقامی مەولەوییەوە هاتین بۆ بەر سینەماکان ڕۆیشتین، لەوێ دووکانێک هەبوو هی سەلامی دەلاک بوو، دووکانی سەلامی دەلاک شوێنی کۆبوونەوەی هەموو کوردپەروەر و نیشتمانپەروەرەکان بوو، جەمالی حەکیماغا و کێ و کێ و کێ و هەموو پارتییەکان لەوێ کۆدەبوونەوە و دادەنیشتن. لەگەڵ محەڕەم محەمەدئەمین چووین لەوێ وەستاین، سەلام دەلاک سەری هێنایە دەرێ

و گوتـی ئـەوە بـۆ نـارۆن بـەر دووکانەکـەم بـەر نادەن. گوتمـان بۆچـی؟ چیمـان کـردووە؟ گوتـی هاهـا سـەیر کـەن چـی شـیوعی هەیـە مـۆڕە لـە ئێـوە دەکات، چونکـە دەزانـن ئێـوە چیـن، جامخانەکەشـم بـە شـکاندن مـەدەن، پیـاوی چـاک بـن و بـڕۆن، لـە کۆڵـم ببنـەوە. گوتمـان خـۆ هیچمـان نەکـردووە. گوتـی بـڕۆن باشـترە، شیوعییەکان هەردووکتـان دەناسن، بەخـوا دوایی بەزمێـک دەگێـڕن و جامخانەکەشـم دەشـکێنن.

**ڕامان:** لە زەمانی زووش دووبەرەکییە سیاسییەکان ئـاوا بوون؟

**جیهـان عومـەر:** بەڵـێ، ئـەو زەمانـە دووبەرەکـی لـە نێوان شـیوعی و پارتیدا توندبوو.

**ڕامـان:** ئـەوە لە سـاڵانی پەنجاکان و شەسـتەکان و بـە دواوە وا بووە؟

**جیهـان عومـەر:** بەڵـێ، سـاڵانی پەنجـاکان و شەسـتەکان و سـاڵانی دواتریش وا بـوو، منیـش بـە (موحـەڕەم محەمەدئەمیـن)م گـوت بـۆ نەڕۆیـن بـۆ لای شـێخ مسـتەفا براکـەی شـیخ تەیـب گوڵانـی، ئـەو برایـەی لەبـەر مزگەوتـی گـەورە کتێبخانـەی هەبـوو، نووسـەران و نیشـتمانپەروەران لـەلای دادەنیشـتن وەک کامیـل ژیـر و ئـەوان، هـەر ئەویـش بـوو کتێبەکـەی کامیـل ژیـری بەنـاوی (کوردایەتـی بیروباوەڕمانـە)ی بڵاوکـردەوە. گوتـم بـۆ نەچیـن بـۆ لای ئـەو، ئێسـتا لـە ماڵەوەیـە بـا سـەرێکی لـێ بدەیـن. گوتـی بـا بچیـن. گوتـم تەلەفۆنێکـی بـۆ دەکـەم و دەڵێـم ئـەوە دێیـن، بزانـم دەڵـێ چـی. کـە تەلەفۆنـم بـۆ کـرد، گوتـی نەیـەن، بەخـوا دەرگاتـان لـێ ناکەمـەوە. گوتـم وەڵڵاهـی بیکەیتـەوە و نەیکەیتـەوە دێیـن. نیوقـاپ عارەقیشـت بـۆ دەهێنیـن، دەرگاکـە دەکەیتـەوە بیکـەوە، نایکەیتـەوە لـە بـەر ماڵـی ئێـوە دادەنیشـین دەخوێنـەوە و چەقەنـە لـێ دەدەیـن و گۆرانـی دەڵێیـن و هەمـوو گەڕەکەکـەت دێنینـە سـەر. گوتـی بەزاتـی خـوا ئێـوە دەیکـەن. چوویـن لـە دەرگامـان دا، دەرگاکـەی لـێ کردینـەوە.

**ڕامـان:** م. محەڕەم محەمەدئەمین کە بیخواردبایەوە شتی وایشی دەکرد؟

**جیهـان عومـەر:** کـوڕە بـەزم بـوو. ئـەو برایـەی شـێخ تەیـب گوڵانـی ژوورێکـی بچووکـی هەبـوو، خـۆی لـەو ژوورەدا بەتەنیـا بـوو.

**ڕامان:** دیارە ئێوە سوعبەتتان لەگەڵ کردووە.

**جیهـان عومـەر:** ئـا، بـە سـوعبەتمان بـوو، دەرگای لـێ کردینـەوە و چوویـن تـا درەنگـی شـەو لـەلای دانیشـتین. ئـەوە بەهـارە و نـەورۆزە و دنیـا گەرمـە، کەچـی ئـەو پـەردەی بـە دەرگاکـەی داداوە و پەنجـەرەی داخسـتووە و سۆپایەکیشـی دانـاوە! گوتـم کـوڕە کاکـە تەقییـن، پیـاوی چـا بـە! دەیگـوت ناردوومـە بەدواتانـدا، دە هەسـتن بـڕۆن بـا نەجاتـم بـێ لـە دەسـتتان! ئیتـر هەموومـان تێروپڕمـان خـواردەوە و هاتینـە دەرەوە و ڕۆیشـتین، بـە بـەر مزگەوتـی گـەورەدا سـەر کەوتیـن، م. محەڕەم گوتـی بتبەمـەوە! گوتـم مـن دەبەیتـەوە؟ گوتـی ئـا. گوتـم تـۆ خـۆت بـەرەوە، تـۆ پشـتێنەکەت بـۆ کـۆ ناکرێتـەوە، بـڕۆ خـۆت کۆکـەرەوە، مـن مەبـەرەوە. ئـەو بەزمانـەی هەبـوو، زۆر خـۆش بـوو، پیاوێکـی چـاک بـوو، پیاوێکـی ناسـراوی نـاو پیـاوان و نـاو کۆمەڵگـە بـوو، نیشـتمانپەروەر بـوو.

**ڕامـان:** سـەرەتای سـابوونکەران، کـە دووکانـی جەرجیسـی عەرەقفرۆشـی لێیـە گوتوویـە تـۆ دیت چەچەل (کەچـەڵ)، جەریـدە لەبـن دەسـت، ئـەوە خۆپێشـاندان دەبێـت، دووکان داخـەن و بـڕۆن!

**جیهـان عومـەر:** بەڵـێ، ئـەوە وا بـوو، جەرجیس گوتوویـە کـە دیـت محـەڕەم جەریـدەی لەبـن دەسـت بـوو، ئـەوە خۆپێشـاندان دەبێـت، یەکسـەر

دووکانی داخستووە و ڕۆیشتووە.

**ڕامان:** ئەوە چۆن بوو ماوەیەک م. محەڕەم محەمەدئەمین لە «دار الثقافة»ی بەغدا فەرمانبەر بوو، بۆچی چووە بەغدا؟

**جیهان عومەر:** ئیتر ژیان وابووە، نەیانویستووە لێرە، لەناو شار بێت، گوێزاویانەتەوە بۆ ئەوێ.

**ڕامان:** ئەی هیچ لە شاری هەولێر ژیاوە؟

**جیهان عومەر:** نازانم، زانیاریم لەو بارەوە نییە.

**ڕامان:** لە چیرۆکەکانی ئەو چیرۆکنووسە، کامەیان زیاتر کاریگەریی لەسەر تۆ هەبووە؟

**جیهان عومەر:** هەموو چیرۆکەکانی یەک لە یەکی چاکتر و جوانترن. پیاوێک بوو بۆ چیرۆکنووسین دەست و قەڵەمێکی جوانی هەبوو، هەر کەسێک ئەو دەقانەی بخوێنێتەوە، بە باشی کاریگەری لەسەری دادەنێت.

**ڕامان:** بێجگە لە م. محەڕەم محەمەدئەمین، وەک ئاگادارم لەگەڵ (ئەمینی میرزا کەریم)یش پێوەندی باشت هەبوو.

**جیهان عومەر:** لەگەڵ ئەمین میرزا کەریم شەو و ڕۆژ بە یەکەوە بووین، لە کارگەی جگەرەکە بووین، بە یەکەوەش کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردیمان دامەزراند.

**ڕامان:** بەڵام ئەم بێجگە لە چیرۆک، لە بواری شانۆشدا دەقی نووسیوە، لەوانە داسەکەی شاسوار، زێڕین، کە دوو دەقی شانۆییە لە دووتوێی کتێبێکدا چاپ کراوە، لەگەڵ تەرازوو تاد...

**جیهان عومەر:** بەڵێ، ئەمین میرزا کەریم زیاتر لەو بوارەدا ئیشی دەکرد.

**ڕامان:** ئەی تۆ هیچ بیرت لەوە نەکردووەتەوە بێجگە لە کورتەچیرۆک، شانۆنامە بنووسی؟

**جیهان عومەر:** نا، بیرم لەوە نەکردووەتەوە.

**ڕامان:** بە کاریگەریی ئەوەی کە زۆر هاوڕێی ئەو بووی؟

**جیهان عومەر:** نا، نەوەڵڵا.

**ڕامان:** ئەوە چۆن یەکترتان ناسی، هەر لە کارگەی جگەرە یەکترتان ناسی؟

**جیهان عومەر:** پێشتر وەکوو ئەدەب یەکتریمان ناسی، ئیتر کە هاتە کارگەی جگەرەکە، شەو و ڕۆژ بە یەکەوە بووین، بڕوات هەبێت لەو دایرەیە ئەگەر ئەو بێتاقەت دەبوو دەهاتە لای من دادەنیشت، من بێتاقەت بوومایە دەچوومە لای ئەو، هەمیشە بە یەکەوە بووین، ئێستاش لەگەڵ خانەوادەکەیدا ئەو پێوەندییەم هەر هەیە، کچەکانی کە لە ئەورووپا دێنەوە، دێن سەرم دەدەن، واتە حیسابی باوکیانم بۆ دەکەن.

**ڕامان:** ئاخر منیش لە ساڵانی دوایی ژیانی زۆر هاوڕێم بوو، زۆر جار هەر بە یەکەوەش لە یانەی مامۆستایانی سلێمانی دووقوڵی دادەنیشتین، زۆر گوێم لێ دەگرت، هەستم دەکرد کەسێکی بریندارە، زۆر ئازار لە ناخیدا پەنگی خواردووەتەوە. قسەی بۆ دەکردم، بۆ ئەوەی تۆزێک ئاسوودە بێت، پێ دەچوو هەندێک کەس لە کاتی خۆیدا زۆر ناڕەحەتیان کردبێت، ڕەنگە تۆ باشتر ئاگاداری بابەتەکانی ژیانی تایبەتی ئەو بیت. لە حەفتاکان یەکێک بووە لە بەرپرسەکان، وەکوو کادیرێکی سیاسی دەستی ڕۆییوە، ساڵانی هەشتاکان تۆمەتی ئەوەیان داوەتە پاڵی کە بە ئۆتۆمبێل لە کەسێکی داوە، شایەتییان لەدژی دابوو، بەوە زۆر نیگەران بوو، چونکە ئەوانەی گەلەکۆمەکییان لێ کردبوو لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیرین، دیارە من ناویان ناهێنم، تۆش باش دەیانناسی، تەنانەت دەیوت من بۆ نەشتەرگەریی چاو چووبوومە دەرەوە، تا هاتمەوە خانووەکەم فرۆشرابوو، منداڵەکانیان

لێ کردبووم.

**جیهان عومەر:** تەنیا دەمزانی کە پێوەندیی لەگەڵ ژنەکەی باش نەبوو، چونکە خەڵک گرفتیان بۆ دەنانەوە.

**ڕامان:** ئاخر لەگەڵ ئەو کەسەی کە کێشەی هەبوو، خزم بوون. بە منی گوت کە هاتمەوە منیان کردە دەرەوە.

**جیهان عومەر:** جارێکیان من لە بەغدا بووم، ئەمیش چووبوو بۆ ڕووسیا، ژنبراکەی لە ڕووسیا بوو، خێزاکەی پارەی دابوویێ گوتبووی ئۆتۆمبێلێک بکڕە و لەوێوە لەگەڵ خۆت بیهێنەوە.

**ڕامان:** ئەوە خۆی بۆی گێڕایتەوە؟

**جیهان عومەر:** نا، من لە بەغدا لە هۆتێل مستەفا بووم لە شەقامی ڕەشید، ئەمینی میرزا کەریم جوابی بۆ ناردم، ئەوە هاتوومەتەوە و دێم بۆ لات. لە هۆتێلەکە هات بۆ لام، گوتی دەمەوێ ئۆتۆمبێلێک بکڕم و بیبەمەوە سلێمانی، خێزانەکەم پارەی داومەتێ لەوێ ئۆتۆمبێلێک بکڕم، ئۆتۆمبێلەکەم نەکڕیوە، پارەکەم خەرج کردووە، بەڵام دەمەوێ لێرە ئۆتۆمبێلێک بکڕم و بیبەمەوە.

**ڕامان:** ئەو هاتبوو پرسوڕات پێ بکات، یان بڕیاری دابوو ئۆتۆمبێلەکە بکڕێ؟

**جیهان عومەر:** ئەو بڕیاری دابوو، منیش پێم گوت دەی باشە. گوتی تۆ کەس ناناسی؟ گوتم برادەرێکم بازرگانە، بەو دەڵێم، ئیتر بەهۆی ئەو برادەرەوە، ناوی عەلی حلو بوو، ئەوە لە شۆڕیجە دووکانی عەتتاری هەبوو، کوردی فەیلی بوو، ئۆتۆمبێلێکی ئۆپڵمان بە قیست، مانگی بە سی دینار لێ کڕی. بەیانی بەنزینمان لە ئۆتۆمبێل کرد و بردمانەوە، بەڵام پێم گوت با یەک شتت پێ بڵێم، ماڵەوە ئەمەت لێ قبووڵ ناکات، ئەو پێی گوتووی لەوێ ئۆتۆمبێلی نوێ بێنە. گوتی دەزانم بەخوا تووشی کێشە دەبم.

**ڕامان:** دوایی وا دەرچوو، کێشەی لەگەڵ خێزانەکەی بۆ دروست بوو؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، بە هەرحاڵ ئۆتۆمبێلمان هێنایەوە و بردمانەوە ماڵەوە، خێزانەکەی هات سەیرێکی ئۆتۆمبێلەکەی کرد و گوتی ئەوە چییە؟ گوتی ئەی نەتگوت ئۆتۆمبێل بکڕە و بیهێنەوە. گوتی جا من ئەوەم گوتووە، یان گوتوومە ئۆتۆمبێلی نوێ لە ڕووسیا بێنە. گوتی ئیتر ئەوەم هێناوە. گوتی ئەوە لە بەغدا کڕیوتە، ئەوە ژمارەی تابلۆی بەغدای پێوەیە، بە زاتی خوا لای نەبەی ئێستا یەک تەنەکە نەوتی پێدا دەکەم و دەیسووتێنم.

**ڕامان:** ئەوجا بەڕاستی بوو، ئۆتۆمبیلەکەی دەسووتاند؟

**جیهان عومەر:** ئەرێوەڵڵا، لەپێش من وتی ئادەی کچینە تەنەکەیەک نەوتم بۆ بێنن! ئەمین میرزا کەریم بە منی گوت لێخوڕە و ڕاکە، بە زاتی خوا دەیسووتێنێ. ئۆتۆمبێلەکەم لێخوڕی و بردم، دوایی هات گوتی با بەیانی بڕۆینەوە بۆ بەغدا. گوتم ئۆتۆمبێلەکە ببەینەوە؟ گوتی با بیبەینەوە، بەخوا نایەڵێ، دەیسووتێنێ، ئیتر ئۆتۆمبێلەکەمان بردەوە بۆ بەغدا و دامانەوە بە برادەرەکە و پارەکەمان لێ وەرگرتەوە. شتی خۆشی هەبوو، بەڵام گرفتی خێزانییان هەبوو.

**ڕامان:** ئەو کە زیاتر خەریکی ئەدەب بوو، بەهۆی ئەو گرفتانەوە دەیپەرژایە سەر نووسین و خوێندنەوە؟

**جیهان عومەر:** ئەرێوەڵڵا، خەریک بوو.

**ڕامان:** ئەو پیاوە کەسێکی هەڵکەوتوو بوو، دەیتوانی چیرۆک و شانۆنامەی باشتر بنووسێ و کاری زۆرتر و باشتر بکات، بەڵام هەست دەکەم

دەرفەتـی کـەم بووبێ، لەلایەکـی دیکەشـەوە لـە ڕەخنـە و لێکۆڵینـەوەی کوردیدا مافـی خـوراوە و مەغـدوور دەبیینـم، زۆر کـەم بـاس دەکرێـت، دەبوو هـەر هیـچ نەبێ بەرهەمەکانـی کـۆ بکرێنـەوە.

**جیهـان عومـەر:** مەگـەر مـن چەنـد جارێـک لەملا و لـەولا باسـم کردبێـت، ئەگینـا هیچیـان بـۆ نەکـردووە.

**ڕامـان:** تەوەرێکـی دی هەیە لەنـاو کارەکانی تۆدا گرنگـە، کـە ئەویـش کاری وەرگێڕانـە لـە زمانـی عەرەبییـەوە، دیـارە کۆمەڵێـک چیـرۆک و بابەتـت وەرگێـڕاوە، یەکـەم جـار چیرۆکـت وەرگێـڕاوە، دوایـی ئەدەبـی منداڵانـت وەرگێـڕاوە، ئەمانـە هەموویـان لـە شـوێنی خۆیانـدا بـۆ کتێبخانـەی کـوردی گرنگـن، زۆر چاکیشـت کـردووە کـە چیرۆکنووسـێکی گـەورەی وەکـوو زەکەریـا تامـرت وەرگرتـووە، چونکـە زەکەریـا تامـر لەنـاو چیرۆکـی عەرەبیـدا سـەرتۆپە، ئایـا ئـەم وەرگێڕانانـەت بەهـۆی ئـەوەوە نییـە کـە هەندێـک شـت هەیـە خـۆت ناتوانـی وەک ئـەو گوزارەیـان لـێ بکـەی، بۆیـە پەنـات بردووەتـە بـەر وەرگێـڕان؟

**جیهـان عومـەر:** پێشـتر شـتم وەرگێـڕاوە، بـەڵام زەکەریـا تامـر زیاتـر شـێرکۆ بێکـەس پێـی ناسـاندم، گوتـی ئـەوە ئەدەبەکـەی زۆر جوانـە و وەک واقیعەکـەی خۆمانـە، حـەز دەکـەم کارەکانـی ئـەو وەرگێـڕی، ئـەوە بـوو (دەمامکدار)ــەکەم وەرگێـڕا و ئـەوان چاپیـان کـرد. هەسـت دەکـەم ناوەرۆکـی بەرهەمەکانـی ئـەو چیرۆکنووسـە وەکـوو واقیعـی خۆمـان وایـە، بۆیـە زیاتـر چوومەتـە نـاو جیهانـی ئـەوەوە، ئیتـر لـەوەوە شـتی دیکەشـم وەرگێـڕاوە.

**ڕامـان:** زەکەریـا تامـر بۆچوونێکـی زۆر جوانـی هەیـە، کـە دەڵـێ مـن دەسـتم لـە گـەورەکان شووشـتووە، چونکـە ئێمـە ناتوانیـن بیانگۆڕیـن، بۆیـە ڕووم کردووەتـە نووسـینی ئەدەبـی منداڵان بـۆ ئـەوەی لـە منداڵییـەوە پەروەردەیـان بکەیـن، مەگـەر بـۆ داهاتـوو هیوایەکمـان بەوانە بـێ، ئەوانە لـە داهاتـوودا بەروبوومـی زیاتریـان دەبێـت، بۆیـە لـە دواییـدا نووسـینەکانی ڕووی کـردە ئەدەبیاتـی منـداڵان و زۆری بۆیـان نووسـی، دیـارە تـۆ بەشـێک لـەو کارانەشـت وەرگێـڕاوە؟

**جیهـان عومـەر:** ئـەو کارانـەی کردوومـن، یـان هەرچییەکـی زەکەریـا تامـرم چنـگ کەوتبێـت وەرمگێـڕاون.

**ڕامـان:** بێجگـە لـە زەکەریـا تامـر، یەکـەم کاریشـت کـە لـە زمانـی عەرەبییـەوە وەرگێـڕاوە، (شۆڕشـی گـوێ بەندەرەکـە) بـووە، بـەڵام زیاتـر لەسـەر کارەکانـی زەکەریـا تامـر وەسـتاوی، بۆچـی بیـرت لـە وەرگێڕانـی بەرهەمـی نووسـەرانی دیکـەش نەکردووەتـەوە، کەسـانی تریـش هەبـوون کـە نووسـەری باشـن و کارەکانیـان نـاوازە و سەرنجڕاکێشـن؟

**جیهـان عومـەر:** زیاتـر نووسـینەکانی زەکەریـا تامـرم پـی خـۆش بـووە و کارەکانیـم هـەزم کـردووە و کەوتوومەتـە وەرگێڕانیـان.

**ڕامـان:** دەتوانـم بڵێـم پسـپۆڕیت لـە وەرگێڕانـی ئـەو چیرۆکنووسـەدا هێنـاوە.. ئێمـە باسـی هونـەری وەرگێـڕان دەکەیـن، تـۆ کتێبـی دیکەشـت چـاپ کـردووە و هەنـدێ شـیعری کوردیـت کـردووە بـە عەرەبـی، ئـەو بیرۆکەیـە لـە چییـەوە هـات؟

**جیهـان عومـەر:** بیرۆکـەی ئـەوە لـەوەوە هاتـووە کـە بینیـم عەرەبـەکان کاریـان لەسـەر هیـچ شـتێکی ئێمـە نەکـردووە، وەکـوو پێشـتر گێڕامـەوە، بەوانـم گـوت ئێـوە یـەک دێـڕم لـە کوردییـەوە بـۆ بکـەن بـە عەرەبـی، یـان لـە عەرەبییـەوە بیکـەن بـە کـوردی. بیسـتووتە یـەک عـەرەب نووسـراوێکی کوردیـی کردبێـت بـە عەرەبـی، بـەڵام ئێمـە زۆر

بەرهەمی ئەوانمان کردووە بە کوردی.
**ڕامان:** ساڵی ١٩٧٨ لە مەسیف، دیداری چیرۆکی عێراقی بوو، ئێمە لەوێ بووین، (٦٠) ڕەخنەگر و چیرۆکنووسیان بە کورد و عەرەبەوە بۆ ئەو دیدارە بانگهێشت کردبوو، زۆربەی ڕەخنەگرە باشەکانی عێراق هاتبوون، لەوانە: د. عەلی جواد تاهیر، د. عەلی عەباس عەلوان و د. عەبدولئیلاهـ ئەحمەد و د. شوجاع موسلم ئەلعانی و چیرۆکنووسە باشەکانی وەکوو جەلیل قەیسی و محەمەد خزەیر و ئەوانە لەوێ بوون، ئێمەی کوردیش ژمارەیەکمان لەوێ بووین، حسێن عارف و محیەددین زەنگەنە لە بەرنامەی دیدارەکە بوون، ئەو ڕۆژەی کە حسێن عارف کۆڕەکەی بە ناوی «الواقعية الأنتقادية في القصة الكوردية» پێشکەش کرد، شەوەکەی لەگەڵیان دانیشتین، ئەو شەوەیان ناو نا (ليلة كردية – شەوێکی کوردانە)، ئەو شەوە سەبارەت بە ئەدەبیاتی کوردی کۆڕێکی کراوە بوو، ئەوان گلەییان لە ئێمە هەبوو، دەیانگوت ئێوە ئەدەبێکی جوانتان هەیە، بۆ تەرجومەی ناکەن بۆ زمانی عەرەبی. دیارە ئەو شەوە عەبدولوەهاب بەیاتی، جەلیل قەیسی و ئەو دوکتۆرانە بوون، شێرکۆ بێکەس و ئیسماعیل خەیات و برادەرانی تر لەوێ بوون، گفتوگۆیەکی زۆرمان لەگەڵ کردن، من پێم گوتن، ئێوە بۆچی خۆتان فێری زمانی ئەفریقی دەکەن، کەچی فێری زمانی کوردی نابن؟ ئێمە لەگەڵ ئێوە لە خاک و شارستانیەت و مێژوودا لە یەکدی نزیکین، بۆچی خۆتان فێری زمانی کوردی ناکەن، بەڵام دەچن زمانێکی لەبیرکراو و فەرامۆشکراوی ئەوروپایی فێر دەبن، بە هەرحاڵ ئەوان بە باکگراوەندێکی کۆمۆنیزمانە و مارکسییانەوە قسەیان لەگەڵمان دەکرد، بە حیساب سۆزیان لەگەڵ کورد و پرسی کورد هەیە، دواجار گوتیان ئەوە ئێستا ئێمە کەمتەرخەم و خەتاباریـن، بەڵام ئێوە هەوڵ بدەن کارە جوانەکانی خۆتان لە چیرۆک، لە شیعر بۆمان وەربگێڕن بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین ئەو دەقانە بکەینە کەرەستەی ڕەخنەیی و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکەین، ئەوە بوو ئەو کاتە من چەند وەرگێڕانێکی شیعر و چیرۆکی کوردیم بە زمانی عەرەبی بڵاو کردبووەوە، کە هاتمەوە ئەوەم کردە بەرنامەیەک، شیعری ١٦ شاعیرم کردە عەرەبی، لە (شێرکۆ بێکەس)ـەوە تا لەتیف هەڵمەت و ڕەفیق سابیر و عەبدوڵڵا پەشێو و سامی شۆڕش و حەمەی حەمەباقی و ئەنوەر قادر جاف و هەموو ئەوانەی تێدایە، شاعیرێکی ئافرەتیشمان خستە کتێبەکەمانەوە، کە نەجیبە ئەحمەد بوو، ئەو کاتە ژمارەی ئافرەتە شاعیرەکان زۆر کەم بوون، دوای چاپکردنی کتێبەکە، بێجگە لە عەبدولمەجید لوتفی، یەک کەس لەوانەی ئەو شەوە دێڕێکیان لەسەر ئەو کتێبە نەنووسی، لە کاتێکدا یەک بە یەکیش کتێبەکەم بۆ بردبوون، لە (عەبدولوەهاب بەیاتی)یەوە تا هەموو ئەوانی دی.
**جیهان عومەر:** ئێستا دەزانی من چی دەکەم، ئەو کۆمەڵە شیعرەی کە وەرمگێڕاون، حەمەساڵح بەرزنجی گوتی من دەچم بۆ بەغدا، بیست دانەم لە کتێبەکە بۆ ئامادە بکە، دەیبەم لەوێ دەیدەم بە نووسەران لە یەکێتیی نووسەرانی عێراق.
**ڕامان:** لەجیاتی دەزگایەکی دابەشکردن، تۆ ئەوەت پێ باشترە؟
**جیهان عومەر:** ئەوەم کردووە بۆ ئەوەی ئەوان کتێبەکە ببینن. کوڕێکی دیکە دەڕوا بۆ مەغریب، لەوێ فیستیڤاڵێک هەیە، ئەوەش پێی

گوتبووم بۆ پەنجا دانەی کتێبەکە، ئەویش کتێبەکانی دەدەمێ بیبا، چونکە لەوێ هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکان بەشدارن بۆ ئەوەی لەوێ بەسەر عەرەبەکاندا دابەشی بکات، تا بزانن کە ئێمەش بەرهەمی چاکمان هەیە، وا نەبێ هەر ئەوان شانازی بەوەوە بکەن کە داهێنەریان هەیە.

**ڕامان:** تۆ پێنج چاپکراوت بە زمانی عەرەبی هەیە، کە ئەمانەت لە کوردییەوە وەرگێڕاوە، پرسیار ئەوەیە لەسەر چ بنەمایەک ئەو ناوانەت هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی بیانکەی بە عەرەبی؟

**جیهان عومەر:** سەیری شیعرەکانیان دەکەم، کە شیعرەکەم بەدڵ بوو، دادەنیشم و وەریان دەگێرم. لە کتێبی «نواعم»دا هەرچی ئەو ئافرەتانەی شیعری چاکیان هەبووە، هەر یەکی شیعرێکم لێ وەرگێڕاون، تەنانەت وێنەکانیشیان بۆ ناردبووم، نازانم وەختی خۆی بۆم ناردووی، یان نا، «النواعم»، بریا بۆم بهێنابای.

**ڕامان:** کاتی خۆی ئەو کتێبەت پێشکەش کردووم و خوێندوومەتەوە، نەختێ باسی بکە.

**جیهان عومەر:** ئەمە دیوانێکە هەمووی شیعری شاعیرە ئافرەتەکانە، شیعری چاک چاکی تێدایە، لە کەژاڵ ئیبراهیم خدرەوە، تا کەژاڵ ئەحمەد، بۆ نموونە شیعرێکی کەژاڵ ئیبراهیم خدر کە کاتی خۆی وەرمگێڕابوو، وابزانم یەکەم جار لە ڕۆژنامەی «الاتحاد»دا بڵاو بووەوە، دواتر ڕۆژنامەیەکی میسری کە بینیبوویان، ئەوانیش لەوێوە بردبوویان و بڵاویان کردبووە، دوای ئەوان جەزائیرییەکان و مەغریبییەکان بڵاویان کردبووەوە.

**ڕامان:** ئەو وەرگێڕانەت گەیشتە لای جەزائیرییەکان و مەغریبییەکان؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، هەر لەوێ ئەمازیغییەکان کە بینیبوویان تەرجومەیان کردبووەوە بۆ زمانی ئەمازیغی. کەژاڵ ئیبراهیم خدر پێش مردنەکەی تەلەفۆنی بۆ کردم گوتی دەزانی شیعرەکە کراوەتە ئەمازیغی و بڵاو کراوەتەوە، بڕیارە یەک دوو نوسخەم بۆ بنێرن، کە بۆیان ناردم نوسخەیەکت بۆ دەنێرم. گوتم ماڵت ئاوا بێت، حەز دەکەم هەمبێت، ئیتر کەژاڵ ئیبراهیم خدر بەسەریدا مرد، دوای ئەوە بە ڕێبوار محەمەدی مێردیم گوت کە هاوژینەکەی کاتی خۆی شتێکی وای پێ گوتووم. ئەویش گوتی باشە بەسەرچاو، لەلامە دوایی بۆت دەهێنم، بەڵام بۆی نەهێنام.

**ڕامان:** کەوابێ هەڵبژاردنەکانی تۆ لەسەر بنەمای ئەوەیە کە چێژت لە شیعرەکە وەرگرتبێت، تۆش یەکسەر وەری دەگێڕی؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، کەژاڵ ئیبراهیم خدر بەڕاستی شاعیرە، هەروەها کەژاڵ ئەحمەدیش، ئەمانە شاعیری چاکن.

**ڕامان:** لەوە دەچێت بە حوکمی ئەوەی ٤٨ ساڵ فەرمانبەر بووی و لە دایرەکاندا کارت کردووە، شارەزاییت لە هونەری کارگێڕی پەیدا کردبێت؟

**جیهان عومەر:** لە وەزیفەدا لە ناوونیشانی (کاتب)یەوە تاکوو بەڕێوەبەری کارگێڕیی دەزگای وەبەرهێنان هێناومە.

**ڕامان:** باشە ئەو «فەرهەنگی زاراوەی زانستیی کارگێڕی» هەر لەو ئەزموونەوە هاتووە؟

**جیهان عومەر:** لەو زەمانەدا سەیرم دەکرد کەس دوو وشەی عەرەبی، یان دوو وشەی کوردیی پێ نەبوو لە نووسینی نووسراوی فەرمانگەکاندا بەکاری بێنێ، ئەو زاراوانەم لەملا و ئەولا کۆ کردەوە و کردم بەو کتێبە و بڵاوم کردەوە. ڕەوانشاد ئەکرەم قەرەداخی لە دەزگای

سەردەم بۆی چاپ کردم.

**ڕامان:** هەست دەکەی بە شێوەیەکی زانستی ئەو زاراوانەت کورداندووە؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، لەملا و لەولا وەرمگرتووە، وشەیەک لەم گۆڤارە، وشەیەک لەو کتێبە و هێناومن هەموویم کۆ کردووەتەوە، لەو زەمانەدا دام بە فەرمانگەکانیش بۆ ئەوەی بەکاریان بهێنن.

**ڕامان:** بە پیتی ئەبجەد ڕێکت خستبوون؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، بۆ ئەوە بوو بەکاری بێنن، زۆر فەرمانگەش سوودیان لێ وەرگرت.

**ڕامان:** تا ئێستا نەمبینیوە لەو بارەوە ڕەخنەشت لێ گیرابێ.

**جیهان عومەر:** نا، ڕەخنەم لێ نەگیراوە، لەبەر ئەوەی کارەکەم بە پوختی کردووە. من خۆم هەڵناکێشم، بەڵام لە کاری کارگێڕیمدا بە باشی کارم کردووە، ئامانج ڕەحیم کە ئێستا بەرپرسی یاسایە لە ئەنجوومەنی وەزیران، دەڵێ من هەمیشە سوودم لە کارەکانی تۆ وەرگرتووە. پێنج ساڵ لە وەبەرهێنان بە یەکەوە کارمان کرد، ئەو هەموو وەبەرهێنانی بەڕێوە دەبرد، زۆر زیرەک و لێهاتوو بوو، کەچی دەیگوت من سوودم لە تۆ وەرگرتووە، منیش پێم دەگوت من سوودم لە تۆ وەرگرتووە.

**ڕامان:** ئاخر ئەوەش فەزیلەتە مرۆڤ دان بەوەدا بنێ کە سوودی لە کێ وەرگرتووە. دیارە من دووراودوور دەیناسم و چاودێری کار و لێدوانەکانی دەکەم، دەیبینم کەسێکی ڕێکوپێک و پرۆفیشناڵە و لە کاری خۆیدا ورد و ڕژدە، بۆیە هەر لە دوورەوە خۆشم دەوێ.

**جیهان عومەر:** زۆر ڕاستە، من کارم لەگەڵی کردووە، ئەوەندە پیاوێکی خاکەڕایە، جاری وا بووە تەلەفۆنی بۆم کردووە و گوتوویەتی مامۆستا، ئەوە من نایەم، تۆ لەجیاتی من کارەکان ڕایی بکە.

**ڕامان:** ئێستا هەست دەکەی ئەو کتێبی زاراوەی زانستیی کارگێڕییەت تەواوە، یان کەموکووڕی تێدایە و دەتەوێ زیاتر کاری لەسەر بکەی؟

**جیهان عومەر:** بە خوا ئێستا تاقەتی هیچم نەماوە.

**ڕامان:** هەست دەکەی کارەکەت تەواو و بێ کەموکووڕییە؟

**جیهان عومەر:** نەوەڵڵا، بە تەواوی نازانم، لەم سەردەمەدا کتێبی باشتر هەیە.

**ڕامان:** یەکێک لەو شتانەی کە بەلای منەوە گرنگە و دەمەوێ لەسەری بوەستین ئەوەیە تۆ پێشتر باسی دوو کەسایەتیت کرد، یەکیان ئەمینی میرزا کەریم، ئەوی دیکەیان م. محەڕەم محەمەدئەمین بوو، بەڵام حەتمەن لەو ماوە دوورودرێژەی ژیانت کە لەناو ئەدەبیاتدا کارت کردووە، ڕێکەوتی زۆر کەسی گرنگی دیکەت کردووە، یان لە نزیکەوە هاوڕێت بوون، بۆ نموونە ڕەفیق چالاک هاوڕێت بوو؟

**جیهان عومەر:** ئەرێوەڵڵا.

**ڕامان:** حەز دەکەم باسی ئەو نووسەر و هونەرمەندە بەهرەمەندەم بۆ بکەی.

**جیهان عومەر:** ڕەفیق چالاک لەو قۆناغەدا کە لە شانۆدا کارم کردووە، لە کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، یان لە تیپەکاندا کارم دەکرد، ئەو قۆناغە پێوەندیی باشم لەگەڵی هەبوو.

**ڕامان:** ئەی یادگاری و بۆنەیەک، سەرگوروشتەیەکت لەگەڵی نییە؟

**جیهان عومەر:** ناوەڵڵا، هیچی وام لەگەڵی نییە.

# ”ڕۆنانی بەردینەی ڕۆمان لەسەر بناغەی حەقایەت و بەیتان“

## خوێندنەوەیەکی ڕۆمانی «بەردینە»

**موراد ئەعزەمی**
**(شنۆ)**

«... ئەو وەختەی ژان لەسەر بەرد ئەڕوێ...»
**شێرکۆ بێکەس، دەربەندی پەپوولە**

لە گێڕانەوەناسیدا، لە حاند گێڕانەوەی مێژوو، ماکەکانی داستانی و لایەنی هونەری، لەسەر پێوەستارێک، لە مێژووی ناڕەواییەوە، هەتا مێژووی ڕەوایی و ڕۆمانی مێژوویی و تا دەگاتە چیرۆک و ڕۆمان، لە زیادە دەدەن، واتا سەرێکی ئەو پێوەستارە دەقی مێژوویی ڕەهایەو سەری دیکەی چیرۆک و ڕۆمانی ڕووت. لەو نێوانەدا، ڕۆمانی مێژوویی لە دۆخێکی بەینابەینیدا وەستاوە. واتا ئەوەندەی پشت ئەستوورە بە ماکەکانی مێژوویی، ئەوەندەش تەیارە بە ماکەی گێڕانەوەی ئەدەبی و زەمینەسازی ڕەوایی. چەندان بۆچوونی جوودا لە گێڕانەوەناسیدا هەیە، سەبارەت بە مێژوو و گێڕانەوە. بە گشتی دەکرێ ئەو ڕوانگانە لە دوو دەستەدا کۆ کەینەوە. دەستەیەک (وەک گالی و ئۆلافسۆن) پێیان وایە کە مێژوو لە هەناو و زاتی خۆیدا خاوەنی تەواوی تایبەتمەندییەکانی گێڕانەوەیە. لە بەرانبەردا، تاقمێکی دی (بۆ نموونە هایدێن وایت و وەن بۆت) دەڵێن کە مێژوو ڕێک گێڕانەوە نییە و لە کۆتاییدا بە کەرەستە و ماکەی گێڕانەوە و داستان بارگاوییە و ئەوە نووسەری (گێڕانەوەناس)ە کە بۆی هەیە ئەو ماکە خاوانە بە مەنتیقی گێڕانەوەو زەمینەی داستانی، بکاتە ڕۆمان. کەرەستە و زەمینەی وەک (شێوازی گێڕانەوە/ دیالۆگ/ پلات/ ڕاوێژ/ ناوەڕۆک/ داڕشتنی کەسایەتی/ شوێن- کات/ بابەت).

لە زمانی کوردیشدا، تێرمی گێڕانەوە لە ڕەگی (گێڕان) و پاشگری لکاوی دووپات و دووبارە بوونەوەی (ەوە) پێک دێت. لە تێرمی کوردی (ڕەوایەت)، واتا (گێڕانەوە) دا، دووبارەگوتنەوە (بازگویی) خۆی مەڵاس داوە. واتا گێڕانەوە، لە هەناوی خۆیدا مێژوو

و ڕابـوردووی هەڵگرتـووە، هەرچـی کـە بمانـەوێ بیگێڕینــەوە، بــەر لــە گێڕانــەوە بووەتــە مێــژوو، مێـژووش لـە هەناویـدا بـە گێڕانـەوە بارگاوییـە. لەونـاوەدا، چەلـی وایـە بارودۆخـی کۆمەڵایەتـی و مێژوو و جوغرافیـای تایبەتـی نەتەوەیەک، هەندێک دیـاردەی دیـش دەهێنێتـە نـاو ئـەو کایـە دوو قوڵییەی (مێـژوو/ گێڕانـەوە). بۆ نموونـە، برەو و وزەی ئەدەبی زارەکی، دەتوانێت دەوری فاکتەری سـێیەم بگێڕێـت لـە نێـوان دوو فاکتەرەکـەی گۆریـن و دانوسـتان و ئاڵوگۆڕەکـە تووشـی گـۆڕان بکات و پۆلێنەکە تێک بدات، بە تایبەتی کاتێ ئەدەبی شـەفاهی (زارەکی) و فۆلکلـۆر، ڕەوایەتـی ڕووداوێکـی مێژوویـی بێـت، ئـەودەم دیـاردەی سێیەم لـە نێـوان مێـژوو و گێڕانـەوەی داسـتانیدا دەور دەگێڕێت کـە هـەم مێـژوو دەگێڕێتـەوە و هەم بـە ماکـە سـەرەکییەکانی گێڕانـەوە و حەقایـەت (زمـان، داڕشـتنی شـانۆ و کەسـایەتی، دیالـۆگ) دەوڵەمەنـدە. بەیتـی دمـدم ڕێـک ئـەو دیـاردە سـێیەمەیە کـە لـە نێـوان مێـژوو و گێڕانـەوەدا، وەک قەڵایـەک، بـەرز و بـە هەیبـەت، ڕاوەسـتاوە. بەیتـی دمـدم، خەریکـە مێـژوو دەگێڕێتـەوە، بـەڵام نـەک مێـژووی ڕووت و گێڕانـەوەی ڕێـک، بەڵکـوو لەسـەر بەسـتێنی هـەرکام لـە ڕووداو و بەسـەرهاتەکانی دمـدم، ویسـت و ئـارەزوو مەیـل و ئارمانجـە وەدی نەهاتووەکانـی مرۆڤـی کـورد، لـە زمـان بەیت بێژانی گێـڕەڕەوەی پشتاوپشـت، هەڵقـوڵاو لـە نەسـتی گشـتیی مرۆڤـی کـورد، تـێ ترینجاوەتـە هەنـاوی گێڕانـەوەوە. واقیـع و خەیـاڵ، بـە بـێ هیـچ سـنوورێک تێـک چـڕژاون و لێک هەڵاواردنیـان زۆر ئەسـتەمە. سـەرنج بدەینـە بەشـێک لـە بەیتـی دمـدم، لـە کتێبـی شـێوەزاری موکـری ( ئۆسکارمان)ــەوە:

**« ... سوارێک هاتووە بەنادری**



**سەید قادر هیدایەتی**

**کەس نییە چەکانی وەرگری**
**خان دەپرسێ: ئەوهە کێیە؟**
**خان، ئەوە عەزرەتی خدری**

**سوارێک هاتووە لەبۆ گەشتێ**
**بەویە سووڕەتی بەهەشتێ**
**خان دەپرسێ: ئەوهە کێیە؟**
**ئەوهە وەیسی ماهیدەشتێ**

**سوارێک هاتووە لە کارخانێ**
**بەویە سووڕەتی ئیمانێ**
**خان دەپرسێ: ئەوهە کێیە؟**
**خان، شێخ عەبدولقادری گێلانێ**

**سوارێک هاتووە هونەرمەندە**
**ئەسپابی دەعوایەی ڕەندە**
**خان دەپرسێ: ئەوهە کێیە؟**
**خان، ئەوهە شاهی نەخشبەندە**

**سوارێک هاتووە ئەسپی تازە**
**مل بە قەتلا پڕ لە ئەنگازە**
**خان دەپرسێ: ئەوهە کێیە؟**
**خان، ئەوەش سوڵتان سەعدی وەقازە**

**سەلاح شۆڕان دەست دا چەکان**
**دەگەڵ سەفی دە مەلەکان**
**دێت گوڕەی شێخی باڵەکان**
**خان بە خەزایە مەشغووڵە**
**هات عەشەڕەی دە موبەشەڕە**
**هەمزە و هەباس و هەیدەرە**
**دەگەڵ مەقلووبی پەڕ بەسەرە**
**ئاڵاچی سوڵتان سەمەرە**
**با بێ ئاڵای نەبییە**
**حەوت تیپی تێک پەڕاندییە**
**خان دەپرسێ: ئەوەە کێیە؟**
**کۆڕژنێ حەزرەتی عەلییە**
**با بێ بەیداغی پێغەمبەری**
**هەمزە بێ دەگەڵ عومبەری**
**بێ خالیدی ئیبنی وەلی...»**

ئـەوە گێڕانـەوەی ڕووداوی دمدمـە، ئـەو محـەل کـە سـەردارانی سـپای کـورد و پشـتیوانیکاری کـورد، بـە ئـاڵاوە لـە پێشاوپێشـی سـپا، بـەرەو گۆڕەپانـی شـەڕ و شـکاندنی نەیـاران و یاریـدەی خانـی دمـدم، وەڕێ کەوتـوون و لـە دوور و نزیکـی قـەڵا، یـەک دەگرنـەوە. بەیتبێـژ، ئـەو چرکەسـاتە حەماسـییە هـەروا سـادە و وەک مێـژوو خـۆی ناگێڕێتـەوە و بـە شـێوازێکی هێمایـی، هەرچـی سـەردار و قارەمانـی نەتەوەیـی و ئاییـنی لـە مێـژووی دوور و نزیکـی کـوردی بسـڵماندا هەیـە (حەزرەتـی خـدر/ شـێخ عەبدولقـادری گەیلانـی/ شـاهی نەخشـبەند/ شـێخی باڵـەکان/ عەشـەڕەی موبەششـەرە/ هەمـزەو هەبـاس و هەیـدەر/ نەبـی و پێغەمبـەر/ خالیـدی ئیبنـی وەلـی)، لێیـان دەگێڕێتـەوە بـۆ ئـەو گۆڕەپانـە ئەسـتەمە و لـە واقیعـدا پەنایـان دەباتەبـەری بـۆ سـەرکەوتنی خـان و قەڵانشـینان. ئـەوە لـە حاڵێکدایـە کـە ڕووداو بـەر لەمـە ڕووی داوە و کـورد شـکاوە، ئیتـر ئەگـەری گۆڕانـی ئـەو چارەنووسـە حەتمـی نییـە، بـەڵام بەیتبێـژی کـورد، ئـەو مەیـل و ویسـت و ئـارەزووە نهێنـی و دەروونییـەی نەسـتی گشـتیی، بـۆ سـەرکەوتن و نەشـکان، ئـاوا تێکـەڵ بـە مێـژووی ڕووی داو دەکات.

بەیتـی دمـدم، بەڕوونـی، جیاوازتریـن بەیتـی ئەدەبـی فۆلکلـۆری کوردییـە. ناوەڕۆکـی زۆربـەی بەیتەکانـی دیکـەی کـورد، یـان ڕۆمانسـییانەن، یـان تراژیـک، یـان حەماسـی (پاڵەوانی)، وەک (لاس و خـەزاڵ/ سـێوەخان/ مـەم و زیـن/ ...)، کـە بـەدەور یـەک دوو، یـان چەنـد کەسـایەتی، یان ئەوپـەڕی تایفـە و عەشـیرەتێکدا هەڵدەسـووڕێت، کەچـی دمـدم، گێڕانـەوەی (ڕۆمانسـییانە/ تراژیـک/ حەماسـی) نەتەوەیەکـە، لەسـەر بنەمـای مێژوویەکـی ڕووی داو و ئەزموونکـراوی مرۆڤـی کـورد، کـە تـا ئێسـتاش بـەردەوام بەسـەری دەکاتـەوە، بـە هەمـوو لایەنەکانـی سـەرکەوتن و خیانـەت و شکسـتی.

هەڵبژاردنـی تێمـی بەیتـی دمـدم و ئـەم پـاژەی مێـژووی کـورد، بـۆ خوڵقاندنـی دەقێـک لـە گوێـن ڕۆمـان، ئـاگاداری و وشـیارییەکی ناسـنامەی مێژوویـی گەرەکـە، بـەر لەمـەش چەنـد کەسـی دی ئـەو ڕووداوە مێژووییەیـان وەک نـاوەڕۆک بـۆ خوڵقاندنـی ڕۆمـان هەڵبـژاردووە. کاتـێ عـەرەب شـەمۆ ( شـامیلۆف) (١٨٩٧ - ١٩٧٨) سـاڵی ١٩٦٦ی زایینـی، قـەڵای دمدمـی کـردە هەوێنـی ڕۆمانێکـی کـوردی کرمانجـی بـە پیتـی سـلاڤی (ڕووسـی) لـە یەریڤـان. زەمینەسـازییەکانی گێڕانەوەشی لەو ڕەوایەتەدا دەکارکرد و بە لەونێک یەکـەم ڕۆمانـی مێژوویـی کـوردی لەسـەر بنەمـای ڕووداوی دمـدم خوڵقانـد، کـە دواتـر م. شـوکر مستەفا کردییە کوردی ناوەڕاست و (م. هێمن)

یش پێشەکییەکی تێروتەسەلی لەسەر نووسی. زووتر، (مستەفا ساڵح کەریم) پییەسەکی بۆ شانۆ لە ساڵی ١٩٦١، لە کوردستانی باشوور بە نێوی (شەهیدانی قەڵای دمدم) نووسیبوو. (*) نەسرین جەعفەریش ساڵی ١٣٧٧ی کۆچی، ئەم ڕووداوە مێژووییەی کردۆتە هەوێنی ڕۆمانی (بڵیندونەوی) و بەسەرهاتی تراژیک — حەماسی خانی لەپ زێڕین و دەوروبەرانی بە زمانی تایبەتی خۆی بۆمانی گێڕاوەتەوە. بەڵام جیاوازییەکی بەرچاوی فۆرمێک لە گێڕانەوەکانی عەرەب شەمۆ و نەسرین جەعفەری، بە نیسبەت سەید قادر هیدایەتی لە (بەردینە)دا هەیە.

هەرتک ڕۆمانەکانی عەرەبی شەمۆ و نەسرین جەعفەری، بە پێی تیۆرییەکانی گێڕانەوەناسی (گالی و ئۆلافسۆن)، هەر لە زەرفییەتەکانی مێژوو وەک گێڕانەوەیان کەڵک وەرگیراوە و لە گێڕانەوەکانیاندا، لایەنی داستانی و هونەری و زەمینەسازییەکی ئەدەبییان تۆختر کردووەتەوە، بەڵام (بەردینە) ڕۆمانی سەید قادر هیدایەتی ڕێک نموونەی داهێنانی دەقی ئەدەبییە بە پێی کەرەستە خاوەکانی مێژوو، هەر وەک (هایدێن وایت و وەن بۆت) لە تیۆرییەکەیاندا باسی دەکەن. ڕۆمانی (بەردینە)، توخمەکانی ڕووداوی مێژوویی دمدم، وەک کارەکتەرە ناسراو و سەرەکی و پەراوێزی و لاوەکییەکانی ڕووداوەکە، جوغرافیا و دەڤەری ڕووداو و زمان و زاراوەی خەڵکی ئەم دەڤەرە و ئەدەبی شەفاهی و گێڕانەوەی زارەکی ڕووداوەکە، دەکاتە کەرەستەی خاو و دەقێک دەخوڵقێنیت کە خاوەنی گێڕانەوە و زمان و دەنگی تایبەت بە خۆیەتی و لە هیچ دەقێکی ئەدەبی و ڕەوایی و مێژوویی دیکە ناچێت.

لەو دەقەدا، گێڕانەوە لە کۆتایی ڕووداوەوە دەست پێ دەکات و دەگاتەوە سەرەتای دەق، واتا شکڵ و ئۆلگووی سەرەکی گێڕانەوە بازنەییە، لە بەرانبەر خشتە و ئۆلگووی خەتتی کە لە قۆناغێکی زەمانی ڕا دەست پێ دەکا و دەچیتە پێش تا دەگاتە قۆناغێکی دیکەی زەمانی، وەک زۆربەی ڕۆمانەکانی کلاسیک.

بە درێژایی دەق، دوو کەسی پەراوێزی وەک کاراکتەری سەرەکی بەرجەستە دەکرێنەوە و ڕەوایەت بەدەوریاندا دەتەنرێت. زمان و ڕاوێژی دەڤەری قەڵای دمدم، واتا نێوانی ڕۆژاوای گۆلی ورمێ و شنۆیێ، دەبیتە کەرەستەی سەرەکی خوڵقاندنی زمانی گێڕانەوە و فۆرمی حەقایەت و بەیت و حەیرانانیش دەبنە کەرەستەی خاو بۆ فۆرم و قاڵبی دەق.

هەڵبەت ئەو شێوازەی ئەم وتارە، تاقانە شێواز نییە بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانی (بەردینە)، شێوازی ئوستوورەناسی، ڕوانگەیەکی دیکەیە بۆ ئەو کارە. ئوستوورەی مرۆڤی کورد (وەک خانی لەپ زێڕین، گودروون، یان شارێ و...) یان ئوستوورەی خودی قەڵا، ئوستوورەی شاری شنۆ، یان تەنانەت ئوستوورەی چەمکی وەک شکست و خیانەت، ئەو دەروویانەن کە ڕێگا دەدەن بە شێوەی ئوستوورەناسانە دەقیان پێ بخوێنینەوە. ڕوانگەی زمان ناسانە و دۆزینەوەی ڕەگەزەکانی زمانی و ڕێزمانی لە هەناوی ڕستە و گوزارەی دەقدا، باسێکی تێروتەسەل و سەربەخۆی دەوێ.

لێرەدا دەبەردایین بە کەڵک وەرگرتن لە تیۆرییەکانی گێڕانەوەناسی، باسی ئەو بابەتە بکەین کە بە چ شێواز و زەمینەسازییەکی گێڕانەوەیی، لە هەناوی مێژوو و بەیت و حەقایەتان، ڕۆمانێک دەخوڵقێت.

* * *

سەرەتای دەق ئاوا دەست پێ دەکات:

«کەونەکێ کەونە دنیایێ، کاولەکێ کاولە دنیایێ،...، بۆ کەس نەبوویێ و بۆ کەس نەمایێ...» (بەردینە. ل٧)

لە بەیتی گەلۆدا، ئاوا دێ:

«... ئای گەلۆ ئەمن سەرم دێشێ، دڵی من غەریب و غەریبە ماڵی ئەوە دەکاتە تەگبیر و ڕایێ... ئای خەمی لە دڵم... ئەو دێ و ڕادەبرێ سەیرانان دەدا لەسەر ئەوێ کاولە دونیایێ...» (چیرۆک و بەیتی کوردی. عەزیز شاروخ. بە دەنگی حەمەدی ئاغای. ل ٢٧ و ٢٨)

واتا دەق بە زمانی نزیک لە گەلۆ دەست پێ دەکات. ڕاوی (وەگێڕ/ بگێڕەوە/ گێڕەڕەوە) کەسایەتییەکی لاوەکی ڕووداوی دمدمە. گودروونی کوڕی گودروون، کە باوکی یەک لە جەنگاوەرانی خانی لەپ زێڕین بووە وەختی خۆی، خۆی ئاوا دەناسێنێت:

«لە لای مەخلووقی گوندی گودروون نیمە، لە لای ئەوان (فەقێ بەیتانم). بەسەرهات و سەربەهوردی خۆم بۆ ئەوان نەگوتییە...» (بەردینە. ل٨)

گێڕەڕەوە بە زەمینەسازییەکی ئەوپەڕ داستانی، خەریکە پێمان دەڵێت کە بەتەمایە سەربهوردێکمان بۆ بگێڕێتەوە، ئەویش بە زمانی بەیتان.

لە بەشی دووەمدا، وەگێڕ باسی دایکی و گێڕانەوەی حەقایەتی پاڵەوانێک دەکات لە لایەن دایکییەوە:

«... شەوێک دایکم قایەتێکی گێڕاوە، پاڵەوانێکی تێدا، سنگ پان، کەللەشێر و گوست کاریتە... تەریدان و زاڵمانی دەبەتڵاندن.» (بەردینە. ل١١)

لێرە بەدواوە کە زمانی حەقایەت، بە تێکەڵاوی ڕاوێژی بەیتان دەست پێ دەکات، فۆرمی گێڕانەوە (گێڕانەوە لە هەناوی گێڕانەوە) دێتە کایە، واتا فۆرمێکی نزیک لە (هەزارویەک شەو). دایکی گودروون دەبێتە شارزاد و گودروون و ئێمەی خوێنەر دەبینە پاشای چاوەڕوانی دەوام و کۆتایی حەقایەت. هەر شەوە و بەشێکی دەگێڕێتەوە و ئەوەی دی دەهێڵێتەوە بۆ شەوی دی و ئاوا بە داهێڵان (تەعلیق)ـەوە بۆ بەدواداچوونی ڕووداو و بەسەرهاتەکان ڕامان دەکێشیت. لە هەناوی ئەو حەقایەتانەی دایکی گودروون، کە دەگاتە گێڕانەوەی قایەتی شارێ و بەنگینێ، قۆناغێکی دیکەی گێڕانەوە دەست پێ دەکات. بەر لەمە دایکی وەکی بۆخۆی دەڵێ، شتی دی بۆ دەگێڕایەوە:

«... قایەتی مەڕۆکە و بزنۆکە و مام هۆمەر و ئەوانە، پاشی شەش ساڵان قایەتی دێوان و هەژدیها و سەربهوردی پاڵەوانان و جوانمێرانی بۆ دەکردم.» (بەردینە. ل ١٢)

بەڵام ئەوجارەیان دەڵێ:

«... گودروون گەورەبووی، دەمی ئەوەهاتووە قایەتی (شارێ)ت بۆ بگێڕمەوە، ئەتوو چیدی منداڵ نی بەرخم.» (بەردینە. ل١٣)

واتا ڕەوایەت، بەشێوەی ئەوپەڕداستان، جێ خۆش دەکا بۆ دەست پێکردنی حەقایەت ئاسای بەسەرهاتێکی ڕۆمانسییانە. تایبەتمەندی ڕۆمانتیکی ئەو بەسەرهاتە، دەبێتە هانە و هۆیەک کە زمانی گێڕانەوەی بچێتە سەر پەیڤ و ڕاوێژی بەیتێکی ڕۆمانسییانەی وەک (سێوەخان و محەممەد). ئەو بەشەی گێڕانەوەی دایکی گودروون ئاوا دەگێڕێتەوە:

«... شارێ جوێ لە شاخان چ دەوری نەبوو، چ جێی نەبوو بچیتێ. شوێنی کوڕە حەیرانیشی

پـێ نەدەزانـی. لەگـەڵ ئـەو بـەدڵ هێکدریـان دەخواسـت و پتـر لـە دوو سـاڵ بـوو هاچـەری دڵـی خۆیـان پێـک دابـوو. ئێسـتاکانە چۆنەکایـی خەبـەری لـێ بنێـرێ؟ دەشـقی خودای بای شـەماڵ و زریـان بـە گوێـی دا بدا.» (بەردینـە. ل١٧)

لـە بەیتـی (سێوەخان)یشـدا، لـە زاری حەسـەنی ڕەسـووڵی، ئـاوا هاتـووە:

«... حـەوت سـاڵ تـەواو بـوو، لـە مـەودای ئـەو حـەوت سـاڵەدا محەممـەد سـێوەخانی بـە دەسـتەوە نەگرتبـوو، بەڵکـوو هـەر بـە مارەکـراوی مابـۆوە. محەممـەد و سـێوەخان زۆریـان هێکـدی خۆشدەویسـت، دڵیـان زۆر پێکەوەبـوو، کەچـی پـاش تەواوکردنـی حـەوت سـاڵ خزمـەت، باوکـی سـێوەخان لـە محەممـەدی کەوتـە فێڵـێ و سـێوەخانی نەدایـە.»

هەڵبـەت بـەر لەمـەش کـە ڕەوایـەت بگاتـە گێڕانـەوەی (هـەزار و یـەک شـەو)ی شـارێ و بەنگینـی، شـێوەی گێڕانـەوەی دایکـی گودروونـی، لەسـەر فۆرمـی حەقایـەت و بـە ڕاوێـژی بەیتـان دەسـتی پێکردبـوو:

«... لـەلای دایکـم بـە گریـان بـووم/ دایکـم ئاملانـم بـوو و ڕایمووسـیم/ گوتـم: ئـەدی بـۆ بەگریانـی؟/ گۆتـی: دڵـم لـە غوربەتـە، وێناچـێ بابـت پـاش وەگـەڕێ/.../ شـەوێک دایکـم قایەتێکـی گێـڕاوە، پاڵەوانێکـی تێـدا، سـنگ پـان، کەللەشـێر و گوسـت کاریتـە. مەیدانـان دەچـوو و لەگـەڵ دێـوان دەکەوتـە پەنجەبـازی. چ دێـوی نەدەوێرایـێ و دێوەزمانـی دەگرتـن و جولبەنـدی دەکـردن و تەریـدان و زاڵمانـی دەبەتڵانـدن.» (بەردینـە. ل ٩و ١٠و ١١)

لـە بەیتـی (برایـم و مەحمـەڵ)ی (حوسـێن شەشـە)شـدا هاتـووە:

«... دەڵـێ: سـەرم لـە ئێشـە دڵـم چەنـدی لـە ژانـە/ ڕۆڵـە برایـم مەردێکـی چازانـی/ ئەوڕۆکانـە مەردێکـی مـەردی مەیدانـی/ ئەممـا هەڵـی دەکێشـا شـیر لـە کالانـی/ ئـەوەڵ کەڕەتێ لە نێو لەشکرێدا دەکوشـت وسـووی موغانـی.»

لـە جەنگـەی گێڕانـەوەی حەقایەتـی شـارێ و بەنگیـن دا، بـە زەمینەسـازییەکی (شـارزاد)ی ئـاوا گێڕانـەوە ڕادەگریـت و وەدوای دەخـات:

«... دایکم گۆتی: گودروون شـەومان لێ درەنگ بـوو، ئـەوی دی بـۆ سـبیانێ شـەو.» (بەردینە. ل ١٨)

( («... دایـم گۆتـی: گـودروون شـەومان لـێ درەنـگ بـوو، قایـەت چەلـێ دوایـی نایـە. بنوویـن دا سـبیانێ شـەو.»

دایکـم دەیزانـی دەبـێ قایـەت لـە کـوێ دا بێڵێتـەوە بـۆ سـبیانێ شـەو.)) (بەردینـە. ل٣٠)

لـە گێڕانـەوەی قایەتـی شـارێ و بەنگیـن دا، بـەدەم دۆخ و حـاڵ و وەزعـی کەسـایەتییەکان، دەم و ڕاوێـژ و لەحنـی گێـڕەڕەوەش تونـد و خـاو دەبیتـەوە، واتـا ڕاوێژ(لەحـن) هەنگاو بـە هەنـگاوی ڕووداو خـۆ ڕێـک دەخـات، هـەر چەنـدە ڕووداوەکان خێراتـر و دۆخەکـە بە تەقڵـە و جلیتتر دەبیـت، زمانیـش ئـاوا چەلەنگتـر و توندتـر خـۆ ڕێـک دەخـات، ئـەوە وەسـفی هێرشـی سـوارانی کڵاوسـوورانە بـۆ سـەر شـارێ و خەدەنگـی، بـۆ دەسـت بەسـەرکردنی:

«... سـواریان بۆ نـاردە مەیـدان لـە مەزبووتـان و تانووتـان، دا هێنـدی بێنـن و ببـەن هەسـپی سـپی بپسـێنن. هـەر هەسـپ بـوو نرکـەی دەهـات و نسـکۆی دەبـرد، دوو سـێ سـوار خوانی زینییـان بەتـاڵ کـردن و لـە ڕکێفیـان کەوتنـە خـوار، چەنـد سـواران سـەریان کەوتـە بـەر زگ و زینـی وڵاغیـان، ئنجـا کەمەنـدداران لێیـان کـردە گەلەکۆمـی و

کەمەندیان خستنە حەوا و خەدەنگ بە تەقڵەییێک چەندان کەمەندی ڕادەدا. دوای پساندن و ڕفاندنی چەندان کەمەند؛ پاشی گەلێک قەڵەمبازان و سەرمەقولاتان، شان و پیلی شارێ چنگێک لە یاڵ و بژی خەدەنگی بە دەستەوە، بانگی هێشتێ: خەدەنگ بفڕە! خەدەنگ قەڵەمبازی هاویشت و بە جووتە و شەقۆن و چەپۆکان لە قۆشەنی دا. ڕەوێک گورگی برسی هەڵیانکوتا سەر شارێ و جولبەندیان لە دەستی ناو سندمیان کردە لاقانی و چاو بەندیان لە چاوی دا... خەدەنگ پڕ بە چیا و هێک بە ڕەندۆڵ و بابۆڵ، سیرەی هاتێ و کوێستانی پیرەزەرزا لە شریخەی دا، ئاخ بۆ خەدەنگی ئەنگاوی چنگ بە خینی سەر و یاڵ شکاو!» (بەردینە. ل ٣٨ و ٣٩)

زەمینەسازی ڕاگواستنەوەی خێرایی و خێوری و هێمنی و دڵەڕاوکەی دۆخ و حاڵی کەسایەتی بۆ خوێنەر، بە زمان و ڕاوێژ و خێرایی ڕستە و گوزاران، زەمینەسازییەکی ناسراوی بواری چیرۆک و ڕۆمانە. بیژەن نەجدی لە کۆمەڵەچیرۆکی (یوزپلنگانی کە با من دویدەاند)، بە شێوەیەکی بەرچاو کەڵکی لێ وەرگرتووە، بۆ نموونە لە کورتەچیرۆکی (روز اسب ریزی)دا:

(( ... موهایش را روی آرواره ی اسب ریخت. همین کە گفت «هی» اسب و آسیە دهکدە رو بهم ریختند.

طناب رخت وسط حیاط پارە شد. سبدهای پنبە از روی چهارچرخە ای افتاد. سگهای کنار قصابی دهکدە، لای پای مردم دویدند. زنی، خودش را کنار کشید و گندمهای زنبیلی کە روی سرش بود بر زمین ریخت. درختان غان راە باز کردند. برگهای افتادە، بە طرف شاخە ها رفتند. از آلاچیقهای پراکندە، مردان درشت و پیر با ریش سفید و شانە شدە بیرون آمدند و برای اسب و آسیە دست تکان دادند.)) (یوزپلنگانی کە با من دویدە اند. ص ٢٣ و ٢٤)

کە دەگاتە جەنگەی ڕەوایەتی دەس بەسەر کردن و بردنی شارێ بەرەو خێوەتەکانی خەلیل پاشا، زمانی بەیتاوی گێڕانەوە لە نێوان حەقایەت و بەیت و حەماسەتدا دێت و دەچێت. وردە وردە زمان بەرەو زمانی بەیتی ڕۆمانسی-حەماسی وەک لاس و خەزاڵ دەخوشیت:

«... شارێیان بردە لامێردانی خێوەتی سەر بە ژەنگاری بیست و دوو ئەستۆندەکی گوڵینگەدار... لەسەر سەندەڵی فەخفووری پێچک زێڕی پاڵوپشت داری تووک پەڕی قوو ڕۆنیشت...» (بەردینە. ل ٤١)

لە بەیتی لاس و خەزاڵ دا هاتووە:

**«... دەڵێ ئەمن نابەڵەدم لە کوێ ببمەوە میوانە**

**دەیگوت هەڕۆ لامێردانی خەزاڵی، جێگەی شاو و میر و بەگلەرانە**

**خەزاڵ بەسەری تۆ تاوڵت ئەتڵەسە لەسەر بیست و چوارچڵانە**

**ڕستەی تاوڵێت خەیاتی کۆ و حەڵەب و میسر و شام و دیاربەکر و ئیسفەهانە**

**لە دیوەخانێت ڕا فراوان پێنسەد فەڕشی قەرەخوراسانە**

...

**ئەوە لە دەرکی تاوڵێت بەستوونەوە، چەندە ماینی مەهەندەکی یاڵووش بەرەنگاری کلک لەسەر چوانە.»**

ڕۆمان، لە فەسڵی دووەمەوە و لە تەمەنی پازدە ساڵانی گێڕەرەوە (دەو پێنج ساڵان) دەچێتە دە قۆناغێکی دیکەی گێڕانەوە.

گێڕانــەوەی ڕاســتەوخۆی گێــڕەرەوە (گــودروون):

« دەوپێنــج ســاڵان دەبــووم، لەنــەکاو خەبــەر کەوتــە وڵات؛ گەلــی جەماعەتــی دیوانخــان! خۆساز دەن بۆ کـۆچ و کـۆچ بـار...» (بەردینـە. ل ٦٧)

لێـرە بـەدوا، وردە وردە پەیـڤ و زمـان خـۆی خـۆش دەکات بـۆ حـاڵ و هـەوای دەربـار و دیوەخانـان:

«... شـای سمایل... بـە دەسـتوور بـووە لـە پسـوولی نەسرەدین دا تێی بنووسـن: شـەییەک خـان نەیهێشت دەسـتی ئەتۆ بگاتـە سـەمەرقەند، ئێسـتا ئەمەیـن دەسـتی ئـەو ئـاوا دەنێریـن بـۆ ئەتـۆ، دا دەسـتت بگاتـە دەسـتی شـەییەک خـان! مـاوە دەسـتی چـۆپ ئەوەشـیان وێـڕای پسـوولێک هەنـاردووە بـۆ ئەمیـر ڕۆسـتەم حاکمـی مازەنـدەران. ...» (بەردینـە. ل ٨٣)

لـەوە بـەدوا، بـاس باسـی ڕەسـم و ڕسـووماتی دیوانخـان و عالـی قاپییـە و شـێواز و زمانـی دەربـاران:

«... لـە نێـزووک هـەر ئەسـتوونێک کێشـک چییـێک، کڵاوسووری چەکمە لەپێ، دەست لەسـەر باڵچووغـەی شـیر، قەڵغـان لـە سـینگ و ڕمـب لەشـان، قیـت و قنـج و مەزبـووت ڕاوەسـتابوو. دەمـی چوونـە ژوور، دەبـوو سـۆڵ و پێتـاو لـە لاقـی خـۆ داکەنـی. ئیکلامێکـی قایم لـە بەژنـی بکێشـی، پاشـان بـن دەرانـەی قاپـی ڕابمووسـی، ئنجا بچییە ژوور. جوێ لە شا هەباس و قوڵ و وەزیری دەستەڕاست، مەخلووقی دیکانە سۆلیان نەدەبردە ژوور. دەمـی هاتنـەدەر نەدەبوو پشـت لـە دیوانخـان بکـەی، دەبـوو پـاش بـە پـاش وەگەڕێـی و ئیکلامێـک پێـش بـە پێشـی قاپـی بکێشی و هەمدیس ڕایمووسی و ئنجا بێیـەدەر و سـۆلت لەپـێ کـەی.» (بەردینـە. ل ٨٨)

لە زمان حاتەم بەگی وەزیری شای هەباس:

«... عالـەم پەنـا و گرەگرەی دیوانخـان ڕایـان وایـە: ئەتـۆ لـە لەشـکردا بـە تایبەتـی بمێنـی، خەسـار دەبـی. واباشـە ببیـە خواردەسـتی مـن، جوملـەی چەنـد سـاڵان؛ پاشـان هەڵکشـاو دەبـی بـۆ خەبەربـەری و چەپەرباشـی» (بەردینـە. ل ٩٠)

ئـەو پەیـڤ و زمـان و دەم و ڕاوێـژە، تـا گـودروون و دایکـی لـە ئەسـپەهان دان و هـات و چـۆی دیوانخـان و دەربـاران دەکـەن، بەردەوامـە، تـا دەگاتـە بەشی (فەسـڵی ٦)، کـە ڕەوایەتـی شکسـت و خـار و زەبوونـی گودروونـە لەبـن دەست قزڵباشـان و ئەسکەندەربەگ، ئـەو محـەل کـە دەبیتـە کتکەبـۆر، دوای دەرمـان داو کـران و بـی ئیختیـار بوونـی:

«... کتکەبۆر! هەسـتە چیدی مەنوو، مشکانی ئێـرە زەبەنـدن، ئەتـۆم هێنـاوە تەنـێ مشـکانی خێوەتـی خـۆ و حاتـەم بـەگ و پیربـوداغ خـان و حەسـەن خانـم بـۆ ڕاو بکـەی...» (بەردینـە. ل ١٨١)

هەتاوەکـوو وەهـۆش هاتـن و (خۆناسـینەوە)ی دووبـارەی بـە بیسـتنی نـاوی (گـودروون):

«... دەنگێـک ڕابـوو گـودروون! مـاوی. بێنـی گودروونـم لـە هونـدروون خـۆش هـات. هـەوە، گودروونـە. مـاوم. مابـووم... هێـک نـاگا هێـزی گودروونم گەڕابۆوە لـەش...» (بەردینـە. ل ١٩٤)

لـەوە بـەدوا، دوای خـەڵاس بـوون و گەڕانـەوەی گێـڕەرەوە/ قارەمانی ڕەوایـەت بۆ مەحاڵـی شنۆ و یارانـی دمـدم و خـۆش بوونـی بـاوی شـەڕ و پێکدادانی قەڵانشـینان لەگـەڵ نەیـاران، پەیـڤ و زمـان و دەم و ڕاوێـژ ڕادەخوشـیت بـۆ حـاڵ و هـەوای حەماسـیی بەیتـی دمـدم:

«... دمـدم بـەردی مەیدانـە!» (بەردینـە. ل ٢١٢)

سەرەتای گێڕانەوەی ڕاستەوخۆی شەڕی دمدم، مەودای حزووری بەیت لە نێوان گێڕانەوەی ڕاوی یەک و دوو بەند (پاراگراف)ـە، هەرچەندی لە جەنگەی شەڕدا دەچینە پێشتر، ئەو حزووره و دەورگێڕانی ڕاستەوخۆی بەیت نزیکتر و ترپە و (فریکانس)ی بەروژوور هەڵدەکشێت:

« خانی خۆم خەنجەرانت بۆ دەشکێنم جۆری نێرۆییە، شیرانت بۆ دەشکێنم خانی خۆم جۆری دانزغییە، ڕمبانت بۆ دەشکێنم خانی خۆم جۆری نەزەرییە، خانی خۆم مەتاڵانت بۆ دەشکێنم جۆری کەرگەدەنییە؛ هەسپانت بۆ دەپسێنم خانی خۆم جۆری سەگلاوییە، پیاوانت بۆ دەپسێنم خانی خۆم جۆری سی ساڵییە...» (بەردینە. ل ٢١٣)

لە کۆتاییەکانی دەقدا، کە ئیتر دەگەینە شکان و شکستی قەڵانشینان و سەرکەوتنی نەیارانی قزڵباش، هاوار و ڕۆڕۆی بەیت وەک (ترجیع بند) بەردەوام دووپات دەبێتەوە و ترپەی هەڵدەکشێ و دەق هەر بەو شینگێڕییە کۆتایی پێ دێت:

« ... هاوار و بانگان دمدمێ!» (بەردینە. ل ٢١٦)

**[«... هاوار و ڕۆڕۆ دمدمێ!»**

**«... هاوار هاوارە دمدمێ!»**

**«... هاوار هاوار و ڕۆڕۆ دمدمێ!»**

**«... داد داد و ڕۆڕۆ دمدمێ!»]** (ل ٢١٧)

هەر لەو جێگایەش گێڕانەوە کۆتایی پێ دێت کە ڕاوی دەستی پێ کردبوو:

« ... ئەمنیش لانەواز و خانەگەردان، زویر و زگار، بە خۆ و بە تفەنگ و هەڵۆی کاک ئاڵییەوە، لارەوە لارەوە بەرەو گوند تێ هەڵبوومەوە. نمەنمە و دڵۆپ دڵۆپ قایەتێک لە هوندروونم دا خینی دەدەڵاند.» (ل ٢١٧)

جا ئاوا کۆتایی دەق بە سەرەتاوە دەلکێتەوە و بازنەی گێڕانەوە، وەک سەربەهووردی پڕ لە ژانی هەتاهەتایی مرۆڤی کورد لەسەر بەردینەی دمدم، بیچم دەگریت.


سەرچاوە:

- احمدی، بابک (١٣٨٧)، رسالەی تاریخ، چاپ اول، مرکز، تهران.
- احمدی، بابک (١٣٧٨)، ساختار و تاویل متن، چاپ چهارم، مرکز، تهران.
- تولان، مایکل (١٣٨٦)، روایت شناسی: درآمدی بر زبان شناسی انتقادی، مترجمان سیده فاطمه علوی و فاطمه نعمتی، سمت، تهران.
- رابرتز، جفری (١٣٨٦)، تاریخ و روایت، ترجمەی فریدون دهکردی، چاپ اول، دانشگاه امام صادق، تهران.
- نجدی، بیژن (١٣٨٥)، یوزپلنگانی کە با من دویدەاند، مرکز، تهران.
- شەمۆ، عەرەب (١٩٦٧)، قەڵای دمدم.
- جەعفەری، نەسرین (١٣٧٧)، بلیندو نەوی، ڕەهرەو، مهاباد.
- هیدایەتی، سەید قادر (١٤٠٠)، بەردینە، خانی، سەقز.


* بۆ زانیاری (شەهیدانی قەڵای دمدم)ی مستەفا ساڵح کەریم پییەس نییە، کۆچیرۆکێکی کورتە و یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦١دا چاپ کراوە، (٣) جار لە عێراق و ئێران چاپ کراوەتەوە، لەوانەیە لەگەڵ (پەتاسپیکە) کە شانۆنامەیەکی چیکییەو لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، لێیان تێکەڵ بووبێ.

(ڕامان)

# نیشانەی سیمیۆلۆژی لە گوتاری شیعریی (جەلالی میرزا کەریم)دا

غازی حەسەن
(ئەمریکا)

(٢- ٢)

کات و شوێن لەنێو دەقدا مەرجێکی بنەڕەتی نیشانەداری هەبوونی دەقە، بەرهەمهێنانی دەق بریتییە لە ناساندنی ژیان و دەوروبەر و پێناسەکردنی ناسنامە، گوتاری شیعری (جەلالی میرزا کەریم)یش بریتییە لە گەڕان بەدوای ناساندنی ناسنامە و بەدیهێنانی ناسنامە:

**(ئەبێ ژیلەی بیر وا بورووژێنین گیانی ڕزیوی پێ ببزوێنین. چەکی خەباتی لێ بکەینە شان. بە خوێن بیسڕین مۆری ناوچەوان ئەوساکە ناوی گەلێکی زیندوو ئەبێتە مایە و شانازی مێژوو)**. لەوێنەیەکی دیکەی زێدە جواندا دەڵێت: **(من لە مەرگا ناوی ژیان لە خۆم ئەنێم من لە دەنگا شیعر بۆ چرپەی چاو ئەڵێم)**. ئەمە ناسنامەیەکی فیکرییە، ناسنامەکەی (ژیانە). یان دەڵێت: **(خۆزگە بۆتە بەهەشتێکی ناو کۆماری ئەفلاتوونی ئەم سەردەمە..... کەچی تازە کەوشەکانی مۆزەخانەی بیری مارکس لەلای ئێمە ئەکەونە ڕێ)**. ئەمانە جۆرێکی دیکەی ناسنامەی فیکری و بیرکردنەوە و گوتاری شیعریی ئەم شاعیرەیە، کە بەیەک خەت و بیر و تێڕوانین دەقی بەرهەم هێناوە. ئەو شیعری لە سەردەم و مێژوویەکی دیاریکراودا نووسیوە، بەڵام ناسنامەکانی نێو گوتارە شیعرییەکانی لە هەموو سەردەمێکدا دەتوانن هەر ناسنامە بن و بگونجێن و لێک بدرێنەوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە دەشێ لە هەموو سەردەمێکدا قسە لەسەر هەندێک لەو بابەتانە بکرێت.

لە شیعری (چرپەی ژانێکی نوقمبوو) کە ساڵی ١٩٩١ نووسیویەتی دەڵێت: (شوناسنامەی ئاسمان و زەویم بدڕێنم، دوا هاوارم کوردستان بێ و ببمە هاونشینی دەریا و دوا هەناسەی ئەم شیعرانەم لەگەڵ خۆما بخنکێنم و نوقم ببم). ئەو هەمیشە وەک کەسێک کە بڕوای بە خەبات و خۆڕاگری و قوربانییە، (ناسنامە) وەک نیشانەیەک بۆ (بێ نیشتیمانی) و (ئاوارەیی) و (لەدەستدانی هیواکان) وەسف دەکات، دەگاتە

ئەوەی بەجۆرێک یاخی بێت (ناسنامەی ئاسمان و زەوی بدڕێنێ). ئەم دوو ناسنامەیە نیشانە و هێمایە بۆ (ئیمان و فیکر)، بۆ (ئایین و سیاسەت)، بۆ (دینداری و ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە)، بۆ (خوا و مرۆڤ). شیعر وەک دەق دەتوانێت هەموو شتێک بێت، زمانی شیعر بریتییە لەلادان و گونجاندنی هەموو نەگونجاوێک. گوتاری دەقی شیعر بریتییە لە نیشاندان و نمایشی پەیامێک کە کەسانی ئاسایی ناتوانن بەم شێوەیە گوزارشتی لێ بکەن، یان هەستی پێ ناکەن. ئەو باسی ڕووداوە ڕاستەوخۆکانی دوای ڕاپەڕین و (هاتوچۆی بەغدا) دەکات. ترس و گومانی هەیە لەوەی دیسان بەغدا تووشی کارەسات و بێ ئومێدییان بکات.

وەک (موحەمەد مفتاح) ئاماژەی پێ کردووە زمان پڕە لە گوزارشت لە بارەی خود، شیعریش کۆگایەکی خودییە، واتە بەپێی ئەم بۆچوونە دەتوانین بڵێین شیعر پرۆسەیەکی خودییە، لە پێناو ئامانجێکی گشتیدا. دەکرێت شاعیر خۆی بێت و لەبارەی خۆی بدوێت، لەکاتێکدا هەر شاعیر دەتوانێت تۆ، ئەو، یان گشت بێت و لە بارەی ئەوان بدوێت. دەتوانێت هەستێک و دیاردەیەک و شتێکیش بێت. ئاساییە لە دەقێکی شیعریدا شاخێک، شۆڕشێک، ڕووداوێک، مردوویەک، دارێک و بەردێکیش قسە بکەن و زمانی ئاخاوتنیان لەزار و زمانی هەموو مرۆڤێک کاراتر بێت و چیرۆکی خۆیان بگێڕنەوە و هەست و نەستی خۆیان دەربڕن، خودییەتی نێو گوتاری شیعر دەگاتە ئاستێک هەموو شتێکی ناسروشتی دەکرێت سروشتی بێت، هەموو نەگونجاوێک دەکرێت گونجاو و شیاو بێت، ئەمە ئەرکی ڕوحی دەقە، بۆیەشە دەڵێین شیعر دەقێکی پیرۆزە، چونکە دەقە



جەلالی میرزا کەریم

پیرۆزەکانیش ڕوحی شیعربوونیان تێدایە.

## ناوونیشان

ناوونیشان لەڕوانگەی شیکردنەوەی تیۆری سیمیۆلۆژییەوە بریتییە لە نیشانەیەک لە نیشانەکانی نێو دەق. دەکرێت ناوونیشان لە ڕوانگەی وەسفکردنی دەقی شیعری و شیکردنەوە و لێکدانەوەکان بێت، دەکرێت هەر خۆشی شوێنگرەوەی وەسف و شیکردنەوە و لێکدانەوەکە بێت. (عبدالسلام المساوي، ١٩٩٤). ناوونیشان دوو ئەرک و کاریشی وەک (بارودۆخ و زانیاری) لە ئەستۆیە. (عبدالله الغذامي، ١٩٩٢.)

ئەو ڕاشکاوانە لەم دەقەدا دەڵێت (**دەمێکە هەین و بەڵام هەر نەبووین. دەمێکە زیندووین، بەڵام هەر مردووین. دەمێکە بێخواین، بێ بیر و بڕواین. ڕێبواری ڕێگای بێ ناوونیشانین. بێ گۆڕستانین. بێ کوردستانین**).

ئەمە ئەو نیشانە نادیارەیە کە وەک واتا لەنێو دەقەکەدا، یان وەک ستراتیژی فیکری و بیرکردنەوەی خودی شاعیر پێناسە دەکرێت. دەتوانم بڵێم (پێشمەرگە، شۆڕش،

خۆشەویستی، شار، ئاوارەیی و پەناهەندەیی، بیر و کرداری نوێ، ڕێگای نوێ و زەردەشت و کوردستان و شاخ و سەنگەر... تاد) بەشێکی دیکەی ئەو ناوونیشانە سیمیۆلۆژیانەن، کە دەقنووس دەیەوێت لەنێو بابەت و وێناکردنی شیعری و گوزارشت و گوتاری جیاوازدا قسەیان لەبارەوە بکات.

ناوونیشانەکان لای جەلالی میرزا کەریم ئاسایین، خەڵک تێیان دەگات، واتای فەرهەنگی و سروشتیان هەیە، لە هەمان کاتدا دەکرێت بڵێین واتای هزری و نیشانەی سیمیۆلۆژی و گوزارشت لە شتەکانی پشت شتە دیارەکانیش دەگەیەنێت. زۆربەی ناوونیشانەکانی ئەو شیعرانە لای خوێنەر وشەی ناسراون، بەڵام کە قووڵتر بیریان لێ دەکەینەوە و گاڤێک دەقی شیعرەکە دەخوێنینەوە ئاساییە، واتا و مەبەست و پەیامی دەقی ناوونیشان بەرەو شوێنێکی دیکەمان ببەن، کە لەسەرەتادا بیرمان لێ نەکردبێتەوە، ئەمەش لەچوارچێوەی گەمەی زمان و دروستکردنی وێنەی شیعری و مژووڵکردنی خوێنەر بەبیرکردنەوە و پشکنینی واتا فیکرییەکانەوە هاتەوە.

لە هەمان کاتدا هەندێک ناوونیشان بۆشاییەکی واتایی و وێنە و بیرکردنەوەی تێدایە، کە خوێنەر دەبێت بیریان لێ بکاتەوە، لەوانە (نەورۆز دێنم) منی خوێنەر دەپرسم (چۆن و کەی و بۆچی دەیهێنێت و ئەو نەورۆزە چ جۆرە نەورۆزێکە.. تاد)، یان کە دەڵێت (دوو چاوی)، خوێنەر بیر لەوە دەکاتەوە ئەمە (لەبارەی کچێکەوە بئاخڤێت، یان وەسفی دوو چاو دەکات، ڕاستییەکەی پرسیارێکی پڕ لە بۆشاییە، دەبێت خوێنەر بیر بکاتەوە دوای ئەوەی کردەی بیرکردنەوە تەواو دەکات، ئەوجا پێشبینی ئەوە دەکات ئەم دوو چاوە چییە و مەبەست لێی چییە، یان (لە هاتنتا) پرسیارێکە خوێنەر بیری لێ دەکاتەوە (ئەوەی قسەی ئاراستە کراوە دەبێت نێر بێت، یان مێ؟ کەسێکە، یان گیانەوەرێک، ڕووداوێک، یان شتێک؟ لەکاتێکدا دەکرێت ئەمە هەموویان بێت و هیچیشیان نەبێت) مەبەستم ئەوەیە شاعیر پەنای وەبەر تەکنیکێکی نوێ، پڕ پرسیار و دروستکردنی بۆشایی، بە مەبەستی سەرنجڕاکێشان و وروژاندن و کارتێکردن و شیکردنەوە خوڵقاندووە.

بەهەمان شێوە لە ناوونیشانەکانی (نەمری خۆر، هاوارێک، نەء دڵدار نین، لە کوێم، گریە شیعر.... تاد)، هەمان شتی تێدا کراوە و پرسیارەکان، یان سەرنجڕاکێشان و زانیارییەکان و هۆشداری و پەیامەکانیان تەواوکراو نین، پێویستیان بە (تێگەیشتن و لێکدانەوەی) خوێنەر لەپێناو تەواوکردنی مەبەست و وێنە و لێکدانەوە دەبێت.

### خەون و خەو

لە شیعری (هەڵوێست)دا لە پەرەگرافێکدا دەڵێت: (**بۆیان هەیە ئۆکسجینی ناو ژوورەکەم لێ زەوت بکەن. قەوانەکانی ئەلبوومی خەونی ڕێگام، لەتوپەت کەن، هەڵپرووکێنن پەڕەی گوڵی یادگاری نامەکانم..... بەڵام هەرگیز نەء ناتوانن تەوژمی وشە هەڵڕشتن بۆ کوردستانم ڕابگرن**). ئەو خەونەکانی بریتین لە (قەوانی ئەلبووم). بێگومان وێنە پێش باسکردن گیراوە و خراوەتە نێو ئەلبووم، واتە پێش کاتی ئاخاوتن و قسەکردن و گوتارە شیعرییەکەیە، قەوانیش وایە نیشانەیە بۆ (شتێکی گوتراو، یان تەقێنراو پێش ئەو کاتەی قسەی تێدا

بکرێت). وێنەیەکی جوانی شۆڕشگێڕی و کاتی خەبات و سەنگەرە، بەشێوەیەکی هونەرییانەی پشت بەستوو بە وێنەیەکی شیعری پڕ لە وزە بەستراوەتەوە بە (وێنەیەکی فیکری)، کە بریتییە لە خەونی (خەبات و تێکۆشان و سەنگەر)، ئەویش (بەردەوام بوونە لە نووسین لەپێناو کوردستان)دا.

دیقەت لە (خەون) وەک نیشانە و هێمایەکی دەروونی و فیکری، وەک وێنەیەکی شیعری بدەن، دەزانین چتۆ وێنەیەکی نیشانەداری سیمیۆلۆژی لەبواری فیکر و وێناکردنەوەی هونەریی دروست کردووە. ئەو (هەرگیز) وەک نیشانەیەکی بەهێزی (متمانە بەخۆبوون و دڵنیایی لە بەردەوامی و نەوەستان بەکارهێناوە) و (نەء)ی وەک نیشانە و هێمایەکی (پێدانی هەواڵێکی پشت ڕاست کراوەی دروست بەکارهێناوە) و (تەوژم) بەواتای بەکارهێنانی گوتارێکی شیعری (گەرموگوڕ و کاریگەر و بەهێز دێت) ئەو ناڵێت من خاوەنی خەونە گوتارێکی شیعری بەهێز و کاریگەرم، چونکە ئەمە دەبێتە جۆرێک لە ستایشی خودی، بەڵام لە ڕێگەی بەکارهێنانی واتای هێمادار و نیشانەیەکی پڕ لە واتای دەروونی و هزرەوە دەڵێت (تەوژمی وشە هەڵڕشتن). لە کردەوەدا (خەون)ـە خەیاڵییەکەی ئەو بریتییە لە وتاری واقیعی و ڕاستەقینە (کوردستان). ئەو خەونێکی خەیاڵی بۆ نیشانەیەکی هەقیقی (کوردستان) وەک (خاک و ئامانج و پەیام) بەکارهێناوە. لەلایەک کوردستان نیشانەیەکی دیار و ئاشکرا و بەرجەستەیە، لەلایەکی دیکەوە نیشانەیەکی هزرییە، کوردستان بەواتای (نیشتیمانێکی داگیرکراوی زۆرلێکراوی چەوساوە دێت) و پێویستی بە وشەی بە تەوژم و گوتاری شیعری بەهێز و گەرموگوڕی گیڤارانەیە.

من لە لێکدانەوەی ئەم دەقە شیعرییانە هیچ کاتێک ئاشنای کەسیم لەگەڵ شاعیر نەبووە، بەڵام هەستونەستە فیکرییەکانی نێو دەق و وێنە شیعرییەکان ئەوەمان پێ دەڵێن، کە ئەو (خەونێکی) هەقیقی و (خەو)ێکی خەیاڵی هەبووە. لەو ڕۆژەوەی لە ١٩٥٨ــەوە شیعری بڵاوکردووەتەوە، لەنێو خەوێکی پچڕ پچڕدا گوتاری خەونی (پێشمەرگە و خەبات و شۆڕشی) درێژە پێ داوە.

لە شیعری (نەورۆزی خۆزگە)دا دەڵێت: (هەواڵی خەونی شارەکان هێشتا بەندی شەوێکی ئەنگوستەچاوە). بێگومان (خەون) نیشانەیە بۆ ڕوودانی دۆخ (نووستن و خەوتن)، ئەمەش بەکردەوە و بە گشتی لە شەودا دەبێت. خەون هێمایە بۆ خەوتن و شەو، بۆیە ئاماژە بە شەوێکی ئەنگوستەچاو دەکات. هەواڵ نیشانەیە بۆ ئەو زانیارییەی کە دۆخەکە و شارەکە هێشتا (بەندی شەوێکی ئەنگوستەچاو)ن، یان باشترە بڵێین (تاریک و ناڕۆشنە)، واتە لەڕووی واتای هزرییەوە هەریەک لەم شتانە واتایەکی دیکە و نیشانەیەکی جیاواز لەو نیشانانەمان پێ دەبەخشن، کە بە شێوەیەکی فەرهەنگی و سروشتی لەنێو دەقەکەدا بیناکراوە. ئەم جۆرە نموونانە لەنێو دەقەکەدا زۆرن و دەکرێت لە زۆر شوێندا بدۆزرێنەوە و شیکار بکرێن. هەر لەم شیعرەدا دەڵێت: (لە وشیاری و خەوندایە لەسەر نووکی خامە و لوولەی تفەنگدایە...). (وشیاری هێمایە بۆ خامە و خەون هێمایە بۆ تفەنگ). شاعیر لە زۆربەی شیعرەکاندا وەک ئاماژەمان پێ کردووە بۆ (تفەنگ، پێشمەرگە، بیری نوێ و ڕێگای نوێ.. تاد) دەگەڕێتەوە، ئەمە هاوکێشە دیارەکانی بیرکردنەوە و تێڕامان و تێفکرینی شاعیرە بۆ ژیان و خەبات و

بیرکردنـــەوە لــە ڕزگاری و بەدیهێنانــی ژیانێکــی باشـتر.

لە شیعری (ڕۆژگارە سەرگەردانەکان)دا دەڵێت:

**هەموو ڕۆژێ**
**چاوم لەبەر کوشتوبڕی**
**سلفادۆر و لوبنانێکی**
**گڕ هەڵسانی**
**هەواڵی تەلەڤزیۆنا،**
**ئەبێتە کانیی فرمێسک و**
**بەسەر ڕووی چرچولۆچبووما**
**ئەڕژێتە ناو بوارێکی**
**ونی دوای خەونەکانەوە و**
**ئەتوێتەوە**

لێـرەدا دەبینیـن هــەواڵ چ زانیارییەکمـان پــێ دەگەیەنێـت و خەونیـش چمـان پــێ دەڵێـت، کـە لای شـاعیر شــتەکان دەبنــە (کانــی فرمێسـک و ئەتوێتــەوە). شـاعیر پێمـان دەڵێـت (بوارێکـی دوای خەونـەکان)، واتـە پتـر لەیـەک خـەون هەیـە و خەونەکانیشـی ناسـراون. خەونەکانـی بـەوە دەبەسـتێتەوە کـە (وشـەم چۆکـی پاڕانــەوە و سـڕبوون نییـە. دڵیشـی لانـەی حەوانـە و کرپـوون نییـە). لێـرەدا شـاعیر وەک چـۆن لـە ئەمەریـکا خەون دەبینێت، خەونەکانیشـی هەمیشـە لەبەردەم هەواڵـی تەلەڤزیۆنـەکان و لەنێـو سلڤادۆر و لبنـان بــەرەو کوردســتان و (تفەنــگ)ی دەگێڕنــەوە. بەواتایەکـی دیکـە خەونەکانـی دەقنـووس خــەون بینینێکــی خەباتکارانەیــە، بیرکردنەوەیــە لــە تفەنـگ.

تا لەشیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

**خۆشەویستی**
**شۆڕەسواری خۆی لە هەموو هەورازێک و**
**نشێوێکی شارەکانی شەودا هەیە**
**خۆشەویستی**
**ڕووباری خۆی لە کیشوەری**
**تینووی چڵە بزەکانی خەوا هەیە،**
**گیانە شەوە!**
**خەرمانەی مانگ وشەکانی ئێوارەمان**
**بۆ ملوانکەی گەردنی خۆر،**
**بە تاڵەدەزووی فرمێسکی**
**دووریمان ئەهۆنێتەوە.**
**گیانە خەوە!**
**هەناسەی بانگ،**
**نامەکانی دڵداریمان**
**بۆ تێشووی سەفەری دووری**
**ئەمجارە ئەپێچێتەوە**

ئــەم شــیعرەی لەســاڵی ١٩٧٧ نووســیوە و لــە ســاڵی ١٩٧٦یـش لەبـارەی (مارتـن لۆسەر)ــەوە دەنووسـێت:

**زۆر حەز ئەکەم**
**گیانی لۆسەر لێرە بووایە**
**وەک من، وەک تۆ**
**وەک ئێوەی هەموو دنیا، بماندیایە**
**دەستمان لە ملی کردایە**
**شۆڕشێکی تازەمان دەست پێ بکردایە.**

کاتێــک (خــەون) وەک هێمایەکــی دیکــەی (بیرکردنــەوە، لێکدانــەوە و شــیکردنەوە لای خــودی شـاعیر) لێـک دەدەینـەوە، ئەوەمـان بـۆ دەردەکەوێـت کـە (خــەون) نیشـانەیەکی هزرییـە، هێمـا و ئاماژەیـە بـۆ ژمارەیـەک (مەبەسـت و پەیـام و خواسـتی) ناڕاسـتەوخۆی نێـو گوتـار. جەلالـی میـرزا کەریـم لـە ئامـاژە بـە (مێـژوو)دا مەسـەلەکان بە (خەون)ێکی بنەڕەتی و ڕاسـتەقینە دەبەسـتێتەوە، کـە بریتییـە لـە پرسـیاری بنەڕەتـی و مەبەسـتی سـەرەکی نێـو گوتـاری دەقەکانـی ئەویـش ئەوەیـە (مێـژووی ئێمـە خەونێکـی بـێ کوردسـتانە).

لـە شـیعری (سـەرەتای حەیرانـی تەمەنمـان) دەبێژێت (**مێـژووی ئێمـە تەرمێکی بـێ گۆڕستانە. ئایەتێکـی بـێ قورئانـە. بەڵێنێکـی بێنیشـانە. مێـژووی ئێمە چەندین سـەدەی فریودانە. مێژووی ئێمـە هـەر دۆڕانـە. مێـژووی ئێمـە خەونێکی بـێ کوردستانە**). لێرەدا بـاس، باسـی خـودی (مێـژوو) خۆی نییـە، بەڵکوو مێـژوو نیشانەیەکە بۆ فیکر و لێکدانــەوە و تێڕوانیــن لەبــارەی خــودی کــورد و کارەسـات و سـەرنەکەوتنەکانی. ئـەو دەیەوێـت نەخۆشـی و نیشانەکانی دەردەکوردمـان پـێ بڵێت، کـە ئێمـە (خاکمـان سـەربەخۆ نییـە، بەرنامـە و دەقێکـی پیرۆزمـان نییـە، بەڵێـن شـکێنین و فریوخواردوویـن، دۆڕانـە خەونـە، خەونێکـی بـێ کوردسـتان). ئەگـەر لـە ڕوانگـەی پراگماتیکـەوە شـیکاری ئـەم نیشـانە سـیمیۆلۆژییە فیکـری و زیهنیانـە بکەیـن، بۆمـان دەردەکەوێـت ئـەو گوتارێکـی ڕەخنەگرانـەی ئاشـکرای لـە مێـژوو، لـە فیکـری کـوردی و لـە کـردەی دۆڕان و نەبوونـی بەڵێـن و خۆشـباوەڕی و شـکانی بـەردەوام هەیـە.

لـە (داسـتانی شـار)دا، کـە سـاڵی ١٩٥٨ نووسـراوە و لـە سـاڵی ١٩٧٠ لـە هـاوکاری بڵاوکراوەتــەوە شـاعیر لەپەرەگرافێکـدا دەڵێـت:

**هەتاکەی وابین؟**

**هەر لە خەوابین؟**

........؟

.....؟

ئەمـە دەقێکـە دوو دێـڕی پرسـیارە و کارەکتـەر و قسـەکەر (ئێمە)یـن. قسـەکەر لەبـارەی خۆیـەوە لەبـارەی (ئێمـە)ی قسـەکەرەوە دەدوێـت. لـە دوو دێڕی دووەمدا تەنیا (....؟) بۆشایی و پرسیار. خوێنـەر و وەرگر دەتوانێت بۆشـاییەکانی بەپێـی لێکدانـەوە و بۆچـوون و فیکـر و تێڕوانیـن بـە نیشـانەیەک لـە نیشـانەکانی لێکدانـەوەی خـۆی پـڕ بکاتــەوە. دەکرێـت وشـەکە نیشـانە بێـت بـۆ جوێـن و خۆداشـۆرین، بـۆ ملکەچـی و ژێردەسـتی، بـۆ دواکەوتـن و نەزانیـن... تـاد. ئەمـە توانایـی بەهێـزی شـاعیرە ئـەم دۆخـەی خوڵقانـدووە. ئـەم بۆشـاییە وا لـە خوێنـەری دەقەکـە دەکات بیـر بکاتـەوە، بیرکردنەوەیەکـی قـووڵ و لـە تەواوکردنی دەقەکـەش بەشـدار بێـت. گوتارێکـی بەرهەمهێنـاوە دەرفەتـی بەرهەمهێنانـەوەی گوتارەکـە بـە وەرگـری دەقەکـە دەبەخشـێت. (لـە خـەودا بیـن) نیشـانە نییـە بـۆ کـردەی (نووسـتن)، بەڵکوو نیشانەیەکی هـزری و فیکـری و وێنەیەکـی شـیعرییە بـۆ (دواکەوتـن و ناهۆشـیاری و پاشـکەوتن و نەزانیـن و ژێردەسـتەیی و بـێ فیکریـی و کۆنەپەرسـتی.. تـاد) خوێنـەر بەپێـی تێگەیشـتن و لێکدانەوەکانـی دەتوانێـت نیشـانە زمانـی و فیکـری و هزرییـەکان بـۆ وشـەی (هەتـا کـەی لەخەوابیـن؟) بدۆزێتـەوە. لەبیـر نەکەیـن دەوروبـەری وەرگریـش وەک دەوروبـەری نێـرەر کاریگەریـی لەسـەر تێگەیشـتن و شـیکردنەوەی گوتـار و پێکهاتەکانـی و ئـەو وشـە و دەسـتەواژانە هەیـە، کـە لەنێـو دەقـدا بـۆ مەبەسـتی جیـاواز بەکارهێنـراون.

### شاعیر گیڤارانە بیر دەکاتەوە

لـە زۆربـەی شـیعرەکانیدا شـاعیر چەنـد دەسـتەواژەیەک بـەکار دەهێنێـت، کـە بەکـردەوە نیشـانە و هێمـای فیکـری و کردەییـن بۆ پاڵپشـتیی بۆچـوون و پشـت بەسـتن بـە بۆچوونەکانـی گیڤـارا لـە خەبـات و بەرەنگاربوونـەوەی دوژمنـی داگیرکـەر. بـە واتایەکـی دیکـە شـیعرەکانی شـاعیر هێمـا و نیشـانەن بـۆ خەباتـی (پێشـمەرگایەتی و تفەنـگ و داسـتان و خۆڕاگری و سـەنگەر و ڕزگاری نیشـتمان.. تـاد).

لـە شـیعری (وەرام)دا دەڵێـت: (**ئەبـێ زامـی**

**هێشتا زیندووی پێشمەرگەکان بکرێنەوە)**. لە شیعری (هەنگاوی گڕ)دا دەنووسێت: **(چۆن بتوانم زامەکانی خەمی دووریت ساڕێژکەم. ماچی لێوی نەورۆزی گڕ لە شەپۆلی خوێنا چێژکەم... گۆڕ چوارچێوەی تابلۆی وێنەی پەڵەیەکی خوێنی ئەوێ..)**. لە شیعری (هەڵوێست)دا بۆ (گیانەکەی) دەڵێت: **(گەر دێر نەبێ بە سەنگەری پێشمەرگەی دەنگ. دەنگیش نەبێ بە تووڕەیی ژانی تفەنگ. یەک بەیەکیان گرێ ئەدەم ئەیانکەمە کڵافەی ئەڵقەی سێدارە و لە گەردنی خۆمی ئەخەم)**.

لە شیعری (چرپەی ژانێکی نوقمبوو) بە شێوەیەکی نیشانەئامێز واتا و مەبەست تێکەڵی یەکتر دەکات و لە وێنەیەکی شیعری جوان و پڕاوپڕ لە پرسیار و ئەگەر و گومان دەگاتە ئەوەی بڵێت: **(نەکەن نەکەن. پێشمەرگە هەناسەی چەک کەن. ئەو هەر دەنگە و نەکەن لافاوی هاواری هەڵبسێنن)**. ئەو زۆر لە بۆچوون و شیکردنەوە شیعرییەکانی بە نیشانەی (پێشمەرگە) و (تفەنگ) و (شۆڕش و داستان و نەورۆزی خەبات و شەهید و خوێن و گوللە و سەنگەر... تاد) دەبەستێتەوە. ئەو هەتا هەناسە بە (پێشمەرگە و هێمای تفەنگ) وەک نیشانەیەکی ژیان و مانەوە و بەردەوامی و تووڕەیی و تۆڵە وەسف دەکات.

لە باسی (ڕاپەڕین) هێما و نیشانە سیمیۆلۆژییەکانی واتا لە گوتاری شیعردا وا نمایش کراوە و ئەرکەکانی ڕادەپەڕێنێت، هێندە ناسکە هیچ هەست ناکەیت باسی (تفەنگ) دەکات، هێندە خۆشەویستانەیە هیچ لەوە ناچێت نیشانەکانی (تفەنگ)ێکی ئاسنینی پۆڵایینی ڕەقوتەق و (ئاگر و بکوژ و خوێن)ی وەک تفەنگی لەخۆ گرتبێت، کە دەڵێت:

**ئەم جارەیان**
**تفەنگ بەخۆی چووە سەرشان**
**جۆگەی هاوار**
**بەتەوژم ڕژایە نێو گەرووی تینوو**
**بۆ یەکەم جار**
**وڵاتی ترس ئاوا هەڵچوو.**

گوتارەکە لە ڕووی واتاوە هێندە تەڕ و ئاودارە، تەنیا تینووەکانی ئازادی، چەوساوە و ئازار چەشتووانی نێو شۆڕش و قوربانییەکان دەزانن ئەمە چ واتا و هەست و نەستێکی دەروونی و فیکری و چ وێنەیەکی جوانی شیعری لەخۆگرتووە. جەلالی میرزا کەریم لە یەکەم شیعرییەوە تا دوا شیعری نێو کۆی ئەم دیوانە شیعرییەی کە سەرجەم شیعرەکانی لەخۆ گرتووە هەستێکی (گیڤارانە)ی هەیە، وێنەکانی شیعر هەمووی، یان چەک لەشانن، یان بیریان لەچەک و سەنگەرە، یان گەرەکیانە بیر لە بیرێکی نوێی چەک و سەنگەر بکەنەوە. ئەو ڕزگاری و ئازادی لە (چەک و سەنگەر و بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشگێڕانە) گیڤارانەدا دەبینێت، بۆیە لە ڕاپەڕینیشدا لەبیری نەکردووە، کە (چەک خۆیان چوونەتە سەرشان)، بێ ئەوەی شان بیریان لە تفەنگ کردبێتەوە.

تا دەگاتە ئەوەی جارێکی دیکە لە درێژەی ئەم شیعرە درێژەدا دەبێژێت **(ئاخ پێشمەرگە. پاش کارەسات لەگەڵمان بە! لەناو ئۆردووگای دڵماندا بە! چەک دامەنێ. خۆت ڕاومەنێ.......)**. ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات نیشانەکانی نێو دەقەکە بریتین لە گوتارێکی ڕاشکاوانەی ڕاستەوخۆ لەبارەی (پێشمەرگە) و (خەباتی چەکدارانەی شۆڕشگێڕ). ئەو هەموو ئاییندەیەک و خۆپارێزی و سەرکەوتن و بەردەوامییەک لە بوونی (پێشمەرگە)دا دەبینێت و داوای لێ دەکات

(چـەک دانەنێـت). ئـەو هەمیشـە و بـۆ هەمیشـە لەگـەڵ (پێشـمەرگە) دەدوێت و پێشـمەرگە بـە (هەناسـەی تفەنـگ) ناودەبـات.

له (خوێننامــەی دڵدارێکـی تینـوو)دا دەبێژێـت: **(بەگوێی مەم و زینی باوەشی گەرمی پێشمەرگەی دڵی سـەنگەری خوێنینی شۆڕشـەکەما ئەتەقێنێ)**، یان ڕاشکاوانە وەک نیشانەیەکی ڕاستینە لەپێناو دروسـتکردنی نیشـانەیەکی خەیاڵـی، لێکچووانـدن، مەبەسـت و بەدیهێنانـی گوتارێکـی شـیعری لـە دەقێکـی پـڕ لـە واتـا و هەڵچـوون و ئارامـی و تێڕامـان و لێکدانـەوە و پێشـهات و وێناکردنـدا لەبارەی (گیڤارا)وە دەڵێت: **(گیانە ئەمڕۆ من و دڵدارێکی هـەر وەک خـۆم ڕەنجـەڕۆ باسی مەرگی دوا گوللـەی گیڤـارای ئـەم کوردسـتانەمان ئەکـرد، باسی چرای ڕێی بێ بەرگی درەختی شۆڕشمان ئەکـرد... )**.

ئـەو (دڵدارێکـی ڕەنجەڕۆ)یـە، (بـێ ئـاکام و ڕەنجکێشـی پـڕ کێشـە و ئـازارە)، بـەڵام ئـەو دڵداری ئەشق نییـە، ئەو دڵداری شۆڕشـە. لێرەدا هەقیقەتـی دڵـدار بۆ هەقیقەتێکی جیاواز لەخۆی دەگۆڕێت، ئـەو گوتـاری (خـودی و زمـان و وێنە و گوتـاری مـن) لـە دەقـی شیعرەکانیدا لـە زمانێکـی خـودی و گوتارێکـی خـودی، دەگۆڕێت بۆ دۆخێکی گشـتی. ئـەو زۆر لـە فیکـر و بۆچـوون و دۆخـە مرۆییەکانی خۆشی بە (شـۆڕش و تفەنـگ و ئاگر و خوێـن و نـەورۆز و یاخیبوونـەوە) دەبەسـتێتەوە، تەنیـا ئـازار و دووری و ئاوارەیـی و پەناهەندەیـی خۆشـی هـەر بـە (شـۆڕش و شـاخ و پێشـمەرگە و بیـر و کـرداری نـوێ) تیمـار دەکات.

ئـەو هـەر بـە زمـان و تەکنیکـی ڕوانگـە و فیکـر و بیـری ڕوانگـە دەنووسـێت، ئـەو بـە پێکهاتـە فیکرییـەکان و گوتـاری هەمـان ئاراسـتەی ڕوانگـە دەنووسـێت، پێـم وایـە هەندێک لەو دەسـتەواژانەی ئـەو بـە کاری هێنـاون، دواتـر هەندێـک شـاعیر بەکاریـان دەهێننـەوە.

## پوختەی لێکدانەوەی نیشانەکانی نێو شیعری جەلالی میرزا کەریم

پوختــەی ئــەو شــتانەی پێوسـتە لەنێـو نیشـانە سـیمیۆلۆژییەکانی گوتـاری شـیعری ئـەم شـاعیرە ئاماژەیـان پـێ بکـەم بـە پوختـی و چـڕی و پـڕی ئەمانـەن:

– زمانـی نووسـین و زاراوە و ئـەو کەرەسـتانەی لـە سـەردەمی ڕوانگـە بـەکاری هێنـاون، دەکرێـت بڵێیـن هەمـان سـتراتیژی بەرهەمهێنانـی بەردەوامی گوتـاری دەقـە شـیعرییەکانیەتی، هەرچەنـدە (سـەباح ڕەنجـدەر) پێـی وایـە سـەردەمی ڕوانگـە سـەردەمی گەشـی ئـەون، مـن پێـم وایـە درێـژەی بـەم شـێواز و هەسـتە داوە.

– گوتاری شیعری یەکسان و هاوسەنگە بەخودی دەقەکـە. شـێوازێکی ڕاشـکاو و ڕاسـتەوخۆیە، لـە هەمـان کاتـدا لەپێنـاو دروسـتکردنی وێنـەی شـیعری پەنـای وەبـەر شـێوازی ناڕاستەوخۆ لـە بەرهەمهێنانـی گوتـار بـردووە.

– هەندێـک دەسـتەواژە و وشـە و گوتـن ئـەو بـەکاری هێنـاون، دواتـر لای هەندێـک شـاعیری دیکـە دووبـارە کراونەتـەوە. لەوانـە (جانتـای سـەفەر). (خوێننامـەی دڵدارێکی تینـوو). (گیڤارا و ناوەکانـی دیکـە) (پرچـی خۆشەویسـتەکەی) و (شـۆڕش).. تـاد.

– بـە جۆرێـک کـە دوور نییـە هەمـان هەسـت و گوزارشـت و مەبەسـت لای هەندێکـی دیکـە بـەم شێوەیە دووبـارە بووبنـەوە، کـە دەڵێـت: **(گیانـە کاتێ چەپکـە گوڵـی ڕەنگاوڕەنگـت پێشـکەش ئەکـەم گۆڕسـتانی شـەهیدانم ببێتـە باخێکـی بەریـن کاتـێ شـیعرت پیـا هەڵئـەدەم وشـەکانم**

**لەگەڵ تەقەی گوللەی پێشمەرگەدا بژین ئەوسا گیانە، ماچت ئەکەم لەدێڕێکا. هەزاران جار باست ئەکەم ماچت ئەکەم)**، بەشێوەیەک ئەو هەموو شتێک دەخاتە دوای سەرکەوتن و تەنیا (ماچ)ی دڵدارەکەشی دوای سەرکەوتنی شۆڕش و پێشمەرگە دەبێت.

- گیانێکی گیڤارایانە لەنێو گوتاری شیعرەکانیدا هەیە. بەو واتایەی ئەو هەموو شتێک و مەبەستێک و هەنگاوێک لە (تفەنگ و خەبات و سەنگەر و شۆڕش و خوێن)دا دەبینێت. لە زۆربەی شیعرەکانی و لە قۆناغە جیاکانی ئەزموونی شیعردا ئەم کەرەستانە وەک (ستراتیژ) بۆ بەرهەمهێنانی دەق و گوتار بەکارهێناوە. ئەو شیعری خۆی و هەڵوێست و بیری سیاسی و تێڕوانینی فیکری لەنێو گوتاری شیعریدا بەرجەستە کردووە و تەنیا (ئاڵا)ش لە نیشانە و هێمای ئاگردا وەسف دەکات، کە دەڵێت: (ئاڵای ئاگر هەڵنەکراوە). بەواتای شۆڕشگێڕی و وەک نیشانەیەک لەنێو نیشانەیەکی دیکەدا گوزارشت لە گوتاری (ئاگر) دەکات. بەمەبەستی (ڕووناکی، بەئاگاهاتنەوە، زەردەشتی، شۆڕشگێڕ، گەرموگوڕی، خەبات... تاد). ئەگەر نا لەڕووی کردەییەوە (ئاڵا) بە (ئاگر) دەسووتێت و لەناو دەچێت و وەک جەستە و شوێن هیچ شوێنێکی نامێنێت.

- شاعیر لەنێو گوتاردا پشت بە تەنیا یەک (قسەکەر و گوتیار و ئاخێوەر) و (وەرگر و گوێگر)ی نەبەستووە، بەڵکوو فرە کارەکتەری و فرە قسەکەری هەیە. لەکاتێکدا بەپێی شیکاری زانستی زمان پێیان وایە لە گوتاردا (قسەکەر و گوێگر) هەن. بۆ نموونە لە (خولیای داستانی مەرگی زەردەشتدا) قسەکەر (من) ـە، دواتر دەبێتە (ئێمە) و گوێگر و قسە بۆ کراو بریتییە لە (ئەو). (شتی قسە لەبارەوە کراو) بریتییە لە (ناوونیشان، چیرۆک، مێژوو، شارەکان، کوشتنی زەردەشت، نەء، خەون، خەو، کوردستان، بیر و ڕێگا، چەک). بێگومان کەرەستە بەکارهێنراوەکانی نێو ئەم دەقە لە شوێن و کات و کەلوپەل و بیرۆکە و وێنەکردن و شتی ماددی و ڕوحی، شتی هەستپێکراو و ڕاستەقینە و شتی بەرجەستە نەکراو و خەیاڵی زۆرن. پەیامەکەی بریتییە لە (بیر و ڕێگا و پردی خوێن و پشکۆی وشەی چەک). (ئەو) باسی (خۆی و ئەو) دەکات، کە دەڵێت (گیانە واتە (تۆ) گوێت لێم بێت. (من و دڵدارێکی هەر وەک خۆم ڕەنجەڕۆ). خۆی بە شێوەیەک بەراورد دەکات کە ناگاتە ئەو پێشمەرگەیەی لە هەراجخانەی ئاشتییا ئاڵای خوێن ئەچەقێنێ، لە کاتێکدا ئەو باسی خۆی دەکات، بەڵام بەگێڕانەوەی چیرۆکی مەردایەتی پێشمەرگەیەک سەرنجی خوێنەر بۆ هەڵوێست و کەس و شوێن و بابەتێکی دیکە دەبات.

- لە گێڕانەوەدا فرە بابەت و چیرۆک و بەسەرهاتە. فرە کات و شوێن و کەسایەتییە، ئەو وەک ئەوەی ڕۆمانێک بنووسێت، لە وشەیەک و نیشانەیەکی سیمیۆلۆژی و شوێنێک و کارەکتەرێک و چیرۆکێکدا گوتارە دەقێکی زیندوومان بۆ دروست دەکات. ئەو لە دەقەکانیدا نایەوێت لە یەک گۆشەنیگا و لە یەک بابەت بدوێت، بۆیە وەک (ڕۆمانە شیعر) سوودی لە فرە بابەتی و فرە دەنگی و فرە ڕووداو و چیرۆک و گێڕانەوە و بەشداری جیاوازیی دەنگەکان کردووە. لە گێڕانەوەی نێو گوتارە شیعرەییەکانیدا بە شێوەیەکی هۆرمۆنیی وشە و دەنگ و هەڵچوون و داچوونی دەروونی دروست کردووە، مرۆڤ ناتوانێت لە خوێندنەوەی

بەدەنگ هەست بەم شێوە سمفۆنیا و ئاوازە چڕ و بەرزبوونەوەیە نەکات، کە وشەکان و ئاوازەکانیان لەگەڵ خۆیاندا دەتبەن.

- لە گێڕانەوە و بیناکردنی دەقدا لە تەک دووبارەکردنەوەی وشەی پێشمەرگە لە زۆربەی دەقەکاندا بەکارهێنراوە و لە هەر شوێنێکیشدا هەڵگری پەیامە گوتارێکی جیاوازی نوێیە. ئەو پشت بەگفتوگۆ و دوان و پرسیار و قسە بۆ کردن و وورووژاندن، ئەوجا گوێگرتن لە وەڵامی گوێگرەکانی وێنە شیعرییەکانی بیناکردووە. دەنووسێت **(گیانە بۆ وەڵام. بۆ ئەنجام، بەسەر کێوی فەرهەنگی زمانەوانییا هەڵگەڕام. بەناو دەریای ئینسکلۆپیدیای ژیانی دڵدارانی ترا گەڕام لە داستانی مەم و زینا گەڕام گەڕام. نەخۆم نە تۆ. نە نیگای بانگەوازێکی پڕ شکۆ. کەسم نەدی. ئەزانی بۆ کەسم نەدی؟ چونکە هێشتا، چرای وشەی خۆشەویستی لای ئێمە هەڵنەگیرساوە)**. دەتوانم بڵێم لەڕووی پراگماتیکییەوە دەتوانرێت دەقەکان لە بوار و دەوروبەر و هێز و دەربڕین و پرسیار و هۆشیاری و وورووژاندن و فەرمان و ئاگاداری و گفتوگۆ و سەرنجڕاکێشان و هاندان و بڕیاردا... تاد شی بکرێنەوە، ئەمەش کاتێک و وزەیەکی زۆری پێویستە.

- خاوەنی گوتارێکی یاخییە، لەم یاخیبوونەدا ڕاشکاوانە (نەء) بە فەلسەفە و نیشانەی فیکرێکی قووڵتر دەبەستێتەوە لەوەی ئێمە لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەماندا بەکاری دەهێنین. ئەو دەڵێت: **(یەکەم وشە، نەء، سەرەتا کە زەردەشت بوو بۆچی کوژرا دوا بەدوای ئەو مۆرانەی خەو لە لاشەمان وورووژێنرا...)**. ئەو (نەء) وەک ڕەتکردنەوە و یاخیبوونێکی دابڕاو لە فیکر و لێکدانەوە بەکار ناهێنێت. ئەم (نەء)ـە نیشانەیەکی هۆشیارانەی یاخیبوونە، ڕاستکردنەوەیە، بیرە ڕێگایەکە بۆ دەرخستنی (بۆچی و وورووژێنرا) بەکارهێنراوە. هێندە یاخییە لەپێناو نەهێشتنی یاخییە قەدەغەکراوە سەرکوتکراوە چەوسێنراوەکان شیعر دەنووسێت و دەڵێت (پشکۆی وشەی چەک هەڵڕێژن). لەبیری نەکەین هەموو نوێبوونەوەیەک یاخیبوونە. شاعیر لەپێناو بەدیهێنانی گوتاری نوێ دەبێت یاخی بێت و بیر لە گوتن و دەربڕین و تەکنیک و پەیام و کەرەستەی نوێ بکاتەوە. هەر نوێیەکیش بەدەرچوون لە یاسا و نەریتە کۆنە چەسپیوە باوەکان دادەنرێت، بۆیە ڕەخنەش لە جیاتی شیکردنەوەی گوتاری دەق، هەندێک جار دەچێتە خانەی دژایەتی و پەراوێزخستنی کۆششە نوێیەکە و دژایەتی بیرکردنەوە لەبیری نوێ و کاری نوێ. کە ئەمە پەیام و گوتاری سەرەکی (جەلالی میرزا کەریم)ـە.

- شیعری نوێ، دەق و گوتاری نوێ لە تەک ئەوەی باسی هەموو شتێکی ژیان بەکراوەیی و ڕاشکاوانە دەکەن، زمانێکی گوزارشت ئامێز و نیشانە و هێما و ڕەمز بەکاردەهێنێت. گوتار لە کردەوەدا ڕاپەڕاندنی هەندێک کردەی واقیعییە، کە خەیاڵیش دەگۆڕێت و دەیکاتە واقیعێکی بیرلێکراوە. شیعرەکانی ئەم شاعیرە باسی هەموو شتێک دەکەن، کەرەستە و پەیام و گوتارەکەی هەموو شتێکی ژیان دەگرنەوە.

- ئەو لە زۆر لە شیعرەکانیدا، یان لەگوتاری شیعردا بەتایبەت باسی (شار) دەکات، خوێنەر هەست دەکات و گریمانەی ئەوە دەکات، کە باسی پێکهاتەی شار و شەقام و بیناسازی و ناو و شوێن و سیمیۆلۆژیا و هێما و نیشانەکانی نێو شار و ڕەنگ و جووڵە و شێوەی مرۆڤەکان و پێکهاتە چینایەتی و کولتوورییەکان بکات،

کەچی شاعیر باسی ئازار و هەست و کاردانەوە و شۆڕش و داستان و شەهیدبوون دەکات. ئەو لە ئەمەریکا ژیاوە و شاری تەواوی لەم وڵاتەدا بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە بینیوە، کە هەیە، کەچی هیچ هەستێک، وێنەیەک لەبارەی شار نەبووەتە شیعر، لە بارەی شاریش لە کوردستاندا تەنیا باسی هەستی شۆڕشگێڕانە لەنێو شار کراوە، نەک نیشانە و سیما و هێما و پێکهاتەی شار.

- ئەم شاعیرە لە ١٩٥٨ـەوە تا ئەو کاتەی کۆچی دوایی دەکات شیعری نووسیوە و بڵاو کردووەتەوە، کەچی ژمارەی شیعرەکانی بەراورد بە تەمەنی شیعریی زۆر نین. لێرەدا پرسیاری من ئەوەیە: ئایا شاعیر بەڕاستی هەر ئەم ژمارە شیعرەی نووسیوە، یان شیعری دیکەی نووسیوە و دواتر کە پێیاندا چووەتەوە، لێیان ڕازی نەبووە و بە شیعری نەزانیون، دڕاندوونی و خۆی بەخاوەنیان نەزانیوە و بە شیعری دانەناون؟ هەرچییەک بێت ئەو تەنیا دەقی شیعری بە شیعر زانیوە، ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت، ژمارەی شیعری لا گرنگ نەبووبێت، بەقەد ئەوەی دەقی شیعری و جۆری گوتاری شیعرەکەی لا پەسند بووە.

- (خەون و خەو) بابەتێکی دیکەیە، پێم وایە شاعیر خەونی زۆر و گەورە و شۆڕشگێڕانەی هەبووە، (خەونەکانی) بەلای منەوە بریتین لە (بیر و فیکر و ڕامان و هەڵوێستە دەروونی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکانی و سەنگەر و ئاوارەیی و ڕاپەڕین و شکۆی پێشمەرگە و تفەنگ و خوێن) و (خەو)یش بریتییە لە سیمیۆلۆژیا (شوێن). شوێنێک کە خەونی تێدا دەبینێت، شوێنێک وەک خاک، شوێنێک وەک جەستە و شوێنێک وەک بیرکردنەوە. شاعیر خەونێکی بێ خەو بووە. ئەو خاوەنی گوتارێکی شۆڕشگێڕانە بووە، بێ ئەوەی نیشتمانی هەبێت. تا دەڵێت **(دەسا تووخوا ئەی پێشمەرگە! کوردستانت ئیمشەو لەشی بێ ڕایەخە، تکایە گیانتی بۆ ڕاخە)**. لە (شەو)دا خەوتن هەیە، ڕایەخی بۆ ڕاخە، واتە دەخەوێت، بۆیە دەڵێت خەوەکەی شوێنی نییە. ڕوحتی بۆ ڕاخە. (خەونەکەشی کوردستانە) لەبارەی (خەون) دەڵێت: (هەتا خەونی پەپوولەی وشەش نەیپرسی بۆ کێ نووسرا) و (خەون بە پەپوولە و وشە و نووسینەوە دەبەستێتەوە) و (خەو)یش بە (مۆرانە و لاشە و ورووژێنران)ـەوە دەبەستێتەوە.

سەرچاوە:


* سلطان الزغول، تحليل الخطاب الشعري.. جريدة الرأي، ١٣-٧-٢٠٠٧.

* عبدالواحد المرابط، السيمياء العامة وسيمياء الأدب، من أجل تصور شامل، منشورات الاختلاف، الجزائر، طبعة ١، ٢٠١٠.

* دانيال تشاندلر، أسس السيميائية، ترجمة هلال وهبة، مركز دراسات الوحدة العربية، طبعة ١، بيرتو، ٢٠٠٨.

* عبدالسلام المساوي، البنيات الدالة في شعر أمل دنقل، منشوارت اتحاد الادباء والكتاب العرب، دمشق، ١٩٩٤.

* عبدالله الغذامي، ثقافة الاسئلة، مقالات فى النقد والنظرية، النادي الأدبي، جدة، طبعة، ١ ١٩٩٢.

* دیوانی جەلالی میرزا کەریم، چاپی یەکەم، ٢٠٢٣، کۆکردنەوەی سەباح ڕەنجدەر.

# ئیبن ڕوشدی ئەندەلووسی

## (١١٢٦ - ١١٩٨ز)

پ. د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب)

١- ئەگەرچی وەرگێڕانی فەلسەفەی یۆنانی و کولتووری میللەتانی دیکەی (فارس) بۆ سەر زمانی عەرەبی لە خۆیدا شۆڕشێک بووە لەنێو شۆڕشدا کراوە و ئەو شارستانیەتەی لێ کەوتەوە کە بە قۆناغی زێڕینی عەبباسییەکان ناسراوە، بەڵام لەلایەنێکی دیکەیدا ڕەهەندێک سەر ئاو کەوتووە کە فەیلەسووف و زانایانی کەلام و زانایە سەلەفییە کۆنەپارێزەکانی ئیسلامی لە یەکتری خستووەتە سەنگەرەوە و شیروتیریان لە یەکتری سویوە، بەتایبەتی لەو بابەتە هەستیارە سەرنج ڕاکێشانەدا:

- پێوەندی نێوان فەلسەفە و شەریعەت.
- پێوەندی نێوان سرووش (وەحی) و ژیر، یان (ژیر و نەقڵ).
- یەکڕەنگیی هەقیقەت (وحدة الحقيقة).

سەرچاوەی ئەو ڕەهەندە بەرهەمەکانی ڕێبازی فەلسەفەی ئەفلاتوونیزمی نوێ (ئەفلۆتین) بووە کە لەسەر بەرهەمەکەی (ئەنتۆلوجیای ئەرستاتالیس) نووسراوە و فارابی و ئیبن سینا و فەیلەسووفەکانی دیکە، ئەو بەرهەمەی ئەفلۆتینیان بە هی ئەرستۆ زانیوە و فەلسەفەکەیان لەسەر بنیاد ناوە، ئیتر هەوڵیان داوە ساغی بکەنەوە کە لەنێوان ئایین (شەریعەت) و فەلسەفەدا جیاوازی نییە و ڕاستی هەریەک ڕاستییە، ئیتر بە ئایین، یان بە ڕێگای فەلسەفە پێی بگەیشترێ.



**ئیبن ڕوشد**

ئەو هەڵوێستە هەندێک ئاراستەی زانایانی کەلام و ئەشعەری و ئیمامی غەزالی ناڕەحەت کردووە و هێرشیان بردووەتە سەر فەیلەسووفەکان. ئەو هێرشە لەلایەن غەزالی لە کتێبی (تهافت الفلاسفة) دارمانی فەیلەسووفەکان و (مقاصد)، مەبەستەکان، گەیشتووەتە چڵەپۆپەی: بەلای (غەزالی)یەوە فەیلەسووفەکان لە هەر سێک خاڵی:

- زانین، ڕەب دەربارەی بابەتی هەمەکی و هەندەکی.
- کۆن و نوێیی جیهان.
- لێپرسینەوە لە گیان، یان لەش، لەو سێ خاڵەدا (حجة الاسلام) لە بارەی فەیلەسووفەکانەوە فەتوای گومڕایی (کافری) داوە (١) و بە گومڕای داناون و کۆشاوە چالاکی فەلسەفە قەدەغە بکرێ، ئەگەرچی خۆی بە چەکی فەلسەفە (بەڵگەی فەلسەفە) بەگژ فەیلەسووفەکاندا چووەتەوە و بێ بەزەییانە بەدکاریی خستووەتە پارسەنگیانەوە.

٢ - هەڵوێستی فەیلەسووفەکان هەرچەندە گازندە بکرێ، ئەنجامێک بووە لە بنەما بنەڕەتییەکانی ئایینەوە کەوتووەتەوە، تەنانەت لە قورئاندا ئایەت هاتوون کە بە (متشابهات) (٢) ناوبراون و جۆرە لەیەک چواندنێکیان تێدا بووە، پێویستی بە ڕوونکردنەوە، شرۆڤەکردن و لێکدانەوە هەبووە: بۆ نموونە، تەنیا مەبەست ڕوونکردنەوەیە:

لە سوورەتی (ئەعراف)، ئایەتی (٥٤) هاتووە: (استوی علی العرش)، لە سوورەتی (ئەلقیامە) ئایەتی (٢٢- ٢٣) باسی دیتنی خوا کراوە لە قیامەتدا. ئەو ئایەتانە چۆن لێک دەدرێنەوە؟ بە ئاشکرا (تشبیه و تجسیم)یان تێدا دەرکەوتووە؟! وشەی یەکەم لێکچوون دەگەیەنێ و دووەمیان لەش و بەلەش بوون نیشان دەدات.

- ئەگەر سرووش (وەحی) تاکە ڕێگای ڕاستی گەیشتنە ڕاستی و ڕاستەقینە (هەقیقەت) بێ، بۆ ژیر بە مرۆڤ بەخشراوە؟ ئیتر چی بۆ ژیر دەمێنێ؟ ناکرێ باسی دوو ڕاستی (هەقیقەت) بکرێ. ئەگەر گریمان دوو ڕاستی هەبێ، دەبێ هەرکێکیان ڕاست بێ، ئەمە بووە کێشەیەک لە کێشە سەرەکییەکانی فەلسەفە کە غەزالی بەناهەق پەلاماری داون! ئەو هێرشەی غەزالی بردوویەتییە سەر فەیلەسووفەکان، ئاگری لە قەدەغە و پاوانی کولتوور و شارستانی سەردەمی خۆی بەرداوە و تا ئێستاش بەم سەردەمەوە کولتووری پێشکەوتنخوازی مرۆڤ و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات بە دەستییەوە گیری خواردووە و دەناڵێنێ، ئەو هێرشە سەرەتای کۆتایی هاتنی شارستانی و کولتوورە زێڕینەکە بووە کە وردە وردە وشکایی هاتووە.

٢ - ڕاستە لە ڕۆژئاوای جیهانی ئیسلام

- ئەندەلــووس - ئیســپانیای ئێســتا، چەنــد فەیلەســووفێک بەرەنــگاری بوونــەوە، بــەڵام جێگای داخــە چالاکییــە داهێنەرەکانیــان لــە فەلســەفەدا بەگشــتی و لــەو ڕووبەڕووبوونەوەیــە بە تایبەتــی، ڕووناکییەکــەی، تاریکایی ڕۆژهەڵاتــی ڕوونــاک نەکردووەتــەوە و پتــر بەهــۆی جوولەکــە و مەســیحییەکانی ئەندەلووســەوە بــەرەو ئەورووپــا تەکانــی داوە. فەلســەفەی ئەلبیرتــوس مەگنیــوس، تۆماســی ئەکوینــی، سیگەر برابانتــی کــە ڕابــەری فەلســەفەی ئیبــن ڕوشــدی لاتینــی ناســراوە، مووســای کــوڕی مەیمــوون (جوولەکــە)، ئیســحاق ئــەل بــەلاغ، ڕاســتی ئــەم قســەیە پشــت ڕاســت دەکەنــەوە (٣). ســوارچاکی ئــەم هەڵمەتــە فەیلەســووفی قورتوبــە، ئەندەلــووس (ئیســپانیا) ئیبــن ڕوشــد بــووە. لــە ڕۆژئــاوا بــە شــرۆڤەکاری فەلســەفەی ئەرســتۆ ناســراوە.

- ئەبــو وەلیــد محەمــەد کــوڕی ئەحمــەد ئیبــن ڕوشــد ســاڵی ١١٢٦ز لــە ئەندەلــووس (شــاری قورتوبــە) باشــووری ئێســتای ئیســپانیا لــە دایــک بــووە، زۆربــەی ژیانــی لــەوێ و لــە باکــووری ئەفەریقــا (توونــس) بەســەر بــردووە. لــە بەرهــەم و نووســینەکانیدا خەســڵەتی ئینسیکلۆپیدیســتی هەبــووە. ئــەوی بــۆ ئــەو نووســینەی ئێمــە گرنــگ و جێگای بایــەخ پێدانــە - فەلســەفە - ئەمانــەن:

**یەکــەم:** کتێبــی (تهافــت التهافــت) (داڕمانــی داڕماوەکــە): هەوڵــی داوە بــە بەڵگــەی ژیریــی - فەلســەفە بیروبۆچــوون و بڕیارەکانــی کتێبەکــەی غەزالــی (تهافت الفلاسفة) داڕمانی فەیلەسووفەکان پووچەڵ بکاتەوە (٤). بۆ ئەو مەبەستە شاکارەکەی بەســەر ئــەم تەوەرانــەدا دابــەش کــردووە:

**یــەک:** دەربــارەی کۆنــی و هەتاهەتایــی جیهــان (ئەزەلــی و ئەبــەدی): ل٢٧.

**دوو:** بــوون و یەکڕەنگــی و ســاکاریی و زانینــی ڕەب و چــۆن جیهــان لــە ڕەببــەوە کەوتووەتــەوە لەگــەڵ بنەمــای هۆیەکــی (پەیوەنــدی نێــوان هــۆکار و ئەنجــام).ل١٦٧ بــەدواوە، تــا دەگاتــە ل٢٠٣.

**ســێ:** ئایــا دەروون نەمــرە، یــان نــا، لێپێچینــەوە لەســەر لەشــە، یان گیان (حشــر الاجســاد) ل:٢٠٣ بەدواوە.

هەروەهــا هەندێــک بابەتــی تــری تاووتــوو کــردووە کــە بــۆ نووســینەکەی ئێمــە گرینــگ نیــن.

لــە توێژینەوەکــەدا میتــودەی شــیکاری - بــەراوردکاری گرتووەتــە بــەر، ئەگــەر بشــێ بگوترێ: ئەکادیمیانــە کارەکــەی کــردووە: قســەکانی غەزالــی دەهێنێتــەوە و شــی دەکاتــەوە و ڕەخنەیــان لــێ دەگرێــت و دەگاتــە ئەنجــام: بــەلای ئیبــن ڕوشــدەوە غەزالی لــە هیــچ بڕیــار و بۆچوونێکیدا بە ســەلمێنەی ژیــر و لۆجیــک پشــت ئەســتوور نەبــووە و نەیتوانیــوە قۆناغــی زانیــن و (عیرفانــی) دڵنیایــی لێکراو، ئیتــر ئەگــەر بابەتێــک، بۆچوونێــک، بڕیارێــک لەگــەڵ ســەلمێنەی ژیــر و لۆجیکــدا ناکــۆک بــێ، ئــەوە وا دادەنرێ کــە دڵنیایــی لــێ دەکرێ، بــەڵام خــۆی لــە خۆیــدا بەڕاســتی و هەقیقــەت (یەقیــن) نییــە ل:٣٣.

**دووەم:** (فصــل المقــال وتقریــر مابیــن الشــریعة والحكمــة مــن اتصــال): ئەگــەر لــە کتێبــی یەکەمــدا ئیبــن ڕوشــد پشــکی شــێری دابــێ بــە کێشــە و بابەتــی کــۆن و نــوێ و هەتــا هەتایــی جیهــان، لــەو بەرهەمەیــدا گشــت بابەتەکانــی بــە پوختــی و ڕەوانــی تاووتــوو کــردووە. پێــی لەســەر شــیکردنەوە و وەڵامدانــەوەی ئــەو پرســیارەدا گرتــووە:

- فەلســەفە، لۆجیــک، شــەریعەت: ئایــا شــەریعەت ڕێــگای فەلســەفەی داوە (٥)؟ لــە ل٨ و ٩ی ئــەو شــاکارەدا چەنــد ئایەتێکی قورئانی خواســتووەتەوە بــۆ پشــت ڕاســتکردنەوەی بۆچوونەکــەی خــۆی کــە ســەرنجدانی ژیرەکیــی ڕێــگا پێــدراوە. هــەر لــەو کایەیــەدا و پشــت ئەســتوور بــە ســوڕەتی (النحــل:

ئایەتی ١٢٥) شێوازی قەناعەت پێ کردن (ئاواز و شێوازی ساغ کردنەوە بەپێی جۆری مرۆڤەکان) دەکات بە سێ جۆرەوە: ئەمەش جۆرێکە لە وەڵامدانەوەی کتێبەکەی غەزالی کە تێیدا گوتوویەتی نابێ هەندێک بابەتی عەقیدە و ئیمان و ئایین بۆ هەموو کەسێک باس بکرێت: (المضنون به علی غیر أهله).

بەلای ئیبن ڕوشدەوە هەندێک کەس بە سەلمێنە بڕوا دەهێنن و هەندێکی بە قسە بۆ کردن لەلایەن ڕابەرێکی ئایینەوە کاریان تێ دەکرێ و جۆری سێیەمیان بە وتووێژ و هاوپەیڤین. ئەمانە بەرانبەر بە سێ چین و توێژن لە کۆمەڵگای ئەوسای ئیسلامیدا:

- **چینی یەکەم:** ڕووناکبیرانن — ئەگەر بشێ ئەم وشە مودێرنە بۆ ئەوسا بەکاربهێنرێ — باوەڕە ئایینییەکەیان پشت بەسەلمێنە — بورهان دەبەستێ، ئەو سەلمێنەیە لە خۆیدا ئەنجامێکی پێوانەی دڵنیایی (یەقینی لۆجیکییە).

- **چینی دووەم:** ئەوانەن نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی پەنا بۆ بیری پەتی بەرن، بەڵام توانایی وتووێژ و هاوپەیڤین و (جەدەلیان) هەیە.

- **چینی سێیەم:** لە خوارەوەن، بڕوا و عەقیدە و ئیمانیان پشت ئەستوور بە ژیر و بیرکردنەوەی پەتی نییە، بەڵکوو باوەڕ بەوە دەکەن کە ڕابەرە ئایینییەکە بۆیان باس دەکات (٦) ئەمانە لە ئەدەبیاتی ئیسلامدا بە بۆرە پیاو — ڕەش و ڕووت — عەوام — ناونراون.

## بەسەرهاتەکەی ئیبن ڕوشد

ئیبن ڕوشد لە کۆتایی ژیانیدا دووچاری ئازاردان و دوورخستنەوە و دەربەدەری بووە، گوایە کەسانێک کە لە خەلیفەی ئەندەلووسەوە نزیک بوون، دوو زمانیان لێ کردووە و چەند تۆمەتێکیان خستووەتە پارسەنگییەوە و لەبەرچاوی خەلیفەیان خستووە، تۆمەتەکان هەمەجۆرن (٧) و سەرچاوەکان بە وردی باسیان کردوون:

- کەسایەتی و پێوەندی بەخەلیفەوە.
- سیاسی.
- ئایینی.

هەندێک سەرچاوە وا دەگێڕنەوە کە ئیبن ڕوشد پێوەندییەکی توندوتۆڵی دۆستانەی لەگەڵ خەلیفەدا هەبووە. لە هەندێک دانیشتن لەگەڵیدا گوایە ئیبن ڕوشد بە جۆرێک قسەی لەگەڵدا کردووە کە بەبێ ڕێزیی کردن بە خەلیفە دانراوە، ئەوی لێرەدا دەپرسرێ ئەمەیە: کەسایەتییەکی گەورەی وەک ئیبن ڕوشد لێی دەوەشێتەوە بێ ڕێزی بە خەلیفە بکات؟!

ئیبن ڕوشد گوایە دۆستایەتی لەگەڵ برای خەلیفە هەبووە و ئەو برایەش ڕکابەری خەلیفە بووە ویستوویەتی کورسییەکەی لێ زەوت بکات.

لەلایەکی دیکەوە ئەو تۆمەتەیان خستووەتە پاڵ ئیبن ڕوشد کە گوایە لە دانیشتنێکدا باسی گەردەلوول و ڕەشەبایەک کراوە کە ئەو سەردەمە لە ئەندەلووس هەڵی کردووە و مەلاکان وتوویانە ئەو ڕەشەبایە لەوە دەچێ کە عاد و تەموودەکانی قڕکردووە، گوایە ئیبن ڕوشد وتوویەتی: عاد و تەموود هیچ بنەمایەکی ڕاستەقینەی مێژوویی بوونیان نییە و دروست کراون و باوەڕی بە بوونیان نەبووە. گوایە ئیبن ڕوشد بە جۆرێک باسی ئەستێرەی (زوهرە)ی کردووە کە خواوەندبێ، ئەوجا ئەو تۆمەتەیان بۆ زیندووکردووەتەوە کە (بن جووە) و باووباپیرانی جوولەکە بوون، بۆیە خەلیفە ئەو فەیلەسووفەی بۆ ناوچەیەکی جوولەکەنشین دوورخستووەتەوە

کە بە ناوچەی ئەلیسانە ناسراو بووە لە نزیک قورتوبە بووە.

– من وای بۆ دەچم کە هۆکارەکە ئەگەر بەڕواڵەت بە ئایینی بێتە بەرچاو، بەڵام پاشخانەکەی سیاسی بووە. فەلسەفەی ئیبن ڕوشد و بەگژداچوونەوەی غەزالی و پشتگیری کردنی فەلسەفەی ئەرستۆ و پیادە ڕەوان و بەرزڕاگرتنی پلەی ژیر و پەنابردنە بەر (شرۆڤە – تەئویلی) بنەما بنەڕەتییەکانی ئایین، زانایانی کەلام و زاناکانی ئایین– کە سەلەفی و کۆنەپارێزی سەر بە ئیمامی مالکی بوون، تووڕە و ناڕەحەت و سەغڵەت کردووە. خەلیفەش لە هەلومەرجێکدا دەستبەکار بووە لاواز و کەم دەسەڵات بووە و ترساوە پیاوانی ئایین تەڕنێکی پێ بکەن و کێشە و بەرەی بۆ بنێنەوە و تەشقەڵەی پێ بکەن، ئیتر بۆ هێورکردنەوەی ڕەوش و بارودۆخەکە و ڕازی کردنی پیاوانی ئایین، ئیبن ڕوشد کراوە بە قۆچی قوربانی و ئەو دەستە ستەمکارییانەی لێ وەشێنراوە. ساڵێک پێش مردنەکەی خەلیفە لێی بووراوە و گەڕاوەتەوە قورتوبە و گیانی سپاردووە.

**فەلسەفەی ئیبن ڕوشد**

١– لە کۆڕ و کۆمەڵە ئەکادیمییەکانی ڕۆژئاوای ئەورووپا و بەریتانیا و ئەمەریکا ئیبن ڕوشد بە شرۆڤەکاری فەلسەفەی مامۆستای یەکەم (ئەرستۆ) ناسراوە. ئەو شرۆڤە و لێکدانەوانەی، کاری لە چەند فەیلەسووفێکی سەدەکانی ناوەڕاست کردووە. هەندێک لە بەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عیبری (جوولەکە) و لاتینی، ئەمەیە هۆکاری سەرهەڵدانی ڕێبازی فەلسەفەی ئیبن ڕوشدی لاتینی بەڕابەری لاهووتی و فەیلەسووفی سەدەی سێزدە سیگەر برابانتی. جگە لەوەی ئەو جۆرە فەلسەفەیە لە زانکۆکانی پاریس و ئیتاڵیا و چەند شوێنێکی دیکە خوێنراوە. ئیبن ڕوشد لە ئەورووپا بە (ئەڤێ ڕۆییس) Ave rroes ناسراوە، کەچی سەیرە سەرنج ڕاکێشەکە لەوەدایە ئیبن ڕوشد و فەلسەفە کە لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلام ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەگێڕاوە، بگرە تا ئەو ڕادەیەی ناوبەناو ناوی هێنراوە.

فەلسەفەی ئیبن ڕوشد دەکرێ لەو سۆنگانەوە سەرنج بدرێت:

– بەڵگەی ساغ کردنەوەی بوونی ڕەب و یەک ڕەنگییەکەی.

– زانینی ڕەب (پرۆسەی زانین دەربارەی ڕەب). لێرەبە (علم الرب) ناوبراوە.

– کۆن و نوێیی و هەتا هەتایی جیهان: تیۆری هێزەکی و کردەکی.

– دەروون و لێپرسینەوە لە قیامەت و چونێتی ساغ کردنەوەی بوونی دەروون (نەفس) و نەمرییەکەی

– پرۆسەی زانین: ژیری هەیولانی، ژیری کردەکی و کارا، لە زانینی هەستەکییەوە بەرەو زانینی ژیرەکی.

ئیبن ڕوشد لە جیهاندیدی فەلسەفەکەیدا لە چەند بەرەیەکدا چالاک و کارا بووە. لەلایەکەوە ویستوویەتی تۆمەتی گومرایی لەسەر فارابی و ئیبن سیناکاڵ بکاتەوە و ساغی بکاتەوە کە غەزالی بە تەواوەتی لە فەلسەفەی پیادە ڕەوان (ئەرستۆ و لایەنگیرانی) لە ئیسلامدا تێنەگەیشتووە و ئەوەی کە خستوویەتییە پارسەنگی ئەو فەیلەسووفانەوە دروست نییە و هەندێک جار شتی گوتووە لەگەڵ بیرکردنەوە و سروشتی فەیلەسووفەکاندا نەهاتۆتەوە و

نایەتــەوە، ئیتــر ســەرەڕای ئەمــە هەڵوێســتی بەرانبــەر زانســتی کــەلام و شــرۆڤەکردنی بەرهەمەکانی ئەرسـتۆ و ڕاسـتکردنەوەی هەندێـک چەوتی و هەڵـە کە لەکاتی وەرگێڕانی فەلسـەفە سـەرئاوکەوتوون، ڕەنگی جیهاندیدێکی تایبەتـی بەخـۆی ڕشـتووە هـەر لـە لۆجیکـەوە تاوەکـوو تیـۆری زانیـن و فەلسـەفەی سروشـتی دەگرێتـە خۆ. ئەگـەر غەزالی و فەیلەسووفانی ڕۆژهەڵاتـی ئیسـلام، ئیتـر هەسـتیان پـێ کردبـێ، یـان نـا، لەژێـر کاریگـەری ئەفلاتـوون و ئەفلووتیـن (ئەفلاتوونیزمـی نوێدا) بووبن، ئەگەرچی کتێبـە وەرگێڕدراوەکـەی ئەفلۆتینیـان بـە هـی ئەرسـتۆ داناوە و زانیـوە، ئـەوە ئیبـن ڕوشـد لایەنگیرێکی سەرسـەختی ئەرسـتۆیە و بەتەواوەتـی لـە ئەرسـتۆ تێگەیشـتووە و هیـچ جـۆرە شـوێنەوارێکی فەلسـەفەی ئەفلاتوونیزمـی نـوێ (بەتایبەتـی تیۆری لەسـەرەوە ڕژان- فیض) لە بەرهەمەکانیدا هەسـتی پـێ ناکـرێ.

٢- لاری لـەوە نییـە کـە جگە لە ئایینی ئیسـلام، فەلسـەفەی یۆنانـی وەرگێـڕدراو سـەرچاوەی سـەرەکی فەیلەسـووفە موسـڵمانەکان بـووە، بـەڵام ئایـا ئـەو فەیلەسـووفانە هـەر کۆکـەرەوە بـوون و تێکسـتە فەلسـەفەییەکانیان لێکداوەتـەوە و شـرۆڤەیان کـردووە و هەندێـک تیۆرییـان پیـادە کـردووە (ئەفلوتیـن- تیـۆری لەسـەرەوە ڕژان)، یـان کەسـایەتی سـەربەخۆی خۆیـان لەبەرچـاوە و جـۆرە داهێنانێکیـان کـردووە کـە شایسـتەی ئەوەبـێ بگوتـرێ فەلسـەفەی فڵانـە فەیلەسـووفە؟ ئـەو داهێنانـە چییـە و کامەیە و چۆن پشت ڕاست دەکرێتـەوە؟ لـەو ڕەوشـە ئایینییـە سـەرتاپاگیرەدا و لـە چوارچێـوەی فەلسـەفەی ئەفلاتوونیزمـی نـوێ کـە سـەرتاپا ئایدیالیسـتییە دەکـرێ قسـە لـە ڕەهەنـدی مەتریالیسـتی (ماددیەتـی) هەندێـک فەیلەسـووف بکرێ وەک فارابی و ئیبـن ڕوشـد؟ چـوار بەرگـی کتێبەکـەی (حسـین مـروة) دەربـارەی ئاراسـتە ماددییەکانـی فەلسـەفەی عەرەبـی ئیسـلامی نموونەیەکـە لـەم بارەیـەوە. ئایا پێداگرتـن لەسـەر کۆنیـی جیهـان و نەبوونـی سـەرەتا و کۆتاییەکـەی ئاراسـتەی مەتریالیسـتی (ماددییـەت) دەگەیەنـێ؟

- وەرگێڕانـی فەلسـەفە یۆنـان و کولتـووری فـارس پێداویسـتییەکی ناچاریـی مێژوویـی بـووە، پەرەسـەندنی هەمەڕەنـگ و فرەڕەهەنـدی ناوچەکـە کردوویەتـی بـە پێویسـت. فەلسـەفەی ئیسـلامی و کولتـووری ئایینـی ئیسـلام لەلایـەن میتافیزیکییەکـەدا کاریـان تـێ کـراوە و لـە هەنـدێ لایەنـی دیکـەدا بـە یەکـەوە نەهاتوونەتـەوە و پێکـەوە هەڵیـان نەکردووە. ئـەو سـوود وەرگرتـن و کارلێکرانـە گەوهـەر و سروشـتی تایبەتـی کەسایەتی فەلسـەفەکە و کارەکتـەری جیهاندیـدی فەیلەسـووفەکانی کاڵ نەکردووەتـەوە. ئـەو بنەمایـەی فەلسـەفەی فەیلەسـووفە موسـڵمانەکان تـەلاری جیهاندیدەکەیـان لەسـەر بنیاد نـاوە جیاواز بـووە- تـا ڕادەیەکـی بەرچـاو- لەچـاو ئـەوەی فەلسـەفەی یۆنـان کـە هیـچ جـۆرە سروشـتێکی ئایینـی پێـوە دیـار نەبـووە، جگە لەوەش مەبەسـت و ئامانجـی هـەردوو فەلسـەفەکە تاڕادەیەکـی زۆر لـە یەکتـری جیـاوازن. لـە فەلسـەفەی ئیسـلامدا بنەمـا بنەڕەتییەکانـی ئاییـن و ئـەو کێشـانەی لـە ئایینەکـەوە کەوتوونەتـەوە، بـە تایبەتـی دوای ئـەوەی دیـن لـە جیاتـی سیاسـەت بـووە بـە ئامـرازی بەڕێوەبردنـی کاروبـاری کۆمەڵگـە و دەوڵـەت بابەتـی سـەرەکی فەلسـەفەکە بـوون، تەنانـەت ئـەو ئاراسـتانەش کـەوا دەربکـەون بـە پێچەوانـەی بنەماکانـی ئایینەکـەوە کارا بووبـن، لارییـان لـەوە نییـە کـە هاندەرەکـە ئاییـن خـۆی

بووە. گومانیش لەوەدا نییە کە فەیلەسووفە موسڵمانەکان، بە تایبەتی ئیبن ڕوشد، توانیویانە چوارچێوەیەکی ئەوتۆی هزری - بیری- ژیری دابڕێژن و تێیدا جۆرە گونجان و بەیەکەوە هاتنەوەی کولتووری ئایینی ئیسلام و فەلسەفەی وەرگێڕدراوی یۆنانی دەستەبەر ببن.

٣- باوەڕبوون بە هێزێکی سەرووسروشتی کە لە ئاییندا بە ڕەب ناودەبرێ، لەگەڵ بوونی مرۆڤی هۆشمەند و هۆشیاردا لە ئارادا بووە، بەڵام ساغ کردنەوەی بوونی ئەو هێزە لە ئایین و فەلسەفەدا بووە بە کەرەستەی سەرەکی بیر لێ کردنەوە و ڕامان و توێژینەوە! ئەوی لێرەدا وەک پرسیار بەبیردا دێ: ئەو هێزە دەسەڵات سنووربەزێن و داهێنەرە (خالیق) کە هیچ شتێک لە وێنەی نییە و پیرۆزترین پیرۆزە، دەکرێ ببێ بە بەرکار و کەرەستەی توێژینەوە؟!

- ئیبن ڕوشد وەک گشت فەیلەسووفەکانی سەدەکانی ناوەڕاست (جوولەکە، عیسایی و ئیسلام) لەلای خۆیەوە کۆشاوە بە بەڵگەی ژیرەکی و لۆجیک پشت ئەستوور بە چەند ئایەتێکی قورئان و فەلسەفەی مامۆستای یەکەم، بوونی ڕەب ساغ و پشت ڕاست بکاتەوە: بەڵگەکانی دوو ڕەهەندیان هەیە:

**یەکەم:** بەڵگەی زانایانی کەلام و فەیلەسووفانی پێش خۆی تاووتوو کردووە و لایەنی نالەبار و لەباری دەرخستووە و ڕەخنەی کردوون.

**دووەم:** هەوڵی داوە بە بەڵگەی ژیر ئەو بوونە ساغ بکاتەوە. بەڵگەیەک لەو بەڵگانەی فەیلەسووفی ئەندەلووسی: بەڵگەی بزووتنەوەیە. ئەو بەڵگەیە لەلایەن ئەرستۆ داهێنراوە و بەپێی هەلومەرجی جیاواز، جۆری ڕوخسار و داڕشتنەکەی جۆرە گۆڕانێکی هەندەکی لە وردەکارییەکاندا بەسەردا هێنراوە. ئەو بەڵگەی بزووتنەوە بۆ دوو مەبەستی لەیەکتری جیا و توندوتۆڵ بەیەکەوە پەنای براوەتەبەر.

**یەک:** ساغ کردنەوەی بوونی ڕەب (هۆکاری یەکەم).

**دوو:** هەرە کۆنی جیهان و بێکۆتاییەکەی.

لە داڕشتنەوەی ئەو بەڵگەیەدا پشت ئەستوور بە مامۆستای یەکەم، فەیلەسووفی ئەندەلووسی بە کات و بزووتنەوە و گۆڕان دەستی پێ کردووە هەرسێکیانی بەیەکەوە گرێ داوە و ئەنجامی بوونی ڕەب و هەرە کۆنیی جیهانی لێ خستوونەوە. لە سەرەتاوە کۆشاوە ساغی بکاتەوە کە لەو کایەیەدا فارابی و بووعەلی سینا سەرکەوتوو نەبوون، چونکە بۆ ئەو مەبەستانە ئەو چەمکانەیان بەکارهێناوە:

- ناچارەکی بوون (واجب الوجود): بەرانبەر بزوێنەری یەکەم.

- شیاوەکی بوون (ممكن الوجود).

- ناچارەکی بوون بە هی تر (واجب الوجود بغيرة).

- شیاوەکی بوون بە خۆی (ممكن الوجود بذاتە).

ئەو چەمکانە بەیەکەوە ناگونجێن و تەنیا هەر لە مێشکی توێژەردا بوونیان هەیە و لە دەقەری زانستی کەلامەوە خوازراونەتەوە و لە فەلسەفەدا ئەو ڕۆڵەیان نییە. سەرەڕای ئەوەی هەردوو چەمکی (هەرەکۆن و نوێ) (قديم و حديث) بەلای زانستی کەلام و لاهووتدان نەک فەلسەفە. بەلای فارابی و بووعەلی سیناوە گریمانەی نوێی جیهان چەند کێشەیەکی لۆجیکی لێ دەکەوێتەوە ئەستەمە بەلایەکدا بخرێن، ئەو لایەنە هانی فەیلەسووفی قورتوبەی داوە ڕێگاچارەیەک بدۆزێتەوە کە نەک کێشەی نەبێ، بەڵکوو لە دەقەر و چەمکەکانی زانستی

کەلام دووربکەوێتەوە و پشت بە بنەماکانی لۆجیکی مامۆستای یەکەم ببەستێ:

بەپێی بنەمای لۆجیک: کات پێوەندی بزووتنەوەیە، بزووتنەوەش هی جیهانە، ئەمەش لە گۆڕان بەولاوە نییە. ئیبن ڕوشد ناچار بووە گریمانەی هەرە کۆنیی جیهان بکات، گۆڕان هەر هەبووە و سەرەتای دەسپێکی نییە، ئەو گۆڕانە پێویستی بە بزوێنەرێکی هەرە کۆن هەیە کە هۆکارەکەیەتی و بۆ خۆشی ناجوولێتەوە، ئەو بزوێنەرە ڕەب خۆیەتی.

٤- بوون هەرگیز لە هیچ- نابوونەوە (عدم) پەیدا نابێ و نابوون دوای بوونەکە نابێت. ئەوی هەیە گواستنەوەیە لە بوونی هێزەکی بۆ کردەکی پەیدابوون- گۆڕان لەخۆیدا ئەوەیە کە کەرەستە (مادده- هەیۆلا) وێنەیەک وەردەگرێ و ناکرێ وێنە و هەیۆلا لە یەکتر داببڕێن لە مێشکدا نەبێ، بەمە کێشەی نوێی جیهان یەکلایی دەکرێتەوە.

ئەو بزوێنەرە یەکەمە، ئەو بوونەوەرە کە ئەو بزووتنەوە هەمیشەیی و بەردەوامە و ئەو نەزم و ڕێکوپێکییەی داهێناوە شایستەی ئەوەیە کە بوونی هەبێ و بە داهێنەری جیهان ناوببرێ، ئیبن ڕوشد گوتوویەتی: دوو جۆر بوونەوەر هەیە، یەکێکیان دەجوولێتەوە و هی تر دەیبزوێنن، ئەوی تریان بزوێنەر و لەخۆیدا نابزوێتەوە و هۆکاری هەموو بزووتنەوەیەکە و پێوەندی بە کاتەوە نییە.

(مادده لەخۆیەوە ناجوولێتەوە، بۆیە دەبێ بزووتنەوە دوو جەمسەری هەبێ: هەست و ژیر ئەمە پشت ڕاست دەکەنەوە: ئەوی سروشت ئاسا دەجوولێتەوە (جیهانە)، بەڵام ئەوەی بزووتنەوە لە گەوهەر و سروشتیدا نییە، ناگۆڕێ و بوونەکە بەسەلمێنە ساغ بووەتەوە، بە تایبەتی لەلای ئەوانەی دانی پێدا دەنێن کە هەموو جووڵاوەیەک دەبێ بزوێنەر و هەموو بەرکارێک دەبێ بکەری هەبێ، هۆکارە بزوێنەرەکان ناکرێ بێ کۆتایی بن، دەبێ لەلای یەکەم هۆکار کۆتاییان بێت کە خۆی ناجوولێتەوە، هەروەها ئەوەش بە سەلمێنە پشت ڕاست بووەتەوە کە ئەوی سروشت ئاسا ناجوولێتەوە هۆکاری هەموو ئەو بوونەوەرانەیە کە بزووتنەوە لە سروشتیاندایە) (٨). ئەو بزوێنەرە ڕەب خۆیەتی.

ئەو تێکستەی ئیبن ڕوشد ئەوە دەگەیەنی کە باشترین ڕێگا، پشت ئەستوور بە فەلسەفە و لۆجیکی ئەرستۆ و پیادەڕەوەکان بۆ ساغ کردنەوەی بوونی ڕەب ئەوەیە لەوەوە دەست پێ بکات ک دەدیترێ و هەستی پێ دەکرێ: لە بزووتنەوە و درێژبوونەوەی ئەڵقەکانی زنجیرەی هۆکارەکان تاوەکوو دەگاتە یەکەم هۆکار کە هۆکاری بوونی نییە، ئەمەش کێشەی داهێنان و لەسەرەوە ڕژان و کۆنی و نوێیی جیهان بەلایەکدا دەخرێ کە زانایانی کەلام بەرپایان کردبوو.

٥ - ئەوی بە ناوی (پەیدابوون و لە ناوچوون) قسەی لێ دەکرێ لەوە بەولاوە نییە کەرەستە، مادده، هەیۆلا کە هەویرێکی خاوە وێنەیەکی پێ دەبڕێ و وێنە کۆنەکەی لەدەست دەدات. بابەتەکە بریتی نییە لە کۆن و نوێیی، بەڵکوو بەدوایەکتریدا هاتنی ئەو وێنانەیە کە بە کەرەستەکە دەبەخشرێن و وەری دەگرن. تەختە، وێنەی مێزی پێ دەبەخشرێ و وێنەکە وەردەگرێ، ئەمەیە مەبەست لە گوێزرانەوە لە ڕەوشی هێزەکییەوە بۆ ڕەوشی کردەکی. یەکەمیان ئامادەیی و توانایی وەرگرتنی وێنەیە. کە وێنەکەی پێ بڕا، دەبێ بە کردەکی. کەوابوو پەیدابوون و لەناوچوون و گەشەکردن و فەوتان بەدوای یەکتریدا هاتنی ئەو وێنانەیە

کە بە کەرەستەی خاو دەبەخشرێن و وەریان دەگرێ، ئیتر دەرفەتی ئەوە نامێنێ بپرسرێ: جیهان کۆنە، یان دەستپێکی داهێنانەکەی هەیە؟ پاساوەکە ئەوەیە بوون هێزەکی بووە لە قۆناغێکی تردا وێنەکەی پێ براوە و بوون بە کردەکی. ئەو بەڵگە ئەگەرچی لە (تهافت) دا دەست ڕەنگینی و وردەکارییەکی سەرنج ڕاکێشی تێدا بەدی دەکرێ، بەڵام لە ئەرستۆوە وەرگیراوە و ئەمە هیچ جۆرە ئەگەر و گومانێک هەڵناگرێ، ئیبن ڕوشد خۆیشی لاری لەوە نەبووە.

- ئیبن ڕوشد لایەنگرێکی سەرسەختی فەلسەفەی ئەرستۆتالیس بووە، کۆشاوە پشت ئەستوور بە بنەماکانی ئەو فەلسەفەیە بەگژ غەزالیدا بچێتەوە، گازندەی زانستی کەلامی کردووە بەو بیانووەی ئەو بابەتانەی ئەو ئاراستەیە ویستوویەتی قسەیان لێوە بکات، ناکرێ بەو میتودەی گرتوویەتییە بەر، یەکلایی بکرێتەوە.

ئەو کۆششەی کردوویەتی بۆ پێکەوە گونجاندنی دانایی (فەلسەفە) و شەریعەت بایەخێکی زانستی ئەوتۆ دەرناخات، پتر بەلای ئایینەکەدا تەکانی داوە. شەریعەت لایەنی دیاردە و نادیاری هەیە کە ئەو بە (ظاهر و باطن) ناوی بردووە. ئەگەر یەکەمیان وا بێتە بەرچاو بە پێچەوانەی دووەمەوە و لەگەڵیاندا ناکۆکە، دەبێ پەنا ببرێتە بەر شرۆڤەکردن (تەئویل)، بەڵام ئەو شرۆڤەکردنە ئەرکی سەرشانی فەیلەسووفەکانە کە ئەو بە ئەهلی سەلمێنە (برهان) ناوی بردوون، چونکە هەر ئەوانن پشت ئەستوور بەژێر لە مەبەستەکانی تێ دەگەن. هەر ژێریش دەری دەخات کامە دەکرێ و دەشێ شرۆڤە بکرێت، ئیتر پێوەندی نێوان فەلسەفە و شەریعەت وەک پێوەندی نێوان تیۆری و پراکتیک وایە (٩). بۆ پشت ڕاست کردنەوەی ئەو بۆچوونەی داوای شرۆڤە (تەئویل)کردنی چەند ئایەتێکی قورئانی کردووە.

٦- ئیبن ڕوشد ڕەخنەی زانستی کەلام و جیهاندیدی ئەشعەری و غەزالی و هەندێک جار گازندەی لە ئیبن سینا و فارابی کردووە کە مەبەستی پێداگرتن بووە لەسەر ڕۆڵی ژیر و لۆجیک و ڕێبازی سەلمێنە (برهان)، ئەوجا هەلومەجی هەڵوێستی فەلسەفەیی و فەلسەفەکردن چۆنە و دەبێ چۆن بێ. فەلسەفە گەڕانە بە دوای ڕاستی (هەقیقەت)دا شەریعەتیش سەرگەرمی هەمان ئامانجە. ناکرێ ڕاستی دژی ڕاستی بێت، لەو کایەیەدا لە کتێبی (فصل المقال)دا جیاوازی لەنێوان سێ شێوازی توێژینەوەی ئازاددا کردووە: سەلمێنە (برهان) و هاوپەیڤین (جەدەلی) و گوتار (خطابي) (ل:١١). دەکرێ جیهاندیدی ئیبن ڕوشد، ئەگەرچی نەیتوانیوە لەژێر دەسەڵاتی ئەرستۆ دەربازی ببێ، بە ڕێبازی: ڕەخنەگریی و ژیر ناوببرێ.

ئەوی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشی دوو خاڵ کە لە یەکتری دانابڕێن:

**یەک**: ڕاستە فەیلەسووفی قورتوبەی ئەندەلووس بەگژ غەزالی و ئیبن سینا و فارابی و زانایانی کەلام و ئەشعەری و سۆفیەکاندا چووەتەوە و بە بەڵگەی ژیر بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆجی و لاهووت و فەلسەفەکەیانی تاوتوو کردووە، بەڵام ئەمانە گشتیان سەر بە کولتووری دەڤەری ڕۆژهەڵاتی وڵاتانی ئیسلامن، کەچی ڕەخنە و فەلسەفە و جیهاندیدەکەی لە ڕۆژهەڵاتدا ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەگێڕاوە شایستەی باسکردن بێ، بەپێچەوانەوە لە ئەندەلووس و لەنێوان جوولەکە

و مەسیحییەکان ڕۆڵی کارای گیڕاوە و بەپێی شایستە ڕێزی لێ نراوە و سوود لە فەلسەفەکەی وەرگیراوە، تەنانەت فەلسەفەکەی لە هەندێک ناوەندی ئەوسای ئەورووپا، خوێنراوە.

– ڕۆژهەڵات دوای هێرشەکەی غەزالی دووچاری وشکەساڵی کولتوور بووە و تا ئێستاش جێگای خۆی نەگرتووەتەوە. ئایا ئەو دوو دیاردەیە هێرشی غەزالی لە ڕۆژهەڵات و داکۆکییەکانی ئیبن ڕوشد لە ڕۆژئاوای ئیسلام پێوەندی بە کولتووری هەردوو ناوچەکەوە هەیە؟: ڕۆژهەڵات مەڵبەندی ئایین و ڕۆژئاوا بێشکە و ناوەندی کولتوور و فەلسەفە و شارستانی؟! فەلسەفە هێنرا بۆ ڕۆژهەڵاتی لەبەر هەژموونی ئایینەکە نەیتوانی جێگای خۆی بکاتەوە و لاوی ئەفغانستان غەزالی شاربەدەری کردووە و ناردییەوە بۆ خاوەنە ئەورووپاییەکانی؟! ئەمە خاڵی دووەمە فەلسەفە لە کەشوهەوای ئازادیدا سەرهەڵدەدات و دەژیا، ئەمەش لە ڕۆژهەڵات نەبووە و نابێ! ئەگەر وانەبێ بۆ دەبوو کۆششی سەرەکی زانایانی کەلام و فەیلەسووفە مەلاکان پێکەوە گونجاندنی ژیر و سرووش (وەحی)، فەلسەفە و شەریعەت بووبێ! ئایین خۆی بە خاوەنی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی و باکووری ئەفەریقا داناوە، بابەتێک بەناوی فەلسەفە هاتووە، چۆن دەتوانێ لەگەڵ دەسەڵات و هەژموونی سنوور بەزێن و لە ڕادەبەدەری ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییە: ئایین بگونجێ؟! لە دەرگاوە هات و لە پەنجەرەوە کردیانە دەرەوە.

٧– ئیبن ڕوشد ئەگەرچی بەگژ ئیبن سینا و فارابی دا چووەتەوە، بەڵام هەر ئەو تۆمەتەی غەزالی دابوویە پاڵ ئەو دوو فەیلەسووفە شیعەیەی ڕۆژهەڵات، دەکرێ بخرێتە پارسەنگی ئیبن ڕوشدیش خۆی:

**یەک:** پشت ڕاست کردنەوەی کۆنی و بێ سەرەتا و بێ کۆتایی جیهان.

**دوو:** زانینی ڕەب (علم الله) تەنیا هەر هەمەکییەکان (کلیات) دەگرێتەوە و ناچێتە سەر هەندەکییەکان (جزئیات).

**سێ:** لێپێچینەوە و لێپرسینەوەی ئەو دنیا، تەنیا گیان (دەروون) دەگرێتەوە و لەش وەک بەرزەکی بانان لەو لێپێچینەوەیە دەرچووە.

زانستی کەلام و شەریعەت بابەتی باوەڕ و بڕوان (عەقیدە و ئیمان) بەهیچ جۆرێک لەگەڵ فەلسەفەدا نایەنەوە. ڕاستە دوای ئەوەی ئایینی ئیسلام لە نیمچە دوورگەی عەرەب هێنرایە دەرەوە و ڕووبەڕووی کولتوورێکی پێشکەوتوو بووەوە، لەگەڵ کولتووری عەرەب ئەوپەڕی جیابووە. لەلایەکی ترەوە کۆششێکی سەرکەوتووانە هەر لەسەردەمی بەنی ئومەیەوە بەڕابەرایەتی معاویە کە گوایە لە (طلقاء) بووە، کراوە بۆ ئەوەی ئایین لە بڕوا و باوەڕەوە بکرێ بە ئامرازی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و دەوڵەت، ئەو ڕەوشە، بەپێی پرۆسەی پەرەسەندنی کۆمەڵگە بارودۆخێکی کردووە بە مەرجێکی ناچاریی کە لەگەڵ هەڵکەوتی نوێی لە ئارادابوودا بێتەوە. مەرجی سوود وەرگرتن لە کولتووری میللەتانی دیکە کە لە چاو عەرەبی لە دوورگەی عەرەبەوە هاتوو، قۆناغێکی باشی پەرەسەندنی کۆمەڵگە و گەشەکردنی کولتووری فرە ڕەنگیان بڕیوە. معاویەش خۆی کە لە شام دەستبەکاربووە، لە نزیکەوە ئەو کولتوورە پێشکەوتووە هەمەڕەنگەی ڕۆم و یۆنان و مەسیحی و فارسی بە چاوی خۆی دیوە، ئیتر فەلسەفەی یۆنان و کولتووری فارسی بێ نیاز کراون بە عەرەبی، ئەو ڕەوشە زانایانی ئایینەکەی هان داوە بابەتی قورئان (ئایەتی متشابهات و محکمات و لایەنی

تری) قورئان و حەدیس بکەن بە کەرەستەی توێژینەوە. بۆ ئەو مەبەستە دوو ڕێگایان لەبەردەستدا بووە:

- فەلسەفە و لۆجیکی وەرگێڕدراو لە یۆنانی
- سریانییەوە.

- شرۆڤە و لێکدانەوە (تەئویل بە کەسانی تایبەتی ڕێگادراوە)، بەو بیانووە کە تێکستە ئایینییەکان واتای دیار و شاردراوەیان هەیە (زاهیر و باتین) ئەو ئەنجامەی لە فەلسەفەکە کەوتووەتەوە، بەدڵی زانایە سەلەفییە کۆنەپارێزەکانی ئایین نەبووە. ئەوانەی لە ڕێبازی دووەم کەوتوونەتەوە هەموو کەسێکیان ڕازی نەکردووە، چونکە بە بەڵگەی ژیری و لۆجیک و سەلمێنە پشت ئەستوور نەبوون، بەڵکوو لەسەر بنەمای بەڵگەی (نەقڵی) دامەزراون. کۆششی پێکەوە گونجاندنی ژیر و سرووش، ژیر و نەقڵ، شەریعەت و فەلسەفە، ئەگەرچی ئەوپەڕی زیرەکی و دەست ڕەنگینی تێدا بەدی کراوە، بەڵام لە چوارچێوەی یەکلایی کردنەوەی زمان نەچوونەتە دەرەوە. ئەو هەوڵە لە قسەکەی لایبنیتس چووە کە باسی فەلسەفەی مەسیحی کردووە و گوتوویەتی لە تەونی (ماڵی) جاڵجاڵۆکە دەچێ کە ئەوپەڕی بلیمەتی و وەستایی و ئەندازیاری تێدا بەکارهاتووە، بەڵام چ سوودێکی لێ دەبینرێ؟!

- ئەو بابەتانەش کە کراون بە کەرەستەی تاووتووکردن و توێژینەوە، قەدەغە و پاوانی باوەڕ و ئیمان و عەقیدە و ئایینن و بە دەگمەن نەبێ، ناکرێ لە خانەی فەلسەفەدا پۆلێن بکرێن.

- ساغ کردنەوەی بوونی ڕەب و پێچەوانەکەی چی لە بابەتەکە دەگۆڕێ؟ بوونی ڕەب توندوتۆڵ بە ئایین و ئیمانەوە بەندە، مرۆڤی بە باوەڕ (ئیماندار) بڕوای هێناوە و هیچ بەڵگەیەکی فەلسەفە و لۆجیک ئەو باوەڕەی کاڵ ناکاتەوە.

- جیهان کۆنە، یان نوێ. هیچ کامێکیان بە هیچ بەڵگەیەک پشت ڕاست ناکرێتەوە، بەڵام بەپێی لۆجیک ناکرێ لە بوونەوەرێکی هەرەکۆنی دەسەڵات سنوور بەزێن، شتێکی نوێ (کۆن نەبێ) جیهان بکەوێتەوە.

- پێوەندی نێوان لەش و گیان (دەروون) و کامیان پاداشت و سزای ئەو دنیا دەیانگرێتەوە؟ وەڵامی زانایانی کەلام و فەلسەفە بە هەر لایەکدا لێک بدرێتەوە لە چوارچێوەی گریمانە ناچێتە دەرەوە. ئیماندار هەرگیز بە بەڵگەی فەلسەفە دەربارەی نەمریی دەروون - گیان دڵی ئاو ناخواتەوە، بەڵام ئایا باوەڕ و ئیمانی ئیماندار دەکرێ بە بەڵگەی دروستی و ڕاستی بابەتی باوەڕەکەی دابنرێ؟ تەنانەت ئەو ئەنجامانەی فەلسەفە، بگرە زانایانی کەلام پێی گەیشتوون، ئیتر بابەتەکە هەرچی بووبێ لە ڕێتێچوون بەولاوە بڕ ناکات!

٨- فەلسەفە هەمیشە پێی لەسەر ئەوەدا دەگرێ کە ژیر ئامراز و ڕێگای ڕاستەقینەیە بۆ گەیشتن بەڕاستی (هەقیقەت). بە پێچەوانەوە ئایین گومان لەو تواناییەی ژیر دەکات و بڕوا هێنان و باوەڕ (ئیمان) بەو ئامرازە دادەنێ کە دەستەبەری گەیشتنە ڕاستی دەبێ، بەڵام کام ڕاستی؟ ڕاستە لەو کایەیەدا هەست و توانایی هاوردەکانی هەستەکان لە توانایی بیری پەتی (تجرید) جیاکراوەتەوە، بەڵام هەرگیز پرۆسەی زانین و توێژینەوەکان هەرگیز تا دوا ئەنجام، تاوەکوو دوا ئەنجامە لۆجیکییەکە درێژەی پێ نەدراوە و لە نیوەی ڕێگادا وەستاوە و لە پێناوی مەبەستی پێشینە ڕەنگ بۆڕێژراو، بێ دەنگ کراوە. ڕاستییەک کە دڵنیایی لێ بکرێت،

هیچ کاتێک بە ڕامان و پرۆسەی بیری پەتی (ئەبستراکت) دەستەبەر نابێ. لەلایەکی ترەوە:

- ئەو دەستەواژانەی بابەتی ناوەڕۆک و دەربڕینیان بیروباوەڕ و عەقیدەی ئایینە، بە هیچ پێوەرێکی ژیر و لۆجیک (فەلسەفە) نە پشت ڕاست دەکرێنەوە، بە پێچەوانەوە ناڕاستییەکەیان ساغ نابێتەوە، چونکە چەند دەستەواژەیەکی بێ دەلالەتن و هەست و سۆز و ناخی دەروونی مرۆڤی ئیماندار دەردەبڕن و هیچ پێوەندییەکی دوور و نزیکیان بە فاکت و هەڵکەوتە هەستییەکانەوە نییە، یان ئەوەتا پشت ئەستوور بە بنەمای باوەڕ و ئیمان پەسند دەکرێن، یان ڕەت دەکرێنەوە، دوو مرۆڤ، ئیماندار باوەڕی بە ژیانی دوای مردن و لێپێچینەوە و بەهەشت و دۆزەخ هەیە، ئەوی تریان بێ باوەڕە و ئەمانە هیچیان پەسند ناکات. کامیان ڕاستن؟ چۆن ئەو کێشەیە یەکلایی دەکرێتەوە؟

٩- ئەوەی پێوەندی بە ئایینەوە هەیە، فەلسەفە کێشەیەکی هەیە: ئەگەر ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بێ، ئەو خەسڵەتە سەرووسروشتییە ترانسندێنتالییەی لە چییەوە پێ براوە؟ ئەگەر بابەتی ئاسمانی سەرووسروشتی بێ، چۆن دەکرێ لە کۆمەڵگەیەکی سروشتیدا بەبێ چەند و چۆن و گۆڕان جێبەجێ و پیادە بکرێ؟!

- ئەو کۆششەی فەیلەسووفە موسڵمانەکان کردوویانە و پێشتریش زانایانی کەلام، بە تایبەتی موعتەزیلە (گرووپی سەلەفی کۆنەپارێزی توندڕەوی ئەشعەری- شافیعی بەدەربگیرێ) باوەڕ (عەقیدە) لە چوارچێوەی ناوەڕۆکە پیرۆزەکەی دەربێت و ببێت بە بابەتێک بشێ بکرێ بە کەرەستەی بیر لێ کردنەوە و قسە لێ کردن و تاووتوو و شی بکرێتەوە و دەستی توێژینەوە بیگاتێ؟ لەو چالاکییەدا ماوەیەک سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە و چاوەڕێی ئەوە کراوە کە سروشتی سەرووسروشتی (ترانسندێنتالی) ئایینەکە لە چوارچێوەیەکی دیار و دەستنیشانکراودا کاڵ بکرێتەوە و ببێ بە دیاردەیەکی سروشتی لە ژیان و کۆمەڵگەدا ڕۆڵی شایستەی خۆی بگێڕێ، لەلایەکەوە توندڕەوی کۆنەپارێز و نەتەوەپەرستی عەرەب (شافیعی) لە موعتەزیلە هەڵگەڕاوەتەوە و دواتر غەزالی هێرشێکی تەفروتوناکاری کردووەتە سەر سەرچاوەی کولتوور و شارستانیەتی سەردەمی خۆی: فەلسەفە.

- لەو ماوەیەدا کە فەیلەسووفەکان چالاک و دەستبەکاربوون، زمانێکی تایبەتییان ڕۆناوە - پشت ئەستوور بە فەلسەفە و لۆجیکی یۆنان- جیاواز لە زمانی ئەدەب و هەڵبەست، بابەتەکان بخاتە نێو چوارچێوە و قاڵبی چەمکی توێژینەوە. بابەت و چەمکەکان، لەو زمانەدا، لە تایبەتییەوە بەرەو گشتی، لە هەندەکییەوە بەرەو هەمەکی براون، بە جۆرێک پەتی و ڕوخسارەکی و ئەبستراکت خەسڵەتەکەیان بێت. بۆ نموونە ئەگەر پێشتر قسە لە مرۆڤی ئیماندار کرابێ لەو زمانە نوێیەدا چەمکی گشتی ئیمان- گوناح بەکارهاتووە و تاووتوو کراوە. ئەو کۆششە لە دوو ڕەهەنددا سەرئاو کەوتووە و بەرجەستە بووە:

- ڕەهەندێکی ژیریی- فەلسەفەیی کە کۆشاوە ئازادی مرۆڤ و ئۆباڵکێشانی ئازاد پشت ڕاست بکاتەوە.

- ڕەهەندێکی لاهووتی سەلەفی کۆنەپارێز بابەتەکەی بەلای پاشەکشەدا بردووە.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

(١) أبو حامد محمد الغزالي: تهافت الفلاسفة، بيروت، ١٩٩٠، ص٤٦، فما بعد.

(٢) القرآن: سورة ال عمران آية ٦:

هو الذي أنزل عليك الكتاب منه آيات محكمات هن أم الكتاب وآخر (متشابهات.... وما يعلم تأويله إلا الله والراسخون في العلم).

(٣) د. زينب محمود الخضيرى: أثر إبن رشد في فلسفة العصور الوسطى، بيروت، ٢٠٠٧، ص٢٣، وفي أماكن اخرى.

(٤) ابن رشد: تهافت التهافت، تحقيق د. محمد العريبي، لبنان، ١٩٩٣.

(٥) ابن رشد: كتاب فصل المقال وتقرير مابين الشريعة والحكمة من إتصال، بيروت، ٢٠٠٩، ص٧.

(٦) دى لاسي اوليري: الفكر العربي ومركزه في التأريخ، ت: إسماعيل البيطار، بيروت، ١٩٧٤، ص٢١٥.

(٧) إرنست رينان: إبن رشد والرشدية، ت: عادل زعيتر، القاهرة، بدون تأريخ، ص٤٠، وفي صفحات اخرى أيضا.

(٨) ابن رشد: تهافت التهافت. (سەرچاوەی پێشوو) ل٥٩ و لە لاپەڕەکانی تردا، هەروەها بڕوانە ئەو پێشەکییە گرنگ و ڕێکوپێکەی (د. محمد عابد الجابري) بۆ کتێبی (تهافت التهافت): بيروت ٢٠٠٨، ط٣، ل٧٠ - ٧١. نووسیویەتی. ئەو شاکارە چەند جارێک چاپ کراوە و چەند پێشەکییەکی بۆ نووسراوە.

(٩) د. محمد علي أبو ريان: تأريخ الفكر الفلسفي في الاسلام، بيروت، ١٩٧٣، ص٤٣٤ وفي أماكن اخرى.

هەروەها بڕوانە:

- ابن رشد: كتاب فصل المقال، ل٦٠.

- ئەو چوار بەشە پوختەی چەند وانەیەکە (محازەرە) کە بە قوتابیانی بەشی فەلسەفە (ماستەر)ی زانکۆی سەلاحەددینی هەولێر - کۆلێجی ئەدەبیات گوتراوەتەوە. هەوڵ دراوە بە زمانێکی کوردی ڕەوان و سادە و ساکار (هەندێک چەمک هەیە لە عەرەبیدا دانانی بەرانبەرەکەی سووک و ئاسان نییە) بنووسرێت. بۆ سوودی پتری خوێندکاران لە دواییدا سەرچاوەکانیان خراوەتە سەر.

# گێڕانەوەی نێرینەیی و مێینەیی لە ئەزموونێکدا

حسێن لەتیف
(دەریەندیخان)

ئەم نووسینە هەوڵیکە بۆ خوێندنەوەی گۆشەیەک لە ئەزموونی نووسینی سەبا ئەحمەد، نۆڤلێتی (حیکایەتەکانی شەهرەزاد) و نۆڤلێتی «حیکایەتەکانی شەهریار» دوو هەوڵی ئەون بۆ دۆزینەوەی زمانێکی تر لە کایەی گێڕانەوەی کوردیدا. بۆ خوێندنەوەی هەوڵەکەی سەبا ئەحمەد دوو دیدگای تیۆری بە کاردەهێنم، ئەوانیش تیۆری «دەقئاوێزان» و تیۆری «ڕەخنەی کولتووری»ن.

گرفتێک لەم نووسینەمدا بە کوردی کردنی وشەی «نسق»ی عەرەبییە کە زاراوەیەکی گرنگ و بنەڕەتییە لە ناو تیۆری ڕەخنەی کولتووریدا، وشەکە بە مانای «نظام»ی عەرەبی و لە زمانی ئینگلیزیشدا بە مانای «System» دێت. لەبەر ئەوەی هاوواتایەکم لە زمانی کوردیدا بۆ نەدۆزیوەتەوە هەر وشەی نەسەق خۆی بە کار دەهێنمەوە.

**یەکەم:** دەقئاوێزان چارەنووسی هەموو دەقێکە. هیچ دەقێک نییە سەربەخۆ بێت، هەموو دەقێک لەناو تۆڕێکی ئاڵۆز لە پێوەندیدایە لەگەڵ دەقێک، یان زیاتر لە دەقێک. دەقەکان بەناو یەکتریدا دێن و دەچن و دەقێ نوێ بەرهەم دەهێنن. بەو شێوەی کانزاکان دەتوێنرێنەوە و داڕشتە و نیگاری جیاوازیان لێ دروست دەکرێت، ئاوەهاش

دەقەکان لە پێوەندی لەگەڵ یەکتردا دەقیتر بەرهەم دەهێننەوە. دەشێت پرۆسەی دەقئاوێزان لە زمان و زەمانی جیاوازدا ڕوو بدات.

دووەم: دەقئاوێزان ئەگەر بە دیوێکدا بریتی بێت لە لەکارخستنی دەقی یەکەم، ئەوە بە دیوێکی تردا بریتییە لە لەکارخستنی یەکەم دەقنووس، یان دەقنووسی یەکەم. هیچ دەقێک بە تەنیا بە دەقنووسێک نانووسرێت، بەڵکوو هەموو دەقێک زیاتر لە دەقنووسێکی هەیە. لەبارەی دەقئاوێزانەوە تۆدۆرۆڤ دەڵێت: «هەموو دەقەکانی دنیا پێدەچێت یەک نووسەر نووسیبێتنی، یان هەموو دەقنووسەکانی دنیا پێکەوە دەقێکیان نووسی بێت». ئەم ڕستەیەی تۆدۆرۆڤ ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ساتەوەختی نووسین، دەقنووس بە تەنیا بیرناکاتەوە، بەڵکوو هاوزەمان لەگەڵ کۆمەڵێک دەقنووسی تردا بیر دەکاتەوە.

ڕەخنەگرانی ئەدەبی وەک: «ڕۆلان بارت، جولیا کریستیڤا» تیۆریزەی دەقئاوێزانیان کردووە، هەر یەک لەوان باوەڕیان وەهایە دەقەکان کۆچ دەکەن بۆ ناو یەکتری و دەقیتر لە دایک دەبێت، هەر بەو شێوەی مرۆڤەکان زاوزێ دەکەن و نەوەی نوێ بە ڕوخسار و شێوەی جیاواز دەخەنەوە، دەقەکانیش لە پرۆسەی کۆچکردن بۆ نێو یەکتری دەقی جیاوازیان لێ دەبێت. گرنگی ئەم تیۆرە لەوەدایە هاوکاری خوێنەر دەکات باشتر لە چینە پێکهێنەرەکانی دەق تێبگات، دەق هاوشێوەی زەوی چینی جیاوازی هەیە، ناسینەوەی چینەکانی دەق پێویستییەکی گرنگی دەقناسییە.

سێیەم: لە ناو ئەم تیۆرەدا، چەمکێک هەیە بەناوی «پێشدەقی»، ئەم چەمکە گرنگی ناوونیشان و بەرگی کتێب، تەنانەت فۆنتی



سەبا ئەحمەد

نووسینی ناوونیشان و پێشکەشکردنی کتێب بە کەسێک دەدات. ناوونیشانی کتێبەکە ڕێگا بە ئێمە دەدات لەوێوە وەک دەروازەیەک بڕۆینە نێو جیهانی دەقەکەوە و قسەی لەسەر بکەین.

حیکایەتەکانی شەهرەزاد، وەک ناوونیشانی نۆڤڵێتەکە ئێمە بۆ لای حیکایەتی «هەزار و یەک شەو» دەباتەوە.

لە داستانی (هەزار و یەک شەو)دا، هاوسەرەکەی شەهریار خیانەتی هاوسەری لە شەهریار دەکات. شەهریاریش لە تۆڵەی ئەو خیانەتەدا هاوسەرەکەی خۆی دەکوژێت، لەوێ بەدواوە هەموو شەوێک کچە پاکیزەیەکی بۆ دەهێنن و ئەتکی دەکات و بەیانی دەیکوژێت. بەهۆی ئەو تۆڵەکردنەوەی شەهریارەوە لە ڕەگەزی ژن، وڵات بەرەو چۆڵبوون و خاڵی بوونەوە لە ژن دەچێت، تا دەگات بەوەی شەهریار یەکێک لە وەزیرەکانی خۆی ڕادسپێرێت کچەکەی خۆی بۆ بهێنێت بۆ ئەوەی ئەتکی بکات و ڕۆژی دوایی بیکوژێت.

کچی وەزیر کە ناوی شەهرەزادە، باوکی دڵنیا دەکاتەوە کە ناکوژرێت، بۆ ئەو مەبەستەش خوشکە بچووکەکەی بە ناوی «دنیازاد» لە گەڵ خۆیدا دەبات، بە پادشا دەڵێت خاوەنشکۆ، دەبێت حیکایەت بۆ ئەم کچە بکەم تا دەخەوێت، پاش ئەوە ئامادەی هەر شتێکم تۆ بتەوێت، بەو جۆرە پادشا ڕازی دەبێت و شەهرەزاد حیکایەت بۆ دنیازادی خوشکە بچکۆلەکەی دەکات، هەتا ڕۆژ دەبێتەوە، حیکایەتەکان تەواو نابن و حیکایەتی تر بەدوای خۆیاندا دەهێنن، پادشا چاوەڕێی شەوانی دواتر دەکات تا بزانێت حیکایەتەکان بە کوێ دەگەن. هەزار شەوی تەواو شەهرەزاد حیکایەت بۆ دنیازاد دەکات و پادشا گوێ دەگرێت و لە هەزار و یەکەمین شەودا پادشا بڕیار دەدات واز لە ئەتککردن و کوشتنی پاکیزەکان بهێنێت و لەگەڵ شەهرەزاد هاوسەرگیری دەکات، دەبنە خاوەنی سێ کوڕ.

وانەیەک کە لە چیرۆکی هەزار و یەک شەو فێر دەبین ئەوەیە زمان هێز و ئەفسوونی خۆی هەیە، زمان توانی شەهریار لە پادشایەکی تووڕە لە ژن و پاکیزە کوژەوە بۆ ناو ژیانی ئاسایی بگەڕێنیتەوە. زمان توانی شەهرەزادیش کە مەترسی ئەتک کردن و کوشتنی لەسەر بوو، بۆ خانمی یەکەمی کۆشک و دایکی سێ کوڕ بگۆڕێت. یەکێک لە مانا ڕەمزییەکانی داستانی هەزار و یەک شەو ئەوەیە کە حیکایەتەکانی شەهرەزاد ڕەگەزی ژنی لە فەوتان ڕزگار کردووە.

**چوارەم:** سەبا ئەحمەد لە دەقی «حیکایەتەکانی شەهرەزاد»دا، بۆ بەرهەمهێنانی دەقیکی نوێ سوودی لە داستانی هەزار و یەکشەو بینیوە.

داستانی هەزار و یەک شەو، هەزار حیکایەت لە خۆ دەگرێت. گوێگری حیکایەتەکانیش پادشایەک و منداڵێکن، گێڕەرەوەش شەهرەزادە.

لە دەقەکەی سەبا ئەحمەددا، ئێمە بەر شەش حیکایەت دەکەوین، لەگەڵ گێڕەرەوەیەکدا بە ناوی نووسەر. نووسەر پاش دەساڵ بە دەستنووسە کۆنەکانی خۆیدا دەچێتەوە، هەر دەستنووسەی حیکایەتێکی جیاوازی تێدایە لە بارەی عەشق و خیانەت و دەسەڵاتەوە. لە سەر هەریەکە لە حیکایەتەکانیش لێدوانی خۆی هەیە.

حیکایەتخوانەکەی سەبا «شەهرەزاد» ناوێک و کارەکتەرێکی لە داستانی هەزار و یەکشەو وەرگیراوە، هەمان وەزیفەی ئەوی هەیە، بەڵام بە هەمان هۆکاری کارەکتەرەکەی هەزار و یەکشەو لەناو کۆشکدا نییە، بە هەمان هۆکاریش حیکایەتەکان ناگێڕێتەوە، لە ترسدا نەڕۆشتووەتە ناو کۆشک، لە ترسدا حیکایەت بۆ پادشا ناکات، بەڵکوو ڕۆژگارێک خۆی لە ناو کۆشکدا کەنیزەک بووە. پادشا هۆگری بووە، بەڵام هەرگیز شەهرەزاد مەیلی نەداوەتێ، هەر بۆیەش پادشا لە کۆشک دەری کردووە. پاش ساڵانێکی زۆر ژیان لە دەرەوەی کۆشک، ئێوارەیەک شەهرەزاد لە ڕێگای گێڕانەوەی یادەوەری و حیکایەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ کۆشک و وا لە پادشا دەکات پێی بڵێت «بەدەستی خۆت تاج و کەوای پادشاییم لەسەر دابگرە و بمشێلە».

خاڵی هاوبەشی نێوان دەقەکەی سەبا ئەحمەد لەگەڵ هەزار و یەکشەودا ئەوەیە گێڕانەوە توانایی گۆڕینی پادشایەکی توندوتیژی هەیە بۆ مرۆڤێکی ئاسایی و چێژ وەرگر لە حیکایەت و جەستەی ژن، خاڵی جیاوازیشیان ئەوەیە شەهرەزادەکەی سەبا ئەحمەد نابێت بە

هاوسەری پادشا، پادشایش هیچ ئاماژەیەکی لەو جۆرە پیشان نادات.

کارەکتەری نووسەر لە ناو نۆڤلێتەکەدا، نەک سەبای دەقنووس ماندوو دەبێت و بۆ تاوێک مۆبایل هەڵدەگرێت و دەچێتە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، لە میسنجەرەوە ڕستێک نامەی یەک لەدوا یەکی بۆ هاتووە «لەکوێی...؟ نووسەر بۆی دەنووسێتەوە: «لەهەر کوێبم تۆ لە ناو دڵمدایت!»»

**پێنجەم:** لەو حیکایەتەی سەرەوەدا باس لە سەردەمی کۆرۆنا دەکات. باسکردن لە کۆرۆنا، لێرەدا ئاماژەیەکە بۆ سەردەمێک کە پێوەندییەکانی تێدا لە بەردەم مەترسیدان و خەڵک هەموو لە ماڵەکانیاندان و نایەنە دەرەوە، پێوەندییەکان لە ڕێگای دنیای مەجازەوە بەردەوامییان پێ دەدرێت، نەک دنیای واقیعی. لە دەقدا بە زۆری دوو زەمەن ئامادەبوونی هەیە، ئەوانیش زەمەنی ڕووداو و زەمەنی گێڕانەوەن. زەمەنی ڕووداو بۆ ساڵانیکی دوورتر دەگەڕێتەوە کە نووسەری کارەکتەر چەند ڕەشنووسێکی تێدا نووسیوە، بەڵام زەمەنی گێڕانەوە، زەمەنی هاتنی پەتای کۆرۆنایە. زەمەنی گێڕانەوە پێمان دەڵێت ئەگەر گێڕانەوە لە داستانی هەزار و یەکشەودا، بە هانای ڕەگەزی ژنەوە چووبێت و لە دڵڕەقی شەهریار ڕزگاری کردبێ ئەوە گێرانەوە لە زەمەنی کۆرۆنادا ئەو پەناگەیە بووە مرۆڤ لە ترسی سستبوونی پێوەندییەکان و ترسی مردن، پەنای بۆ دەبات. گێڕانەوە لە هەموو سەردەمێکدا بە هانای مرۆڤەوە دەچێت.

**ڕوانینێکی تر لە بارەی حیکایەتەکانی شەهرزادەوە:**

**یەکەم:** ڕەخنەی کولتووری، ئەو تیۆرەیە دەکرێت دەقی شیعر و ڕۆمان و تابلۆی پێ بخوێنرێتەوە، ئەم تیۆرە جیاواز لە قوتابخانەکانی تری ڕەخنەی ئەدەبی کە خۆیان سەرقاڵی فۆرم دەکەن و تەکنیک و ڕەوانبێژییان بۆ گرنگە، ئەم هەموو دەقێکی ئەدەبی بە تەنیا وەک گوتار دەبینێتەوە، تەواوی تەکنیکەکانی گێڕانەوە ئەدەبییەکان بە ماسکێک دەبینێتەوە بۆ ئەوەی گوتاری دەق ناشیرینی و نهێنییەکانی خۆی لەژێردا بشارێتەوە، بەمەش وەرگر/ خوێنەر تووشی کوێریی کولتووری دەکەن. ڕەخنەی کولتووری لە بریتی ڕەوانبێژی و تەکنیک بەدوای ئەو گوتارانەدا دەگەڕێت دەقەکان هەڵیانگرتوون، بە هۆی تەکنیکەکانەوە ئەفسوون و کاریگەری خۆیان لەسەر وەرگر/ خوێنەر بەجێ دەهێڵن. مرۆڤی هەر کولتوورێک بەرهەمی ئەو ئەدەب و هونەرەیە کە بوون بە بەشێک لە هۆشیارییان و دواتریش لە ڕێگای



هۆشیارییەکەیانەوە بوونەتەوە بە بەشێک لە بیرکردنەوە و ڕەفتاری ڕۆژانەیان. نووسەرێکی عەرەب عەبدوڵڵا غەزامی کە تەواوی پرۆژە ڕەخنەییەکانی خۆی بۆ ڕەخنە گرتن لە کولتووری عەرەبی تەرخان کردووە، گرنگی بە دوو چەمک دەدات، ئەوانیش «نەسەقی پەنهان، نووسەری دووانەیی»ن، نەسەقی پەنهان بریتییە لەو گوتارانەی بەشی ژێرەوەی دەقیان لێ پێک دێت و ئێمە لەبەر تەکنیکەکانی گێڕانەوە هەستیان پێ ناکەین، بەڵام ئەوان کاریگەری خۆیان لەسەر ئێمە دادەنێن، وەک نەسەقی ئایینی، نێرینەیی، کۆنەپەرستی، عەشق. هەریەک لەو نەسەقانە نەسەقی کولتوورین و خۆیان بەرهەم دەهێننەوە، داهێنانی نەسەقی نوێ سەختیی لە ڕادەبەدەری هەیە. بۆ نموونە دامەزراندنی نەسەقێکی مێینەیی لە ناو کولتووری نێرینەییدا، دامەزراندنی نەسەقی عەشق لە ناو کولتوورێکی توندوتیژدا.

**دووەم:** لە تەواوی حیکایەتەکاندا شەهرەزاد گێڕەرەوەیە، وەک مێینەیەکی خودان هێزی زمان، پادشا دەخاتە ژێر ڕکێفی گێڕانەوەکانی خۆیەوە، تا ئەو ڕادەیەی ژووانەکان و گێڕانەوەی حیکایەتەکان دەباتە دەرەوەی کۆشک، بە جلوبەرگی پیاوێکی سادەوە دەیباتە ناو کادان و گەوڕ و کەلاوەکانەوە.

گێڕانەوە سروشتێکی مێینانەی هەیە لە هەزار و یەکشەودا، نەک لە بەر ئەوەی گێڕەرەوە لە ڕەگەزی مێینەیە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی حیکایەتەکان خۆیان زاوزێ دەکەن و خۆیان لە حیکایەتەکانی شەهرەزادیشدا بەرهەم دەهێننەوە. لە نۆڤلێتی شەهرەزادی سەبا ئەحمەدیشدا گێڕەرەوە مێینەیە، بەڵام دیسان گێڕانەوە نەبووەتەوە بە مێینە، لەبەر ئەوەی حیکایەتخوان مێینەیە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە حیکایەتەکان، حیکایەتی تریان لێ دەبێتەوە.

بە قەولی عەبدوڵڵا غەزامی: «هەزار و یەکشەو» دەقێکی مێینانە بووە، زمانێکی مێنانەی هەبووە، چونکە گێڕەرەوە مێینە بووە، واتە لە زەمەنی «حیکائی/ گێڕانەوە»دا زمان مێینە بووە، گێڕانەوە مێینەیی بووە، بەڵام پاش نووسینەوەی حیکایەتەکانی هەزار و یەکشەو، دەستکاری کراوە، جێگە پەنجەی پیاوی پێوە دیارە، واتە زەمەنی نووسین زەمەنێکی پیاوانەیە، نووسین زمانی لە ژن سەندەوە. لێسەندنەوەی زمان لە ژن، زاڵکردنی نەسەقی نێرینەییە، ئیتر ژنان بە زمانێک دەنووسن، زمانی خۆیان نییە، لەبری ئەوەی دنیای خۆیان لە زمانێکدا دروست بکەن و نیشان بدەن زمانی خۆیان بێت، لە زمانێک دروستی دەکەن و نیشانی دەدەن، کە زمانی نێرینەیی و پیاوە.

گێڕانەوەی نێرینەیی هەر بەتەنیا پیاوان لە دروست کردنیدا بەشدار نین، بەڵکوو ژنانیش خۆیان لە دروست کردنیدا بەشدارن، ئەو ژنانەی بە زمانی پیاو دەنووسن و بیردەکەنەوە بەرهەمهێنەرەوەی گێڕانەوەی نێرینەیی و نەسەقی نێرینەیین، ئەوەتانێ نووسەرێکی وەک ئەحلام موستەغانمی دەڵێت: «هەست دەکەم نووسین بە زمانی پیاوانەوە باشتر کەرەستەکانی دەربڕینم دەداتێ. ئەمە قسەی ئەوە کە لەسەر یەکێک لە کتێبەکانی بە ناوی «لە بیرچوونەوە» نووسیویەتی خوێندنەوەی ئەم کتێبە بۆ پیاوان قەدەغەیە. ئەگەر ڕەگەزی مێینەی مرۆڤ لە کەوتنی ژنە خواوەندەکانەوە کەوت و نەسەقی نێرینەی زاڵ بوویێت، ئەوە بۆ ئەوەی نەسەقی مێینە بەرهەم بهێنرێتەوە، پێویستە جارێکی تر

گێڕانـەوە مێینـە بکرێتـەوە، یـان ڕەگـەزی مێینـە ببێتـەوە بـە خاوەنـی زمـان.

**سـێیەم:** چەمکـی نووسـەری دووانەیـی، وەهـا دەڕوانێتـە نووسـین کـە نووسـەر بـە تەنیـا نییـە، بەڵکـوو لەگـەڵ نووسـەردا کولتووریـش دەنووسـێت، واتـە دەق بەرهەمـی دەقنـووس و کولتـوورە پێکـەوە، ئـەو کاتانـەی کـە دەقنـووس سـەرقاڵی نووسـینە و خەیاڵـی لای داهێنانـە، ئـەوە کولتووریـش خـۆی دەنووسـێتەوە، ئەمـەش خاڵێکـی هاوبەشـی نێـوان تیـۆری دەقئاوێـزان و ڕەخنـەی کولتوورییـە، لـەوەدا هاوبەشـن کـە دەق بەرهەمهێنانەوەیەکـی تاکەکەسـی نییـە. بەرهەمهێنانـی دەقیـش بەشـێکی بەرپرسـیاریەتی دەقنووسـە، بەشـێکی تـری بەرپرسـیاری ئـەو کولتوورەیـە کـە لەگـەڵ دەقنووسـدا دەقەکەیـان بەرهـەم هێنـاوە.

**چـوارەم:** سـەبا ئەحمـەد لـە «حیکایەتەکانـی شـەهرەزاد»دا، بـەدوای بەرهەمهێنانـەوەی نەسـەقی نێرێنەیـی و مێینەییـەوە نییـە، بەڵکـوو بـە دوای نەسـەقی عەشـقەوەیە. هیـچ کام لـەو شـەش حیکایەتـە بەبـێ بوونی تێمای عەشـق ناگێڕدرێنەوە، بـەڵام عەشـقێک کـە مـرۆڤ دەکات بـە کۆیلـەی مەعشـووق، عەشـقێک گرێـدراو و بارگاویکـراو بـە ئـازار. لـە حیکایەتـی یەکەمدا شـەهرەزاد دەڵێـت: «دەزانیـت بـۆ بـەم ئێـوارە ناوەختـە هاتـووم؟ تـا لەگـەڵ ئـەو ئێـوارەدا پێکیـان بدوورمـەوە کـە تـۆ منـت لـە کۆشـک کـردە دەرەوە، ئێوارەیـەک منـت کـردە دەرەوە کـە هۆگـرت بـووم... بـە ئازارەکانـت شـادومان بـووم، لەزەتـم لـە لێدانەکانـت دەبینـی لەسـەر پشـتم و هەسـتم بە لەمسـی خۆشەویسـتیت دەکـرد...... بـە جۆرێـک ئـازاری جەسـتەم شاگەشـکەی دەکـردم، بـەڵام تەنیـا سـزای تـۆ نـەک کەسـی تـر»ل١١. یـان «عەشـق بازرگانـی نییـە، قازانـج و زیانـی تێدا نییـە تەنیـا سـووتان و قوربانییـە»...ل١٢.

لـە زانسـتی دەروونیـدا، دوو زاراوە هەیـە بـۆ تێگەیشـتن و ناسـینی پێکهاتـەی دەروونـی مـرۆڤ بـەکار دەهێنریـن، ئەوانیـش «سـادی» و «ماسۆشـی»ن، یەکەمیـان وەک سـیفەتێک دەدرێتـە پـاڵ ئـەو کەسـانەی چێـژ لـە ئازاردانـی بەرانبەرەکەیـان وەردەگـرن. دووەمیـان دەدرێتـە پـاڵ ئـەو کەسـانەی چێـژ لـەوە وەردەگـرن ئـازار بدرێـن.

شـەهرەزاد لـە جـۆری دووەمیانـە لەزەتـی لـە ئـازار و ئەشـکەنجەیەک بینیـوە پادشـا داوێتـی، (مـن کەنیزەکێـک بـووم غـروری پادشـام شـکاند، بـەڵام کاتێـک ئازادبـووم وەک مەلێکـی دەسـتەمۆ بـە ویسـتی خـۆم گەڕامـەوە بـۆ نـاو قەفـەس و کۆیلەییـم لا جوانتربـوو لـە ئازادییـەک پەشـیمانی لـە دوا بێـت) حیکایەتەکانـی شـەهرەزاد ل٤١.



عەشق لەم دەقەدا ئازادبوون نییە لە کولتوور و بیرکردنەوەی نێرینەیی و گێڕانەوەی نێرینەیی، پرۆسەیەک نییە بۆ کامڵبوون هێندەی پرۆسەیەکە بۆ زەلیل بوون.

**پێنجەم:** لە حیکایەتەکانی شەهرەزاددا، ئەوەی کە مرۆڤ زەلیل دەکات عەشقە، زەلیلکردنی مرۆڤ و ترسان لە ئازادی لە نۆڤلێتی حیکایەتەکانی شەهرەزاددا، پرۆسەیەکی بەردەوامن عەشق بەڕێوەیان دەبات، ئەوەش کولتوورە کە نەسەقێکی زەلیلانە لەگەڵ سەبا ئەحمەددا دەنووسێت، کاتێک سەبا سەرقاڵی نووسینی دەقێکی ئەدەبییە، کولتوور لە بەشی ژێرەوەی زمانەوە کاری خۆی دەکات.

**شەشەم:** لە نۆڤلێتی حیکایەتەکانی شەهریاردا گێڕەرەوە نێرینەیە. حیکایەتەکانی شەهریار ساڵی ٢٠١٣ بڵاو کراوەتەوە. بەپێچەوانەی نۆڤلێتی حیکایەتەکانی شەهرەزادەوە، کە گێڕەرەوە مێینەیە و شانۆی گێڕانەوە داگیردەکات، حیکایەتەکانی شەهرەزادیش ساڵی ٢٠٢٢ بڵاو کراوەتەوە. سەبا ئەحمەد لەو دوو ئەزموونەدا جێگۆڕکێی بە گێڕەرەوەکان کردووە، ئەمەش پێمان دەڵێت سەبا ئەحمەد لە هەوڵی بە مێینەکردنەوەی زماندایە لە سەردەمی نێرینەییدا. نێرینەیی نەسەقێکی کولتوورییە و داهێنانی نەسەقێکی جیاواز کارێکی سەختە، چونکە کولتووری نێرینەیی و زمانی نێرینەیی بوون بە دەزگای ڕەسمی، تەنانەت کەم نین ئەو ژنە نووسەرانەی بە زمانی پیاو دەنووسن و بە چاوی پیاوانەوە تەماشای ژیان دەکەن. گرفتی سەبا ئەحمەد لە گێڕانەوەدا، گرفت نییە لەگەڵ گێڕانەوە خۆی وەک ڕەگەزێکی ئەدەبی، هێندەی ئەوەی گرفتە لەگەڵ بە «ڕەگەزیی/ تجنیس»کردنی گێڕانەوەدا.

ئەزموونی گێڕانەوەی سەبا ئەحمەد لەم دوو نۆڤلێتەدا، یاریکردنە لە نێوان گێڕانەوەی نێرینەیی و مێینەییدا، وەک بڵێیت لە ڕێگای ئەزموونەکەی خۆیەوە دەیەوێت پێمان بڵێت مرۆڤ لە بەردەم نەسەقێکی تردا نییە، جگە لە نەسقی نێرینەیی و مێیینەیی. بۆ کامڵکردنی ئەزموونەکە دەکرێت نۆڤلێتی سێیەم بنووسرێت، زمان ڕووی لە نەسەقێکی مرۆڤانەتر بێت، کاتێک ئەمەم بە سەبا ئەحمەد گوت: «دەشێت نۆڤلێتی سێیەم بنووسیت، بۆ ئەوەی بزانین زمان بەرەو چی دەبەیت و گوێمان لە دەنگێکی تر بێت، پێی گوتم: ئەگەر نۆڤلێتی سێیەم بنووسم ئەوە گوێتان لە دەنگی خودا دەبێت، خودا بۆتان دەدوێت».

کەواتە با چاوەڕێ بین.

**سەرنج:**

دوای وردبوونەوە و تاووتووکردنی زۆری زاراوەی (نسق)ی عەرەبی، ئێمە دەمێکە لە ڕامان (سەمت)مان بۆی پێشنیار کردووە.

**(ڕامان)**

# ئەنتۆلۆژیای دەنگ

بەختیار محەمەد

دەنـگ: گەورەتریـن نیشـانەی زیندوویـیـە (گەورەترین نیشانەی ژیان). دەنگ چ خۆش بێ، چ ناخـۆش، نیشـانەی ژیانـە (نیشـانەی بـوون)، تەنانـەت لـە جەنگەکانیشـدا، بـەر لـە مـەرگ و کوشـت و کوشـتار، دەنگ (هـاوار و ناڵـە و قیـژە و قریشـکە و گرمـە و زرمـە و ڕمبـە...) هەیـە. لـە کوێـدا دەنـگ هەبـوو، لەوێشـدا ژیـان هەیـە. ناوەڕۆکێکـی ژیـان دەنگـە: دەنگـە جیـاوازەکان. تەقینـەوە گەورەکـەی سـەرەتای دروست بوونـی گـەردوون، دەنگـە (دەنگ بـوو)، واتـە سـەرەتای دروسـت بوونـی گـەردوون دەنگـە؛ کـە منداڵیـش (کۆرپەلـەش) لـە دایک دەبێ، هـەر لـە یەکەمیـن چرکـە و سـاتەوەختی بەجـێ هێشـتنی پـزدان، دەنگـی دێ (بـە گریانـەوە دێتـە نـاو ژیـان)؛ کەواتـە سـەرەتای بـوون و ژیـان دیسـان دەنگـە؛ تـا ژیـان هەبێ، دەنـگ هەیـە، کـە دەنـگ نەمـا، مـەرگ هەیـە (دەبـێ بزانیـن بێدەنگـی مـەرگ دەگەیەنـێ: مەرگـی واقیعـی و مەرگـی ڕەمـزی. مەرگـی واقیعـی مەرگـی فیزیکییـە، لـێ مەرگـی ڕەمـزی مەرگـی پێویسـتی بێدەنگبوونمانـە لەبـەر هـەر هۆیەکـی ئەرێنـی و نەرێنـی بـێ. هەڵبـەت ئێمـە کـە بێدەنـگ دەبیـن، دەنگ دەمرێ. ئـا ئـەم بێدەنگییـە خۆکـردە مەرگێکـی ڕەمزییـە).

ڕاسـتییەکەی مـادام جەوهەرێکـی ژیـان (بـوون) بریتییـە لـە دەنـگ، کەواتـە هەمـوو

بێدەنگییەک — هەر هیچ نەبێ بە ڕواڵەت — دژی ئەم جەوهەرەیە. ئێمە نابێ لێرە ئەوە لەبیر بکەین، کە بە شێوە بەرهەستە فیزیکییەکە باسی دیاردەی دەنگ دەکەین، واتە بە شێوە ماددییەکەی، نەک بە شێوە مەعنەوی و سایکۆلۆژییەکەی، ڕاستییەکەش لە دەرەوەی مەجازدا (ڕەمزدا)، دەنگ دیاردەیەکی بەرهەستی فیزیکییە و بەرهەمی ڕووداو و دیاردە سروشتی و ماددییەکانە. لە سروشتدا و لە ژیانی مرۆڤدا، یان دەنگ هەیە، یان بێدەنگی هەیە، واتە کە دەنگ نەبوو، بە حەتمی بێدەنگی هەیە. مەرگیش بێدەنگییەکی ڕەهایە، کە کۆتایی بە دەنگە زیندووەکانی ژیان دەهێنێ. ژیان بەردەوامە و مەرگ بەردەوامە، واتە دەنگ بەردەوامە و بێدەنگیش بەردەوامە؛ تا دەنگ هەبێ، بێدەنگیش هەیە. ئا ئەم لێکدژییە لە نێوان دەنگ و بێدەنگیدا، یاسای دیالیکتیکی ژیان و بوونە، واتە بێدەنگی مەرجی بوونی دەنگە، هەروەک چۆن مەرگیش - لە ناو یاساکانی سروشتدا- مەرجی بوونی ژیانە.(١)

ڕاستییەکەی بێدەنگی (چ بە بارە فیزیکییەکەی بێ، چ بە بارە ڕەمزییەکەی) عەدەمە. ژیان (بوون) نابێ بێدەنگ بێ. مرۆڤ - بۆ چەند ساتێک- بێ دەنگ دەبێ، بەڵام گوێ لە دەنگی ئەوانی دیکە و لە دەنگی دیکەی دەرەوەی خۆی دەگرێ: گۆرانی، ئاخێوەر، باڵندە، هاژەی ڕووبار، گڤەی با... تاد. (٢) ئێمە کە دەشمرین بۆ ماوەیەک کەس و کارمان بارانی دەنگمان بەسەردا دەبارێنن (گریە و شین و ڕۆڕۆ)، ئەمە هاواری ژیانە و گریانی ژیانە: ژیان (ئیرۆس) پڕ بە دەم و بەوپەڕی هێزی خۆی بەرانبەر بە مەرگ (بێدەنگی = سانانۆس) هاوار دەکا و دەقیژێنێ و دەنەڕێنێ؛ بەڵام بەداخەوە لە ساتەوەختی مەرگدا بێدەنگی سەردەکەوێ؛ لێ جارێکی دیکە و لە شوێنێکی دیکەدا، ژیان دووبارە دەنگی دێتەوە (لە ساتەوەختی لەدایک بووندا). بەڵێ، ژیان بەم شێوەیە بە دەنگی خۆی، مەرگ (بێدەنگی و عەدەم) هەراسان دەکا.

دەبێ بزانین، کە ژیان بۆ پشوودان بێدەنگ دەبێ، جیاوازە لە بێدەنگی ئەبەدیی مەرگ. ئێمە بێ دەنگ دەبین، تا بیر بکەینەوە (خەیاڵ بکەین)، تا گوێمان لە دەنگی ئەوانی دیکە بێ. ژیان لە کاتی داهێناندا بێ دەنگ دەبێ، هەروەها لە کاتی مەرگیشدا؛ بەڵام لە یەکەمدا ئیرۆس هەیە، لە دووەمیشدا ساناتۆس. لە یەکەمیاندا ژیان خۆی نوێ دەکاتەوە، بەڵام لە دووەمیاندا ژیان خۆی وێران دەکا. لە ناو هەموو داهێنانێکدا نوێ بوونەوەی ژیان هەیە (سەرەتای نوێ بوونەوەی ژیان بە پشووی بێدەنگی دەست پێ دەکا)؛ بە پێی چیرۆکی ((سفری تەکوین))ی (تەورات)یش، ئەو کاتەی، کە خوا لە شەش ڕۆژەکەدا گەردوونی دروست کرد و لە حەوتەمین ڕۆژیشدا پشووی دا، سەرەتا (بەر لە دروستکردنەکە) پشوو و بێدەنگی هەبوو، واتە پێشتر خوا — بە بێدەنگی — بیری لە داهێنانی دروستکردنی گەردوون دەکردەوە (بە ئادەم و حەوا و گشت گیانلەبەرێکیشەوە). لەمەوە هەموو داهێنانێک پێویستی بە بیرکردنەوەی پێشوەختی بێدەنگانە هەیە (واتە پێویستی بە ڕامان و تێڕامان هەیە). ڕاستییەکەشی هەموو بیرکردنەوەیەک خۆی لە خۆیدا لە بێدەنگیدا فەراهەم دێ، واتە خەیاڵ و بیرکردنەوە لە بێدەنگیدا سەر هەڵدەدەن، نەک لە ژاوەژاو و هەراوهۆریادا، خۆ ئەگەر خوا تەنیا نەبا نەیدەتوانی- بە باشی و بە ئاشتی- گەردوون بخوڵقێنێ. داهێنەر سەرەتا تەنیایە، بێدەنگە؛

واتە تەنیا خۆیەتی و لەگەڵ خۆیدا بیر دەکاتەوە و دەژی؛ ئەمەش پێویستی بە بێدەنگی فیزیکی و بابەتەکی (مەوزوعی) هەیە. ئایا هیچ شاعیرێک هەیە بتوانێ لە قەرەباڵغیدا (لە چایخانە و گازینۆدا) شیعر بنووسێ و داهێنان بکا (تەنیا مەگەر وەک سۆفی بە تەواوی گوێ لە دەنگی ناوەوەی خۆی بگرێ و گفتوگۆ لەگەڵ ناخی خۆیدا بکا)؟ داهێنەر ئەو کەسەیە، کە تەنیا خۆیەتی، کە تەنیا خۆی سەروەری گەردوونە، هەر بەڕاستیش داهێنەر خواوەندە، خواوەندی بوارەکەی خۆیەتی.

بێدەنگییەکیش هەیە، کە لە ترس و لە سەرسوڕمانەوە لە دایک دەبێ و سەر هەڵدەدا. لە ئەلیادەدا هاتووە دەڵێ: {ئۆدیسیۆس} ((وەها دوا. ئەوانی دیکەش لەبەر خەمی زۆر و سەرسوڕمانی زۆریان لە قسە توندەکانی، لە بێدەنگییەکی تەواودا گوێیان لێ ڕاگرتبوو. ئاخییەکانیش بۆ ماوەیەکی زۆر هەروا بە بێدەنگی مانەوە)).(٣) هەڵبەت ئێمە لە حاڵەتی ترس و سەرسوڕماندا بێدەنگ دەبین و دەحەپەسێین. هەموو حەپەسانێکیش، بێدەنگی (دەم بەشبوونەوەی) بە دواوەیە. ئەم بێدەنگییە بێدەنگییەکی نەرێنییە، ترس و حەپەسان بەرهەمی دەهێنن. هەڵبەت بێدەنگی پاش هەموو حەپەسانێک نەرێنیی نییە. حەپەسان هەیە بەرهەمی جوانیی شتی لەناکاوی خۆش و شیرینە. ترس جیایە لە حەپەسان؛ ئەگەرچی هەندێک جار و لە هەندێک بار و هەڵوێستدا لەگەڵ یەکدا دێن، وەک لە بەیتە شیعرییەکەی هۆمیرۆسدا بینیمان.

ئێمە بێدەنگی ژینەکیی و لەزەتاویشمان هەیە لەگەڵ کتێبدا (سرووتی خوێندنەوەدا). ئێمە لە کاتی کتێب خوێندنەوەدا زمانمان (فیزیکمان) بێدەنگ دەبێ و ناخمان قسە دەکا: ناخمان بە بێ دەنگی دەنگی دێ. ناخمان دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ کتێب و جیهانی خوێندنەوەدا. پاموک لە کتێبی (من درەختێکم) لەسەر زاری مامۆستایەکدا دەڵێ: ((کاتێک کتێب دەخوێنیتەوە بە هیچ شێوەیەک نابێت قسە بکەیت)).(٤) بێگومان بێدەنگی بەشێکە لە سرووتی کتێب خوێندنەوە، هەر بۆیەشە لە کتێبخانەکاندا دەنگە دەنگ شتێکی ناشیرین و بێزارکەر و نامۆیە؛ تەنانەت ڕێگە پێدراویش نییە. لێرەدا بێدەنگی هەژموونی خۆی هەیە: هەژموونی مەعریفی. مادام کتێب قسە دەکا، دەبێ هەموومان بێدەنگ بین. لێرەدا ئێمە گفتوگۆ لەگەڵ کتێب دەکەین، ئەو قسەمان لەگەڵدا دەکا، بۆیە دەبێ بێدەنگ بین و بە بێ دەنگی گوێی لێ بگرین (زمانی کتێب وشە و ڕستە بێدەنگەکانن). مادام کتێب بە بێ دەنگی قسەمان لەگەڵدا دەکا، بۆیە دەبێ ئێمەش بێدەنگ بین: بە زمانی ناخ قسەی لەگەڵ بکەین و لە ناخەوە گوێی لێ ڕابگرین. ئەلبێرتۆ مانگویل لە کتێبی ((کتێبخانە لە شەودا)) دەڵێ: ((شەوان، لێرە لە کتێبخانەدا، دەنگێک هەن، کە هی ڕۆحن)).(٥) دەشڵێ: ((لە باخچەی ماڵەکەمدا دوو داری سفۆرا هەن، کە ڕێک لەودیو پەنجەرەی کتێبخانەکەمدان. هاوینان کە هاوڕێکانم سەردانم دەکەن، هەندێک جار بە ڕۆژ و زۆربەی جاریش بە شەو، لە بنیان دادەنیشین و قسە و باس و گفتوگۆ دەکەین، بەڵام لە ناو کتێخانەکەدا کتێبەکانم ناچارمان دەکەن، کە واز لە قسەکردن بهێنین و بێدەنگی لێ بکەین)).(٦) ئەم بێدەنگییە بێدەنگییەکی مەعریفییە، بێدەنگی داهێنانە. بێدەنگییەکە دەسەڵاتی کتێب (مەعریفە) بەسەرمانیدا

دەسەپێنێ، تا بتوانین لە ناو بێدەنگیدا بیر بکەینەوە و تێبگەین: تێبگەین لە جیهانی تایبەتی کتێب (وشە). لەو کۆمەڵگایانەی کە بیرکردنەوە و عەقڵ (کتێب) زاڵ و باڵادەستن، ئا لەوێدا بێدەنگی و هێمنیش، بێدەنگی و هێمنی لە پێناو ئازادی و خۆشگوزەرانی و داهێناندا، زاڵ و باڵادەستن. مرۆڤی خوێنەر بە سروشتی خۆی ناتوانێ زۆربڵێ بێ؛ چونکە ئەو لەگەڵ کتێب دەدوێ (هاوڕێی خوێنەر هەر تەنیا مرۆڤ نییە، بەڵکوو وشەشە. ڕاستییەکەی نزیکترین هاوڕێی ئێمە وشەیە {زمانە}، بەڵکوو وشە بەشێکە، بەشێکی بنەڕەتییە لە بوونمان)؛ ئەو بێدەنگی دەرەوە جێ دەهێڵێ و تووڕی دەدا، بۆ ئەوەی بگاتە بێدەنگی ناوەوە: بێدەنگی لەگەڵ بیرکردنەوە و کتێبدا، واتە ئاخاوتن (مۆنۆلۆگ) لەگەڵ کتێب و بیرکردنەوەدا. مانگویل و هاوڕێکانی لە جیهانێکی (ماڵێکی) بێدەنگدا هەمان کار دەکەن. بە چاو و زەین لەگەڵ کتێبدا گفتوگۆ دەکەن (ئەوان لە بنەڕەتدا بێدەنگ نین، بەڵکوو دەنگی مەعریفییان {دەنگی مەعنەویی و دەنگی کتێبیان} زاڵ کردووە، تا بوار بۆ بیرکردنەوە برەخسێنن و خۆش بکەن)؛ بۆیە ئێمە دەبێ پانتاییەکی زیاتر ببەخشینە بیرکردنەوە (خوێندنەوە)، تا بتوانین لەم بێدەنگییە مەعریفییەدا، دەنگی زوڵاڵی ژیان هەڵهێنجین و بەرهەم بهێنین؛ ئەو دەنگەی کە دەنگی ئاشتییە و دەنگی خۆشگوزەرانی و ئازادییە؛ دەنگی دادپەروەری و سەربەخۆییە... دەنگی ژیانە، کە گاڵتە بە بێدەنگی مەرگ (عەدەم) دەکا.(٧)

لە ئۆدیسەشدا گوێمان لە دەنگی هەنگوینی دەبێ:

**((نزیک بەوە، ئەی ئۆدیسیۆسی بەناوبانگ**
**ئەی شانازی ئاخییەکان و شکۆمەندییان**
**کەشتییەکەت لە کەنارەکەمان لەنگەر بکە و**
**گوێ لە گۆرانییەکەمان ڕابگرە**
**هیچ پیاوێک نەبووە**
**کە بە بەلەمە ڕەشەکەی**
**بە بەردەم ئەم دوورگەیەدا ڕەت بووبێ و**
**گوێی لە دەنگی تێکەڵاو بە هەنگوین نەبووبێ**
**کە لە دەممانەوە دەتکێ**
**پاش ئەوەش، کە پڕ بە دڵ چێژ لە گۆرانییەکانمان وەردەگرێ**
**ئیدی پەڕینەوەکەی لە دەریادا تەواو دەکا و حیکمەتیشی زیاتر دەبێ...)).** (٨)

ئێمە بێدەنگی پیرۆزیشمان هەیە، کە ئەمەیان تایبەتە بە خوا و بە خواپەرستییەوە، واتە هەموو بێدەنگییەک بەرانبەر بە خوا پیرۆزە. کاتێک خوا قسە دەکا دەبێ هەمووممان بێدەنگ بین: دەنگی ئینجیل و تەورات و قورئان دەنگی پیرۆزی خوان، دەبێ لە ئاستیاندا وەک بەندە و وەک خواپەرست بێدەنگ بین (ئێمەی موسڵمان لە منداڵییەوە پێمان دەگوترێ، کە نابێ لە کاتی قورئان خوێندندا قسان بکەین و قسەکردن گوناحە، واتە دەبێ گوێی لێ بگرین). ئا ئەم بێدەنگییە، بێدەنگییەکی پیرۆزە، چونکە بێدەنگییەکە لە پێناو خوایە و بۆ خوایە. لە ئەلیادەشدا هاتووە دەڵێ: ((با ئێستا ئاو بێنین دەستمان بشۆین، بێدەنگی پیرۆز بپارێزین و لەبەر زیۆسی کوڕی کرۆنۆس بپاڕێینەوە، تا ڕەحممان پێ بکا)). (٩) لەمەوە تێدەگەین، کە بێدەنگی پیرۆز بەندە بە سرووتێکی خواپەرستییەوە، واتە ئێمە دەبێ لە ئاست خوادا پیرۆزانە بێدەنگ بین؛ ئەمەش لە کاتی سرووتە ئایینییەکانی وەک نوێژکردن و نزاکردن و پاڕانەوە لە خوا بەدەردەکەوێ و

بەرجەستە دەبێ، چونکە خوا دەنگی نییە، ئێمەش بە بێ دەنگی لەگەڵی دەدوێین. ئەم بێدەنگییە پێی دەگوترێ بێدەنگی پیرۆز، کە لە نوێژکردن و نزاکردن و زیکر و پاڕانەوەدا بەدەردەکەوێ و بەرجەستە دەبێ، واتە ئێمە دەبێ لە ئاست خوادا بەبێ دەنگی (لەناخماندا) بدوێین و لێی بپاڕێینەوە و قسەی لەگەڵدا بکەین (ئەم بێدەنگییە پێی دەگوترێ بێدەنگی پیرۆز)، هەر لەبەر ئەمەشە، کە نوێژکردن و دوعاکردن بە بێ دەنگی دەکرێن. ئا ئەم بێدەنگییە هۆمیرۆس بەر لە ئەوەندە هەزار ساڵە پێی دەڵێ بێدەنگی پیرۆز.

بێدەنگی پیرۆز هەرگیز بە واتای وسکت بوون نییە، بەڵکوو بە واتای گفتوگۆیە لەگەڵ زاتی خوا؛ بەڵام بێدەنگییەک — زۆربەی جار — ڕۆحی و مەعنەوییە و زمانی ناخ لەگەڵ خوادا قسە دەکا، نەک زمانی دەنگی فیزیکی. خۆی خواپەرستی لەسەرەتاوە بریتییە لە تێڕامانی بێدەنگانە لە نهێنی بوونی خوا و گەردوون. لەمەوە خواپەرستی پێویستی بە ژاوەژاو و هەراوزەنا و دەنگە دەنگ نییە، بەڵکوو بریتییە لە فەلسەفەی خەیاڵ و تێڕامان، واتە فەلسەفەی بیرکردنەوەی بێدەنگانە لە واتای بوون و ژیان و گەردوون، کەواتە بێدەنگی پیرۆز بریتییە لە یاد و زیکری بەردەوامی خوا، هەر بۆیەشە بە پێی ئینجیلی یۆحەننا وشە خوایە، نەک دەنگ ((لە دەسپێکدا وشە هەبوو، وشەش لەلای خوا بوو. وشە خوا بوو، ئەو لە دەسپێکدا لەلای خوا بوو. بەو هەموو شتێک چێ بوو، بە بێ ئەو هیچ شتێک چێ نەدەبوو لەوانەی کە چێ بوون...)) (١٠) لە ڕوانگەی نووسەرێکی وەک (نیکۆس کازانتزاکی) شەوە بێدەنگی پیرۆز پێوەندی بە هەندێک ساتەوەختی تاکگەراییەوە هەیە، ئەو دەڵێ: ((من حەز دەکەم ڕۆژی یەکشەممان بە تەنیا بۆ خۆم بچمە دەرێ و پیاسان بکەم، چونکە هەست دەکەم، کە ئەگەر لەگەڵ برادەران بم — ئەوا قسە و پێکەنین و نوکتەکانیان — لە بەهای بێدەنگی پیرۆز کەم دەکەنەوە)).(١١)

با لەبیر نەکەین، بێدەنگییەکیش هەیە سامناکە (ڕەنگە زۆربەمان ڕۆژانە لە ناویدا بژین)، کە لەگەڵ یادەوەری مەرگدایە، واتە ئەو کاتەی ئێمە تەنیاین و لە کەشێکی تەواو کڕ و کپ و بێدەنگدا، بیر لە ڕابوردووی کەسە مردووە ئازیزەکانمان دەکەینەوە، کە ئەوان جاران لەگەڵ ئێمەدا دەژیان، بەڵام ئێستا ساڵانێکە لە ژیاندا نەماون... ئا بەم شێوەیە شوێنی (یادگەی) ئەوان لە خەیاڵماندا، شوێنی چۆڵی واقیعی و ماددی ئەوانمان وەبیر دەهێنێتەوە... ئا لەمەشەوە پێوەندی پتەوی نێوان ئەم هەستی چۆڵەوانی و ئەم یادگارییە، پێوەندییەکە، کە هەستی سۆز و حەسرەت و سامناکیمان پێ دەبەخشێ، واتە ئێمە لەناو نائومێدی واقعیدا و حەسرەتی خەیاڵاویدا، دەبینە بەشێک لە ملانێی سامناکی نێوان غەریزەی ئیرۆس (ژیان) و غەریزەی ساناتۆس (مەرگ).

بێدەنگی لە هەموو ئاستێکدا بەدەردەکەوێ. بە نموونە: بێدەنگی هەیە خەمۆکییە، لە خەمەوە لەدایک دەبێ؛ خەم توانایی دواندنی سروشتیمان دەکوژێ. لە ئەلیادەدا هاتووە دەڵێ: ((ڕۆڵەی ئاخییەکان بەهۆی خەمی زۆریان، لە بێدەنگییەکی زۆردا مانەوە)).(١٢) نابێ ئەوە لەبیر بکەین، کە شەرمیش بێدەنگی بەرهەم دەهێنێ. شەرم وەک خەم ئیرادە تێک دەشکێنێ: ئیرادەی جووڵە و ئیرادەی قسەکردن. ڕاستییەکەی شەرم و خەم بەرهەمهێنی یەکن،

واتە هەم شەرم خەم بەرهەم دەهێنێ، هەم خەم شەرم بەرهەم دەهێنێ. شەرم بەر لە هەر ئەندامێک زمان دەشکێنێ (دەبەستێ). بەواتای مرۆڤی شەرمن، مرۆڤێکی بەستەزمانە. مرۆڤی شەرمن زۆربەی وەخت بێدەنگە: بێدەنگییەکی نەرێنی.

دواجار هیچ شتێک هێندەی دەنگ، مرۆڤ نەمر ناکا: دەنگی گۆرانی و دەنگی گۆرانیبێژ. بە پێچەوانەش هیچ شتێک هێندەی بێدەنگی (بێدەنگی تۆمارکراو) مرۆڤ نەمر ناکا: بێدەنگیی وشە و بێدەنگیی وێنە، کەواتە ئێمە لەناو پارادۆکسی دەنگ و بێدەنگیدا دەژین. دەنگی ئێستامان نیشانەی ژیان و زیندووییمانە. دەنگی ڕابوردووشمان (گۆرانی) و بێدەنگی ڕابوردووشمان (وشە و وێنە) نیشانەی بوونمان بوونە: نیشانەی ئەوەی، کە ئێمە هەبووین و هەین. لێرەوە ئێمە بەرهەمی ناکۆکی و ملانێی نێوان دەنگ و بێدەنگین، واتە نێوان بوون و عەدەم. بەڵێ، دەنگ بوونە و بێدەنگی عەدەمە. لەمەوە منیش لەگەڵ کازانتزاکی دەڵێم: ((لەگەڵ دەنگی جیهانی بینراو و تێکەڵکردنی بە دەنگی شاراوەی ناخمدا، توانیم درز بە تاریکی سەرەتایی ژێرزەمینی عەقڵم بدەم و دەرگای قەفەزەکەش بکەمەوە و دنیا ببینم)). (١٣)

ژێدەر و پەراوێزەکان:

١- سیفەتێکی دەنگ ئازادییە، چونکە خۆی دیاردەیەکی سروشتییە. هەموو دیاردەیەکی سروشتییش بەندە بە ئازادییەوە و لەناو سروشتی ئازادیدا هەڵدەقووڵێ.

٢- ((هەڵبژاردنی بێدەنگی تەنیا بە مانای قسەنەکردن نایەت، بەڵکوو بە مانای ئەوەیش دێت، کە چۆن فێر ببین گوێ بۆ هەموو دەنگەکانی چواردەورمان شل بکەین)). بڕوانە: پاولۆ کۆیلۆ، حیکایەتەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ، وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی (چاپی دووەم ٢٠١٧)، ل ٢٨.

٣- هومیروس، الالیاذة، ترجمة: احمد عثمان (الطبعة الاولى - ٢٠٠٤ م)، ص ٣٥١.

٤- ئۆرهان پاموک، من درەختێکم، وەرگێڕانی سامان کەریم (چاپی یەکەم ٢٠١٨)، ل ١٣٩.

٥، ٦- ألبرتو مانغويل، المكتبة في الليل، ترجمة أحمد م. أحمد (دار الساقي، الطبعة الثانية - ٢٠١٦)، ص ٢١، ٢٠٢.

٧- کازانتزاکی دەڵێ: ((ئێمە دئاخڤین، لێ بە بێ دەنگی، بە زمانی فریشتان)). بنۆڕە: نیکوس کازانتزاکیس، تقرير ال غريكو (سيرة ذاتية فكرية)، ترجمة: ممدوح عدوان (الطبعة الثالثة - ٢٠٠٤)، ص ٢٣٩.

٨- هومیروس، الاوديسة، ت: دريني خشبة (دار التنوير، الطبعة الاولى - ٢٠١٣)، ص ١٩٦.

٩- هومیروس، ألالياذة، ترجمة: أحمد عثمان (الطبعة الاولى - ٢٠٠٤)، ص ٣٣٠.

١٠- التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، انجيل يوحنا، ص ٢١٦٨.

١١- نيكوس كازانتزاكيس، تقرير الى غريكو (سيرة ذاتية فكرية)، ترجمة: ممدوح عدوان (الطبعة الثالثة - ٢٠٠٤)، ص ١٥٧.

١٢- هوميروس، ألالياذة، ترجمة: احمد عثمان (الطبعة الاولى - ٢٠٠٤)، ص ٣٢٤.

١٣- نيكوس كازانتزاكيس، تقرير الى غريكو (سيرة ذاتية فكرية)، ترجمة: ممدوح عدوان (الطبعة الثالثة - ٢٠٠٤)، ص ٢٦.

# واتاكانی وشەی (ڤەدان)ـی ک. سەروو و هاوواتاكانی بە ک. ناوەڕاست

ناسح حوسێن سلێمان

( ١- ٢ )

وشـەی ڤەدان (كاری لێكدراو، تێپەڕ/ گەرگوهێز) لـە زاری كورمانجیـی ژۆرینـدا زۆر بەربـڵاوە، م. مـەلا خەلیل مشـەختی لـە (فەرهەنگی مـەرگ و ژی)ـدا باشـی بۆچووە، كـە دەڵێ: (ئەڤ وشـەیە نەهندەیە كو لبـەر دەڤ و قەلەمێ، بەلكی گەلـەک مەبەسـت ژێ دەردەكەڤـن. ف. مشـەختی، ل٣٥٧)، نـەک هـەر ئەوەنـدە، بەڵكوو واتـای زۆرتریشـی دەركـەوت وەک لــە پێشــبینییەكەی مامۆسـتا مشــەختیدا هاتــووە، پــاش لێكۆڵینەوەیەكــی ورد، توانـرا ئــەم هەمــوو واتایــەی خــوارەوەی بــۆ بدۆزرێتــەوە و لەوانەشــە هــی تــر مابــن. ئــەم ڕســتانەی كــە لەگــەڵ وشــەكاندا بــەكار هاتــوون زۆربەیــان لــە لێكۆڵینــەوەی مەیدانیدا بەدەسـت كەوتـوون، تەنیا كەمێكیــان نەبــێ كــە لــە فەرهەنگەكانــدا، یــان لــە كتێبەكانــدا گواســتراونەتەوە، بــەڵام ئەوانیــش دیســان لــە ڕاســتی و دروســتیان كۆڵراونەتــەوە؛ ئەوجـا لێـرەدا شـوێنیان بووەتـەوە. ئەوانەشـی كـە لـە فەرهەنگەكانـدا هـەن و سـاغ نەبوونەتـەوە، ئــەوە هــەر وەک خۆیــان نووســراونەتەوە.

- لە تۆماركردنی وشـە و ڕسـتەكانی ک. ناوەڕسـت و ک. سـەروودا بـە هیـچ شـێوەیەک ڕەچـاوی زمانـی پێوانـە نەكراوە، چونكـە مەبەسـت تەنیـا تۆماركردن و پاراســتنی زار و بنزارەكانــی زمانــی كــوردی و بەراوردكردنـی هـەردوو زارە سـەرەكییەكەی كوردییە.

- هەندێـک واتـای تری هەیە كە لە فەرهەنگەكاندا تۆمـار كـراون، بــەڵام هیــچ ڕســتەیەكی لەگەڵــدا نەنووسـراوە و لـەم لێكۆڵینـەوە مەیدانییەشدا هیـچ یـەک لـەم وشـانە بەردەسـت نەكەوتـن، بۆیـە لێـرە تەنیـا لـە نـاو دوو كەوانـەدا تۆمـار كـراون، لەگـەڵ نـاوی ئـەو فەرهەنگـەی كـە تۆمـاری كـردووە، تـا بتوانرێـت بەدوواداچوونـی پتـری بـۆ بكرێـت، وەكوو: (پەیتكـردن، فەرهەنگـی كامـەران بۆتـی)، (دۆزینــەوە، داهێنــان، فەرهەنگــی ڕۆنــاک) و (ئاوەدانـی: ڤەدانـی).

١. ئاوەدان: ڤەدان؛ ئاوەدانی: ڤەدانی.

٢. بەردانەوە: ڤەدان.

– پرچبەردانەوە؛ قژبەردانەوە؛ پەرچەمبەردانەوە؛ قاقۆلبەردانەوە: تەمەریکڤەدان؛ تەمبۆریکڤەدان.

– ئازاد قاقۆلی بەرداوەتەوە: ئازاد تەمەریکا خوە ڤەدایە.

٣. بەسەرهێنان؛ خۆلێدان: ڤەدان.

– بەلابەسەرهێنان: بەلاڤەدان.

– بەلابەسەرهێنان؛ تووشبەتووشبوون: بەلاڤەدان؛ بەلاخوەلێڤەدان.

– بەرێ رێکا مادەنێ ب درێ، سوارۆ، بەلا خوە ل پەیایێ منی چەلەنگ ڤەنەدی: بەری ڕێگای مادەنێ بە دڕکە، سوارۆ، بەڵایەک بەسەر پیاوە چەلەنگەکەمدا نەهێنی. (کاوێس ئاغا، لاوکێ مادەنێ).

٤. بەخۆدانەدان؛ خۆدانەپۆشین لە کاتی نووستن؛ والا: ڤەدان.

– بەخۆدانەدان؛ خۆدانەپۆشین: ڤەدان

– شەوی ڕابوردوو هیچم بەخۆ دانەدا بوو، خۆم دانەپۆشیبوو و بێ لێفە نووستبووم: ئەز شەڤێ دی ڤەدایی و بێ لحێف/ مێزەر ڕازا بووم.

٥. بەستن: ڤەدان.

– گەڕبەستن: گەڕڤەدان.

– گەورەی گوند لەبەر دەرگای کۆشکەکەی خۆی دانیشتووە و غولام و ڕێنجبەرەکانیش لە دەورەی گەڕیان بەستووە: مەزنێ گوند لبەر دەرێ کۆچکا خوە ڕوونشتی بووی و غولام و ڕێنجبەرێن وی ژی ل دۆرێ گەڕ ڤەدانە.

٦. برینگاندن؛ هەڵبرینگان؛ وەستان/ وێستان؛ لێکردنەوە؛ خۆشکردنەوە: ڤەدان؛ سەکنین؛ ڤەکرن.

– هەورهەڵبرینگاندن؛ هەورڕەوینەوە؛ هەور هەڵکشان: عەورڤەدان؛ ئەورڤەدان.

– باران هەڵبرینگان؛ باران وەستان: باران ڤەدان؛ شلیڤەدان.

– باران لێکردنەوە؛ باران وەستان؛ باران خۆشکردنەوە: بارانڤەدان؛ بارانڤەکرن؛ شلیڤەدان.

– بارانەکە هەڵی برینگاند: بارانەکە وەستا؛ بارانەکە لێی کردەوە: بارانێ ڤەدا؛ شلیێ ڤەدا.

– هەور هەڵکشان/ ڕەوینەوە؛ ڕەوانەوە: ئەورڤەدان؛ عەورڤەدان.

– هەور ڕەوییەوە/ هەڵکشا: عەورێ ڤەدا؛ ئەورێ ڤەدا.

٧. قرپێنەهاتنەوە؛ قرپهاتنەوە؛ قرقێنەکردن: برکدان؛ برکڤەدان؛ برکهاتن/ کۆچەرێن هاجان، سمێل؛ برککرن؛ بریدان؛ برپهاتن؛ عێرکڤەدان؛ (بۆرکڤەدان؛ بۆرکهاتن/ عەشیرا گولی، زاخۆ)؛

– فلانکەس قرپێنەیەکی هاتەوە: فلانکەسی بۆرکەک ڤەدا؛ فلانکەس عێرکەک ڤەدا.

– ئاری قرقێنەی کرد: ئاری برک ڤەدا. (برکەک هاتێ. برکەک کر. برک یێن هاتینێ. برک هاتنێ).

– ئەو گەلێک قرقێنەی دەکرد: وی گەلەک برک ڤەددان.

٨. برینەوە؛ هەڵپاچین؛ داپاچین؛ کردن: ڤەدان، کەزاختن.

– هەڵپاچین: (دارڤەدان؛ کەساختن؛ کەسخین/ چیایێ کورمێنج).

– داربڕینەوە، برین و سووککردنی لقوپۆپی داران: دارڤەدان/ کەزاختن، برین و سڤکرن/ سڤککرنا شاخ و پیکنێن داران.

– برینەوەی داران، کاتێک لقوپۆپی دار زۆر دەبێ و هەندێکیان لاواز دەبن، دار هەڵدەپاچن: برین/ کەزاختنا داران، دەما شقنێن دارا پڕ دبن، دار تێن ڤەدان/ چیایێ کورمێنج. داران ڤەددن، قووت دکن، شقنێن بەلۆق ژ ناڤ دەردخن، دبڕن.

- دارەکەیان بڕییەوە/ هەڵیان پاچی: وان دارێ خوە ڤەدا. وان دار کەزاخت.
- لکی دارەکانی هەڵدەپاچێت: پیکێن دارێن خوە ڤەددە.
- ئەمساڵ نە جۆتمان کرد و نە دارەکانمان بڕییەوە: ئیسال مە نە جۆت ئاژۆت و نە دار ڤەدان.
٩. بوونەوە؛ ڕاستبوونەوە؛ قیتبوونەوە؛ کێلبوونەوە: ڤەدان.
- کێلبوونەوە؛ ڕاستبوونەوە؛ قیتبوونەوە؛ هەستانەسەرپێ: کێلڤەدان.
- کێل بووەوە/ بۆوە (ڕاست بووەوە/ قیت بۆوە)، هەستایە سەرپێ: (وی کێل ڤەدا. ف. سندی، ل.٦٧٦).
١٠. پاڵنان؛ (پاڵدان؛ پاردان/ هەولێر): تێڤەدان.
- من و تۆ تاوێرێکی مەزنمان پاڵ نا/ دا: من و تە زنارەکی مەزن تێڤەدا.
١١. هاوێشتن [پەلوپۆی دار]: ڤەدان.
- پەلوپۆدان: تەلاڤەدان.
- دار پەلوپۆی هاوێشتووە: دار تەلا ڤەدانە.
١٢. پشکنین ؛ هەڵدانەوە: ڤەدان.
- هەموو جلەکانی خۆی پشکنی، کراسەکەی خۆی نەدۆزییەوە/ نەیدیتەوە.: هەموو جلێن خوە ڤەدان و کراسێ سۆر نەدیت.
١٣. پێوەدان١ (گەستن): پێڤەدان (پێگەستن؛ دانبەرگەزان؛ دەڤلێکرن؛ گەستن؛ گەزدان؛ گەزکرن؛ گەزلێدان؛ گەزلێخستن؛ گەزاندن؛ لەقدان؛ پێگرتن؛ ڤەدان).
- من کولا خەجێ ڕادا، یار خەجێ، خەجا من، من کولا خەجێ ڕادا، گۆڤەندا دلێ من، دوپیشکی ب تبلێ ڤەدا، [گۆڤەندا دلێ من. ل٦٦، ژیان و ڤیان، ئەمینێ ئۆسمان].
- مار پێی وەدا: ماری پێ ڤەدا. مەعر/ ماری ب وی ڤەدا. ماری وی گەز کر. ماری دەڤ لێکر. مار لەق دایێ.
- کۆرەمار پێی وەدان: مارێ بەرزە ب وان ڤەدا.
- پێوەیان دام: منڤە ڤەدان، ب منڤە ڤەدان.
- پێوەی دام: منڤە ڤەدا/ ب منڤە ڤەدا.
- مێشەکەرانە پێوەی دای/ بە تۆی وەدا: مۆزا کەرا ب تە ڤەدا.
- مێشەکە بە لووتی وەدام: مێشێ دفنا من ڤەدا، مێشێ ب دفنا من ڤەدا.
- هەندێک هەنگوین دەخۆن و مێش بە هەندێکان وەدەدا: هن هنگڤ دخون و مێش ب هنا ڤەددن. (ل١٣٥، پەند و پەنگ، بیلال حەسەن، ٢٠٠٨).
١٤. پێوەدان٢: پێڤەدان.
- نانپێوەدان: نانپێڤەدان.
- نانەکەم پێوە دا: من نان پێڤە دا.
- دەرکە پێوەدان: دەرپێڤەدان؛ دەریگرتن؛ دەریدادان.
- دەرگاکەم پێوە دا: من دەری پێڤە دا؛ من دەری دادا.
١٥. پێوەنان: پێڤەدان. پێڤەدان
- پێوە نا: ئاگر پێڤەدا؛ ئاگر پێڤەنا.
١٦. تاهووکردن: تەویکڤەدان؛ تەوتەوکرن.
- کاتێک لاوکبێژ لاوکان دەبێژی کەسێکی تر کە لەوێ دانیشتووە، لە کۆتایی هەر بەندێکی لاوکەکەیدا تاهوویەکی بە درێژی بۆ دەکا): تەویکڤەدان؛ تەوتەوکرن.
- د دەما کو دەنگبێژ یا لاوکبێژ یا سترانبێژ کلام و لاوک و ستران دبێژن د دوماهیکا هەر بەندەکیدا کەسەک کو نک وان ڕوونشتیە دبێژە: تەو تەو).

- ئەز ل گەلیکا، تو ل گەلیکا، ئەزێ بێژم سترانا، تو ڤەدە تەویکا. ( ل١٩، حەیرانۆک زمانێ ئەڤیندارا، نورەدین سەعید مستەفا، ١٩٨٨).

١٧. تێکدان؛ لێکدان و تێکدانی ئاگر و دووی ئاگردان: ڤەدان.

- تێکدان؛ لەیەکتردان؛ لەناویەکتردان؛ تێکهەڵدان: ڤەدان؛ تێکڤەدان؛ تەڤدان.

- چێشتەکەم تێک دا: من خوارن ڤەدا/ تەڤ دا.

- پۆلووەکان تۆزێک تێکدە با گەش ببنەوە: پەلا پیچەک ڤەدە، بلا گەش بن.

١٨. چەقاندن؛ دانان؛ داچەقاندن: ڤەدان؛ داچکاندن؛ دانان؛ چکلاندن؛ کرن.

- کێل چەقاندن؛ داچەقاندن: کێلڤەدان؛ کێلداچکاندن؛ کێلچکلاندن:

- کێلدانان؛ کێلچەقاندن: کێلچکلاندن؛ کێلکرن؛ ڤەدان.

- لە شایی براکەم چوار کێل بۆ نیشانەشکێنەکان چەقێنرا/ دانرا: ل شاهییا براییێ من، چار کێل ژ بۆ نیشانشکێنان هاتن ڤەدان/ دانان.

١٩. خۆشبوون: ڤەدان.

- هەوا ئەمرۆ خۆش بووە: هەوا ئیرۆ ڤەدایە.

٢٠. دادان: ڤەدان.

- چۆکدادان: چۆگڤەدان؛ چۆنگڤەدان.

- چۆکی دادایە: چۆک ڤەدایە.

- منداڵ لای گەوران بە چۆکدادان دادەنیشێ: بچووک/ زارۆ ل جەم مەزنان چۆک ڤەددن.

٢١. داهێنان: ڤەدان؛ ئافراندن.

- داهێنەر: ڤەداندەر.

- خوا داهێنەرە: خودا/ خودێ ڤەداندەرە.

٢٢. دان: ڤەدان.

- ملدان: ملڤەدان.

- سەر و ملی خۆی بۆ ئەم کارە دادەنێ: ئەز ژ بۆ ڤی کاری ملێ خوە ڤەددم.

- ئەزێ ژ بۆ ڤی کاری ملێ خوە ڤەدم/ ڤەبدم.

- پشوودان؛ حەسانەوە: بێنڤەدان؛ بێهنڤەدان؛ بهنڤەدان؛ ڤەحەسین.

- پشوویان دا؛ ئەوان پشوویان دا: وان بهنا خوە ڤەدان.

- پشوو دەدەم: ئەز بێهنێ ڤەددم.

- بحەسێمەوە؛ پشوویەک بدەم: بێنەکی ڤەدم؛ پشوویەک دەدەم: دێ بێنەکێ ڤەدم/ ڤەبدم.

- ملدان: ملی دایێ، هەموو کارەکەی تەواو کرد: ملێ خوە ڤەدا، کارێ خوە تەڤ قەداند.

- برووسکدان: برووسکڤەدان.

- هەور برووسک دەدا/ داوێ، داوێژێ: ئەور/ عەور برووسکێ ڤەددە.

- لە ئاسمان برووسکی دا: ژ ئەزماندا برووسک ڤەدا.

- ڕەگدان: ڕەهڤەدان.

- چووزەرەدان؛ چووزەرەدەرکردن: زیلڤەدان؛ ئاجرۆدان؛ ئاژدان؛ ئاژەرۆدان؛ برێشدان؛ چیلدان؛ کاتدان؛ چیلldان؛ بستیدان؛ بۆقدان؛ هاجرۆدان).

- ڕێدان؛ ڕێگەدان؛ ڕێگادان؛ ڕێکردنەوە: ڕێڤەدان؛ ڕێڤەکرن.

- ڕێم بدە، بچم: ڕێ ڤەدە، ئەز بچم؛ ڕێیا من ڤەکە ئەز بچم.

- بڵقدان: پلچکڤەدان؛ پوقلڤەدان؛ پەقلکڤەدان/ مێردین، قۆسەر.

- کاتێک ئاو دەکوڵێت، بڵق دەدات: دەما ئاڤ دکەلە، پەقلکان ڤەددە.

- ئاوی کوڵاو بڵق/ بڵقان دەدات: ئاڤا کەلی پلچک/ پلچکان ڤەددە.

- ڕێدان؛ ڕێگەدان؛ ڕێگادان؛ ڕێکردنەوە: ڕێڤەدان؛ ڕێڤەکرن.

- گوڵدان؛ گوڵدەرکردن؛ گوڵکردن: گولڤەدان.

- دار گول دەردەکەن؛ دار گوڵ دەدەن: دار گول ڤەددن.

- گوڵی داوە/ دەرکردووە/ کردووە: گول ڤەدایە.

- چڵدان؛ چڵدەرکردن: شاخڤەدان؛ قۆلڤەدان.

- سەدنانک، گەیایەکی پەل هور و ب سترییە، شاخێن وان وەکە لەمێن شەبەشان ل سەر عەردێ دڤەدن.

- بهار بوو، بهار، گول- سۆسنا بین دابوو، ژ بارانێ، کەسکسۆرێ شاخ ڤەدابوو. [ل١١، سیابەندۆڤ سەمەند، سیابەند و خەجێ، ئاراس، چاپی دووەم، ٢٠١٠].

- ڕەیحانەکان چڵیان دەرکردووە: ڕەیحانا شاخ ڤەدانە.

- دارەکان ئەم ساڵ زوو گوڵیان دا/ دەرکرد: دارا/ن ئیسال زوو کولیلک ڤەدان.

- خەرمانەدان؛ ئاخلەدان: حەوشڤەدان.

- مانگ خەرمانەی داوە: هەیڤێ حەوش ڤەدایە، ئانکو شەمالا وێ ل دۆرێ ڕۆنی ڤەدایە.

- پاڵدان: پالڤەدان.

- پامپاکەم (گوندی پامپ)، باشە، پامپە سەنگینەکەم پاڵی داوەتە ئەو قەدپاڵە ساردانە: پامپا من باشە، پامپا منا کوبار وێ پال ڤەدایە وان قونتارێ سار. [فریکێ. ئووسڤ].

- پەسندان: پەسنڤەدان.

- شەپۆلدان: پێلڤەدان.

- شەپۆلیان دەدا: پێل ڤەددان.

- وەکی مارا پێل ڤەددان، دهەژییان، ل پێسسیرا زانگ و زاخا دڕژییان. [ل٣٩، ژ١٢، س٣، سروە].

- لێمشت و سێلاڤا چ پێل ڤەددان، پێلێ ئاڤێ وەدپەلشینن کەندالان. گ. سروە، ل٣٩، ژ١٢، س٣.،

٢٣. دانان: ڤەدان.

- لەسەریەکتردانان: سەرهەڤڤەدان.

٢٤. دانانەوە؛ نانەوە: ڤەدان؛ دانین.

- داودانانەوە: دەحفک/ دەعفکڤەدان؛ خەفکڤەدان؛ دافڤەدان؛ داڤڤەدان؛ خەفک/ خەپکڤەدان؛ قۆچکڤەدان [دەک؛ تەپک؛ تەلک؛ فەق؛ تاپک؛ لابک؛ جەلک؛ دامک؛ شەپلتە].

- فاقیان بۆ ڕێوی دانایەوە: فەق لبەر ڕۆڤی ڤەدان.

- وەک داو کە بۆ وان دانراوەتەوە: وەک خەفکێ کو ژ بۆ وان هاتیە ڤەدان.

- نێچیرەوان داوەکەی دانایەوە: نێچیرڤان قۆچێ خوە ڤەدان.

- تەڵەدانانەوە: تەلەدانین/ ڤەدان.

- بۆ دانانەوە: لێڤەدان؛ ژێڤەدان.

- داویان بۆ دانایەوە: داڤ لێ ڤەدان.

- داوم دانایەوە: من داڤ/ دەعفک ڤەدا.

- داو بۆ دانانەوە: دافک لێڤەدان.

- داو بۆ یەکتردانانەوە: دافک لهەڤ ڤەدان.

- داویان بۆ کەوان دانان: دافک ل کەوا ڤەدان.

- داومان بۆ کەو دانایەوە: مە دافک ل کەوێ ڤەدا.

- داو بۆ یەکتردانانەوە: دافکلهەڤڤەدان.

- نیشاندانانەوە: نیشانڤەدان.

- کەودانانەوە: کەوڤەدان.

- شەبەقێ کەومان داناوە: شەڤەقێ مە کەو ڤەدان.

- نیشانمان دانایەوە: مە نیشان ڤەدا.

- فاقدانانەوە؛ بۆسەدانانەوە: فەقڤەدان؛

بۆسـەڤەدان؛ بووسـەڤەدان؛ خۆلبەرڤەنـان ژ بـۆ هێرشـێ؛ کەمینڤـەدان؛ کەمیندانیـن؛ کەمینکـرن؛ کۆزکڤـەدان.

– لە پێش هاوڕێکەی خۆی بۆسەی دانایەوە: ل پێشا دۆستێ خوە فـەق/ فـەخ ڤـەدا.

– پاڵدانەوە: پالڤەدان

– پاڵم داوە: من پال ڤەدا.

٢٥. دانـەوە: ڤـەدان؛ دەنگدانـەوە: دەنگڤـەدان؛ ڤەدانا دەنـگ/ێ.

– ڕۆژا حەشـرێ یـا تەنگـە، عـەرد و عەسـمان ڤـەدا دەنگـە: ڕۆژی حەشـر تەنگـە، عـەرد و عاسمان دەنگی دایەوە. [ل ١٧٦، ژیان و ڤیان، ئەمینـێ ئۆسـمان].

– زەویدانەوە: عەردڤەدان.

– ئـەم بەهـارە دانـەوەی زەوی زۆر زەحمـەت بـوو: ڤـێ بهـارێ ڤەدانا ئاخـێ زێـدە زەحمـەت بـوو.

– تەپکەدانانـاوە: تەرپۆنەکڤـەدان. (تەرپۆنـەک: ئـەم زارۆک بـوون، مـە بێژینـگ دادانی دارەک ددا بن لێڤێ و بەنەکی درێـژ پێدا گرێ ددا و خـوە ڤەدشارت و دەسـتەک تەنـە/ کولمـەک دان ب بن وێ بێژنگێ ئـان لەگانێ درەشـاند ژ بـۆ چووچـک ئـان بەیتـک بێـن لـێ بچێـرن، مـە بلـەز بـەن ڕادکشـاند، ئـەو چووک دکەتن بن و مە دگرتن.)

– قەرزەکـەم دایـەوە: م دەینـێ خـوە ڤـەدا؛ من دەینـێ خـوە ڤـەدا.

– ڕەنگدانـەوە؛ ڕەنگچوونـەوە؛ ڕەنگلێچوونـەوە: ڕەنگڤـەدان؛ ڕەنگلێڤـەدان.

– ڕەنگەکـەی دایـەوە/ داوە: ڕەنگـێ خـوە لـێ ڤـەدا.

– جلەکـە ڕەنگـی دایـەوە: کنجـێ ڕەنـگ لـێ ڤـەدا.

– ڕەنگە ڕەشەکە دایەوە: ڕەنگێ ڕەش لێڤەدا.

– ڕەنگی دایەوە: ڕەنگ ڤەدا.

– کراسـە سـوور و سـپییەکەم پێکەوە شووشـتن، بـەڵام ڕەنگـی کراسـە سـوورەکە لـە کراسـە سـپییەکەی دایـەوە: مـن کراسـێ سـۆر و سـپی بهەڤـرا شووشـتن، لـێ کراسـێ سـۆر ل یـێ سـپی ڤـەدا.

– جلـەکان ڕەنگیـان چووەتـەوە یەکتـر/ ڕەنگیان داوەتـەوە یەکتـر: کنجـان ب هەڤـدو ڤەدانە.

– زەویدانـەوە؛ دانـەوەی زەوی؛ عەرددانـەوە؛ عەردانـەوە (هەڵگێـڕ و وەرگێڕکردنـی زەوی؛ کێـڵان؛ کێڵانـی زەوی): زەڤیڤـەدان؛ عەردڤـەدان؛ خەپـار؛ کێـلان؛ کێلانـا زەڤـی و بۆسـتانان داکو گیاییـن زیـوان بێـن ژێکـرن.

– زەوییەکـەم/ عەردەکـەم دایـەوە: مـن زەڤیـێ خـوە ڤـەدا.

– عەردهەڵدانەوە؛ دەردانەوە: عەردڤەدان.

– ڕێـوی عـەرد هەڵدەداتـەوە [هەڵدەدڕێـت]. هەڵدەکۆڵـێ، دەکۆڵـێ، هەڵـدەدڕێ]: ڕێـوی عـەردێ ڤـەددە.

– تیشکدانەوە: تیرێژڤەدان.

– ڕۆژ تیشک دەداتەوە: ڕۆکێ تیرێژ ڤەددە.

– مانـگ تریفـەی دایـەوە/ داوە: هەیڤـێ شـەوقا ڤەدایە.

– تیشـکدانەوە: بەلەدیڤـەدان، بەرقڤـەدان؛ تیرێژڤـەدان؛ شـەوقڤەدان.

– یـان نەخـوە بایـێ نەسـیم هـات ژ جیهەتـێ کازیمەیـێ یـان ڤەدایـە بەلـەدی یـان ژ کەنـارێ ئیزەمـێ. [ل٦٧، گۆڤـاری بەیـان. ژ٦٣، ١٩٨٠].

– ڕووناکیدانەوە؛ ڕۆناکیدانەوە: ڕۆنیڤەدان.

– بشـکۆیێن بەنـدا گریبانـێ ژ ڕەنگـێ کەوکەبـان، بـەرق و تیـر و ژ خورشـیدێ ڤەدایـێ ڕاسـت و چـەپ. [م. جزیـری].

– تیشکی دایەوە: بەلەدییا ڤەدا.

- کاردانەوە: کارڤەدان.
- دەنگدانـەوە: دەنگڤـەدان؛ ئۆلاندان؛ ڤەدەنگدان؛ دەنگوەسـتاین؛ دەنگلێڤەگەڕیـن؛ دەنگدووبارەبوون؛ ڤەدەنگ.
- دانەوەی دەنگ: ڤەدانا دەنگی.
- بو هلهلاندنا هوریا ل عەسمانی هەفتێ لسەر خاترا تێلی عیشانە، من بالا خوە دایێ چیا و گەلـی و دار و بـەرە ژ هلهلاندنـێ دەنـگ ڤەدانـە. [گۆڤـاری بەیـان. ژ. ٦٣، سـاڵی ١٩٨٠].
- بۆ هەڵبەسـتی مـن وەکوو هەڵبەسـتی مـەلای جزیرییـە، دەنگ بداتـەوە: قـەی هەڵبەسـتا مـن یا مەلایێ جزیرییـە، دەنگ ڤـەدا؟
- هـاوارم لـە چیـا دەنگی دایـەوە: بانگ/ گازییا مـن ل چیـان دەنـگ ڤـەدا/ گوندێ چالـی، ئاکرێ.
- هـاواری لـە چیـا و دۆڵان دەنگـی دایـەوە: گازیـا وی ل چیـا و نـەوالا دەنـگ ڤـەدا.
- دەنگدانــەوە؛ ناووناوبانــگ؛ بەناوبانگبــوون؛ ناوبانگدەرکـردن؛ مەشـهووربوون: دەنگڤـەدان؛ دەنگدایـن؛ مەشـهووربوون.
- تێکۆشـانی کوردسـتان لـە جیهانـدا دەنگـی دایـەوە: بەرخوەدانا کوردستانێ ژ جیهانـێ دەنگ ڤـەدا.
- زەویدانـەوە؛ عەرددانـەوە؛ عەردانەوە: عەردڤەدان؛ ئاخڤەدان.
- بنـی دارسـێوەکانی بـە خاکەنـاز دایـەوە: بنـێ سـێڤان ب تەڤـری ڤـەدان/ خەپرانـدن.
- دەداتەوە: ڤەددە؛ دخەپرینە.
- زەوییەکەمان دایەوە: مە عەردێ خوە ڤەدا.
- پاڵدانەوە: پالڤەدان.
- باوکـم ئێسـتا پاڵـی داوەتـەوە: بابـێ مـن ئـی پـال ڤەدایـە.
- تـە دگـۆت ئـەزی ل ڤـی گونـدی کۆلۆسـێ خـوە خـوار بکـم و تـم و تـم د دلـێ سـەیرێ دە پـال ڤـەدم.
- پاڵی دایەوە: خوە پال ڤەدا.
- سـەلامدانەوە؛ سـڵاودانەوە؛ سـەڵاودانەوە؛ سـڵامدانەوە: سـلاڤڤەدان.
- سـەلامدانەوەی دووای نوێـژ: ل داوییـا نمێـژێ سـلاڤڤەدان.
- بـە لایـدا چـووم سـەلامی وەرنەگرتـەوە: ئـەز د جەمـرا چـووم سـلاف ڤەنـەدا.
- ئاوڕدانەوە: ئاوڕڤەدان.
- ئاوڕێکی لێ دایەوە: ئاوڕەک د وی ڤەدا.
- چەنـد دەمسـال دەربـاس بـوون نـاڤ مـن و تـە دا، وان چەڤـێ ڕەشـبەلەک ئـاوڕ مـن ڤـەدا. [سـەدرەدین یگـت].
- وەڵامدانەوە: جابڤەدان.
- کۆ ڕەشـەمێ ل مـالا خـۆ دەردکەن، کۆ دبێژن مـرۆڤ ب هەیڤـا ڕەشـەمێ ڕەش دبیت، هەروەسـا وەختـێ خۆشـییە و تێربوونـا مەڕومالاتییـە، ژ بـەر هەنـدێ ڕەشـەمە دێهێتـە هزمـان و جابـا گیسـکێ ڤـەددەت و داوایـێ ل ئـادارێ دکـەت کـۆ وەختـێ قەڵەوبوونـا مەڕومالاتییـە و خەڵـک خێـر و خێراتـا بکـەن ب سـەربڕینا وانـا. [ل١٧٨، ژ، ١٥گۆڤـاری کەلەپـووری کـورد، ٢٠٠٢].
٢٦. دانەوەیەکتـر؛ یەکترگرتـن؛ لێکتردانــەوە؛ یەکترگرتنـەوە: لێڤـەدان.
- ڕەنگدانەوەیەکتر: ڕەنگلێڤەدان.
- ئـەم دوو کراسـە ڕەنگیـان دایـەوە یەکتـر/ ڕەنگـی یەکتریـان گـرت: ئـەڤ دوو کـراس ڕەنـگ لـێ ڤـەدان.
٢٧. دانیشتن: ڤەدان.
- چوارمەشقیدانیشتن؛ چوارمێردەکی؛ چوارمەشقی؛ چوارمێلکەدانەوە: چارمێرکیڤەدان.
- ڕوونشتن و چارمێرکیڤەدان.
- چوارمێلکەی دایەوە: چارمێرکی ڤەدا.

٢٨. داهێنان؛ دۆزینەوە؛ بەدیهێنان: ڤەدان.
- داهێنەر: ڤەداندەر.
٢٩. دەردان: ڤەدان.
- کەروێشکەکە کونەکەی دەردا: کرۆشکێ قول ڤەدا.
- دەردەر: ڤەدانۆک.
٣٠. دەردانەوە: ڤەدان.
- چاڵدەردانەوە: چالڤەدان.
- چاڵەکەمان دەردایەوە: مە چالا خوە ڤەدا.
- چاڵەکەی دەردایەوە: وی چالی ڤەدا.
- بیرەکەی دەردایەوە: وی بیرێ ڤەدا.
- بارام چاڵی دەکۆڵی، فەرهاد دەری دەداوە/ دەری دەدایەوە: بارام چال دکۆلا، فەرهاد ڤەددا.
- دەردانەوەی جۆگەئاو: جهۆکا ئاڤێ ڤەدان.
- قۆرتدەردانەوە: کۆرتڤەدان
- کانیدەردانەوە/ دەردانەوەی کانی: کانیڤەدان/ ڤەدانا کانی/یان.
- سەروچاوەکان/ سەرچاوەکان دەردرانەوە، ئاو ڕوون بووەوە/ بۆوە: چاڤکانی ڤەدان، ئاڤ زەلال بوو.
- گوندنشینەکان کانیاوەکەیان دەردایەوە: گوندییا/ن کانییا ئاڤێ ڤەدان.
- گوندنشینەکان بیری ئاویان دەردایەوە: گوندییا/ن بیرا ئاڤێ ڤەدان.
- چاڵەگەنمەکەمان دەردایەوە: مە چالا گەنم ڤەدا.
- جۆگەدەردانەوە: جۆڤەدان.
- جۆگەئاوەکەیان دەرداوە: جهۆکا ئاڤێ ڤەدان.
- جۆگەیان دەرداوە ئاو لەبەری ڕۆیشت: جۆ ڤەدان، ئاڤ حەرکی.
- خۆڵدەردانەوە: ئاخڤەدان
- خۆڵەکەی دەربدەوە: ئاخێ ڤەدە.
- خۆڵەکەی لێ دەربدەوە: ئاخێ ژێ ڤەدە.
- پێشجۆگەکان دەردەنەوە، تا ئاو بێتە ناو زەوییەکان: بەریا ئاڤا جوهێ ڤەدن، کو ئاڤ بێ ناڤا زەڤییان.
- گوندنشینەکان جۆگەی بێستانیان دەردایەوە: گوندییا/ن جۆیا جنیکان/ بیستانان ڤەدان.
- گۆلدەردانەوە: گۆلڤەدان. بیردەردانەوە: بیرڤەدان.
٣١. دەرکردن؛ دان: ڤەدان.
- چڵدەرکردن: شاخڤەدان.
- گوڵدەرکردن؛ گوڵدان: گولڤەدان
- گوڵی دەرکردووە: گول ڤەدایە.
- گەڵادەرکردن: پەلڤەدان.
- برێش برێش دل پەل ڤەدا، هلکومیم، مام د نیڤێ ڕێدە.
- چڵدەرکردن: شاخڤەدان؛ گولیڤەدان.
- چووزەرەدەرکردن: زیلڤەدان.
- چڕنووکدەرکردن [نەخۆشیی شێرپەنجە. پەنجە؛ پەنج: چڕنووک]: پەنجڤەدان.
- ئازار لە دڵمدا چڕنووکیان دەرکردووە: ئێشان د دلێ مندە پەنج ڤەدانە.
٣٢. دەرهاویشتن؛ فڕێدان؛ دەردان؛ هاوێشتنەدەر: ڤەدان.
- هەموو زبڵەکانی ناو عاردەکەی خۆی دەرهاوێشت/ هاویشتە دەرێ: هەموو قرێژ و گلێش ژ ناڤ عەردێ خوە ڤەدان.
- پیسایی ناو سنگی دەرهاوێشت: گلێشا سنگا خوە ڤەدا.
- کاتێک جل پێکەوە دەشۆرێن، ڕەنگ دەدەنەوە یەکتر: دەما کنج بهەڤرە تێن شووشتن، ڕەنگێ خوە لهەڤ ڤدن.

# چەند بیرەوەری عارف قەزوینی سەبارەت بە سنە

لە فارسییەوە: فەرامەرز ئاغابەیگی
(یەزد)

**ئاماژە و پێناسە**

بۆ وەدەست هێنانی زانیاری لەمەڕ ڕابردەی کورد و کوردستان، بێگومان سەفەرنامە و بیرەوەرییەکان، یەکێ لە سەرچاوەگەلی جێی سەرنجن کە لەخۆگری زۆر خاڵی گرینگ و دانسقە لەبارەی بابەتگەلی جۆراوجۆرن کە هەر کام بە نۆرەی خۆیان دەتوانن بەشێک لە کۆیەک بن کە پێویستە بخرێنە سەریەک تا بتوانن وێنەیەکی تەواو پێک بێنن، هەر لەو پێوەندییەدا ئەم بیرەوەرییانەی عارف قەزوینی دەتوانێ هەرچەند کەم، ڕوانگەی ئەو کەسایەتییەمان لەمەڕ بینراوەکانی خۆی لە کوردستان بۆ بخاتە ڕوو. بەر لەوەی بچینەسەر بیرەوەرییەکانی، پێویستە سەرەتا پێناسەیەکی عارف قەزوینی بهێنینەوە:

ناوی میرزائەبولقاسم، ناسراو بە عارف قەزوینی، کوڕی مەلا هادی وەکیل بوو کە لە ساڵی ١٣٠٠ک/١٢٦٢هـ، لە قەزوین لە دایک بوو. خوێندنی سەرەتایی خۆی کە فارسی و سەرف و نەحوی عەرەبی و بابەتگەلی وێژەیی بوو، لە قەزوین تەواو کرد. عارف بەهۆی ئەوەی خاوەن زەوق و بەهرەیەکی زۆر بوو، هەر لە تەمەنی لاوییەوە دەستی بە شیعر وتن کرد. لە تەک دەوڵەمەندان و گەورەپیاوان و کەسانی هاوپێوەند لەگەڵ دەرباری موزەففەرەددین شا و

محەممەدعەلی شا، ئاشنایی پێک هێنا. وەک خۆی دەڵێ دوای ماوەیەک، بە نابەدڵی کەوتە ڕیزی هاوڕێیانی وسووقولدەولە و لەلایەن ئەوەوە بوو بە ناسیاوی میرزا عەلی ئەسغەرخانی ئەتابەک و گۆرانی بۆ دەگوت. لە ئاکامدا ڕێی بۆ دەربار کراوە و گەلێ جار بە خزمەتی شا گەیشت و زۆر لەبەرچاو گیرا، تا وای لێ هات بە فەرمانی شا لێیان ویست بێتە ڕیزی فەڕاشی خەڵوەتی دەربارەوە، بەڵام عارف پێگەی خۆی لە کڵاوی فەڕاشی خەڵوەتی دەربار بەسەرتر زانی و نەچووە ژێر باری ئەم پلەیەوە. عارف یەکێ لە شاعیرانی ئازادیخوازی ئێران بەژمار دەهات. لە کاتی سەرهەڵدانی شۆڕشی مەشرووتییەت لە ئێران تا ماوەی شازدە ساڵ، وێڕای خەڵک لە تەواوی شۆڕشەکان هاوڕێ و هاوهەنگاو بوو. بەهۆی ئەوەی خاوەن سەرێکی پڕ لە شۆق و بوێرییەکی تایبەت بوو، زۆربەی کات هەڵوەدا و لە حاڵی گەشت و هاتوچۆ لەنێوان ئیسفەهان و تاراندا بوو.

هەر لەو گەڕان و گەشتانەدا بوو کە لەگەڵ پیاوانی ئازادیخواز پێوەندی پەیدا کرد و خەڵکی دژ بە دامودەزگای فیرعەون ئاسای دەسەڵاتدارانی سەردەم دنە دەدا. عارف بۆ ناوچەکانی ڕۆژاوا و بەغدا و کرماشان و ئیستەنبووڵیش گەشتی کرد و ماوەیەک لەو شارانە وەگەرد ڕزگاریخوازان هاوکاری کرد و لە شۆڕشی ئازەربایجانیش لەگەڵ خەڵک هاوڕێ بوو. هەروەها بۆ خۆراسانیش سەفەری کرد. عارف لەپاڵ تایبەتمەندیگەلێک وەک نیشتمانپەرستی و جوامێری و نەسرەوتەیی و یەکدڵی و هەستیاریی بەتین، بە تووڕەییش ناوبانگی بوو. بەشی هەرە زۆری هونەری عارف لە هۆنینەوەی گۆرانیدا (تصنیف) بوو. ئەو دوای زنجیرەیەک کێشمەکێش و ناڕەحەتی



**عارف قەزوینی**

زۆر، بەرەو هەمەدان سەفەری کرد؛ بەواتایەکی تر بۆ ئەوێ دوور خرایەوە. تا کۆتایی تەمەن هەر لەوێ بەحاڵەتی دوورەپەرێزی و چارەڕەشی ژیا. سەرەنجام لە ساڵی ١٣١٢ی هەتاوی، کۆچی دوایی کرد و لە تەنیشت گڵکۆی ئەبووعەلی سینا بە خاک سپێردرا. (دێهخودا،١٣٧٧:ج١٠/١٥٦٥٩)

لە بەشێکی دیوانی عارف، لەژێر ناوی «عارف لە بواری مێژوودا» کە وەک ساڵژمێر لەسەرەتاوە تا کۆتایی ژیانی ناوبراوی تێدا هاتووە، ساڵی ١٣٠١ی هەتاوی/١٩٢٢ی زایینی، بەرانبەر بە ساڵی سەردانی عارف بۆ کوردستان دانراوە. بەشێک لە بەسەرهاتی عارف لەم ساڵەدا بەم جۆرە تۆمار کراوە: بەهۆی دەنگۆی دووبارەی سەدارەتی قەواموسسەلتەنە، عارف بە دەم بانگهێشتی یەکێ لە خانانی

کورد بەناوی حیشمەتولمولک(١)، لە ڕێکەوتی ٢،٣ی پووشپەڕی ١٣٠١ی هەتاوی، بەرەو کوردستان بەڕێ دەکەوێ. وێ دەچێ هەر لەم سەفەرەدا، ماوەیەک لە قەزوین گیرسابێتەوە. لەو سەروبەندەدا سەرهەڵدانی سمایل ئاغای سمکۆش لە ئارادا بووە. ماوەیەک دەچێ بۆ هەمەدان و لەوێ تووشی نەخۆشی تۆبەتی دەبێ، پاش چابوونەوەی، بەرەو کوردستان دەبێتەوە.

لە ٢٢ی پووشپەڕدا دەگاتە یەکێ لە گوندەکانی کوردستان بەناوی سەراب قەحت. لە سەرەتای گەلاوێژدا لە سەراب قەحتەوە دەچێ بۆ سنە و لەوێشەوە دەچێ بۆ یەکێ لە کوێستانەکانی ئەو دەورە بەناوی کانی شەفا کە نزیکەی مانگێ لەوێ وەک عەوداڵ لە ڕەشماڵێکدا ژیان دەباتە سەر. دوای گەڕانەوەی بۆ سنە، لەگەڵ ئایەتوڵڵا شێخ محەممەد کوردستانی دۆستایەتی پێک دێنێ. (دیوان عارف قزوینی،١٣٨٧: ٢٧ – ٢٩)

## بیرەوەرییەکانی عارف قەزوینی

[١]

سێ چوار ڕۆژ لە مانگی قوربانی ساڵی ١٣٤٠ی کۆچیی تێپەڕ بووبوو کە گەیشتمە کوردستان، واتە شاری سنە. زۆربەی باخاتی ئەم شارە بە داوێنی کێوەوە هەڵکەوتبوون. سەبارەت بە دۆخ و چۆنیەتی و ئاکاری خەڵکەکەی، ئەگەر بمەوێ شتێک بنووسم، دەبێ کتێبێکی جیاوازی بۆ تەرخان بکەم، لە چارەڕەشی حاڵی ئێستای دانیشتوانیشی چاوپۆشی دەکەم. تەواوی ناوچەی کوردستان هی چەند گەورەماڵە کە یەکێ لەوان ئاسفی ئەعزەمە (٢) کە کوڕەکەی ناوی سەرداری موعەززەمی کوردستانییە کە ئەمڕۆ لەڕیزی نوێنەرانی خولی چوارەمە. بەشکوو ئیشەڵڵا خولی پێنجەم ئابڕووبەرتر بێ کە بتوانێ ئابڕوو بۆ خولی چوارەم کۆوە کات! لە ڕەوشتی خەڵکی کوردستان ئەوەی بەلامەوە دڵپەسەند هات، ئەوە بوو کە لە وەرزی هاوین، کاتێ هەوا زۆر گەرم دەکا، بەتێکڕایی بە ژن و منداڵەوە دەچن بۆ باخاتی دەوروبەر. جاری وا هەڵدەکەوێ هەر لە دوو فرسەخیی نزیک شار، لەژێر دار و لاپاڵ و قەراغ جۆبار و کانیاوەکان، بەرهەڵدایانە ژین دەبەنەسەر و لەگەڵ زۆربەی خزم و کەسوکاریان سەرقاڵی بەزم و گۆرانی و هەڵپەڕکێن. دوای چەند ڕۆژ مانەوەم لە شار کە هەوا هێشتا بەم جۆرە گەرمی نەکردبوو، چووم بۆ کانی شەفا کە نزیک فرسەخ و نیوێک لە شارەوە دوورە، بەڵام ڕێگایەکی چەتوونی هەیە و کەمتر خەڵک بۆ ئەوێ دەچن. تەنیا لەوێ بوو کە مانای چێژبردنم لە ئاو پێزانی. ماوەی بیست بۆ بیست و پێنج ڕۆژ لە قەراغ ئاوی ئەم کانییە ڕەشماڵم هەڵدا و دوو خزمەتکاریشم لەگەڵ بوون. هەتا مام، چاوم هەر بەدوای ئەو کانی و ئەو ڕەشماڵەوە دەمێنێ. بۆ ئەوەی سروشت لەوێش نەهێڵێ خەیاڵم ئاسوودە بێ، بۆم دەرکەوت شەشدانگی ئەم کانی و باخ و زەوییە، موڵکی ئەو ڕەعییەتە بوو وا لەوێ نیشتەجێ بوو، بەڵام ئاسفی ئەعزەم سێ دانگەکەی بە لێدان و زۆر، بە پێنج سەد تمەن لەم ڕەعییەتە داماوە کڕیوە. لەحاڵێکدا خودا ئاگادارە کە هیچ نرخێکی ناتوانی لەسەر دابنێی، بەهیوایە سێ دانگەکەی تریشیان لە چنگ دەربێنێ. ئەم ڕەعییەتە داماوە بە خەیاڵی ئەوەی من کارەیەکم و دەستم دەڕوا، دەستەوداوێنم بوو. دیار بوو وایان تێگەیاندبوو کە من (عارف) لەوانەم وا کە دەڵێن لایەنگری

چینی ڕەنجبەرانن. بەداخەوە منیش هەر چیم کرد ڕێگایەکم بۆ نەدۆزرایەوە. تەواوی ئەم ڕەعییەتە داماوەم دی کە بۆ سەید زیا (٣) دەست بە دوعا بوون؛ چون تەنیا ئەو چەند ڕۆژەی وا سەید زیا لەسەر کار بوو، تامی سەربەخۆییان چێشتبوو. هەر ئەو هەست و سۆزە منی هەڵپێچا گۆرانییەک بهۆنمەوە (٤). نیازم لە درێژەی کەلام ئەوەیە کە چون چەند غەزەلم لە کانی شەفا نووسیوە، ویستم مەعلوومی کەم هەر کات ناوی کانی شەفام هێنا، مەبەستم کوێیە. (دیوان عارف قزوینی،١٣٨٥: ٩٠٩-١١٠)

[٢]

کاتێ دەمویست بەرەو تاران بەڕێ کەوم، لە سنە لە ماڵی ئایەتوڵڵا شێخ محەممەد [مەردۆخی کوردستانی] کە پێشتر گۆیا سەرناوی ئیمام جومعەی هەبوو، غەزەلی زوڵفی پەرێشانم (٥) هۆندبووەوە. ئەم کەسایەتییەم زۆر لە ڕادەبەدەر هاتە بەرچاو. ڕاستییەکەی کوردستان بۆ ئەو زۆر چکۆلەیە. حەزم دەکرد وەکوو نوێنەر هاتبایە تاران. چەند بەرگێکم لە نووسراوەکانی چاو پێکەوت کە یەکیان مێژووی سەرەتاکانی ژیانی بەشەر لەگەڵ چەند وێنەگەلی سیاقەڵەم بوو کە لە وێنەکانی چێژم بینی. زۆربەی کات لە کوردستان لەتەک ئەو بەڕێزە دیمانەم هەبوو. (دیوان عارف قزوینی،١٣٨٥: ٨٣)

[٣]

عارف لە نامەیەکی بۆ محەممەدڕەزا هەزار، سەبارەت بە حیشمەتولموڵک ئاوا دەنووسێ: «یەکێک لە دۆستانی سی ساڵەی من، حیشمەتولموڵکی کوردستانییە کە ماوەیەکی زۆر لە تاران لەگەڵی بووم. ئەو شەوانە تا بەربەیان سەرخۆش و بە ڕۆژیش تا شەو مەست و بێ ئاگا بوو، تا لە ئاکامی ئەم ڕابواردنە ئاخرشەڕانە، لە دوا تەمەن وەک من میزڵدانی گیرا و تووشی دەردی بێ دەرمان هات، ناچار بۆ چارەسەر هاتە هەمەدان. لێرە پزیشکێ بە حیشمەتولموڵکی بێچارەی وت کە دەبێ نەشتەرگەری بۆ بکرێت و سەدی لە نەوەدیش ئەگەری تێداچوونی هەیە. ئەم دۆستە خۆشەویستە لەمێژینەیەم وەکوو من کە لە مردنم خاترجەم بووم، ئەویش ئاوا دڵنیا بوو کە سەردەنێتەوە. پێویست ناکا باسی چوونی بۆ تاران و مانەوەی پێنج شەش ڕۆژەی لەوێ و هەڵڕژانی حەوسەت تمەن لە گیرفانی پزیشکە بێ مروەتەکان و گەڕانەوەی بۆ تاران بگێڕمەوە. پێش چوونی بۆ تاران، پێی وتم چون دڵنیام دەمرم هەر بەو هۆیە پێویستە لە هەمەدان وەسییەت نامەیەک بنووسم و هەبوونی تۆش لەم کارەدا زەرووره. گەرەکمە لە پێشدا لەگەڵ تۆ تەگبیر بکەم و دەمەوێ هاوڕێیەتیم بکەی. وتم من تاقەتی ئەم جۆرە باسانەم نییە و لەم بوارانەدا خۆ تێ هەڵناقورتێنم و نابمە لایەنی ڕاوێژکاریش، بەڵام بە هاوەڵەکەم، واتە ئاغای میرزا حەسەن خانی ئیقباڵی کە لاوێکی ژیرە، دەڵێم لە هەر لایەنێکەوە لەگەڵت هاوکاری بکا. بۆ بەیانیی ڕۆژی دوایی، هەباس خانی کوڕی حیشمەتولموڵک، بە پاکەتێکی زۆر گەورەوە کە مەعلووم بوو پڕە لە کاغەز، هاتە ماڵێ و پاکەتەکەی لە پێش دەمم دانا. وتم ئەم پاکەتە چییە؟ وتی قەباڵەی دوو دانگ موڵکی سەڵەواتاوایە (٦) کە باوکم ناردوویەتی و دەڵێ: چون بەردەوام لێی بیستووی کە وتووتە بریا بۆم بگونجا لە کەش و پانتای ڕۆحبەخشی سەڵەواتاوا بژیم، هەر بەو بۆنەیەوە قەباڵەکەی بۆ ناردووی و تکاشی کردووە ئەم پێشکەشییەی

لێ قبووڵ کەی. من بێ ئەوەی سەری پاکەتەکە بکەمەوە، فڕێم داوە بۆ لای هەباس خان و وتم بە باوکت بڵێ قوڕی بەسەر، من هەزارجار لەو خۆم بە مردن نزیکتر هەست دەکەم، موڵک و ماڵم بۆ چییە؟! دوای ئەوە، بەسەر بردنی کات لە بەهەشتێکی وادا بێ هەواڵێکی وەک حیشمەتولموڵک، لە جەهەندەمیش خراپترە. هەباس خان لە دڵەوە خۆشحاڵ بوو، بەڵام بەرواڵەت دڵتەنگ بوو. لە ئاخردا پاکەتەکەی هەڵگرتەوە و دوای کڕنۆش بردن، چووە دەرەوە، بەڵام حیشمەتولموڵک نووسینی وەسییەت نامەکەی هەر لەبەر ئەوە دوا خستبوو، پاشان دەسبەجێ هەرای کردبوو لە دوکتۆر بەدیعی و باسەکەی بۆ گێڕابووەوە و ئەوی کردبووە ڕاسپاردە کە ڕەنگە ئەو بتوانێ من (عارف) هەر جۆر بووە ڕازی بکا. دوکتۆریش تەشریفی هێنا و زۆری سەرکۆنە و ئامۆژگاری و خێرخوازی و بەرژەوەندبینی کرد. وتم بەڕێز گیان لە هەموو ئەو شتانەی تۆ وتت بە زیادەوە ئاگادارم، بەڵام مەحاڵە فرمایشتەکانت لەم بارەیەوە قبووڵ کەم. من بە کوێرەوەری و دژواری ژیانم هێناوەتە بەر، ئیتر لەم دوا تەمەنەدا خۆم لە ماڵی دنیاوە وەرنادەم. دوکتۆریش کە زانی لە بەردی خارا دڵۆپی باران ناتوانێ شوێن دانێ، بە هێندێک دڵتەنگییەوە جێی هێشتم. بەهەرحاڵ حیشمەتولموڵک بە سەروسیمایەکەوە کە مەرگی لێ ئاشکرا بوو، بەرەو کوردستان بەڕێ کەوت. چەند ڕۆژی بەسەردانەهات کە ماڵاوایی لە ژیان کرد.» (دیوان عارف قزوینی،١٣٨٧: ٥٢٣-٥٢٤)

**پەراوێزەکان:**

١- شەفەق، لەبارەی حیشمەتولموڵکەوە دەنووسێ: «ئاغای حیشمەتولموڵک کە لە خانانی کوردستان بوو، عارفی لە تارانەوە بۆ میوانی و مانەوەی کاتیی لە سنە بانگهێشتن کرد، پێکەوە لە ساڵی ١٣٤٠ک بەڕێ کەوتن. ئەوەی لە تاران دیم ئەوە بوو کە ئەم پیاوە لەمەڕ عارف، لە هیچ جۆرە خزمەت و پێڕاگەیشتنێ کۆتایی نەکرد. عارف هەمیشە قەدرزان و وەفادار بوو، بەڵام بەو ڕادەیەش تووڕە و هەستیار. جاری وا بە کەمترین بیانوو، جاری واش بەبێ هۆ دەڕەنجا.»(دیوان عارف قزوینی،١٣٨٥: ٩٧)

٢- میرزا عەلی نەقی کوردستانی کە بە سەرناوگەلی ئاسفی دیوان و ئاسفی ئەعزەم ناسراوە، کوڕی چکۆلەی میرزا محەمەد ڕەزای وەزیر و برای بچووکی میرزا یووسفی موشیردیوانە لە بنەماڵەی وەزیرییەکان. هەڵۆخانی ئەردەڵان، کوڕی سوڵتانعەلی بەگ، کە لە ڕیزی حاکمانی برواپێکراو و ناسراوی کوردستان بوو، لە ساڵی ١٠٢٢ی ک، لەتەک خۆی جەددی ئەوانی بەناو خواجە برایم، لە ئیسفەهانەوە بۆ حەسەن ئاوا هێنا. میرزا عەلی نەقی، لە ساڵی ١٢٩٨ی ک، هاتە خزمەتی دەوڵەتەوە و لە وەزارەتی لەشکر، دەستی بە ئیشی خەزێنەداریی لەشکر کرد. لە ساڵی ١٣١٣ی ک، لە سەردەمی دەسەڵاتداریی حەسەنعەلیخان ئەمیرنیزامی گەڕووسی، سەرناوی ئاسفی دیوانی پێدرا و بۆ ماوەی سێزدەساڵ بێ پسانەوە خەزێنەداریی لەشکری کوردستانی لە ئەستۆ بوو. لەو ماوەیەدا ماڵی زۆر پێکەوە نا و لە یەکەم دەوڵەمەندانی کوردستان بەژمار دەهات. لە سەردەمی مەشرووتییەتدا سەرناوی ئاسفی ئەعزەمی پێبەخشرا و سەرەنجام لە ساڵی ١٣٥٧ک/١٣١٦ە، کۆچی دوایی کرد. فەرەجوڵڵا ئاسف، ناسراو بە سەرداری موعەززەم، کوڕی

ئاسفی ئەعزەمە کە ١٢ جار نوێنەری سنە لە مەجلیسی شوورای میللی بووە. ئاسفی دیوان، بەتایبەتیش براکەی میرزا یووسف موشیردیوان، بەهۆی زرینگایەتی – وەک زانیاری لەمەڕ کاروباری کوردستان، پیلانگێڕی، بڕشتی زۆر و سامانی بەربڵاو - ساڵانێکی دوورودرێژ کوردستانیان بەدەستەوە بوو؛ بەشێوەیەک کە هیچ حاکمێک بێ هاوکاری و ڕەزامەندیی ئەم دوو برایە نەیدەتوانی کاری خۆی بباتە پێش، ئەگەریش حوکمڕانێ لەگەڵ ئەم جووتە دژایەتی بکردایە، یان خۆی کەنار بگرتایە، دوای ماوەیەک گەسکێکیان لەژێر پێی دەدا؛ واتە لە دەسەڵاتداریی وەلادەنرا و لە تارانەوە بانگ دەکرا.» (بامداد،١٣٧٨: ج٥/١٦٨-١٦٧)

٣- سەید زیائوددینی تەباتەبایی (١٣٤٨-١٢٧١ک) زیاتر لە پەنجا ساڵ لە بواری چاپەمەنیدا چالاک بوو. ڕۆژنامەگەلێکی وەک نیدای ئیسلام، شەرق، برق و ڕەعدی بڵاو دەکردەوە. دوای کوودەتای ڕەزاخان، بۆ ماوەی سێ مانگ سەرۆک وەزیر بوو.(سەعیدیان،١٣٨٠: ٣٠٩٢)

٤- مەبەست گۆرانی: «ای دست حق پشت و پناهت بازآ»: ئەی دەستی خودا پشت و پەناهت بگەڕێوە.

٥- سەرهۆنەکە ئاوا دەست پێ دەکا: «دست بر طرەی آن زلف پریشان نرسید/کار من گشت پریشان و به سامان نرسید.»

٦- سەڵەواتاوا: ناوی گوندێکە سەر بەشاری سنە.

**سەرچاوەکان:**


١- بامداد، مهدی(١٣٧٨)، شرح حال رجال ایران در قرن١٢و١٣و١٤، ج ٥، چ پنجم، تهران، انتشارات زوار.

٢- دهخدا(١٣٧٧)، لغت نامەی دهخدا، ج ١٠، چ دوم، تهران، انتشارات و چاپ دانشگاه تهران.

٣- دیوان عارف قزوینی(١٣٨٥)، گردآوری، تدوین و توضیح: رحیم چاوش اکبری، تهران، زوار.

٤- دیوان عارف قزوینی(١٣٨٧)، تدوین: محمدعلی سپانلو، مهدی اخوت، تهران، انتشارات نگاه.

٥- سعیدیان، عبدالحسین(١٣٨٠)، دائرەالمعارف نو، ج ٤، چ دوم، انتشارات علم و زندگی.

# دراماتورگی مییرهولد لە نمایشدا

**د. فازڵ جاف**

**(سوێد)**

## سەرەتاکان

وەک پێشتر نووسیم، مییرهولد یەکەم ڕپژیسۆرە، کە ڕەگەزەکانی نمایشی بە ڕوانگە و دیدگەی دراماتورگییانەوە لە یەکەیەکی هونەریدا بە یەکەوە گرێ دا، ئەوەبوو ئالپرس لە کتێبەکەیەدا (ماسکی شانۆیی) نازناوی (برێختی شانۆی ڕووسی) لە مییرهولد نا، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە خودی برێخت ئەوەندە وەک نووسەر و دراماتورگ ناوی دەرکردبوو و شێوازە شانۆییەکەی لە برەودا بوو، ئەوەندە وەک ڕپژیسۆر کاردانەوە و کاریگەرێتی نەبوو، ئەمەش بە ڕادەیەک زۆر لە دووبارە نووسینەوە و گونجاندن و ئامادەکردنی شانۆنامە کلاسیکییەکانەوە، شانۆنامەکانی نووسەرانی وەک کریستوفێر مارلۆ (ئیدواردی دووەم) و شەکسپیر (کریۆلانس) و سۆفۆکلیس (ئەنتیگۆنا) و مەکسیم گۆرکی (دایک) خۆی دەنواند، هەرچی شێواز و کەرەستەکانی مییرهولدە بە پلەی یەکەم لە کاری دراماتورگیدا، وەک ڕپژیسۆرێکی پێشەنگ و ئەزموونگەر، بەچڕی پەیوەست بوو بە داهێنانەکانییەوە. بە واتایەکی ڕوونتر، دیدیگەی دراماتورگی و مامەڵەکردنی لەگەڵ دەقی شانۆنامەکاندا، بە ئاراستەیەکی هونەری، ئیستێتیکیانە کاری لە سەر دەکرد، کە دەکرێت کاکڵە هونەرییەکەی لە ئەرکێکیدا دابڕێژین: گرێدانی هەر چوار ڕەگەزە سەرەکییەکەی ڕێبازە شانۆییەکەی لە هونەری دەرهێناندا بە شێوەیەکی دینامیکیانەی جوانسازانە. ئەم چوار ڕەگەزەش بریتین لە هونەری نووسەر، یان دەقی نووسەر، هونەری ئەکتەر (بیومیکانیک)، هونەری سینۆگراف (بیناگەری/ کۆنستروکتڤیرم)، بەشداریکردنی هۆشمەندانەی بینەر (داهێنەری چوارەم).

خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای کێشەی مییرهولد لەگەڵ شانۆی هونەری مۆسکۆ (مخات) و هەندێک بە وردی لە هۆکارەکانی ئەو کێشەیە قووڵ ببینەوە، کە لە دەرئەنجامدا مییرهولد ناچار دەبێت مخات بەجێ بهێڵێت و تیپی شانۆیی خۆی پێک بهێنێت، دەگەینە دەرئەنجامێکی هەندێک جیاوازتر لەوەی کە

باوە، کە گوایە میرهولد تەنیا بە هۆکاری جیاوازی شێوازی و ستیلی هونەری (نواندن و دەرهێنان) لە ستانیسلاڤسکی جیا بووەوە، خۆ دەکرێ ئەم هۆکارەش بەشێک بێت لە هۆکارەکان، بەڵام بەو ئەندازەیەش هۆکارێکی سەرەکی کێشەکە نەبوو، ئەوەندەی هۆکاری دراماتورگی و جیاوازی دیدگەیان سەبارەت بە هەڵبژاردنی بەرنامەی نمایشەکانی (ڕێپێرتوار) تیپ (مخات)، ڕۆڵی سەرەکی لە جیاوازی نێوان هەردوولادا بینییەوە، بەتایبەتیش لە جیاوازی نێوان میرهولد و نۆمیرۆڤیچ دانچێنکۆدا، کە ئەو ڕاوێژکار و بەرپرسی دراماتورگی (مخات) بوو و ڕۆڵی سەرەکی لە هەڵبژاردنی شانۆنامەکاندا هەبوو، بڕیاردەری کۆتا بوو بۆ هەموو ئەرکێکی دراماتۆرگیانە لە (مخات)دا.

وەک چۆن دانچێنکۆ دەقناس و وەستایەکی زانا و پڕ ئەزموون بوو لە بواری دەقناسی و دراماسازیدا، بە هەمان شێوەی میرهولدیش لە ڕووی هونەرییەوە، لە ڕووی سەنعەت و داهێنانەوە خاوەن سەلیقە، بەڵام بەهرە هونەرییەکەی، بەتایبەتی وەک ڕێژیسۆر نەدەگەیشتە ئاستی میرهولد، دوو شانۆکاری لێهاتوو، بەڵام خاوەنی دوو دیدگەی تەواو پێچەوانەی یەکتر، بگرە دژ بە یەکیش، ئەم دژایەتیکردنەی دانچێنکۆ بۆ میرهولد تا کۆتایی ژیانیان بەردەوام بوو.

ناکۆکی هەردوو شانۆکار میرهولد و دانچێنکۆ لە سەر هەڵبژاردنی دەقی شانۆیی بۆ ڕێپێرتواری مخات دەستی پێ کرد، هەر پاش سەرکەوتنی مخات لە (باڵندەی دەریا)ی چیخۆف، پلان و سیاسەتی (مخات) بەرەو ئەوە ڕۆیشت کە دەقی شانۆیی ڕووسی، بەتایبەتی دەقی هاوچەرخ نمایش بکرێت، بۆیە بڕیار وا بوو کار بۆ بەرهەمهێنانی شانۆییەکی گۆرکی



میرهولد

(بۆرژوازییەکان) بکرێت و بخرێتە بەرنامەی کارەوە، بەڵام ئەم بڕیارە هەڵوەشێنرایەوە، لە جێگەی شانۆنامەکەی گۆرکی، شانۆنامەیەکی دانچێنکۆ (لە خەوندا) هەڵبژێردرا، ئەم دەقەش بە بۆچوونی میرهولد لاواز بوو و لە ئاستی خەم و پرسەکانی ئەو سەردەمەدا نەبوو، میرهولد پێی وابوو شانۆنامەکەی گۆرکی ڕێک بۆ ڕۆژ و سەردەمی خۆی نووسراوە، ئەم دیدگە دراماتۆرگییە، هەر لە سەرەتاوە بۆ میرهولد سەنگ و بەهایەکی تایبەتی هەبوو. ڕاستییەکەی، هەر پاش نمایشکردنی شانۆنامەکە، ڕاستی و دروستی ئەم بۆچوونەی میرهولد بە کردەیی بۆ مخات دەرکەوت، بەڵام کێشەی جیاوازی ڕوانگە و دیدی هەردوو شانۆکار بۆ پرۆسەی دراماتورگی، ئەوەند قووڵ و توند بوو، ئەنجامەکەی بەوە شکایەوە، میرهولد ناچار بوو، یان ناچارکرا مخات بەجێ بهێڵێت و بڕوات لە شاری (خیرسۆن)ی دوور لە پیتەربورگ (کە ئەو دەم ناوی پیترۆگراد بوو)،

تیپێکی شانۆیی بۆ خۆی دابمەزرێنێت، لەوێ وەک ڕێژیسۆر خۆی بناسێنێت. چیخۆڤ دژی بڕیارەکەی مییرهولد بوو، چونکە پێی وابوو لەو شارەدا نە شانۆ هەیە، نە بزاڤی شانۆیی، لە هەمان کاتدا سەرزەنشتی (مخات)یشی کرد، کە نەدەبوایە دەست لە مییرهولد هەڵبگرن. هەرچۆنێک بێت، بەبێ ئەو یاخیبوونە، مییرهولدیش نەدەبوو بەم ڕژیسۆرە مەزنە و نەدەبوو بە خاوەنی قوتابخانەی جیاهەڵکەوتووی خۆی.

مییرهولد هەر لە سەرەتاوە دژ بە دەقی لاواز بوو، هیچ دراماتورگییەکی لاواز لە ناو نمایشەکانی مییرهولد نادۆزینەوە، کە لە سەت نمایش تێدەپەڕن، ئەو هەر لە کلاسیکەوە تا دەگاتە شانۆی مۆدێرن و هاوچەرخ، هەمیشە دەقی بەهێزی هەڵبژاردووە. ئامۆژگاریشی بۆ هەموو ڕژیسۆرانی گەنج و قوتابیان و خوێندکارانی هونەری دەرهێنان ئەوە بوو، کە شانۆنامەی بەهێزتر هەڵبژێرن، بۆ ئەوەی ببیت بە دەرهێنەرێکی کارامە و لێهاتوو، دەبێت شانۆنامەی بەهێز و دراماتورگی پتەو هەڵبژێرن. هاوکار و یاریدەدەری مییرهولد، دراماتورگ ئەلکسەندەر گلادکۆڤ لە زمانی مییرهولدەوە دەگێڕێتەوە: ڕیژیسۆر بەرانبەر بە دەرهێنانی دەقێکی مەزنی وەک هاملێت، لە بری ئەوەی پارە وەربگرێت، هەق وایە خۆی پارە بدات، کە بۆی ڕەخساوە کار لە سەر شانۆنامەیەکی مەزنی وەک هاملێت بکا.

هەر لەم ڕوانگە دراماتورگییەوە، مییرهولد بە یەکەم ڕیژیسۆر دادەنرێت، کە لە بەرەنگاریکردنی شانۆی ڕیالیست و شانۆی ناتورالیستدا، توانیبێتی پشت بە تیۆر و بنەمایەکی تۆکمە ببەستێت.

هەر لە سەرەتای کاری ڕیژیسۆریدا، هزری دراماتورگییانەی مییرهولد، لە کتێبە بەناوبانگەکەی (هونەری شانۆ- ١٩١٣)، لە وتارە بەناوبانگەکەی (دەروازەیەک بۆ مێژوو و تەکنیکی شانۆ) دەردەکەوێت. مییرهولد لە (هونەری شانۆدا) بۆ یەکەم جار تێرم و دەستەواژەکانی وەک: شانۆی ناتورالیست، شێوازگەرایی، مەرجگەرایی (شانۆی مەرجەکی)، شانۆنواندن و جەستە و پلاستیکا و گرۆتێسک بەقووڵی و بە دیدگەیەکی تیۆریی ڕوون پێناسە دەکات. بۆ یەکەم جاریش، وەک ڕیژیسۆر بنەماکانی دراماتورگی نوێ دەستنیشان دەکات.

کتێبی (دەربارەی شانۆ) یەکەم بناغەی کاکڵەی بیروبۆچوونی پێشەنگانەی مییرهولدی، لە بواری دراماتورگییەکی نوێوە خستە ڕوو، دراماتورگییەک کە پشت بە چەمکی شانۆنواندن (تمسرح) دەبەستێت، بە واتەیەکی دی، کە تا دێت دەبێتە چەمکێکی گشتگیر و هاوبەشە لە سیستمی نمایشی مییرهولددا، چەمکێک کە هەر چوار ڕەگەزەکانی نمایش لە یەکەیەکی داهێناندا، وەک جەستەیەکی دینامیکی پڕ وزە بە یەکەوە گرێ دەدات.

هەموو وشەیەک، هەموو دیمەنێک، هەموو پێکهاتێکی درامیانە دەبێت بۆ نمایشێک بێت، کە خۆی وەک شانۆ بناسێنێت، دوور لە چاوبەستن و واهیمە (وهم)، بینەریش وەک داهێنەری چوارەم، کە پێویستە تەنانەت بۆ یەک چرکەیش خۆی لە بینەر نەکات، کە بە ئاگا بێت، هەست بکات، بزانێت لە پرۆسەی نمایشێکدایە کە خۆی تێدا، پاش نووسەر و ئەکتەر و دەرهێنەر داهێنەری چوارەمە، ئەوەش لە ڕێگەی خەیاڵ و فەنتازیا و ئاگاییەوە، لە ڕێگەی بەشداریکردن و بوون لە ئێستا و ئێرەدا، خۆی بە ئەفرێنەر بزانێت.

بێگومان هەندێک لەم چەمکانە، لە ڕووی

تیۆرییەوە، واتە بە نووسین لێرەو لەوێ، لە ڕووسیا و لەدەرەوەی ڕووسیاش، بڵاوبووبووەوە، بەڵام بەو چەمکە ڕوون و قووڵە، کە مییرهولد دایڕشتبوون بەرجەستە نەکرابوون. لە نووسین و بۆچوونەکانی ئەدۆلۆف ئاپیا و گۆردن کریەگ و ماکس ڕینهات گەلێک لەم چەمکانەی (بەتایبەتی دەربارەی شێوازگەرایی و سیمبۆلیزم) بەدی دەکرێت، بەڵام لە ڕووی تیۆرەوە نەیاندەتوانی شان لە شانی وتارە بەناوبانگەکەی مییرهولد (دەروازەیەک بۆ مێژووی تەکنیکی شانۆ) بدەن. بە ئەندازەیەکی ئەوتۆ، ڕێژیسۆری مەزنی ڕووسیا یەڤگینی ڤاختانگۆڤ، پاش خوێندنەوەی کتێبی (دەربارەی شانۆ) گوتبووی: من بیرم لە هەموو ئەم چەمکانە کردووەتەوە، کە مییرهولد لەم کتێبەدا دایڕشتوون، بەڵام نەمدەتوانی بەم شێوەیە دایانبڕێژم. هەر پاش خوێندنەوەی ئەم کتێبە کاریگەرێتی مییرهولد لە سەر ڤاختانگۆڤ تا دەهات پەرەی دەسەند، بە ئەندازەیەک دەگوترا، ڤاختانگۆڤ، کە ئەویش قوتابییەکی ستانیسلاڤسکی بوو، گەشتێکە لە ستانیسلاڤسکییەوە بۆ مییرهولد، واتە تا دەهات لە ڕێبازی مامۆستاکەی دوور دەکەوتەوە، تا دەهات بەرەو ڕێبازی مییرهولد هەنگاوی دەنا، ئەمەش لە دوا نمایشی ڤاختانگۆڤ (شازادە توراندوت) بەئاشکرا دەرکەوت.

**دراماتورگی لە نمایشدا: سەرەتای ئەزموون**

یەکەم هەنگاوی ئاشکرای مییرهولد وەک ڕێژیسۆری دراماتورگ بۆساڵی ١٩٠٥-١٩٠٦ دەگەڕێتەوە، ئەو دەمەی کە بۆ ماوەی یەک ساڵ لە شانۆی کۆمیسارجێڤسکی وەک ڕێژیسۆر و ئەکتەر کاری دەکرد. لە ماوەی ئەم ساڵەدا مییرهولد ، شەو و ڕۆژ شێتانە کاری دەکرد، هەر لە ماوەی ئەم ساڵەدا ١٨ شانۆگەری لە بەرهەمەکانی ئیبسن و میتەرلینک و بلۆک و ئەندرێیڤ و نووسەرانی تر دەرهێنا. هەریەک لەو نمایشانە لە ڕووی ئەزموونگەرێتی و نوێگەراییەوە پێگە و سەنگی خۆیان هەیە. ئەو ساڵەی مییرهولد لەو شانۆیەدا باشترین پانتایی و تاقیگە بوو بۆ تاقیکردنەوەی چەمکەکانی وەک سیمبۆلیزم و شێوازگەرێتی و مەرجئامێزی و گروتێسک و شانۆنواندن.

سەبارەت بە پرۆسەی ڕەفتارکردن لەگەڵ بەرهەمی ئەدەبیانەی نووسەر، هەروەها دەستکاریکردنی دەق و لابردنی دیالۆگ لە دەقی نووسەر، باشتر وایە ئاماژە بە نمایشی شانۆنامەی (ژیانی مرۆڤێک) بکەم، کە لە نووسینی لیۆنید ئەندرێیڤە. ئەندرێیڤ دەقی شانۆنامەکەی بۆ هەردوو ڕێژیسۆر ستانیسلاڤسکی لە مۆسکۆ و مییرهولد لە پیتەربورگ نارد. هەردوو ڕێژیسۆر کاریان لە سەر شانۆنامەکە کرد. ئەندرێیڤ پاش بینینی نمایشەکەی ستانیسلاڤسکی ڕۆیشت بۆ پیتەربورگ و نمایشەکەی مییرهولدی بینی. خودی نووسەر نمایشەکەی مییرهولدی لەوەی ستانیسلاڤسکی پێ باشتر بوو، بەڵام گلەیی لەوە هەبوو، کە مییرهولد چەند دیالۆگێکی لە دەقەکە لابردبوو. مییرهولد لە وەڵامدا دەڵێت:

ئەو ڕستانەی کە لام بردوون، تۆ بە وشە دەرت بڕیون، منیش هەمان شتم دەربڕیوە، ئەوەندە نەبێت کە تۆ بە وشە، بەڵام من بە کەرەستەی شانۆیی ماناکانیانم بەرجەستە کردووە..

ئەمە نموونەیەکی سەرەتاییە لە دیدگەی شانۆیی مییرهولد لە پرۆسەی دراماتورگیدا، کە لە بەرهەمێکی سەرەتای کاری ڕێژیسۆریدا بەرجەستەی کردووە.

یەکەم کاری مەزنی میرهولد، وەک ڕێژیسۆر لە شانۆی کۆمیسارژێڤسکی، کاری دراماتورگی و دەرهێنان بوو بۆ شیعرێکی شاعیری سیمبۆلیست ئەلکسەندەر بلۆک بوو، کە ساڵی ۱۹۰٦ بە ناوونیشانی (بەلاگانچیک/ نمایشی میللی) پێشکەش کرا. ئەم نمایشە بە گرنگترین وێستگەی هونەری میرهولدی ڕێژیسۆر دادەنرێت. میرهولد، لەم نمایشەدا، توانی لە هەڕەتی لاوێتیدا هەموو سنوورێکی ئەزموونی باو و شێوازی سواو و دووبارەکراو ببەزێنێت. زۆربەی ڕەخنەگران کۆک بوون لە سەر ئەوەی نمایشی میللی ناسنامەی ڕێژیسۆری ئەزموونگەری بە میرهولد بەخشی، نمایشەکەش بە یەکێک لە ئەزموونە پێشەنگەکانی شانۆی مۆدێرن دادەنرێت.

دەقی شانۆنامەکە بریتی بوو لە هەڵبەستێک کە بلۆک دەبارەی کەسایەتییەکانی کۆمیدیای دێل ئارتێ نووسیبوونی. خودی میرهولد سەرەڕای کاری دەرهێنان، ڕۆڵی (پێرۆ) دەبینی، کە یەکێکە لە کەسایەتییەکانی کۆمیدیای دێل ئارتێ. ئەوەی سەیرە و جێگەی سەرسوڕمانە لەم ئەزموونە ناوازەیەدا ئەوەیە کە میرهولد خۆی وای بۆ نەدەچوو کە ئەم نمایشە بەو ئەندازەیە ڕچەشکێن بێت و لە مێژووی شانۆدا ئەوەندە بە نەمری باس بکرێت، چونکە لە سەرەتادا هەڵبژاردنی دەقەکە بەم شێوەیە بوو کە باسی لێوە دەکەم:

سەرەتا میرهولد شانۆنامەیەکی (میتەرلینک) ی بۆ شانۆی کۆمیسارژێفسکی دەرهێنا، بەڵام ڤێرا کۆمیسارژێفسکایا، کە ئەکتەرێکی گەورەی شانۆی ڕووسییە و بەڕێوەبەری شانۆکە بوو، پێی وابوو شانۆگەرییەکە زۆر کورت بوو، تەنیا کاژێرێک و چەند خولەکێکی دەخایاند، ئەمەش بۆ شانۆیەکی گەورەی دەوڵەتی وەک ئەو شانۆییە نەدەگونجا، بۆیە داوای لە میرهولد کرد کە نمایشکی تر ئامادە بکات، وا بێت شان بە شانی شانۆنامەکەی میتەرلینک پێشکەش بکرێت، بۆیە شانۆنامەکەی میتەرلینک بە نمایشی سەرەکی دادەنرا، هەرچی نمایشی میللی بوو حیسێبی پاشکۆیەکی کۆمیدی کورتی بۆ دەکرا. میرهولد بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخە، هەڵبەستەکەی (ئەلکسەندەر بلۆک)ی هەڵبژارد، بەڵام ئەوەی پاشتر جێگەی سەرنج بوو و گەلێکیش سەیر کەوتەوە نمایشی بەلانگاچیک (نمایشی میللی) بوو، کە میرهولد تێیدا چەمکی شانۆنواندن و شێوازگەرێتی و مەرجئامێزی، لە سەرووی هەموو ئەم چەمکە شانۆییانەوە، چەمکی گرۆتیسکی لەم نمایشەدا بەرجەستە کرد. تاکوو ئێستایش کە باس لە نوێکردنەوەی شێوازەکان و ماسک و تەکنیکەکانی کۆمیدیای دێل ئارتێ دەکرێت، ئەزموونگەرێتی میرهولد لەم نمایشەدا پێگە و پایەی دیاری خۆی هەیە. توێژەر و ئەکادیمی جۆن ڕودین لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (کۆمیدیای دێل ئارتێ)، تەوەرێکی تایبەتی بۆ ئەزموونی میرهولد لە هونەری کۆمیدیا دێل ئارتێ تەرخان کردووە.

چۆن دەکرێت هەڵبەستێک بە نمایشێکی ئەوها نەمر کە تاکوو ئێستاش سەرچاوەی ئەزموونگەرێتی و پێشەنگییە؟ ڕاستە زمانی بلۆک و شێوازی سیمبۆلیستانەی ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە دەقەکەدا، ڕاستە مۆسیقای کۆزمین ڕۆڵی خۆی لە نمایشەکەدا گێڕا، ڕاستە ئەکتەرەکان، لە سەرووی هەموویانەوە خودی میرهولد کە ڕۆڵی سەرەکی هەبوو، ئەوجا سینۆگرافیای شای سینۆگرافەکانی ئەو سەردەمە سێرگیی ساپونۆف سینۆگرافیای نمایشەکەی

ئەنجام دابوو، بەڵام دەبێت بڵێین: هەموو ئەمانە لەلایەک، کاری دراماتورگییانەی مییرهولد لەگەڵ دەقەکەدا لەلایەک. مییرهولد بۆ یەکەم جار ئەوەی سەلماند کە پێویستە ڕیژیسۆر، دراماتورگ بێت و توانایی و بەهرەی ئەوەی هەبێت کە ڕەگەزەکانی نمایش بە یەکترەوە، بە ئیستێتیکایەکی هونەرییانەی قووڵەوە، بە ڕۆڵی کاریگەری بینەرانەوە، بە ئێستا و بە ئێرەوە ببەستێتەوە.

لەم نمایشەدا مییرهولد جارێکی تر لە شانۆی ڕووسیدا (یەکەم تیپی کۆمیدیای دێل ئارتێ بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٧٣٣ لە ئیتاڵیاوە گەیشتە ڕووسیا و بەرهەمی خۆی نمایش کرد)، پاش ئەم ماوە دوورودرێژە، مییرهولد توانی کۆمیدیای دێل ئارتێ لە شانۆی ڕووسیدا نوێ بکاتەوە، هەروەها توانی بایەخی ماسک و گرنگی بەکارهێنانی ماسک لە هونەی نواندندا، بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەستە بە جەستە و جووڵە و ئاماژەی ئەکتەرەوە، بسەلمێنێت.

لەلایەکی دیکەوە، ڕاوبۆچوونەکانی مییرهولد دەربارەی بەکارهێنانی ماسک گەلێک پێش ئەو کەڵە ریژیسۆرانەیە کە لەم بوارەدا ناوبانگیان دەرکردووە، لەوانە (جاک کۆپۆ)ی فڕەنسی، (داریۆ فۆ)ی ئیتاڵیایی، (جاک لێکۆک)ی فڕەنسی. ناکرێ ئەو ڕاستییەش لە بیر بکەین کە لە ڕووی جیاوازی کولتوور و فەرهەنگی نمایشەوە، ئەوان سەر بەهەمان فەرهەنگ و کولتووری کۆمیدیای دێل ئارتێن، مییرهولدیش وەک ڕیژیسۆرێکی ڕووس ئەوەندە بوێر بوو، کە لەم هونەرەشدا توانایی و بەهرەی خۆی وەک پێشەنگێک سەلماند.

# سێ هونەرمەند لە پێشانگەیەکی شێوەکاریدا چاوەکان تێر ڕەنگی ئاو دەکەن

سۆران اسماعیل

ڕەنگی ئاوی (ئەکواریل) ئەو بۆیەی وەک بۆیە ڕەنگییەکانی دیکە، تایبەتمەندیی خۆی هەیە، هەر لە هەڵبژاردنی لە پالێتەوە تا بەکارهێنانی لەگەڵ ئاو، بە دروستکردنی شاکارە هونەرییەکان، لەلایەن هونەرمەندە نیگارکێشەکانەوە وێڕای کارامایی و لێهاتوویی لە تەکنیک و شێواز و شێوەی بەکارهێنانیان، ئەوە دواجار خەسڵەت و خاسیەتی سروشتی بۆیە ڕەنگییەکەیە وا دەکات وەک ڕەنگێکی ڕووناک و ڕوون و تەنک، جیاواز لەگەڵ بۆیە ڕەنگییەکانی تر بەرانبەر چاوی بینەر دەرکەوێت و بناسێنرێت و سەرنجڕاکێشێت.

لە پێشانگەیەکی هاوبەشی شێوەکاری لە گەلەری میدیای شاری هەولێر، دوا ئەزموونی سێ هونەرمەندی کورد (جەمال حەمەدئەمین، محەمەد خدر، فەرەیدوون هاوار) بە ژمارەیەک تابلۆی ڕەنگ ئاوی بۆ بەرچاوی بینەر نمایشکران. ئەگەر پێداچوونەوەیەک بەلایەنی باسکردن و شرۆڤەکردنی کارە هونەرییەکانیان بکەین، ئەوە لە دەروازەی تابلۆکانی (جەمال حەمەدئەمین)ەوە دەست پێدەکەین، ناوبراو بە کۆمەڵێک بابەتی نزیک لێکترەوە سەرتاپای تابلۆکانی بە وێنەکێشانی دەوروبەر و ناوەندی شاری دێرینی هەولێر بەستووەتەوە، وەک دەردەکەوێت هونەرمەند سەرەتا پلانی بە فۆتۆکردنی ئەو شوێنانەی بەجێ گەیاندووە، پاشانیش پرۆسەی وێناکردن و نیگارکێشانەکەی جێبەجێ کردووە و خستوویەتییە بواری پراکتیکییەوە.

وەک دەزانرێت هونەرمەندانی شێوەکار یەکەم کەسن کە فۆتۆگراف لە دەربڕینی هونەریدا بەکاردەهێنن، وەک ئامرازێک بۆ وێناکردنی دیمەنەکانی ڕۆژانەی ژیانیان، بۆیە دەکرێت لێرەدا بڵێین دیدگەی ئەو هاوکاتە لەگەڵ ژینگە و شوێنەوارەکان و نێو کوچە و کۆڵان و شەقامەکانی مێژووی شارەکەی، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی قووڵییەکە بە خودی بیرۆکە و میتودی کارکردنەکەی دەگەیەنێت، بۆ بە تواناییکردن و هاندانی هەستەکانی لە چۆنیەتی

مامڵەکردن بە ئامرازەکانی نیگارکێشان، هەروەها بۆ پێدانی چێژی جوانی و تێگەیشتنێکی دروستی خۆڕسکانە و زانستییانە لە بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی هونەر لە سەرووی هەموانیشەوە ڕەنگەکانییەتی، کە ئەمەش هەمدیس بەشدارە لە باشترکردنی کارامایی و لێهاتوویی لە تێگەیشتنی ستانداردە نەریتییەکانی جوانی و چەسپاندنی ستانداردە نوێیەکانی هەستی ناوەوەیی.

ئەمە یەکێکە لە ورووژێنەرترین دەرکەوتەکان لە پێکهاتەکانیدا، کە وەک پرۆسەیەک تێیدا نیشانەکان بۆ فۆرمە واقعییەکان دەردەکەون، فۆرمەکانیش لە هونەردا وەک قاوغێکی داپۆشراوی ناوەرۆکەکان جەوهەری حەقیقەتی بابەتەکان دەردەهێنن، دەکرێت پوختەی ئەم تێگەیشتنە وەک کردەیەکی فیکری هونەرمەند (جەمال حەمەدەمین) ببێتە گوتاری هونەری و گەیاندنی پەیامی هونەرمەند. هەر وەک (سوزان لانجەر)یش پێی وایە « هونەر بریتییە لە دروستکردنی فۆرمی هەستپێکراو کە گوزارشت لە ویژدانی مرۆڤ دەکات و بەو پێیەش هونەر ئەو فۆرمەی کە دروستی دەکات دەبێت گوزارشت لە هەستی مرۆڤەکان بکات».

ئەگەر بە وردی و سەرنجڕاکێشتر باس لە شیکردنەوەی تابلۆکانی بکەین، لە چۆنیەتی گرتنەبەری شێوازی ڕیالیزم و بەکارهێنانی ڕەنگەکان و هێڵەکان بەسەریەوە چۆن تێکهەڵکێش و زاڵ بوونە، یان تا چ ڕادەیەک ئەو مافەی پێ بەخشیوە، ئەوە بە شێوەیەکی سەرەکی هونەرمەند (جەمال حەمەدەمین)، لە فۆرمەڵەکردن بەڕەنگ و هێڵ بۆ زۆربەی فیگەرەکان و توخمی ناو پێکهاتەی تابلۆکانی بە واقیع کردووە و گەیشتن بە پێکهاتەی دیمەنەکان



تابلۆی هونەرمەند جەمال حەمەدەمین

بەکاری هێناوە بۆ خزمەتکردنی بیرۆکەکانی، بە ئەندازەیەک ناوبراو وێڕای ئەوەی دەرچووی هیچ خوێندنێکی ئەکادیمی هونەری نییە، بەڵام شوێن پەنجەکانی دیارە خۆی دیراسەیەکی قووڵی ئەو بنەما ئەکادیمییەی کردووە و باڵادەستی لە ڕێکخستنی کۆی فیگەرەکان دیارە، بە ئەوانەی گیانی و بێ گیانین، کە چۆن ئەم کاریگەرییە لەسەر هەموو ڕەگەزەکان و پێکهاتەی تابلۆکانی ڕەنگی داوەتەوە، وەک: (هێڵ و ڕەنگ و شێوە و فۆرم و بارستایی و دروستبوونی هاوسەنگی و ڕیتم و هەماهەنگی و کۆنتراست و ڕوانگە) هەموو ئەمانە بوونەتە تایبەتمەندییەکانی داڕشتنی هەر یەک لە تابلۆکانی، بە گوێرەی کات و شوێنی هەڵبژاردنی بارودۆخی هەر یەک لە دیمەنی بابەتەکانی.

هەر بۆ نموونە بۆ چاوپێداخشاندن، لە یەکێک لە تابلۆکانی بەردەم قەڵادا دەبینرێت ناو بازاڕی شاری هەولێری وێنەکێشاوە، سەرەتای دەستپێکردنی بە سکێچ کردنی تابلۆکەی بۆ ژمارەیەک فیگەر تەرخان کردووە کە خەڵکانێکن زیاتر کەوتوونەتە بەشی لای چەپی تابلۆکەوە، بەڵام لای ڕاستی زیاتر بە کوتلەی کۆمەڵێک

کورسی دەرکەوتووە، لە ناوەڕاستیشدا ژمارەیەک ئۆتۆمۆبێل بەدوای یەکترەوەن، ئەم دابەشکردنە لەگەڵ هەردوو دیوی لای قەڵا و دیوەکەی تری باڵەخانەی دووکانەکان بوونەتە چارەسەرێک بۆ پارێزگاریکردن لە هاوسەنگی تابلۆکە، لەلایەکی ترەوە دەتوانین بڵێین جیاکردنەوەی کوتلە و فەزایە، کە هونەرمەند لە ڕێگەی ڕووبەری ئەو فەزایەی بە ئاسمانەکەی بەخشیوە، لەگەڵ سپەیسی ئەو ڕووبەرەی لە شۆستەکە دابڕاوە بە یەکسانی هاوسەنگی کوتلەکەکانی لای ڕاست و چەپی ڕاگرتووە، هەروەها لە ئەنجامی جیاکردنەوەی ڕەنگەکان لە یەکتر، لە ساتێکدا کە سنوورەکان دروست دەبن لە هەر دێڕێک لەگەڵ دێڕەکەی تردا کە تێکەڵ دەبنەوە، ئەوە کاریگەری لە ڕێژەی درێژی و کورتی شەپۆلی هەر ڕەنگێک لە ڕەنگەکان دروست دەبێت، کە بە جۆرێک پلە و تۆناتی لەلایەن هونەرمەند (جەمال حەمەدەمین) بە وردی دارێژراون و ورده ورده تۆناتی ڕەنگەکان لە کاڵی بەرەو تۆخی و لە ڕووناکی بەرەو سێبەر دانراون، ئەم سەلیقەیەش دەرئەنجامێکە بۆ گەیشتن بە بەهای ڕەنگەکان و تەکنیکێکی دینامیکییە و جوانی دەبەخشێت، هەروەها کاتێک زەردی ڕەنگ گەرم لە چەند شوێنێکی دیوی پێشەوەی تابلۆکەدا بە وێنەکێشانی دوو چەتر دەبینرێت، کە ئەمەش وادەکات سەنگی بینین و فۆکسی بینەر بەو ئاراستەیەدا ببات، بەو مەبەستەی سیادە بەو شوێنگەیە ببەخێشت و دەستنیشانی بکات، کە ئەمەش هۆکارێکی مێژووی کۆن و ئێستای لە پشتەوەیە، ئەویش بوونی (چایخانەی مەجکۆیە) کە تا ئێستا ماوە و وەک ئایکۆنێکە لەپاڵ قەڵا و ناساندنی شاری هەولێر، یان هاوکێشەی دال و مەدلوول دەگەیەنێت، بەڵام کەمبوونەوە و بڵاوبوونەوەی بە ڕەنگە سارد و بێ لایەنەکانی وەک سەوز و خۆڵەمێشی و قاوەیی و ئۆکەری بۆ شوێنەکانی دیکەی بەجێ هێشتووە، لەوەیە دوو مەبەست بگەیەنێت : یەکیان بێ بایەخی شوێنەکە بێت و دووەمیان بوونی قەرەباڵغی و ژاوەژاوی خەڵکی ناوبازاڕ بێت، کە دوورتر دەستنیشانی کردوون و کەمتر وردەکاری وێنەکردنی فیگەرەکانی کردووە، لە بۆچوونێکی تر و بە دیوێکی تردا بوونی فیگەری ئۆتۆمۆبیلەکان و مرۆڤە پیادەکان لەوەدایە دەلالەت لە جووڵە و بەردەوامی ژیان بکات، کە هاوشانە لەگەڵ بوونی چەند پەڵە ڕەنگێکی سەوز کە لەپاڵ دیوێکی دیکەی قەڵادا دەردەکەوێت، ئەمەش وەک هێمایەک ئاماژە بە واتای هاتنی وەرزی سەوز بوون و نوێبوونەوە و جموجووڵی بازاڕ و ئاوەدانی شارەکە دەکات.

بەشداربووی دووەم هونەرمەند (محەمەد خدر)ـە، بە هەڵواسین و نمایشکردنی ژمارەیەک لە تابلۆکانی سەنتەری نێو هۆڵەکەی بەرکەوتبوو. هەم لە ڕووی تایبەتمەندی شێوەی کارکردنی و هەم لەبارەی قەبارەی تابلۆکانی جۆرێک لە هاوسەنگی بە سەرتاسەری پێشانگەکە دەبەخشێت. جۆرێکی باو لە کۆی بەرهەمەکانی هونەرمەند بەدی دەکرێت، ئەویش ناسینەوە و دۆزینەوەی شێوازی ئیشکردنیەتی لە چەندان بواردا: بۆ نموونە بابەت و ناوەڕۆک لە زۆربەی تابلۆکانیدا چەندان دیمەنی جۆراوجۆری لایەنی کولتووری و فۆلکلۆری وەک دابونەریت و دەستوور و ژیاری میللی کۆمەڵگەکەی لەخۆگرتبوو. بۆ بەرجەستەکردنی ئەم پرۆسیسەی کارکردنی هونەری، بە فیگوریتیفی مرۆڤ و بوونەوەرەکانی دیکەی وەک ئاژەڵ و باڵندەکان بوونەتە ڕووکاری چاوپێداخشاندنی سەرتاپای تابلۆکانی، هەروەها لەنێو پێکهاتەی تابلۆکانیدا

به شێوەیەکی سەرەکی ڕەگەزی ڕەنگ ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت: وەک ئاشکرایە هەڵبژاردنی ماتریاڵی ڕەنگە ئاوییەکان، بۆ ئەو تازە نییە، بەڵکوو ئەزموونداری و لێهاتوویی لە تەکنیکی ڕەنگکردندا هەیە، هەروەها هونەرمەند (محەمەد خدر) پەنای بۆ ڕەهەندەکان و خەسڵەتەکانی ڕەنگ بردووە، تەنانەت لەنێو یەک تابلۆیدا لە هەر کونج و کەلەبەرێک چەندان چەشنی ڕەنگ ئامادەییان هەیە، هەر لە ڕەنگە سەرەتاییەکانەوە بگرە تا سێیەمینەکان و لەنێوان ڕەنگە گەرم و ساردەکان و ڕەنگە هارمۆنی و کۆنتراستەکان و هەموو جۆرەکانی دەردەکەوێت، لای هونەرمەند (محەمەد خدر) ڕەنگ هەر ئەوە ناخاتە ڕوو وەک ئامراز و کەرەستەی کارکردن بناسرێت، بەڵکوو ناسینی ڕەنگ لە خودی ڕەنگە ئاوییەکاندایە و ناساندیەتی وەک سیمیۆلۆژیایی و بابەتگەرایی بۆ کولتووری ناوچەگەریی نیشانی دەدات، ڕەنگی ڕادەست بەو لایەنە مەعنەوییە کردووە، ئەمەش لە نموونەی تابلۆی (ژن و پیاوێک و دوو سەبەتەی هەنار) دەردەکەوێت، بەو بەها جوانییەی ڕەنگە ئاوییەکان مۆدێلێکی جوانی نێوان هەردوو کارەکتەری ژن و پیاوی کورد نیشان دەدات، هەر لە چاوپێداخشاندنی تابلۆکە دەردەکەوێت، ئەو ژن و پیاوەی بە جلی کوردی وێنەی کێشاون دال و مەدلوول بن بۆ ناساندنی کولتووری میللەت و نەتەوەکەی، دیمەنی ئافرەتەکە لە دیوی پێشەوەی تابلۆکە دەردەکەوێت و شێوەی جلەکەی دەستووری ناوچەی هەورامانە، سەر و سیمایەکی هەم ماندوو، هەم خۆشحاڵ و گەشبینی پێوە دیارە و سەبەتەیەکی لەسەر سەری داناوە، کۆمەڵێک هەناری ڕەنگ سووری لە ناودایە، لە پشتییەوە پیاوێک بەهەمان شێوە و ڕوخسار جلەکەی



**تابلۆی هونەرمەند محەمەد خدر**

دەستووری هەورامانی دیارە و سەبەتەیەکی پڕ لە هەناری هەڵگرتووە، دەشێت ئافرەتەکە وەک سیادەی بابەتی تابلۆکە بروانرێت، هەردوو فیگەری پیاو و ئافرەتەکە دەبێتە دوو کوتلەی سەرەکی نێو فەزای تابلۆکە، لە هەمان کاتدا هونەرمەند بۆ هاوسەنگی پێکهاتەی تابلۆکەی بەکاری هێناون، لەڕووی بابەتیشەوە هاوکاری و پێکەوەیی و یەکسانی نێوانیانی مەبەستە، بۆیە ژێدەر و ناوەڕۆک لەم تابلۆیە هەڵگری پوختەیەکی (ئەدەبی و کولتووری) نزیک لە گێڕانەوەی چیرۆکی خۆشەویستی نێوان ژن و پیاوی کورد بۆ دنیابینینی واقیعیانەی گوزەران و بژێوی پێشان دەدات، ئەو وێرای ئەوەی شاکارێکی جوانی هونەری و ڕۆمانسییەت لە کەشی تابلۆکە نمایش دەکات، کەچی کردنەوەی دەرگای تێگەیشتن و لەیەکتر حاڵیبوونی پێوەندی نێوان ژن و پیاوە و، دەیهێنێتە بەرچاوی بینەر و دەیکات بە جێگەی سەرنجەکانیان، ئەوەی زیتر لە کاری بەرهەمەکانی دوو هونەرمەندە بەشداربووەکەی تر جیای دەکاتەوە، بوونی هەمەچەشنیی ڕەنگەکانیەتی، هەروەها پێدانی خەستی و چڕی و تیری ڕەنگەکانە، بێگومان

یەکێکی تر لەو تایبەتمەندییانەی کە ڕەنگی (ئەکواریل) لە ڕەنگەکانی دیکە جیادەکاتەوە، لە کەمتر بەکارهێنانی ڕەنگی سپی و ڕەش و چۆنیەتی دەست بردن بۆ ئەڵتەرناتیڤی ئەو دوو مادده ڕەنگییانەیە، بەڵام لە تابلۆکانی هونەرمەند (محەمەد خدر) وا دەبینرێت زۆر ڕەچاوی ئەم لایەنەی نەکردبێت، ئەویش بەو هۆکارە دەبەسترێتەوە کە ناوبراو لە بەکارهێنانی ڕەنگی ئاویدا تەنیا جۆری (ئاکواریل)ی بەکار نەهێناوە، بەڵکوو لەمەدا بۆ پێویستی تەکنیک و شێوازی بەرهەمهێنانی کارە هونەرییەکانی دەستکاری ڕەنگی دیکەی ئاوی وەک (ئەکریلک)، یان (گواش) و (پۆستەر) کردووە، بۆیە هەست بە بوونی هەردوو ڕەنگی سپی و ڕەش بە خەستتر دەکرێت.

لە دیوێکی دیکەی ڕاڤەکردن بۆ تابلۆکانی بەپێی هاوسەنگی لەنێوان دیدگە و تێڕوانین لە ڕوانگەی بینین لەلایەک و شێوازی میکانیزمی گرتنەبەری کەرەستەکان و لێدانی پەرەمووچ بە هەمەچەشنی پڕکردنەوەی ڕووبەرەکان لەلایەکی دیکەوە، دەبێتە ڕەنگدانەوەی ئیمپرێشنیستی شێوە و ڕواڵەتەکان، هەروەها جێ پەنجەی خەونەکانی لەو کات و شوێنەدا دێتەدی کە تێیدا کردارێکی ئامادەکاری بۆ واقیعبینینی ڕووداوەکان دەبێتە دەرئەنجام، کە لە ڕێگەیەوە هونەرمەند دەیەوێت پەیامێکی جوانی و مرۆڤایەتی بگەیەنێتە جیهان.

لێرەدا ئەوە دووپات دەبێتەوە کە دیدگای هونەرمەند هاوکاتە لەگەڵ نمایشەکەی، قووڵایی و فراوانی بە خودی میتودەکەی دەبەخشێت و توانایی هاندان و وروژاندنی هەستەکانی پڕ چێژ و تێگەیشتنی هونەری دەکات، ئەمەش بەشداریکردنە لە باشترکردنی کارامایی و لێهاتوویی بە هەمان ئەو ئاست و ڕادەیەی کە تێیدا بەشدارە لە بەرزکردنەوەی تواناییەکانی بە وردی و زیندوویی خودی تێگەیشتنەکەی لە شێوە و ناوەڕۆک، هەموو ئەمانەش خەسڵەتی ڕەنگ ئاوییە کە ڕۆڵ دەبینێت، تەنیا و تەنانەت بۆ جێگیرکردنی ستانداردە نەریتییەکانی جوانی و چەسپاندنی ستانداردە دەرک پێکراوەکانی هەستەکانی هونەرمەندە، بە نەستەکانیشییەوە، گەورەترین و گرنگترین ڕۆڵیان بۆ پێگەیاندنی هونەرێکی ڕاستودروست دەبێت.

سێیەم بەشداربوو هونەرمەند (فەرەیدوون هاوار)ە، هەرچەندە ئەویش خاوەن بڕوانامەی پەیمانگە و کۆلێژە هونەرییەکان نییە، وەک هەردووک هونەرمەندە بەشداربووەکەی دیکە، بەڵام ئەزموونێکی زۆری لە کاری هونەری وێنەکێشاندا هەیە، لەگەڵ هەوڵ و ماندوبوونێکی زۆر بۆ دیراسەکردن و ڕاهێنان لەسەر بنەمای ئەکادیمی و هونەرە جوانەکان تەرخان کردووە، هەروەها بە کردنەوەی پێشانگەی تایبەتی و بەشداریکردن لە چەندان پێشانگەی هاوبەش لەگەڵ هونەرمەندانی دیکەی کورد کە لە ناوەوە و دەوەرەی کوردستان کردوویانەتەوە، هونەرمەند (فەرەیدوون هاوار) بۆ ساڵانێک لە ناوجەرگەی شاری هەولێر کاری لەسەر وێنەکێشانی پۆرترێتی کەسایەتییەکان کردووە، کە تایبەتمەندی ئەو وەک بەرهەمهێنانی کاری هونەری و وەک پیشەی دەستکەوتنی ماددی بۆ ڕاییکردن و بەردەوام بوون لەسەر کارەکەی و ئیدارە پێکردنی بەردەوام بووە. هونەرمەندی ناوبراو وەک هەردوو هونەرمەندی بەشداربووی ئەم پێشانگەیە پراکتیزەکردنی بە کەرەستەکانی وێنەکێشان هەمەچەشنییە، بەگشتی لە هێڵکاری و ڕەنگکاریدا، بە تایبەتیش لە ڕەنگدا

به هەردوو جۆری ڕۆنی و ئاوی ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی باشی هەیە، بەڵام فۆکسی ئەم جارەی کارەکانی بەرەو بەکارهێنانی ڕەنگی ئاوی بردووە، وردتر ڕەنگی (ئاوی ئەکواریل)ی کردووەتە ئامانجی سەرەکی بۆ پراکتیزەکردنی کارەکانی، لەو کۆمەڵە تابلۆیەی ڕێکی خستوون وەک دیارە نزیک لە ستایل و ئاراستەکانی شوناسی ناسینەوەی سەرچاوەی کارکردنی هونەری هونەرمەند ژینگە و سروشتە، ژیانی دەشتودەر و گوندنیشە. وەک دەزانرێت ئەم مێژووە دووردرێژەی لە بوون و ژیانی زەوی و ڕەگەزەکانی مرۆڤ کە بەرەو ماڵ و شکۆمەندی درێژ دەبێتەوە، پەیوەندییەکەی بە (مرۆڤ، ژینگە، سروشت، ئاژەڵ و هەموو بوونەوەرەکانی دیکەی وەک هێماکانی ژیان و مێژووی شارستانیەتەوە بەندە)، بۆیە هونەرمەند بە وێناکردنی کاریگەری ژیانی سادەیی میللەتەکەی لەنێو گوند و دێهاتەکان و ئەو ژینگە سروشتییەی بەستووەتەوە کە لە ڕێگەی شوانکاری و گاوانی بە مێگەلە مەڕ و ماڵات و گا و گۆلک بژێویان بەسەر دەبەن، لە دوو چرکەساتی تۆمارکردنی ئەم وێناندنەدا، هونەرمەند ڕۆڵ بۆ مانەوەی بەهای جوانی هونەرەکەی و مانەوەی دیمەنی ژیاری ناوچەکەی وەک کولتوورێکی کوردەواری دەبات.

لە چاوپێداخشاندنی کەشی تابلۆکانی هەموو توخمەکانی وەک (خاڵ، هێڵ، شێوە و بۆشایی، پێکهاتە، ڕەنگ، سێبەر و ڕووناکی)، لە فۆرمۆڵەکردنی پێکهاتە بینراوەکەیدا جێگیرکراون لەسەر ئەو بنچینە و بنەمایەی کە (هاوسەنگی، ڕیتم و ڕوانگە) گشتیان بە پرۆسەی هەماهەنگی و هاوگونجاندندا تێپەڕیون، بۆ ئامانج گەیاندن و گەیشتن بەو پلانە پێشوەختەی کە هونەرمەند



تابلۆی هونەرمەند فەرەیدوون هاوار

بۆی داناوە. بۆ نموونە ئەو تابلۆیەی کە ژمارەیەکی زۆر لە مێگەلە مەڕ بە شێوەی زیگزاک وەک پیتی (Z) داڕشتنی بۆ کردووە، دیمەنەکە لەپاڵ چەند شاخێک بە درێژایی بڕینی ماوەی زۆر بەدوای یەکتردا ڕێچکەیان بەستووە، هەر لە دیوی پێشەوەی تابلۆکە تا ڕەهەندی دواوەی تابلۆکە هونەرمەند بە ڕوانگەیەکی زانستی لە شوێن خۆی وێنەی کێشاون، بە ڕیتمێک کە چاوی بینەر بۆ چەندان گۆشە دەبزوێنێت، جووڵە و زیندەگی بە فۆرمی فیگەرەکان دەبەخشێت. بوونی ئەو کوتلە زۆرەی کە لە ئەنجامی پێکهاتەی فیگەری مێگەلە مەڕەکان و شوانی سەر ئاژەڵەکە دروست بووە لەگەڵ ئەو کوتلانەی کە لە لاپاڵ شاخەکان بەرانبەر بۆشایی ئاسمان دروستبوونە، ئەگەرچی جۆرە هاوسەنگییەک دەێنێتەدی، بەڵام سەنگی بینین لاسەنگییەک بەلای چەپی تابلۆکەدا دەشکێنێتەوە. بێگومان

ڕەگەزی ڕەنگ بەشێکی سەرەکی و کاریگەرە لە ئەتمۆسفیری گشتی تابلۆکانی، بە تایبەت ئەو ڕەنگە ئاوییەی هونەرمەند (فەرەیدوون هاوار) بۆی تەرخان کردووە کوالیتییەکی بەرزی هەیە، لە دروستکردنی تۆنی جیاواز و بەهای جوانی، بەهەمان شێوەی هونەرمەندانی دیکە تەنیا ڕەنگی ئاوی (ئەکواریل)یان بە شێوەیەکی پەتی بەکارنەهێناوە، بەڵکوو ڕەنگی ئەکریلیک و بۆیەی تری میکس کردووە بە جۆرە تەکنیکێک مامەڵەی کردووە هەست بە بوونی خەستی و تێر ڕەنگی ناکرێت، ئەوەش لە ساوی ڕووی تابلۆکانی دەردەکەوێت ئاماژە بە شێوەی تەکنیکی سافکردنی ڕەنگەکان دەکات، کە بە ڕێژەیەکی کەمتر ئاوی تێکەڵ ڕەنگ کردووە و پرژاندوویەتە سەر ڕووبەری شێوەکارکردنەکەی، بە واتایەکی تر تەکنیکی ڕەنگ ئاوییەکەی کلاسیکییە و لەسەر هەردوو شێوازی ئیمپرێشنیزم و ڕیالیزم بابەتەکانی داڕشتووە. بە جۆرێک لە جۆرەکان بینینی سەرتاپای پێکهاتەی تابلۆکانی ڕەنگە بێ لایەنەکانی لەخۆگرتووە، ڕەنگەکانی وەک (خۆڵەمێشی، سپی، ڕەش، خاکی، بێجی و ئۆکەری)، هەروەها لە ڕەنگەکانی دیکەی ناو سروشتیش بێبەش نییە.

ئەوەی ماوەتەوە لەلایەن هونەرمەندان هەندێک جار ئاراستەکردنی شێوە فۆرمییەکان لە فۆرمۆڵەکردن و بنیادنان و پێشکەشکردن، دوو ئاراستەی هاوتەریب، یان پێچەوانە پێک دەهێنن لە وروژاندنی هەستەکان و بێئاگایی نەستەکاندا، چ ئەوەی لە سروشتدا بەردەستە، یان ئەوەی مرۆڤ بەرهەمی دەهێنێت. بێگومان کە ئەم لایەنەی ڕواڵەتی و فۆرمگەرایی لە ڕووی چۆنیەتی و چەندێتی جیاوازن لە لایەنە جەوهەری و ناوەڕۆکییەکانی پەیوەست بەو بەها و خەسڵەتانەی کەوا ڕەنگەکانن ئاراستە جیاوازەکان و فرەڕەهەندە هونەرییەکان هەڵدەقوڵێنن و سەرهەڵدەدەنەوە.

لەبەر جوانی وشەکانی پێم باشبوو بە چەند دێڕێکی نووسەر (شێرزاد هەینی) کە لە دەفتەری میوانەکان تێڕوانینی خۆی بۆ هەر سێ هونەرمەندەکە دەربڕیبوو کۆتایی بە نووسینەکەم بهێنم.

( (لەگەڵ یەکەم تابلۆی «فەرەیدون»، هەرگیز شوانیم نەکردووە، بووم بە شوان و ڕانەمەڕێک دەبەمە لەوەڕ و تۆز هەڵدەکەم، لە تابلۆکە بۆنی تۆزەکە دەکەم!. ڕەنگی هەنارەکەی «محەمەد خدر» وا دەکەمە مەزەی هەنار، شەو مەستم بکات، جوان چوویتە هەورامان. «جەمال»، ئاوی کردووە بە بەردی شاخ، قەڵاتی هەولێر، مرۆڤ، جووڵەی وشک. جوانە کە ڕەنگی نەرم، ڕەنگی شل، ئاو دەبێت بە تابلۆ)).

# دیمانەیەک لە تەمدا

## «دەلاقەیەک بەرەو ژیان»


عەبدوڵڵا سەمەدی
(مەهاباد)


**«بەهاری کوردەواری سوور و شینە»**[1]

ئاداری ۱۹۹۱ خەریک بوو بەرەو کۆتایی دەچوو کە سوپای شەکەت و لەپێکەوتووی عێراق بە یارمەتی هێزە جیهانییەکان سەرلەنوێ بووژایەوە و پاشی کوشتار و سەرکوتی شیعەکانی باشوور، هێرشێکی دڕندانە و بەربڵاوی کردە سەر کوردستان. ئیدی بە دوای ئەمەدا گەورەترین کارەساتی سەدە قەوما و پتر لە سێ ملیۆن کورد ماڵ و حاڵیان جێ هێشت و بە پێی پەتی و بێ توێشوو ڕوویان کردە کوێستانی سارد و لە ژێر ڕەهێڵەی بارانی خاکەلێوە و دەسرێژی فرۆکەی شەڕکەر، خۆیان گەیاندە پشتی سنوورەکانی ئێران و تورکیا و لەم بەر و لەوبەری جادەی پشتەسەریشان کۆگای خرکەبەردیان لە دوا بەجێ دەهێشت کە سەعاتێک، پاشان دەبووە گڵکۆی منداڵێکی نازدار، یان بەساڵاچوویەکی ڕێزداری پێشوو، بەڵام بێ ناوونیشانی ئێستا.

ئەم ترس و دڵەڕاوکە گەورەیە لەخۆڕا نەبوو، بەڵکوو پێشینەیەکی خوێناوی لە پشت بوو کە گۆشەیەکی بریتییە لە: زیندەبەچاڵ کردنی هەشت هەزار بارزانی لە ساڵی ۱۹۸۳، کوشتاری سەد و هەشتا و دوو هەزار کەس لە زنجیرە پەلاماری «ئەنفال»ی ساڵی ۱۹۸۸، بۆردوومانی کیمیاویی هەڵەبجەی خاوەن پتر لە دە هەزار شەهید و بریندار لە ١٦ی ئاداری ۱۹۸۸، بۆردوومانی ناپاڵم و کیمیاویی ئاواییە گەورە و بچووکەکانی کوردستان و خاپوور کردنی شاری قەڵادزێ، سڕینەوەی پتر لە پێنج هەزار گوند و کۆکردنەوەی خەڵکەکانیان لە ئۆردووگا حکوومییەکان، سووتاندنی دارستان و کوێرکردنەوەی کانی لە زنجیرە پەلاماری بە ناو «موحەڕڕەمە» و دوورخستنەوەی دانیشتوانی گوندەکان بۆ باشووری عێراق و بێ سەروشوێن کردنیان.

سەرجەم ژمارەی قوربانیانی کورد لە لایەن بەعسەوە بە زێدە لە حەفت سەد هەزار کەس مەزندە کراوە. هەر ئەم پێشینە خوێناوییە و

ئەم ئەزموونە تاڵانە بوون کە وای لە خەڵک کرد لە کاتێکی وەها ئەستەم و تووشدا، ماڵ بەجێ بێڵن کە تەنانەت ئاژەڵ و دڕندە کێوییەکانیش لە لان و کەلمای خۆ خزیبوون و زاتی دەرکەوتنیان نەبوو.

لافاوی خەڵکێکی برسی و تینوو و ماندوو لە پشت تخووبی ئێران و تورکیا پەنگی خواردبووەوە کە لە ماڵی خۆ و خاکی باپیرانیاندا بە «ئاوارە» ناویان دەبردن. عەسکەری تورک بە مەودای چەند هەنگاو و لە بەرچاوی کامێراکانی جیهانی تەقەیان لێ دەکردن و بە ئاشکرا دەریان دەخست کە کورد بە هەر بیروباوەڕ و ئایین و ڕێبازگەیەکەوە مافی ژیانی نییە و دەبێ نەمێنێ، بەڵام دەروازەکانی سنووری ئێران، نەک لەبەر خاتری چاو و برۆی کورد، بەڵکوو لە بەرەکەتی دوژمنایەتی نێوان ئێران و عێراق و شەڕی هەشت ساڵە، خرابووە سەر پشت و ڕیکلامیش بۆ مەزڵوومییەتی کورد و دڕندەیی بەعس دەکرا.

لەم ناوەدا «عەبدولڕەقیب یووسف» لەگەڵ «پەخشان»ی هاوسەری وەفاداری، دەستی سێ کچیان: «میدیا»، «پەری»، «چنار» و تەنیا کوڕیان: «دۆستک»یان گرتبوو و لە سلێمانییەوە خۆیان گەیاندبووە مەهاباد.

دیمەنی شار و ئاوەدانییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو ڕۆژانەدا زۆر سەیر بوو. تایبەتمەندیی کورد ئەوەیە لە شادی و دۆخی ئاساییدا دوژمن و بەدخوازی یەکترن، بەڵام لە غەم و تەنگوچەڵەمەدا وەها پشتی یەک دەگرن کە گەورەترین بەڵا و نەهامەتی دەرباز دەکەن و بە سلامەت دەردەچن! ئەم چارەنووسە تاڵەی ئەمڕۆشیان کە بە گەورەترین گەلی بندەست لە جیهاندا ناسراون، بەرهەمی ڕاستەوخۆی ئەم



**عەبدولڕەقیب یووسف حەسەن لە کتێبخانەی ماڵی خۆی - سلێمانی**

تایبەتمەندییەیە.

شار و گوندی ڕۆژهەڵات لیپاولیپی ئەو میوانە ناوەختانە بوو کە بە هەست و سۆزی خزم و کەسی نزیک لە ئامێز دەگیران و لەسەر سفرەیەک دادەنیشتن و لە هۆدەیەکدا دەخەوتن. مزگەوت و تەکیە و خانەقاکان چەند قات پتری جێگە و ڕێگە، میوانیان هەبوو و بۆ دابینکردنی نیازەکانیان جگە لە بڕیاری کاتی و بەپەلە، پرۆگرامێکی پێشبینیکراو و پێشتر داڕێژراو لە ئارادا نەبوو، مەردم قابلەمە چێشتیان لە سەر وەجاغ دەپێچایەوە و دەیانڕفاندە شوێنە قەرەباڵغەکان و ناو ئەو جەماوەرەی کە دەوڵەت بە «ئاوارە» و خەڵک بە «خاوەنماڵ» ناویان دەبردن.

دەم بەدەم هەواڵی نوێ دەهات و جموجووڵ شەو و ڕۆژی نەدەناسی. هەندێک لە خزم و کەسی خۆ دەگەڕان و هەندێک لە دۆست و ئاشنا. من بە هۆی کتێب و گۆڤار و بەرنامەکانی ڕادیۆی بەغداوە، دووربەدوور کەسانێکی زۆرم دەناسی و پرسیارم لەم و لەو دەکرد. لەم ناوەدا ئاگادار کرام کە مامۆستا «کەمال ڕەئووف محەمەد»ی نووسەر و توێژەر و ئەرشیڤدار و وێژەری ناوداری

ڕادیۆی بەغدا لە ناو خێڵی کۆچبەراندایە. ساڵیانی ساڵ بیسەری بەرنامە دەوڵەمەند و پڕ ناوەرۆکەکانی، بەتایبەت بەرنامەی «ڕۆژێک لە ڕۆژان» بووم. سەرم بە هەر مزگەوت و کۆڵان و خێوەتێکدا کرد و هەواڵیم پرسی، ئاکام لە دۆست و هاوشارییەکانیم بیست کە بە کۆڵەباری بەشێک لە میکرۆفیلمی ئەرشیڤەکەیەوە جارێ نیشتەجێی سەردەشتە، ئیتر پێویست نەبوو بەدوایدا بڕۆمە سەردەشت؛ چونکە لە بەردەرکی ماڵی خۆمڕا تا جادەکانی دەرەوەی شار و دۆڵ و ملە و لاپاڵەکان ڕێچکەی خەڵکێک بوو کە هەر کام خاوەن کیانێک و دنیایەک بوون و لە شوێنی خۆ ڕێز و پێگەیەکیان جێ هێشتبوو.

لاوانی هەر گەڕەکێک بۆ ئەرکی خزمەتگوزاری تیپی دیاریکراویان پێک هێنابوو تا بتوانن بە ڕێکوپێکی یارمەتییەکان کۆبکەنەوە و بە دروستی بیگەیەننە جێ. هەر تیپێک لیستەی کەسانی ژێر چاوەدێری خۆی گرتبوو و ئاگاداری لێ دەکردن. لە لیستەیەکدا تووشی ناوی «عەبدولڕەقیب یووسف» هاتم کە لە «تەکیەی بابەخەلیفە» جێگیر کرابوو. ئێوارەیەکی درەنگ بوو و بارانێکی بەخوڕ دەباری کە پێم نایە حەوشەی پڕ قوڕ و زەلەقی تەکیە. هەندێ کەس بە پێخاوسی دەهاتن و دەچوون و مجێور لە خەمی دەرکوبانی تەکیەدا بوو. لە ناو ڕێسمەی هۆڵی تەکیەدا ڕاوەستام و لە غەڵەبایی جەماوەری ژوورم ڕوانی، کە زۆربەیان لە بەر شەکەتی پاڵ کەوتبوون. هەندێک بە دەنگی بڵند قسەیان دەکرد و هەندێک نیگەران و بێدەنگ دەهۆش ڕاچووبوون، چرەدووکەڵی جگەرە دیمەنەکەی تەماوی کردبوو. بە بێ ئەوەی پێشتر تەنانەت وێنەی مامۆستا «عەبدولڕەقیب یووسف»م دیتبێ، لە ناو تەمومژی هۆڵەکەدا




**قەڵای دمدم – ئوورمیە، بەهاری ١٩٩١**

چاوم بەسەر ڕوخساری خەڵکەکەدا دەگێڕا و لە ونبووەکەی خۆم دەگەڕام، تەنیا دیمەنێک کە لە زەینمدا بوو، ڕووبەرگی شینی کتێبێک بوو بە ناوی «بانگەوازێک بۆ ڕووناکبیرانی کورد، لە پێناو کۆکردنەوە و زیندووکردنەوەی کەلەپووری کوردیدا» کە چەندان ساڵ لەمەوبەر لە کتێبخانەی «سەید محەمەدی سەمەدی» برامدا دیتبووم و گەلێک بابەتی گرینگ و نوێی تێدا باس کرابوو کە پێشتر چ جار لە کەسم نەبیستبوو.

لە گۆشەیەکی هۆڵەکە، پیاوێکی کورتەباڵا بە قاتێکی هەندێ ژاکاوەوە بە ویقار لە ناو کۆزیلکەیەکی چەند کەسی دانیشتبوو و ڕادیۆیەکی بچووکی ترانزیستۆری بە بناگوێیەوە ڕاگرتبوو. دەوروبەر بە بێدەنگی لێیان دەڕوانی و بە ناهومێدییەوە لە چاوەڕوانی هەواڵێکی خۆشدا بوون. دڵنیا بووم کە ئەمە خۆیەتی، پێڵاوم جێ هێشت و یەکڕاست چوومە لایان. سڵاوم کرد و دانیشتم و گوتم: مامۆستا عەبدولڕەقیب خۆش هاتی! زۆر لە سەرەخۆ و هەندێکیش دڕدۆنگ وەڵامی دامەوە. گوتم: ماڵ و خێزانت تەشریفیان لە کوێیە؟ فەرمووی:

هەر لەم کۆڵانەی پشت تەکیە، لە ماڵی هاوشارییەکتان میوانن. داوام لێ کرد بچین بە شوێنیاندا و میوانی من بن. ئەودەم ڕازی نەبوو، بەڵام دواتر قەبووڵی کرد و لەو چەند ڕۆژەدا کە شانازیی میوانداریانم پێبڕا، دیتم کامێرایەکی وێنە و مەکینەیەکی بچووکی تۆمارکردنی دەنگی لەگەڵ خۆی هێناوە و ئەوە بەلایەوە بەنرخترین کەرەستەی ناو ماڵ بووە. ڕەنگە پاشەکەوتی ڕۆژی مەباداشی پێبووبێ.

لە سبەینەی هەمان ڕۆژەوە گەڕان و لێکۆڵینەوەی خۆی دەست پێ کرد، کە زۆرجار منیش لەگەڵی بووم. سەردانی شوێنە کولتووری و مێژووییەکانی دەکرد، کتێبخانەی ماڵانی بەسەردەکردەوە، دیمانە و وتووێژی لەگەڵ کەسانی جۆراوجۆر پێکدێنا، ڕۆژانە دەیان وێنەی لە «دەرک و دەروازەی قەدیمی، بەردەتاش، قەڕنیزی دیوار و سەردەرانەی خانوو، نەخش و وێنەکانی خشتی سوور، تاق و گومبەز و بەرهەیوان و...» هەڵدەگرتەوە و فلیمەکانی دەپێچایەوە بۆ کاتی خۆی.

ڕۆژێک لە گۆڕەپانە قەرەباڵغەکەی «مەلا جامی»دا کە سەرقاڵی لێدوان و خوێندنەوەی بەردەنووسی سەر کێلەکە بووین، لە ناکاو دیتمان کامێرا نەماوە. دەستمان بە گەڕان و پرس لەم و لەو کرد، لە هیچ لاوە سۆراغی نەبوو. بە زەینمدا هات کە لەم بارودۆخە خراپەدا، ڕەنگە کەسانێک لە ڕووی نیازەوە ناچار بن دەست بۆ کارێک بەرن کە چ جار خۆیان بە دڵ پێی ڕازی نین، زانیم ئەو کەسەی ئەم کارەی کردووە، کامێراکەی ناوێ، بەڵکوو پێویستی بە پارەی کامێراکەیە؛ کەوایە هەرچی زووتر دەیفرۆشێ. ئیدی لەگەڵ مامۆستا بەناو وێنەگرەکانی شاردا هاتین و ناوونیشانی کامێراکەمان دانێ، کە



**دۆڵی زێبار، چاربوتی، ٢٠٠٧- باشووری کوردستان**

گشتیان ناسیاو و هاوشاری بوون، بەختەوەرانە ئەم کارەمان کارساز بوو، چونکە کەمتر لە سەعاتێک گوزەرابوو کە یەکیان هەواڵی پێداین: وەرن کامێرا وەدی هات! کە چووینە لای، کامێرا لە سەر مێزەکە دانرابوو. مامۆستا عەبدولڕەقیب لێی پرسی: ئەمە چۆن بوو؟ وێنەگر گوتی، ماوەیەکی کورت پاشی ئەوەی ئێوە وەدەرکەوتن، کەسێک هاتە لام و گوتی: برا! ئەم کامێرایەی خۆم دەفرۆشم، چونکە نیازم بە پوولە! کە ڕوانیم هەمان ناوونیشانەکەی ئێوە بوو. وەرم گرت و گوتم: خاوەنەکەی ئێستا لێرە بوو و بە شوێنیدا دەگەڕێ، بەڵام کار لە ناچاریدا تاوانی لە سەر نییە. فەرموو ئەوە پارەی کامێراکە! ئیدی ڕەنگی بزڕکا و پارەکەی وەرنەگرت و بە لەز وەدەرکەوت.

دوای دیتنەوەی کامێرا، بۆ کڕینی کەوش چووینە بازاڕ؛ چونکە پێڵاوەکانی لە سەفەری دوورودرێژی سلێمانی تا مەهاباد کەڵکیان پێوە نەمابوو. هەر لەوێ کەوشە نوێیەکانی کردە پێ و کۆنەکانی بۆ فڕێدان دانا. گوتم: مامۆستا! ئەم کەوشە کۆنانە بۆ کەسێکی وەک جەنابت کە بە دوای شوێنەوار و بەڵگەی مێژووییدا

دەگەڕێی، هەم یادگارن و هەم بەڵگە! چلۆن ڕازی دەبی فرێیان دەی؟! زوو هەڵیگرتنەوە و گوتی: ڕاستە! هەم یادگارن و هەم بەڵگە! خاوێنیان دەکەمەوە و کورتە بەسەرهاتیان لەسەر تەختی کەوشەکە دەنووسم. ئیدی خستییە زەرفی کەوشە نوێکە و هێنایەوە ماڵ.

عەبدولڕەقیب یووسف سیمبۆلی ئەوین و تێکۆشانە. مەیدانی بەرینی هەوڵەکانی بە گشتی «مێژوو، کۆنینەناسی، بەڵگەنامە، دەستنووس، بینا و تەلارسازی، ئەدەبیات، ئەستێرەناسی و فەلەکیاتی نەریتی و فۆلکلۆر» دەگرێتەوە؛ کە هەرکام لەم بوارانەش چەندان لکوپۆپی لێ جیا دەبێتەوە. بەو پێیە، لێکۆڵینەوەکانی دەوری بیست بوار دەگرنە خۆ، کە لە هەمووواندا یادداشت و وتار و کتێبی هەیە.

بە پشتیوانی زانست و زانیارییەکانی لە بواری مێژوو و دێرینناسیدا، تا ئێستا چەند شارێکی دێرینی مێژوویی دۆزیوەتەوە، بۆ نموونە: شارێک لە دوو بەری زێی بچووک لە ساڵی ١٩٧٣دا، کە تیمی موزەی بەریتانیا چەند ساڵێکە پشکنینی بۆ دەکات.

مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسف سەبارەت بە مافیای شوێنەوارە مێژووییەکان، کە بەداخەوە لە کوردستاندا دەستیان ئاوەڵایە، بەشێک لە لێکۆڵینەوەکانی دێرینناسیی خۆی وەدەرنەخستووە. نموونەی ئەم بەشە، دۆزینەوەی کۆمەڵێک شوێنەوار و هێمای ئەستێرەناسییە کە پێشینەی یەک لەوان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دووەمی پێش زایین و بریتییە لە نەخشی ئەستێرەکان و کاکێشان لە سەر میچی ئەشکەوتێک کە کاتی خۆی پەرستگەی ئەناهیتای خوازنی ئاریایی بووە. ساڵی ١٩٨٤ ڕاپۆرتێکی لەسەر ناساندنی




وان، ١٩٧٧ — باکووری کوردستان

ڕوانگەی «گراو»، هەڵکەوتوو لە کوێستانی «پیرمەم»ی دەڤەری هەولێر، دا بە یونسکۆو ئیتر لەو ساڵەوە پێوەندی بەم ڕێکخراوە جیهانییەوە هەیە.

یەک لە گرفت و دژوارییەکانی سەر ڕێگای لێکۆڵینەوەکانی م. عەبدولڕەقیب یووسف، توێژینەوەی ئەو شوێن و بابەتانەیە کە نەک پشتگیریی خەڵک و دەوڵەتی لەگەڵ نییە، بەڵکوو لە هەردوو سەریشەوە هەڕەشەی لە سەرە، بۆ نموونە، «قەڵای هەولێر» کە تا بەر لە ٢٠١٤ هێشتا لە ڕیزی کەلەپووری جیهانیدا تۆمار نەکرابوو، چەندان جار حکوومەت بە بیانووی ئاوەدانی و پرۆژەی نوێی شار، دەستی بۆ درێژ کرد. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە مێژووی ئەم شوێنە دەگەڕایەوە سەدەی پێنجەمی بەر لە زایین! هەروەها ڕۆژی شازدەی ئاداری ١٩٩٠ کە ڕێکەوتی دووەمین ساڵوەگەڕی بۆردوومانە کیمیاوییەکەی هەڵەبجە بوو، سەدام حوسێن لە فەرمانێکی سیمبۆلکییدا حوکمی

وێـران کردنـی قـەڵای کەرکووکـی دەرکـرد. هەوڵـە بەجـێ و دروسـتەکەی م. عەبدولڕەقیـب یووسـف و نامـە و ڕاپۆرتەکانـی بـۆ فەرمانگـە حکوومییـەکان و ڕێکخراوە جیهانییـەکان، هەروەها چاوپێکەوتنەکانـی لەگـەڵ بەرپرسـانی نـاوەوە و دەرەوە، توانـی بەرگـری لـە هـەردوو قـەڵا بـکات و بیانپارێـزێ کـە درێـژە و وردە ڕیشاڵەکانی ئـەم باسـەی لـە دوو کتێبـی خۆیـدا بـاس کـردووە.

هەوڵێکـی بەریـن و چڕیشـی بـۆ پاراسـتنی شاری «حەسـەنکێف»ی باکووری کوردسـتان دا، کەچـی حکوومەتـی ڕەگەزپەرسـتی تورکیـا، کـە بـە ئاشـکرا لـە هەوڵـی پاککردنـەوەی فەرهەنـگ و مێـژووی کـورد دایـە، ئـەم شـارەی بـە یـازدە هـەزار سـاڵ مێـژووەوە خسـتە ژێر ئـاوی «بەنداوی ئیلیسـوو».

«ماڵپـەڕی عەبدولڕەقیـب یووسـف» داگـری بەشـێک لـە هەوڵەکانـی مامۆسـتایە، کـە لـە دامەزراندنیـدا ٢٥ کـەس بـۆ مـاوەی ١٢ سـاڵ کاریـان تێـدا کـردووە. مامۆسـتا عەبدولڕەقیب تـا ئێسـتا لـە سـەر ئـەرک و گیرفانـی خـۆی پتـر لـە ٤٥ ملیـۆن دینـاری عێراقـی بـۆ ئـەم هەنگاوە سـەرف کردووە و دەوری ١٧٠٠ ڤیدیـۆ و ٣٣ هـەزار وێنـەی تێـدا بـڵاو کردووەتـەوە. دەکارهێنانـی حـەوت زمـان لـەم ماڵپـەڕەدا، وای کـردووە کـە هـەر بـە کوردسـتانی عێراقـەوە نەبەسـترێتەوە و مەیدانـی توێژینـەوە مێژوویـی و فەرهەنگییەکـەی بەشـێکی بەرچـاوی وڵاتانـی ڕۆژهەڵاتـی ناویـن و دەرەوەی ئـەم سـنوورەش بگرێتـەوە.

ڕاسـتییەکەی عەبدولڕەقیب یووسـف قامووسـی کولتـوور و مێـژووی کـوردە. بـۆ پێشـەڕۆژیش گەلێک پـرۆژەی گـەورەی لـە زەیندایـە. ئـەو وەکی زۆربـەی نووسـەران، توێـژەران و هونەرمەندانـی کـورد، هیـوای بـە دەسـەڵاتی حاکـم نییـە و پشتی




جزیرا بۆتان، گوندی شاخی، ١٩٧٧ — باکووری کوردستان

بـە هـەوڵ و تواناییەکانـی خـۆی بەسـتووە. تەنیا ڕوانینێکـی سـەرپێیی لـە دەفتـەری یادداشـتەکانی ڕۆژانەیـدا، ڕازی گـەورەی عەبدولڕەقیـب دەردەخـا و جێگای قسـە ناهێڵێتـەوە.

١٩٨٤/١/١٥: جەنـازەی (تۆفیـق وەهبی)مـان بـرد بـۆ پیرەمەگـروون.

١٩٨٤/١/٢٠: تەنیـا ٦ درهەمـم هەبـوو کـە چووم بـۆ بـازاڕ. نیوەڕۆ گەڕام و ئێـوارە دیسـان چووم. وامزانـی ٢-٤ درهـەم لـە گیرفانـم هەیـە، بـەڵام کـە لـە چایخانـەی کاک عومـەری هەورامی (چایخانـەی شـەعب) کاتـێ دەسـتم بـرد و لـە گیرفانەکانم گـەڕام، هیچم پـێ‌نەبـوو پـارەی چایـی خـۆم و کاک یووسـف محەمـەد شـەریکی مەحمـوود خاکـی بدەم. چایچییەکـە گـۆت مامۆسـتا قەیناکـە بـڕۆ. زۆرم شـەرم کـرد. بـەم جـۆرە بیسـت دینـارە قـەرزەی مسـتەفا ڕابـەر بـە کۆتایـی هـات کـە لـە هەولێـرم لـێ وەرگرتبـوو. ئیتـر چـووم لای کاک عەبدوڵـڵا ئەحمـەد شـوکری پێنـج دینـارم لـێ

وەرگرت و فلسێکیشم لە ماڵدا نەبوو. ئیمڕۆ ٢٥ی ئەم مانگەیە. ٧٥ دینارم بۆ مەسرەفی خۆم قەرز کردووە.

١٩٨٤/٢/٩: چوومە ماڵی بەڕێز ئەحمەد هەردی. لە تەعزییەی ماڵێک بوو. گەڕامەوە.

١٩٨٤/٢/١٠: من بیرەوەرییەکانی مەلا شەریفی هەولێریم تۆمار کرد. بۆ ماوەی دوو یا سێ سەعات.

١٩٨٤/٢/١١: خاڵە حەسەن مێروولە (حەسەن بۆتانی) لە بەکرەجۆ کۆچی دوایی کرد. بیرەوەرییەکانی ئەوم تۆمار کردووە.

عەبدولڕەقیب یووسف ژیانی بە ئەرک و پڕۆژە گەورەکانی بەخشیوە و خۆی فەرامۆش کردووە. هەرچەندە شەوان و ڕۆژان هاوسۆحبەتی بووم، بەڵام دەربارەی ژیانی خۆی چیم لێ نەبیستووە. لە نووسینی ئەم وتارەدا پێویستیم بە کورتەیەکی ژینامەی هەبوو. بە ئەرشیڤ و یادداشتەکانیدا هاتم و چیم دەستگیر نەبوو. بە ناچاری لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا داوای کورتەی بەسەرهاتیم کرد. لە وەڵامدا فایلێکی ١٧ خولەکی بە دەنگ بۆ ناردم. کە گوێم لێ ڕاگرت کەمتر لە خۆی و زیاتر لە جوگرافیا و دیرۆک و ژیانی ناوداران دوابوو. ئەمە پوختەی فایلەکەیە:

ناوم عەبدولڕەقیب یووسفە. کورد و لە عەشیرەتی «ماسەکان»م. ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی «زڤنگا حاجی عەلی» هەڵکەوتوو لە بۆتانی باکووری کوردستان، لە بنەماڵەیەکی ئایینی و زەحمەتکێش لە دایک بووم. باوکم «مەلا یووسف» کوڕی حاجی حەسەنی کوڕی عوسمانی زڤنگی و دایکم «حەنیفە» کچی شێخ محەمەدی کوڕی شێخ حەسەن، یەکەم مامۆستای ژیانم بوون. قورئانم لە



**ساغکردنەوە و سکان کردنی بەڵگەنامەی پەڕپووت لە ماڵی خۆی – سلێمانی**

لای باوکم و «نوبهار»م لە لای دایکم خوێند. نوبهار وشەنامەی مەنزوومی عەرەبی- کوردی ئەحمەدی خانییە کە ساڵی ١٠٩٤ی کۆچی بۆ منداڵانی کوردی نووسیوە. ساڵی ١٩٦٠ و لە تەمەنی حەڤدە ساڵاندا دەستم دایە نووسین و لێکۆڵینەوە و تا ئێستا ماوەی شەست و دوو ساڵە بەردەوامم و لە بێئیمکانی و بارودۆخی نالەباردا کارم کردووە.

گوندی «زڤنگ» لە سەردەمی منداڵیی مندا ١٢٠ ماڵ و گەورەترین گوندی بۆتان بوو، بەڵام ئێستا ٦ ماڵی لێ ماوە و ڕوو بە وێرانییە. ئەو گوندە کە بەری دوو هەزار ساڵ شارێکی ناسراو بووە بە گەڕەکی فراوانەوە، ٤٣٤ ئەشکەوتی دەستسازی لێیە کە هەرکام سەر بە گەڕەکێک بوون. دووان لەم ئەشکەوتانە لە ماڵی ئێمەدا بوون کە بە ئەشکەوتی خوار و ژوور دەناسران، پاشان بۆم دەرکەوت کە ئەشکەوتی خواروو پەرستگەی ئایینی میترایی بووە و من لەبەر ئاستانەی ئەم پەرستگەیە لە دایک بووم. ئەشکەوتی ژووروش ئارامگەی ژن و مێرێکی سەردەمی ئەشکانییە. زڤنگ ناوەندی دەسەڵاتی ناوچەکە بووە و گڵکۆی حاکمیش هەر لە ناو

گوندەکەیە، بەڵام شوێنەکەی ئێستا دیار نییە. ئەم شارە وەک قۆناغ کەوتبووە سەر ڕێگای دیجلە و گۆلی وان و ئەرمینیا و دەریای ڕەش. سەبارەت بەم هەڵکەوتە تایبەتە، دەوڵەتی ئەشکانی گرینگی پێ داوە و ئەم ئەشکەوتانەی تێدا کۆڵیوە. لەم گوندەدا تەنیا کانییەکی کەم ئاو هەیە کە سوودێکی ئەوتۆی لێ وەدەست نایە، بۆیە ئاشکانییەکان بۆ دابین کردنی ئاو پتر لە سەد «ساریج»یان لی ساز کردووە کە بە کۆکردنەوەی ئاوی باران نیازی شارەکە دابین دەکەن. ئەم ساریجانە ئێستاش هەر ماون و کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. هەندێ کانیی کەم ئاوی تریش لە بەری باکووری گوندەکە هەن کە ئەگەر ساریجەکان هەڵچۆڕان، خەڵک لەوێوە ئاو دێنن. کانییەکیش لە لای ڕۆژهەڵاتی دێ هەیە کە «کانیا سۆسنێ»ی ناوە و دەکەوێتە نێوان دوو گوندی زڤنگ و «خورسێ» و لە ئاستەنگیدا ئەویش کەڵکی لێ وەردەگیرێ. بە گشتی وشکەڕۆیی گرفتی گەورەی گوندەکەمان بوو و دانیشتوان بە ڕاگرتنی چەند سەر بزن و پەز هەرچۆنێک بوایە لەگەڵ ئەم گرفتە دەسازان.

«مەلا عەبدولقودووس»ی مفتیی بەدرخان پاشای میری بۆتان خەڵکی گوندی ئێمە بوو. دوای شکستی بەدرخان پاشا بە خەیانەتی «عێزەددین شێر»ی ئامۆزای، مەلا قودووسیش لەگەڵ میر دوور خرایەوە بۆ دوورگەی «گریت»ی دەریای سپی.

«مەلا ئەحمەدی زڤنگی»ی مفتیی قامیشلۆش کە شەرحی لە سەر دیوانی مەلای جزیری (١٥٧٠-١٦٤٠) نووسیوە، هەر خەڵکی گوندی ئێمە بوو. «مەلا محەمەد»ی باوکی ئەم مەلا ئەحمەدە لە زانایانی هەرە بە ناوبانگ،




**یەک هەنگاو تا «مین»، گڵەزەردە، ١٩٨٣، باشووری کوردستان**

پیاوێکی نابینا بوو. بەدیعوززەمان سەعید نۆرسی (١٨٧٦-١٩٦٠) لە ڕێگای سەفەری جزیردا بۆ گوندی ئێمە لای داوە و لە مزگەوت ماوەتەوە و لەگەڵ مەلا محەمەد دواوە و پەسنی زانستەکەی داوە. مەلا ئەحمەد ساڵی ١٩٤٥ و ١٩٤٦ پێوەندی بە قازی محەمەد و کۆماری کوردستانەوە هەبووە، هەروەها لەگەڵ شێخ مووس، جگەرخوێن (١٩٠٣-١٩٨٤)یش لە کاری سیاسی و دامەزراندنی حزبی کوردیدا هاوکاری کردووە و جگەرخوێن لە نووسراوەکانی خۆیدا باسی دەکا.

یەکەم نامەی ژیانم بە زمانی کوردی نووسیوە. منداڵ بووم و سەرەتای خوێندنم بوو. پیتەکانی ئەلفوبێم دەناسییەوە، بەڵام هێشتا نەمدەزانی تێکیانخەمەوە و وشەیان لێ ساز کەم. بۆ وێنە، ناوی خۆم ئاوا دەنووسی: «ع ب د ا ل ر ق ی ب». سەید نیعمەتوڵڵای خالم، کوڕی شێخ محەمەد فندکی، زۆری خۆش

دەویستم. ڕۆژێک بۆ سەردان هاتبووە ماڵمان و چەند وێنەی مریشک و کەڵەشێر و ئاژەڵ و هەندێ قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگیشی بە دیاری بۆ هێنابووم. تا ئێستا هیچ شتێک هەندی ئەو دیارییانە منی خۆشحاڵ نەکردووە. پاشی چەند مانگ قەڵەمەکان تەواو بوون و وێنەکانیش ژاکان و دڕان. لە خەڵوەتی منداڵانەمدا دانیشتم و نامەیەکم بۆ سەید فەیزوڵڵای خاڵەکەی ترم نووسی و داوای قەڵەمی ڕەنگی و هەندێ وێنەی ئاژەڵم لێ کرد. سەید فەیزوڵڵا فەقێیەکی زیرەک و لێهاتوو بوو و لە جزیرا بۆتان دەژیا. ساڵی ١٩٨٢ کۆچی دوایی کرد و هەندێ نووسین و دانراویشی لە دوا بەجێ ماوە.

تەمەنم شەش- حەوت ساڵان بوو کە ئەو نامەیەم بە کوردی و بە ڕێنووسی گۆرین نووسی، خاڵم کاتێک نامە دەکاتەوە، چاوی بە لاپەڕەیەک پیتی ئەلفوبێ دەکەوێ. زۆر خەریک دەبێ و بە یارمەتیی فەقێکانی ئاواڵدەرسی مەتەلۆکەکە هەڵدەدا و نامەکە دەخوێنێتەوە. ئەمە یەکەم نامەی ژیانم بوو؛ ئێستا خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە ئەم نامەیەم بە کوردی نووسیوە.

یەک لە ڕووداوە تاڵەکانی ژیانی مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسف، مەرگی «پەخشان خان»ی هاوسەری بوو. ئەم شەریکە دڵسۆزە، تێگەیشتنێکی دروستی لەسەر بارودۆخی سیاسی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگای خۆی و ڕەوتی چالاکی و لێهاتووییەکانی عەبدولڕەقیب یووسف هەبوو، بۆیە وەکی هاوکار و بەردەست، یاریدەری هەوڵەکانی بوو و بواری لەباری بۆ ڕەخساند تا دڵنیا و ئەرخەیان دڵ بە کاری خۆ بسپێرێ و ئاواتەکانی وەدی بێنێ.

پەخشان، کچی «تۆفیق سەدیق» و



پەخشان تۆفیق (١٩٤٧- ٢٠٠٣)

«ناجیە محەمەد»، یەکەم ڕۆژی تەمموزی ١٩٤٧ لە ڕانیە لە دایک بوو. ئەم یارە وەفادارە نەک هەر لە ماڵ و ژیاندا، بەڵکوو لە تێکۆشان و لێکۆڵینەوە و زماندا پشتگر و ئاریکاری مامۆستا عەبدولڕەقیب بوو. دیارە مامۆستا عەبدولڕەقیب لە دایکبووی باکووری کوردستانە و زمانی ئاخاوتنی کرمانجییە، هەرچەند دیالێکتی کرمانجی، خۆی یەکێکە لە دوو دیالێکتە سەرەکی و تواناکانی زمانی کوردی، بەڵام مامۆستا عەبدولڕەقیب پاشی ژن هێنان و دانیشتن لە سلێمانی، سەبارەت بە تێکەڵ بوون بە ڕەوتی ڕۆشنبیریی ناوچەکە و پێوەندی بە بلاڤۆک و کەسایەتی و ناوەندە زانستی و کۆمەڵایەتییەکان، دیالێکتی کوردیی ناوەندی (سۆرانی) لە نووسیندا دەکار هێناوە و تا ئێستا دەیان ساڵە لە وەها کۆمەڵگایەکدا دەژی، کەوایە لە ئاخەفتندا بە شێوەیەکی سروشتی لە ئامێتەیەکی نەرمونیانی هەر دوو دیالێکتە سەرەکییەکە کەڵک وەردەگرێ و ئەمە

بووەتـە یـەک لـە جوانـی و تایبەتمەندییەکانـی مامۆسـتا عەبدولڕەقیـب، بـەڵام ئاسـاییە کـە زمانی نووسینی تـا ڕادەیـەک جیاوازتـرە، چونکـە لەوانەیـە هەنـدێ وردە خاڵـی ڕێزمانـی لـە قسـە کردنـدا وەبەرچـاو نەیـەن، بـەڵام لـە نووسـیندا زەق بنوێنـن. سـەبارەت بـەم خاڵـە، مامۆسـتا عەبدولڕەقیـب بـە شـارەزایی و هەسـتیارییەوە سـەرنج دەداتـە زمانـی نووسـین و پێداچوونـەوەی بۆ دەکا، کە بەشێک لەم ئەرکی پێداچوونەوەیە هـەوڵ و یارمەتـی پەخشـان خانی لە پشت بـوو.

مامۆسـتا عەبدولڕەقیـب لـە دوای کۆچڕەوەکـە و خۆگرتنـەوەی لە مەهاباد، کەوتـە بەدواداچوون و درێـژەدان بـە لێکۆڵینەوەکانـی، تەنانـەت تـاک و تەنیـا و بەبـێ شـارەزایی، سـەفەری شـارە دوور و نزیکەکانی دەکرد و چاوی بـە کەسایەتییەکان دەکەوت و سـەردانی بینا و شـوێنەواری مێژوویی و کتێبخانەکانی دەکرد و بە دەسـتی پڕ دەگەڕایەوە. ئـەم جـار دەسـتوبرد دەسـتکەوتەکانی ڕێکوپێـک و ئەرشـیڤ دەکرد و ئەگـەر گیروگرفتێـک هەبوایـە بە پەنامەکی و خۆمانە ڕاوێـژی لەگـەڵ هاوسـەری دەکـرد. لـەم ڕاوێژانـەدا هیـچ گرێیـەک نەبـوو کـە نەکرێتـەوە. بۆ نموونـە: کاتێـک بڕیـاری سـەفەری سـنەی دەلال و دیـداری نـاوداران و سـەردانی بینـا و عیمارەتـە بەناوبانگەکانـی خوسـرەوئاوا و دارولئیحسـانی دا، تێچـووی ئـەم سـەفەرە بـە فرۆشـتنی ئـەو گوارە زێـڕە دابیـن کرا کـە تایەکـی لـە کۆچڕەوەکـەدا بـزر بووبـوو. هەڵبـەت تەنانـەت منداڵەکانـی خۆیشـی ئـاگاداری ئـەم بڕیـار و ڕاوێژانـە نەبـوون و مـن ئێسـتا پاشـی پتـر لـە ٣٠ سـاڵ، لـە پشـکنینی یادداشـت و بیرەوەرییەکانـی خۆیدا پێیانـم زانیـوە.

لـە ئاکامـدا ئـەم هاوسـەرە وەفـادارە و ئـەم هـاوڕێ بـە ئەمەگـە تووشـی شـێرپەنجە هـات و پاشـی ماوەیـەک کەوتـن لـە سـەر جێوبانـی نەخۆشـی، لـە ١٧ی کانوونـی یەکەمـی ٢٠٠٣ و لـە تەمەنـی پەنجـا و شـەش سـاڵیدا ماڵئاوایـی لـە یـار کـرد و بـە ئاگـری دووریـی خـۆی ئەسـپارد و ئێـوارەی ڕۆژی دواتـر لـە گـردی سـەیوانی شـاری سـلێمانی ئارامـی گـرت. لـە نوێنـی نەخۆشـیدا دوایین ڕاسـپاردەی بـۆ هاوسـەری ئـەوە بـوو کـە «دڵسـارد مەبـە و درێـژە بـە هەوڵەکانـت بـدە و پـڕۆژە گەورەکانـت بگەیەنـە مەنـزڵ». ئـەو لـەم ڕاستییە گەیشتبوو کـە گەلـی ئێمـە بـە زمـان و مێـژوو و کولتـوورەوە دەمێنـێ.

بڕینـی مەرگـی پەخشـان هەمیشـە بـۆ عەبدولڕەقیـب تازەیـە و بـە بووڕینـی زەمـان سـاڕێژ نابـێ. وەک منداڵێکـی بەندیـواری دایـک، یـا تازەلاوێکـی ئەویـندار، بـە ئاشـکرا دەگـری و لـە پەسـن و دەلالـی و چاکـەی یـار دەدوێ. هۆنـراوە درێژەکـەی «داسـتانا پەخشـانێ» کـە لـە قالبی هیجایی و بـە شـێوەی «بەیـت» لـە ناخی دەروونـی عەبدولڕەقیـب هەڵقوڵیـوە، گۆشـەیەکی ئـەم سـۆز و خۆشەویسـتییەمان بـۆ دەردەخـا. بەشـێکی ئـەو بەرهەمـە هەرمانـە ئاوایـە:

**ئەزێ دەست باڤێژم عەسا و کەشکولێ**

**ئەزێ هلدگرم بارێ خەم و کول و دەردان**

**ئـەزێ سـەرگەردان ل «پەخشـان»ا فریشـتە و زولەیخایا زەمـان دگەڕیم**

**ل دەشت و کێو و گەرمێن و کوێستانان**

**ل گوند و بازار و کووچە و کوولانان**

**ل جهێـن تاریـخ و شـوێنەوار و سـەرهلدان و داسـتانان**

**بەلکوو «پەخشـان»ێ ببینم و بزڤرێ بو نێڤ مـال و مندالان**

**هەتـا دنیایـێ ل مـن بکـە بەهەشـت و کەیـف و سـەیرانان**

ئەز عەڤدالم عەڤدال؛ ئەز عەڤدالێ تەمە ژارێ
پەخشانێ!

*

ئەزێ د پێشدا ل «پەخشان»ێ دگەڕیم د
نێڤ کوردێن شبانکارە
ل سەر دەڤێ «بەحرا خەلیج» ژ باشوورێ
وەلاتێ کوردان
منی دگوت: ئەرێ شڤانێ شبانکارە! توێ
پەرێ خوە دگەرینی
ل دەشت و کێو و زووزانان
ئەرێ تە «پەخشان» نەدیتیە ل سەر تو
بێرم و کانی و ڕووباران
«پەخشان» ل من وندا بییە، ئەزێ لێ
دگەڕیم
ل هەمی وار و جیهانان
شڤانێ شبانکارە دگوت: پەخشان مێژوودۆستە،
کوردپەروەرە
عاشقێ کوردستانە، چوویە چیاییێن بلند و
زومێن ڕەنگین
چوویە پەرستگەها «بار نەوا» ل زوما
«کاریان» ل هەرێما لوڕستانێ
ئەز عەڤدالم عەڤدال؛ ئەز عەڤدالێ تەمە ژارێ
پەخشانێ!

*

شڤانێ شبانکارە دگوت: هەکە تە نەدیت
ئەوە چووە بو نێڤ کوردێن بەختیاری ل
نەهاوەندێ، نزیک باژاڕێ ئەسفەهانێ
ژ وێ چووە بو دیتنا جهێ ڕەسەدخانا
گەردوونناسی ل تەنشتێ «پەرستگەها حەفت
گەوهەرانێ ئاسمان»
ل پاتەختێ دەولەتا میدیا، باژاڕێ هەمەدانێ
ژ وێ چووە بو دیتنا خانووی باڤێ زانایێ
کورد «جەمالەددین»ی ئەفغانی ل باژاڕێ
«ئەسەد ئاباد»ێ
ل سەر ڕێگایا کەرمانشاه و هەمەدانێ
نەک ئەسەد ئابادا ئەفغانستانێ
ژ وێ چووە بو باژاڕێ «کەنگیوەر»ێ بو
پەرستگەها مەزنا «ئەناهیتا»
پارێزگارێ ژنان، بو نزا و دوعا
هەتا وێ ڕزگار بکە ژ دەردێ شێرپەنجەیا
مالوێرانێ
ئەز عەڤدالم عەڤدال؛ ئەز عەڤدالێ تەمە ژارێ
پەخشانێ!

*

---

[١]. میسراعێکە لە دوو بەیتییەکی مامۆستا هێمن.




# پاشای خەونەکان

**عەبدولموئمین دەشتی**
**(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئەندازیاری)**

ئەفسانە سەرەتاییەکان بە شێوەیەکی گشتی، بە تایبەتیش ئەوانەی سەرچاوەکانیان بۆ سەر باوەڕ و ئایینەکان دەگەڕێنەوە، قسە لە چارەنووسی گەردوون و ئادەمیزاد و ژیانی زیروحەکان و باسی ڕەوشت و چاکە و ڕەوایەتی و هەق و خوداپەرستی دەکەن، هەوڵ و تێکۆشانی مرۆڤەکانمان بۆ دەگێڕنەوە، لە پێناوی پەردە لادان لەسەر نهێنی و پرسەکانی بوون و ڕووناککردنەوەی نهێنییەکانی سروشت و گەردوون لەلایەک، لە لایەکی ترەوە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەک بۆ مرۆڤ و بۆ زیروحەکانیش، کە تێیدا ڕەوایی و ئاسوودەیی و بەختەوەری سەقامگیر بێت، ئەو چیرۆک و گێڕانەوانە هانی مرۆڤەکان دەدەن بۆ ئەوەی لە خراپە و تاوان و زۆرداری دوور بکەونەوە و ڕوو لە چاکە و چاکسازی بکەن، بە تایبەت چیرۆکی حەکیم و مرۆڤە ژیر و گەورەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، ئەوانەی کە ژیانی خۆیان کردووە بە ئەزموونێکی پڕ لە پەند و مەشق بۆ مرۆڤایەتی و هەوڵیان داوە پەیامی چاکەکاری بۆ مرۆڤەکانی دوای خۆیان جێ بهێڵن.

لەوانەش پێغەمبەرەکان، کە بەشێکیان بە هۆی کتێبە پیرۆزەکان و نووسراوەکانەوە تا ڕادەیەک ناسراون، مێژووی ژیانیان بۆ ژیانێکی گونجاو بۆ مرۆڤ پڕ لە ئامۆژگاری و ڕێسان. جەوهەر و زاخی هەر پەیامێکی ئەو پەیامدارانە تەماشا بکەیت، یەک شتن و جیاوازییەکی ئەوتۆیان لە نێواندا نییە، ئامانجی هەموو پەیامەکانیان خۆشی و بەختەوەری مرۆڤە، هەمووی باس لە ئەنجامەکانی خراپە و غەدر و ئیرەیی و بەرەنجامە باشەکانی چاکەخوازیمان بۆ دەگێڕنەوە، هەندێکیشیان هانی مرۆڤ دەدەن کە ملکەچ و دەستەوسان نەوەستێت و بەرانبەر کارە ناڕەواکانی

خراپکارییەکان نەوەستن و دەنگ بەرز بکەنەوە و دژیان بوەستن.

بەڵام ڕاستییەک هەیە کە هەمیشە لە باسی باوەڕ و ئایینەکاندا باسی لێوە بکرێت، ئەویش ئەوەیە لە هەر سەردەمێکدا، لە کۆن و ئێستاش، هەر کاتێک ئایینەکان، باوەڕەکان کرابنە کەرەستەی بەکارهێنانی دەسەڵاتەکان و هەوڵی ئەوە درابێت ئایین ببێت بە ئامرازی حوکمڕانی و زۆرداری، یان ببێتە حوکمێکی بەزۆر سەپاو بەسەر مرۆڤەکاندا، ئەوە بوون بە مایەی خوێنڕشتن و چەوساندنەوە و جەنگ و وێرانکاری، پەیامەکانیان لە جەوهەری ئامانجە سەرەتاییەکانی خۆیان دوورکەوتوونەتەوە، ئیتر ئایدیۆلۆژیا و ئایین کراوە بە ڕووپۆش و ڕەنگی مەبەستە سیاسییەکانیان، وەک لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بگرە تا سەدەی ئێستاشمان ئەو نموونانە زۆرن، لەوانەیە بۆ ئێمەی خەڵکی کوردستان، دوا نموونە شاڵاوەکانی (ئەنفال)ی ڕژێمی بەعس و هێرشەکانی ناونراو بە فەتحی سوپای تورکیا لە دژی کوردستانی داگیرکراو و خەڵکی ستەمدیدەی کوردە. بێگومان هەندێک جار بیری ڕەگەزپەرستانە و نەتەوەپەرستانەش کراوە بە جۆرێک لە باوەڕ و خەڵکیان پێ فریودراون، بۆ ئەوەی هەستی نەتەوەپەرستی بکرێتە چەکێک بۆ دەستدرێژیکردنە سەر نەتەوەکانی تر.

ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری بەسەرهات و چیرۆکە ئایینییەکان و ئەزموونە فیکری و باوەڕەکان بکەین، ئەوە هەمیشە و چەند بارە خوێندنەوەیان و قووڵبوونەوە لێیان، کارێکی سوودبەخش و پێویستە بۆ ژیان، بۆ ئەوەی هەموو کەسێک خۆی بە جەوهەرە کرۆکییەکانی پەیامە ئایینییەکان و ئایدیۆلۆژییەکان شارەزا بکات، تا ئەو شارەزابوونەی وەک پوازش و وەڵامێکی بەهێزی زانستی و زانیاری بەرەو ڕووی ئەو گرووپ و لایەنە سیاسییانە بکات، کە دێن خۆیان دەکەن بە خەلیفەی ئایینەکان و بە ناوی خودا و پێغەمبەرەکانەوە، پەیامە پیرۆزەکان بەکاردەهێنن بۆ گەیشتن بە مەرامە تاریک و دڕدۆنگ و دنیاییەکانیان.

بە داخەوە لە ڕۆژگاری ئێستادا سەبارەت بە هۆی زۆربوون و بەرفراوانبوونی فیکرە ئازادەکانی مرۆڤ و پاشوەچوونی فیکری فەلسەفی و هەڵاوسانی میدیا و سەرچاوەکانی خوێندنەوە لە لایەک، لەلایەکی ترەوە سەبارەت بە هۆی ئەو هەموو گرووپە سیاسییەی کە بە ناوی ئایین و پەیامەکانیان پشت لە بەرژەوەندییەکانی نەتەوە و نیشتمان و خۆشی و بەختەوەرییەکانی ژیان دەکەن، هانی مرۆڤ دەدەن تەنیا بیر لە مەرگ و مردن و ئاگر و دۆزەخ و بەهەشتی ئەو دنیا بکەنەوە و پشت لە چێژ و خۆشییەکانی ژیان و دنیا بکەن و ئەو ژیانەی کە خودا بە مرۆڤی بەخشیوە، سووک و چرووک ڕیسوا بکەن و هەمیشە لە پێناوی ژیانی دوایی دوای مەرگ بگرین و بنووزێنەوە و بجەنگن و سەرەکان ببڕن و خوێن بڕێژن، ئا بەم هۆیانە کە بەرهەمە مرۆییە دێرینەکان، بە تایبەت جەوهەرە ئایینییەکان، تا ڕادەیەک پشتگوێ خراون، جگە لەو کەسانەی پسپۆڕی ئەو مەیدانانەن و خۆیان بە ئێتیک و فەلسەفە و تیۆلۆگییەوە خەریک دەکەن، کەمن ئەوانەی ئاوڕ لە خوێندنەوەیەکی تایبەتی کتێبە کلاسیکییەکان دەدەنەوە و خۆیان پێوە خەریک دەکەن. بێگومان جێهێشتنی ئەو مەیدانە بۆ ئەو نیاز و گرووپانەی ناومان بردن، ئەوە لە قازانجی ئامانجەکانی ئەواندا دەکەوێتەوە، چونکە ئەوە

ڕاستییەکە کە مێژووی دوورودرێژی مرۆڤایەتی، بنچینەیەکی بەهێزی لە دار و بەردی ئایینەکان، لە زەین و باوەڕی کۆمەڵگەکاندا دامەزراندووە، کە ئەم بنچینەیە بە ئاسانی لەق نابێت و ناسڕێتەوە و تا مرۆڤ هەیە، هەر دەمێنێت، لەبەر ئەوە نابێت ڕێگەی ئەوە بدرێت، کە ئەو بنچینەیە بە ئاسانی بکرێتە موڵکی ئەو گرووپانە و بە ئارەزووی خۆیان ڕێبازی خۆیانی لەسەر دابمەزرێنن، بەڵکوو ڕاستترە وەک بنچینەیەکی پۆڵایین بۆ تەلاری ژیانی شارستانیەتی نوێ و هاوچەرخ، سوودی لێ ببینرێت.

وەک لە ئەورووپای پێشکەوتوودا دەبینین لەدوای پەڕینەوە لە ئاستانەی سەدە تاریکەکانی ناوەڕاست و جێهێشتنی قۆناغی بەکارهێنانی ئایین وەک کەرەستەی سیاسی و بۆ کوشتن و خوێنڕشتن و هێرش و جەنگ و پەلاماردان، هەرگیز ڕێگە نەدراوە جەوهەری بنچینە ئایینییەکە بکرێت بە موڵکی گرووپ و لایەنە سیاسییەکان، بەڵکوو وەک کولتوورێکی مێژوویی لەلایەک پارێزگاری لێ کراوە و پیرۆز ڕاگیراوە، لەلایەکی ترەوە لە خڵتەی خراپ بەکارهێنانی پاراو کراوە، ئەوسا کراوە بە هەوێنێک بۆ ژیانی نوێ و بۆ پاراستنی ژیان و ژینگە و هونەر و جوانکاری و پەروەردە، بۆیەشە دەبینین منداڵی ئەورووپایی هەر لە باخچەی ساوایانەوە فێری ئەوە دەکرێت حسێب بۆ مرۆڤەکانی نزیکی خۆی بکات، سروشتی خۆش بوێت و بیپارێزێت، بەرژەوەندی دەوروبەر و نیشتمانی خۆی لا گرنگ بێت، ئەمانەش لە بنچینە گرنگەکانی ئایینەکان بوونە، لەلایەکی ترەوە لە هەموو لایەکی وڵاتەکانیان و لە میترۆپۆلەکان، شوێنە ئایینییەکان وەک مێژوویەکی گرنگ پارێزراون و ئاواکراون و کراون بە شوێنی پەنادانی مرۆڤ بۆ ئارامی و ڕامان و حەسانەوەی بیری مرۆڤ، لە ژیانی جەنجاڵی ئەو سەردەمە، هەروەها بۆ شوێنگە تەماشاکردن و چێژ لێ بینینی جوانییەکانیان.

لەم ڕوانگەیەوە گرنگە و جێگەی سەرنجە، بەم دواییە هونەرمەندێکی شێوەکار و نووسەرێکی وەک یووسف عەبدولقادر، لە پاڵ کارە هونەرییەکانی، بێت خۆی بە فیگەرێکی ئایینی ناو ئایینە ئاسمانییەکان خەریک بکات و بە کتێبێکی تایبەت بەسەرهاتەکانی یووسفی پێغەمبەرمان بۆ باس بکات، کە یەکێکە لە چیرۆکە هەرە باڵکێشەکانی ناو کتێبە ئاسمانییەکان.

دەگوترێت ناو کاریگەرییەکی زۆر لە کەسایەتی مرۆڤ دەکات، ئەوجا ئایا کاریگەری ناوەکەی خۆیەتی، یان کاریگەری ئەو هەموو تابلۆ ئایینییانەی کە لەلایەن هونەرمەندانی کلاسیکی دنیای مەسیحیەت لە بارەی بەسەرهاتی بێ وێنەی ئەم پێغەمبەرە کێشراوە، کە پێوەندییان بە پسپۆڕییەکەی یووسفەوە هەیە لە هونەری نیگارکێشیدا، یان هۆیەکی تر، بووەتە پاڵنەر بۆ ئەوەی ئاوا بە زمانێکی پاراوی خۆش و سادە، جارێکی تر ژیانی پڕ لە ئازار و کارەسات و موعجیزەی حەزرەتی یووسفمان بۆ بگێڕێتەوە و جارێکی دی بە دڵی پڕ ئازاری یاقووبی جەرگسووتاومان ئاشنا بکاتەوە. مرۆڤ کاتێک ئەو کتێبە دەخوێنێتەوە، سەرلەنوێ بە زمانێکی کوردی جوان، هەست بە ئازاری یووسفەکان دەکات، ئەگەرچی پێشتر بە سەدان جار بەو چیرۆکە ئاشنا بووبێت. ئەو کتێبە بۆیە زۆر سەرنجڕاکێشە، چونکە هەر پەیڤ و ڕستە و دەق نییە، بەڵکوو ئەلبوومێکی دەوڵەمەندە بۆ زۆر لەو تابلۆ زەیتییانەی هونەرمەندانی کۆنی

جیهانی کریستیانی بۆ دیمەنەکانی بەسەرهاتی حەزرەتی یووسفیان کێشاوە و لە سەردەمانی پێشوو و ئێستاش دیواری کڵێسا و کۆشکەکانیان پێ ڕازێنراوەتەوە.

ئێمە جارێکی تر لەم کتێبەدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەوکەوێت، کە هەمیشە هونەر ئاوێنەی ساف و بێگەردی بارودۆخی ژیان و کولتووری ڕۆژگاری خۆیەتی، ئەوەی تێدا دەبینین کە چۆن هونەرمەندانی سەدەکانی ڕابوردووی ئەورووپا، ئەفسانە ئایینییەکانیان کردووە بە هەوێنی کارە هونەرییە باڵاکانیان، بەهۆی تابلۆ و پەیکەرەکانیانەوە وەک شانۆیەک دیمەنەکانی ئەو بەسەرهات و چیرۆکە ئایینییانەیان پاراستووە و کردوویانن بە دیکۆری ڕازاندنەوەی تەلار و شارەکانی خۆیان و تا ئێستاش وەک گەنجینەیەکی بەهادار دەپارێزرێن و بایەخیان پێ دەدرێت.

ئەو بەرهەمە کولتوورییە ئایینییانە تا ڕادەیەک تەلارسازی و شارسازیی ئەورووپای کۆنیان بایەخدار کردووە، کە ئەگەر بێتو تابلۆ و پەیکەرە کلاسیییە ئایینییەکان لە تەلارە مێژوورییەکانی ئەورووپا دەربهێنین، هەمووی وەک دیواری وشکوبرینگ و ناشیرین دەمێننەوە. ئەگەر تەماشای هەر تەلارێکی کۆنی سەردەمی باڕۆک و گۆتیک، تەنانەت هی سەردەمی ڕێنیسانسیش بکەین، بەو ڕاستییە ئاشنا دەبین و دەبینین ڕوخسار و دیواری هەمووان پڕ لە فیگەرەکانی مێژووی ئایینن. ئەم تەلارسازییانە ئەوەندە بایەخیان پێ دەدرێت، کە ئەگەر پێویست بە نوێکردنەوەشیان بکات، هەمیشە ئێلێمێنتە دێرینەکانیان وەک خۆیان دەهێڵرێنەوە.

هەرچەندە لە تەلارە ئیسلامییەکاندا فیگەری ڕۆحلەبەر بە گشتی، بە تایبەتیش نیگاری پێغەمبەرەکان لە ئیسلامدا قەدەغە کراوە، بەڵام لە تەلارە ئیسلامییەکانیش هونەر جارێکی تر پشتی لە ئایینەکان نەکردووە و هونەرمەندان هاتوون ئایەت و پیتەکانی قورئان و ناوی پیاو چاک و پێغەمبەرەکانیان کردووە بە هەوێنی هونەری خەتخۆشی و هەڵکۆڵین و نەخشونیگاری ڕوخساری مزگەوت و شوێنە ئایینییەکان. لێرە و لەوێش، بە تایبەت لە دەرەوەی عەرەبستان و ئەو ناوچانەی کە شیعەنشینن وێنەی فیگەرە پیرۆزەکان لە تابلۆی دەستی و لە میناتۆرەکاندا دەبینرێن، لەوانە وێنەی یووسفی پێغەمبەریش.

لەم مەیدانەدا کتێبەکەی هونەرمەندی شێوەکار یووسف عەبدولقادر (پاشای خەونەکان) پتر بە کتێبێکی دوکیۆمێنتی دەچێت، لە بارەی هونەری کلاسیکی سەدە ئایینییەکان، وەک لە گێڕانەوەی ڕووتی چیرۆکێک، هەر بۆیەش زۆر باش دەبوو نووسەر ناوی ئەو سەرچاوانەی بهێنایە کە زانیاری و تابلۆکانی ناو کتێبەکەی لێ وەرگرتوون، ئەوسا پتر ڕوویەکی لێکۆڵینەوەیی دەدایە کتێبەکەی. سپاسی نووسەر دەکەم، کە دانەیەکی بە دیاری پێشکەش کردبووم، منیش زۆر چێژم لە خوێندنەوەی وەرگرت.

# چەپکێک نامە

**ئا: سەرنووسەر**

**(٢- ٢)**

*** نامەی چوارەم**

بەناوی خودا

بۆ خزمەت بەڕێزم: جەنابی مامۆستای مێژوونووس تاهیر حەوێزی

**یەکەم:** سەڵاو و ڕێزم هەیە لە خزمەتتان، هیوام سەلامەتیتانە لە نارێکی ئەم چەرخە، (وە)کات بەرێکەر بیت بە شتی سوودبەخش بۆ نەتەوەکەمان. سەلاو و ڕێزم هەیە بۆ کاک ئیسماعیل جەلی (مەلایان)(٣٢).

پاشدان: لەبەر ئەوەی هەر جۆرە شتێک کە پەیوەندی بە شاری کۆیە و دەوروپشتییەوە بێت لای جەنابتان ساغ ئەبێتەوە، وا بۆیێ (ئەو) داوایەت لێ ئەکەم.

برادەرێکی خۆشەویستم (محەمەد عەلی قەرەداغی) (٣٣) کە ئیستا ئیمام و خەتیبی مزگەوتی (ست النفیسة)(یە)(٣٤) لە بەغدا، بەری کەرخ، خەریکی نووسین و لێکۆڵینەوەیە لە کەلەپووری کوردی، داوای لە من کرد بۆی ساغ بکەمەوە، ئەم خاڵانەی خوارەوە.

جا تکایە:

ا- بە هەوڵدان بە دوو شتەکە.

ب- بە مەعلووماتی خۆت چی هەیە لەم بارە (وە) خرێ کەیە (وەو) بۆمی بنێری تاوەکوو عەینی نامەکەی جەنابت بە تەواوی بۆی ڕەوانە بکەم.

بەڵێ- کاک محەمەد قەرەداغی- پەرتووکێکی کوردیی بەناوی (تذكرة العوام)(٣٥) کە مەشهوورە چوار پێنج نوسخەی لێ چەنگ کەوتییە، لێکۆڵینەوەیەکی باشی لەسەر ئامادە کردووە. پرسیار ئەکا مەلایەک بەناوی - مەلا محەمەد سکتانی(٣٦)- امام قرية جلي ئەم کیتابەی ناو بڕاوەی پێشکەش بە (المجمع العلمي الكردي) کردووە، لە ساڵی ١٩٧٣- ناوی کتێبەکەی بە (بەیتی ئەوەل و ئاخر)(٣٧) ناو بردووە و تەسجیل کردووە لە مەجمەع.

١- ئایە ئەم ناوە (ی) لە کێ وەرگرتووە، (وە) چی لە (ێ) ئەزانی.

٢- دەربارەی ژیانی دانەری ئەم کیتابە کە ناوی (مەلا محەمەدی سیوەچی)(یە)(٣٨) چی ئەزانی؟

٣- کتێبی تر لەم بابەتەوە چی لایەو (ە) ناوی چییە؟

٤- (وە) کتێبەکە لە ساڵی ١١٩٩ کۆچی نووسراوەتەوە.

ئەنجا هەرچۆنێکی هەبێت تکایە بەپێی توانا بۆمان ساغ بکەیەوە.

(وە) شایانی باسە، ئەم (محەمەد عەلی قەرەداغی) یە بە کەشکۆڵ و دەستخەتی کۆن زۆر خەریکە. لەم بەینە پاش دەرچوونم لە نەخۆشخانە بۆی باس کردم کە هەندێ دەستخەتی کۆنی چەنگ کەتییە، چەند پارچە شیعری (حاجی قادر کە بڵاونەکرایتەوە، (وە) هی (ئەختەر)(٣٩) کە جەنابت زۆرت مەراقە چەنگت بکەوی) (وە) چەند شاعیری تر لەم کێشە. وتی- بەڵام خەتەکە ناخۆشە (وە) هەڵەی زۆر تێدایە، بە هەر حاڵێ بێت، بە هەوڵدان و هاوبەشی مامۆستایەکی بەرز لە مەجمەع- هینەکانی حاجی قادر ساغی کردۆتەوە. وتی لەم ژمارەی داهاتووی (بەیان) بەڵاو ئەبێتەوە. (وە) بە نیسبەت (دەستخەکە) وتی ئێستا لای (زانکۆی سلێمانی)یە (٤٠)، بەڵام ڕەسمی لای خۆی ماوەتەوە.

ئەنجا لەبەر ناخۆشی خەتەکە بۆی، هینەکەی (ئەختەر) بۆتم نەنووسی، پـ(ە)ڕ لە هەڵەیە.

هیوادارم لە دەرفەتێک کە بۆی ساغ بێتەوە ئەم شیعرانەت بۆ بنێرم.

ئیتر لە دواجارا دووبارەی ئەکەمەوە سەڵاو و ڕێزم.

هەر بەرەو پێش بردن لە دەوڵەمەندکردنی



بەناوی خودا.

بۆ: خزمەت بەڕێزم: جەنابی مامۆستای مێژوونوس

تاهیر حەویزی

مێژوونووسینی کۆیە.

برات

ئیمزا

جەمال محەمەد (٤١)

امام وخطيب الجامع الكبير في محافظة صلاح الدين

١٩٧٨/١١/٢٩

تێبینی

شیعرەکانی وەفایی لە مانگی یەک، ١٩٧٩ لە مەجمەع دەرئەچێ، بە لێکۆڵینەوەی کاک محەمەد عەلی.

*** نامەی پێنجەم**

مامۆستای بەرز و بەڕێز

لەنێو قووڵایی دڵەوە، جوانترین سڵاوت پێشکەش دەکەم، سڵاوێک لە قوتابی بۆ مامۆستا، ڕازاوەتر لە مێرگ و گوڵ و گوڵزاری بەهەشتە جوانەکانمان، ناسکتر لە دڵی دڵدارەکان، فێنکتر لە شنەی بای هاوینەهەوارەکان، بە کوڵتر لە دڵی حاجی پێشکەش بێت بە ئێوەی بەڕێز و کۆیەی دێرین.

مامۆستا گیان

تەنها دانیشتن لەگەڵ جەنابتان مەرج نییە بۆ ناسینی ئێوە، ئەوەی تامەزرۆی چێژی وشەی کوردی بێت، دەبێ بۆ ئەم مەبەستە خۆی ماندوو بکا لە هەموو بارێکەوە. وابزانم لەوانەش مێژوو بەلای من و بەڕای منەوە لەسەرەوەی لستەیە، جەنابیشتان کە بەبێ وچان لەو بارەیەوە هەوڵتان داوە، وای کردووە خەڵکێکی زۆر تامەزرۆی خوێندنەوەی شتە مێژووییە جوانەکانتن، منیش یەکێکم لەوان، (متابعة)ی نووسینەکانت دەکەم، لەوکاتەوە کە فێری خوێندەواری بوومە.

مامۆستای بەڕێز گوێ لە قوتابی خۆت بگرە، بەم چەند وشە، هەرچەندە کە لەوانە (یە) «ماندووت

ئەکەم.

لە ساڵی ١٩٦٥ بەسەرەوە من حەزم لە شیعر و گۆرانی و ئاواز بووە، (وە) لەبەر ئەوەی کە خۆشم (هیرانی)م، ئەو شیعرانەی کە لەوێ، یان لە هەولێر گوێم لێ دەبوو(ن)، زۆر هەستی ئەجووڵاندم، بە تایبەت شیعری (صافی)(٤٢)، لە ساڵی ١٩٧٧وەش تاکوو ئێستاش ئەو «فکرە» لە مێشکم لاناچێ کە بەدوای شیعرەکانی (صافی هیرانی)دا بچمەوە، بەڵام باری ژیانم ئەو (مەجال)ـەی نەدەدا، تا ١٩٨٣، لەوساوە من زۆر بە «جددی» خەریکم، خەریکی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی شیعرەکانی (صافی)م، نەک هەر کوردییەکانی، بەڵکوو «کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکییەکان» هەمووی، ناشمەوێ وەک ئەو دیوانەی ئێستا لە بازاڕە وا دەربچێ کە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی تیا نییە، لەو بارەوەش لە گۆڤارەکان هەندێ شتم نووسیوە. تا ئێستا ئەوەی دەستم کەوتبێ:

(١) چەند جۆرە دیوانی چاپی گیوی

(٢) دیوانێکی (صافی) چاپی بەغدا کە لەسەر ئەرکی (دزەیی) چاپ کراوە.

(٣) زیاتر لە ١٢ سەرچاوەی گۆڤار و ڕۆژنامە.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەوانەی (صافی)یان دیوە، کە باوکم یەکێکە لەوان، لەو سەردەمەدا، لەوێ «هیران» (٤٣) مەلا بووە.

(٥) کوڕ و کوڕەزاکانی خۆی (صافی).

(٦) دیوانێکی دەستخەت لە پێشی ١٩٤٥ نووسراوەتەوە، ئەوە لە بارەی شیعرەکانییەوە، بەڵام لە بارەی (موقع)ی هیران کە جێی صافی بووە، من هەرچەندە خۆم (هیرانی)م و زۆر شت لە (هیران) ئەزانم، بەڵام وەکوو مێژووزانێک ناتوانم ئەو شتانە شی بکەمەوە، هاناشم بردووە بۆ زۆر کتێبی مێژوویی، یەک لەوانە کتێبەکەی جەنابتە (مێژووی کۆیە)(١)، بەڵام شتێکی کەمم لێی دۆزییەوە لە بارەی هیران، لە لاپەڕەیەک کە فەرمووتە (لە خواجە ئەبرەهام(٤٤) بیستووە کە ئەم ناوە هیران و .... (٥٠٠) ساڵ لەمەوبەر دیانێکی زۆری لێ بووە).

لە شوێنەکانیش کە بۆی گەڕاوم، کۆیە و هیران و ڕەواندز و هەولێر و شەقڵاوە و (مەکتەبەی مەخطوطاتی کۆڕی زانیاری) و مەکتەبەی عامەی هەولێر و.... چەند جێگای تریش بە درێژی، زیاتر لە ٢ ساڵ کە هاتم بۆ کۆیە چووم بۆ لای (عەونی)(٤٥)، بەداخەوە جەنابتم نەدۆزییەوە.

جا قوربان لەبەر ئەوەی باسەکەم دەمەوێ سوودبەخش بێ، دەبێ زۆر لایەنی ئەدەبی و مێژوویی بگرتەوە، بە تایبەت ڕوونکردنەوەی ناوی هیران لە هەندێ جێگا بە ئیران ناوی هاتووە، هەروەها باری مێژوویی هیران لە کۆنەوە، ئەوا دەبێ هەندێک لەو شتانە بکەیت بە ئەرکی خۆت و بۆم بنێری بە نامە، جێگەی مەمنوونییە، بە تایبەت من کە ئێستا سەربازم، ناتوانم زۆر بگەڕێم. حەزیش دەکەم بەم ناونیشانە بۆم بنێری مامۆستا گیان.

اربیل: شۆڕش/ حلاقة تارا: لید المدرس محمد مصطفی هیرانی، یان ئەگەر جەنابت هات بۆ هەولێر، لەلای شێخ جەلال دایبنێی لە مزگەوتی خانەقاە، زۆر سوپاست دەکەم.



ئیتر خۆشیت ئاواتمه

**ئیمزا**

**دڵسۆزت محەمەدی مەلا مستەفا**

**هەولێر ١٩٨٥/٧/١٥**

*** نامەی شەشەم**

کاکە تاهیر

چاوەکانت ماچ ئەکەم

زۆرم ئـارەزوو بـوو بتبینـم، بـەڵام داخەکـەم مووەفـەق نەبـووم، ئیشـی خێـرم بەدەسـتەوە بـوو.

بـرا گیـان زۆر مەمنوونـم ئـەو هەدیـە، مەبلەغـی صـەد دینـار لێـم قبـوڵ کـەی، ئیتـر حورمـەت.

**برات**

**ئیمزا**

**محەمەد حەوێز**

**١٩٨٦/١/١٨**

*** نامەی حەوتەم**

برای خۆشەویستم مامۆستا تاهیر

پێشـەکی جوانتریـن سـڵاوتان ئاراسـتە دەکەیـن، هیوامـان شـادیتانە

بـرای بەڕێـز: کتێبـی (مێـژووی کۆیە)مـان خوێنـدەوە، پیرۆزبایـی ئـەرک و فرمـان و ماندووبوونـی زۆرتـان دەکەیـن، دەسـتتان خـۆش.

برای خۆشەویست

هەرچەنـدە تەماشام کـرد لـە بەڕێزتـان زیاتـر کەسمان شـک نەبـرد دەربـارەی دوو شـاعیری شـاری کۆیـە پرسـیاری لـێ بکەیـن، زۆر سوپاسـتان دەکەیـن لـەلای خۆتانـەوە یارمەتیمـان بـدەن.

(١) شاعیر (مەیلی) (٤٦)، ناوی مەلا سابیر بووە.

(٢) شاعیر (ڕاجی) (٤٧)، ناوی عەبدولڕەحمان بووە.

ئەگـەر بکرێ:

نـاوی تەواویـان- مێـژووی بـوون و مردنیـان ئەگـەر نەمـاون.

کورتەیـەک لـە ژیانیـان - شـیعری بڵاونەکراوەیـان، ئەگـەر لاتـان دەسـت دەکـەوێ.

برای بەڕێز:

ئەگـەر ئـەو زانیاریانە لای خۆتـان دەست ناکـەوێ، زۆر سوپاسـتان دەکەیـن لـە مەلاکانـی کۆنـی کۆیـە پرسـیارمان


کاکە طاهر
چاوەکانت ماچ ئەکەم
زورم ئارەزوو بو بتبینم بەلام
داخەکەم موفق نەبوم ئیشی خیرم
بەدەستەوە بو .
براگیان زور ممنونم ئەو هدیە
مبلغی صد دینار لیم قبول کەی
ئیتر حرمت
برات
محمد حویز
٩٨٦/١/١٨


برای خۆشەویستم مامۆستا طاهر
پێشەکی جوانترین سلاوتان ئاراستە دەکەین
هیوامان شادیتانە
برای بەڕێز
کتێبی (مێژووی کۆیە) مان خوێندەوە - پیرۆزبایی ئەرک و فرمان و
ماندووبوونی زۆرتان دەکەین - دەستتان خۆش.
برای خۆشەویست
هەرچەند تەماشام کرد لە بەڕێزتان زیاتر کەسمان شک نەبرد
دەربارەی دوو شاعیری شاری کۆیە پرسیاری لێ بکەین
زۆر سوپاستان دەکەین لەلای خۆتانەوە یارمەتیمان بدەن.
① شاعیر «مەیلی» ناوی مەلا صابر بووە
② شاعیر (ڕاجی) ناوی عبدالرحمن بووە
ئەگەر بکرێ.
ناوی تەواویان - مێژووی بوون و مردنیان ئەگەر نەماون
کورتەیەک لە ژیانیان - شیعری بڵاونەکراوەیان ئەگەر لاتان دەست دەکەوێ
برای بەڕێز
ئەگەر ئەو زانیاریانە لای خۆتان دەست ناکەوێ
زۆر سوپاستان دەکەین لە مەلاکانی کۆنی کۆیە پرسیارمان بۆ بکەن
زۆر سوپاس
ئەبوبکر شافعی
١٩٨٦/ / 
دەشتی کۆیە - دێی خراب

بۆ بکەن، وەڵامەکەی بە نامە بنێرن لە ڕێگای کاک (سالار)ـەوە (٤٨) دەگا بەدەستمان، زۆر سوپاس.

١٩٨٦

**ئەبووبەکر شاخی (٤٩)**

**دەشتی کۆیە - دێی خرابە (٥٠)**

تێبینی: نامەتان لە ڕێگای ماڵی کاک مەلا سەعیدەوە (٥١) دەگاتە دەستمان.

*** نامەی هەشتەم**

هەولێر

١٩٩٨/٣/١٧

بۆ مامۆستای زۆر بەڕێز و موحتەرەم، مامۆستا تایەر حەویزی

هەموو کاتێکتان شاد

زۆر لە هەواڵتان دەپرسین، هیوامان باشیتانە. سڵاومان بۆ گشت ئەندامانی خێزان. سڵاو و ڕێز بۆ کاک سالار.. کاک ئازاد (٥٢) هەواڵتان زۆر دەپرسێ.

مامۆستای ئازیز: بە مەبەستی دانانی (مەلەفێکی) تێروتەسەل دەربارەی شانۆی کوردی و ئەو کارە هونەرییە شانۆییانەی کە لە کوردستان نمایش کراوە (ن) لە



کۆندا، بەڕێزتان شارەزا و ئاگادارن کە کۆیەش لە ڕۆژگارێکی زووەوە هونەری (نواندن)ی شانۆگەری لێ نمایش کراوە، (وە) لەوانەیە جەنابتان جێ پەنجەشی پێوە دیار بووبێ، (وە) بەڕێزتان زۆری لێ دەزانن، ئەگەر دەکرێ باسێکی لەم ڕووەوە بۆمان بنووسی لەگەڵ ناوەکان و دەوریان، (وە) ئەگەر دەستکەوت، وێنەش، ئەمە جێی خۆشحاڵیمانە و خزمەتێکی باشی ناوبانگی شارەکەمانە.. ئەگەر زۆر درێژیش نەبێ قەیدی ناکا، بەڵام مەبەست ئەنجام بدا و ناوی شانۆگەرییەکان و ساڵانی نمایشکردن (و) هەتاکوو ئاهەنگی فەقێیەکانی کە ئەیانگێڕا لە کاتی ئیجازە وەرگرتنی مەلایان، جۆرێک تەمسیلیان دەکرد، ئەوەش هەر باشە و لە جێی خۆیەتی، (وە) وێنەیەکی بەڕێزیشتان. ئەگەر کرا بەم زوانە بۆم ڕەوانەی دووکانی مەلا برایمی (٥٣) برام بکەیت، جێگای ڕێزم و نوازشن.. هەر بژین.

**ئیمزا**

**بچووکتان: زاهیر محەمەد**

**پەراوێزەکان:**

(٣٢) ئیسماعیل جەلی مەلایان (١٩١٩ - ١٩٨٢): ناوی تەواوی ئیسماعیل نووری ئەحمەد جەلیزادەیە، باوکی شاعیری ناسراو قوبادی جەلیزادەیە، لە ژمارەکانی پێشوودا بە درێژی لە بارەیەوە نووسراوە.

(٣٣) محەمەد عەلی قەرەداغی: ناوی تەواوی (محەمەد عەلی محەمەد ساڵح کاکەشێخی قەرەداغی)یە، لە ساڵی ١٩٤٩ لە دێی تەکیەی قەرەداغ لە خانەوادەیەکی خوناس و ئایینی لە دایک بووە، ماوەیەک لە ولیان، لە ماڵی عەلی ناسر بووە و لەلای شێخ مستەفا دەرسی خوێندووە. ساڵی ١٩٥٩ بەرەو سلێمانی ڕۆیشتووە و لە مزگەوتی شێخ وسوو دەستی بە خوێندن

کـردووه. سـاڵی ١٩٦٧ – ١٩٦٨ چووەتـە بەغـدا و لـە مزگەوتـی شـێخ عەبدولقـادری گەیلانـی، لـەلای مـەلا عەبدولکەریمـی مودەڕیـس دامـەزراوە، هـەر لـە سـاڵی ١٩٦٨ مۆڵەتـی مەلایەتـی لەلایـەن مـەلا عەبدولکەریمـی مودەڕیـس وەرگرتـووە، هـەر لـەو ساڵەشـدا بووەتـە پێشـنوێژی بەیانیانـی مزگەوتـی شێخ عەبدولقادری گەیلانی. دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلـوول و گەڕانـەوەی بـۆ بەغـدا، لـە سـاڵی ١٩٧٥ – ١٩٧٦ کۆلێژی ئیمامی ئەعزەمی تـەواو کردووە. لە سـاڵی ١٩٧٢ دەستی بە نووسین لە بوارەکانی مێژوو و کەلەپـوور و ئاییـندا کـردووە، تـا ئێسـتا نزیکەی (٩٠) کتێبی بە چاپ گەیاندووە، لەناو ئـەو کتێبانـەدا هەیانـە (٧) جـار لـە نـاوەوە و دەرەوەی وڵاتـدا چـاپ و بڵاوکراونەتـەوە. ئێسـتا لـە شـاری سـلێمانی دادەنیشـێ، کاتـی خـۆی سەرپەرشـتی چاپـی زۆر لـە کتێبەکانـی مـەلا عەبدولکەریمـی مودەڕیسی کردووە، لەوانـەش تەفسیری نامی و بنەماڵـەی زانیـاران، ئەندامی ئەکادیمیـای کوردییـە.

(٣٤) مزگەوتی ست النفیسة: (جامع ست النفیسة) لـە شـاری بەغدایـە، یەکێکـە لـە مزگەوتـە کۆنەکانـی ئـەو شـارە، لـە زەمانـی عوسـمانییەکان دروسـت کـراوە، کەوتووەتـە سـەر شـەقامی حەیفـا، لەسـەر ڕووبـەری ٢٦٠٠م دروسـت کـراوە، مامۆسـتایەکی ئایینـی لـێ نێـژراوە نـاوی (شـێخ داوود ئەفەنـدی) یـە، حکوومـەت لـە سـاڵانی شەسـتەکانەوە ئـەو مزگەوتـەی داخسـتووە.

(٣٥) تذکرة العـوام: کتێبێکـی ئایینـی تایبەتـە بـە (علم الکلام)، دانەرەکـەی (ئەبـوو حامد ئەلغەزالی) یە، ١٩٦ لاپەڕەیە، لە ساڵی ٢٠١٧ لە (دار المنهاج) چاپ کراوە.

(٣٦) مـەلا محەمـەدی سکتانی: تـا ئێسـتا زانیـاری لەبـارەوە بەدەسـت نەکەوتـووە.

(٣٧) کتێبـی بەیتـی ئـەوەڵ و ئاخـر: ئـەم کتێبـە لـە سـاڵی ١١٩٩ لەلایـەن مـەلا محەمـەدی سیوەچـی نووسـراوە، لـە سـاڵی ١٩٧٣ لەلایـەن ئیمامـی گونـدی جەلی، مـەلا محەمـەدی سکتانی پێشکەش بە کۆڕی زانیـاری کـورد کـراوە و هـەر بـەو نـاوەوە لەلایان تۆمـار کـراوە.

(٣٨) مـەلا محەمـەد سیوەچی: تـا ئێسـتا زانیـاری لەبـارەوە بەدەسـت نەکەوتـووە.

(٣٩) ئەختـەر: (ئەمیناغـای کـوڕی بەکراغـای حەوێزی)یە، لە ژمارەکانی ڕابوردوودا لە بارەیەوە نووسـراوە.

(٤٠) زانکۆی سلێمانی: یەکەم زانکۆ لە کوردستان کرابێتـەوە، لـە سـاڵی ١٩٦٨ لـە سلێمانی دامـەزراوە، ئـەو زانکۆیـە لـە یەکـەم ڕۆژی دامەزرانییـەوە تـا گوێزانـەوەی بـۆ هەولێـر ڕۆڵێکـی گـەورە و بەرچاوی لە بڵاوکردنـەوەی هۆشـیاری نەتەوەیی و سیاسـیدا هەبـووە، ئـەوە بێجگـە لـەوەی بووەتـە چرایەکی ڕووناکی زانستی و ڕۆشنبیری، بۆیـە لـە سـاڵی ١٩٨٢ ڕژێمی بەعس گواستییەوە بۆ هەولێر و ناوەکـەی کـردە زانکـۆی سـەلاحەددین، دوای ڕاپەڕینـە مێژووییەکـەی سـاڵی ١٩٩١، جارێکـی دی زانکۆکـە لـە شـاری سـلێمانی دامەزرایـەوە.

(٤١) جەمـال محەمـەد (امـام وخطیـب الجامـع الکبیـر فـي صـلاح الدیـن): نـاوی تـەواوی جەمـال محەمـەد فەقـێ ڕەسـووڵە، لـە گونـدی دار بەسـەر، سـاڵی ١٩٤٦ لە دایک بووە، گوندەکانی شیواشـۆک و ئیلنجاغ و داربەسـەر سـەر بە کۆیـەن. لە کۆیە لە مزگەوتـی حەتک فەقێـی مـەلا محەمـەدی حەتک بـووە، لەبـەر زیرەکـی بـەردەوام بـۆ خوێنـدن هانـی داوە. دوای تەواوکردنـی خوێندنـی حوجـرە چووەتـە بەغـدا و لـەوێ کۆلێـژی شـەریعەی تـەواو کردووە، کە گەڕاوەتەوە کوردستان لەبەر خراپیی بارودۆخەکـە، چووەتـەوە بەغـدا و خوێندنـی بـاڵای

تەواوکردووە، تا دوای ڕاپەڕین لە بەغدا و تکریت ئیمام و خەتیب بووە، کە هاتووەتەوە لە زانکۆی کۆیە بووەتە مامۆستا و دواتر کراوە بە عەمیدی کۆلێژی پەروەردەی ئیسلامی، ئێستا خانەنشینە و لەبەر نەخۆشی لە کۆیە لەماڵەوە کەوتووە، کە فەقێ بووە ئێواران حەمەسدیق عەبدوڵڵا و تاهیر ئەحمەد حەوێزی و حاجی عەبد جاسم و مەلا محەمەدی حەتک لە مزگەوتەکەیان دانیشتوون و کاتیان بە قسەی خۆش و گفتوگۆ بەسەر بردووە، د. جەمال محەمەد وەک فەقێیەکی زیرەک لەگەڵیان دانیشتووە و گوێی لێ گرتوون.

(٤٢) صافی: مەبەست لێی (صافی هیرانی)یە (١٧٨٣ – ١٩٤٣): لە ژمارەکانی ڕابوردوودا لە بارەیەوە نووسراوە.

(٤٣) هیران: ناحیەیە و سەر بە قەزای شەقڵاوەیە، دەکەوێتە بناری چیای سەفین، (١٨) گوند لە خۆی دەگرێت، لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بووەتەوە ناحیە، چونکە پێشتر وەک زۆربەی ناوچەکانی کوردستان خاپوور کرابوو.

(٤٤) خواجە ئەبرەهام (١٩١٨ – ١٩٦٤): کەسێکی ناودار و بەرچاوتێر بووە، لە خێزانێکی ناوداری کریستیانەکانی شاری کۆیە هەڵکەوتووە، ناوی تەواوی (ئیبراهیم مەرپێن یووسف)ـە، تا پلەی (شەماس)ی خوێندووە، بۆیە پێیان وتووە خواجە ئەبرەهام. لە شاری کۆیە ساڵی ١٩١٨ لە دایک بووە و ژیاوە، هەر لەو شارەدا، ساڵی ١٩٦٤ کۆچی دوایی کردووە، بەکاری بازرگانیی تووتن و پێستەوە خەریک بووە و ڕەز و باغی زۆریان هەبووە، بە تایبەتی لە بۆنە ئایینییەکانی شاری کۆیە، لەگەڵ کەسایەتییەکانی ئەو شارە هاموشۆ و تێکەڵاوی و دۆستایەتی هەبووە، خێزانەکەیان لە (٣) برا و یەک خوشک پێک هاتووە: (خواجە ئەبرەهام، گۆرگیس، هورمز، مێرەم). لە ڕۆژی ١٩٦٤/٢/٢٦ لە شاری کۆیە کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی هەرمۆتە بە خاک سپێردراوە.

(٤٥) عەونی: عوسمان عەونی شاعیر (١٩١٤ – ١٩٩٢)، لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیەوە نووسراوە.

(٤٦) مەیلی: کە ناوی مەلا سابیر بووە، زانیاری لە بارەوە بە دەست نەکەوتووە.

(٤٧) ڕاجی: ڕاجی – ژیکۆ، ناوی تەواوی (مەلا ئاوڕەحمانی کوڕی مەلا برایمی کوڕی مەحموودی کوڕی بەهرام)ـە، لە هۆزی جاف، میکایلی شارەزوورە. ساڵی ١٩١٢ لە گوندی تۆبزاوای سەر بە سلێمانی لە دایک بووە، باوکی خەڵکی کۆیە بووە، دایکی ناوی (هەمین حاجی قادر) ـە، ساڵی ١٩٢٧ هاتووەتە شاری کۆیە و لەلای مەلا عەلی باداوەیی خوێندوویەتی، ساڵی ١٩٣٨ لەسەر دەستی مەلای گەورە مۆڵەتی وەرگرتووە، شاعیرێکی نەتەوەیی بووە، ساڵی ١٩٦٧ لە کۆیە کۆچی دوایی کردووە.

(٤٨) کاک سالار: مەبەست لێی کوڕی دووەمی (م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی)یە، ساڵی ١٩٥٣/١٢/٢ لە کۆیە لە دایک بووە و هەر لە کۆیە دادەنیشێ، ساڵی ١٩٧٣ – ١٩٧٤ پەیمانگەی ئامادەکردنی مامۆستایانی لە هەولێر تەواو کردووە، چەندان ساڵ پێشمەرگە بووە، لە پاش ڕاپەڕین گەڕاوەتەوە سەر پیشەی مامۆستایەتییەکەی، لە ساڵی (٢٠١٦) ـەوە خانەنشین بووە.

(٤٩) ئەبوو بەکر شاخی: ناوی تەواوی (ئەبووبەکر محەمەد حاجی قادر)ـە، نووسەر و پێشمەرگەیەکی دێرینە، کە بە مەلا شاخی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٣، لە گوندی بیرەسپان لە ناحیەی پردێ لە دایک بووە، خوێندنی ئایینی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٤ پێوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کردووە، پاش نسکۆی

شۆڕش گەڕاوەتەوە و بۆ خوارووی عێراق دوورخراوەتەوە، لە دوای ساڵی ١٩٧٥ پێوەندی بە شۆڕشی نوێوە دەکات، ساڵی ١٩٨١ لە هەرێمی ٢ی کەرکووک بووەتە پێشمەرگە، بەشی زۆری ژیانی بە پێشمەرگایەتی بەسەربردووە، لە دوای ڕاپەڕین زۆر پلەوپۆستی بینیوە، ماوەیەک سەرنووسەری گۆڤاری کەرکووک بووە، لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا وتار و نووسینی بڵاوکردووەتەوە، زۆر کتێبی لە بارەی ئەنفال و پارتیزانی دوای ئەنفالەکان نووسیوە کە بە سەرچاوەیەکی گرنگ دەژمێردرێن.

(٥٠) دێی خرابە: کە ئێستا ناحیەیە، لە ١٩٩٨/١١/١٠ـەوە بووە بە ناحیەی ئاشتی، ناوەکەشی لەوەوە هاتووە کە لەپاش چەندان ساڵ شەڕی ناوخۆ و دوای ڕێککەوتنی ئاشتی و پەرۆشیی خەڵکەکە بۆ ئاشتی و بەدی هاتنی ئارامی و سەقامگیری، ناحیەکە ناوی کراوەتە ئاشتی. سنووری ناحیەکە بریتییە لە (٢٣) گوند، کۆمەڵێک بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگە و سەرۆکایەتی و بنکە و هۆبەی تێدایە، کە خزمەتگوزاری پێشکەشی دانیشتوانەکەی دەکەن، سەرجەم گوندەکان قوتابخانەی بنەڕەتییان لێ کراوەتەوە، سەرەڕای بوونی دوو قوتابخانەی ئامادەیی.

(٥١) مەلا سەعید: ناوی تەواوی (سەعید ئەحمەد فەقێ ڕەسووڵ)ـە، لە ساڵی ١٩٤٢ لە کۆیە لە دایک بووە، پیاوێکی بەرچاوتێر و نان بدەیە، خاوەنی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیەتی، بەهۆی ئەو پێگە کۆمەڵایەتییەوە ساڵانێکە خەریکی مەسلەحەت و ئاشتەواییە، چونکە کەسێکی خێرخواز و کۆمەڵایەتییە، ئێستاشی لەگەڵ بێت دەرگای ماڵەکەی بۆ هەر کەسێک کراوەتەوە کە ڕووی تێکردبێ، بۆیە ماڵەکەی وەک کاروان سەرای لێ هاتووە. ڕۆشنبیرییەکی ئایینی باشی هەیە، ئێستا لە ناحیەی ئاشتی دادەنیشێ کە جاران پێیان دەگوت گوندی خرابە.

(٥٢) کاک ئازاد: مەبەست لێی (ئازاد عەبدولواحید حەمەسدیق)ی سەرنووسەری گۆڤاری (ڕامان)ـە.

(٥٣) دووکانی مەلا برایم: مەلا برایم، ناوی تەواوی (ئیبراهیم محەمەد ئیبراهیم)ـە، کوڕی (مەلا محەمەدی مەلا ئیبراهیمی عەودالانی)یە، لە ساڵی ١٩٣٤ لە شاری کۆیە لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٦ بە مەئمووری دارستان لە کەڵەکی یاسیناغا کە ئێستا قەزای خەباتە دادەمەزرێ، تا ساڵی ١٩٥٩ لەوێ دەبێ، دواتر لە قەزای مەخموور بە نووسەر لە دارایی بە (کاتب مالیە) دەست بەکار دەکا، ساڵی ١٩٦٠ دەگوازرێتەوە شاری کۆیە. ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ هەموو مووچەخۆرانی شارەکە دەست بەسەر دەکرێ و بۆ ماوەی (١١) مانگ لە بەندیخانەی عەسکەری لە شاری کەرکووک لەلایەن حکوومەتی بەعسی ئەوکاتە دەگیرێن. ساڵی ١٩٦٤ دەگەڕێتەوە سەر وەزیفەکەی و دەگوێزرێتەوە شاری سلێمانی، دوایی دەینێرن بۆ پێنجوین و ڕانیە و قەڵادزێ، تا ساڵی ١٩٧٠ کە بە یەکجاری دەچێتەوە شاری کۆیە، تا خانەنشین دەکرێ ناوونیشانەکەی هەر (کاتب مالیە) بووە، ئەوجا لە شاری هەولێر دەگیرسێتەوە، بەرانبەر ئامادەیی کوردستان دووکانێکی عەتتاری دادەنێ کە ئەو دووکانەی بووبووە جێگەی دانیشتنی هەموو هاوڕێکانی خۆی و زۆربەی خەڵکی کۆیە و زۆر ناوبانگی دەرکردبوو. لە پەنجاکان لەگەڵ حوسنییە تاهیر مەلا حەبیب ژیانی هاوژینی پێک دێنێ، ئێستا لە ژیاندا ماوە و لە شاری هەولێر دادەنیشێ، (٣) کوڕ و (٥) کچی هەیە.

به بۆنەی بیست و شەشەمینساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# بۆچی گۆڤاری "ڕامان" لە تۆقەڵاندا مایەوە؟

**حەیدەر عەبدوڵڵا**

لەنێو ئەو لێشاوە بەربڵاوەی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی بێشومار- نووسراو، بیستراو، بینراو- کە هەریەکەو دەیەوێت پەیامی خۆی بە جەماوەر بگەیەنێت و مەودای جەماوەرەکەی فراوانتر بکات، زۆر زەحمەتە گۆڤارێک بیست و شەش ساڵ بەشێوەی دەستەبژێر- نوخبەوی بەردەوام بێت، نەک هەر دانەبەزێتە مەیدانی چەلەحانەی نووسینی بێ بەها و دنیای زەخرەفەی بەناو ئەدەب، بەڵکوو مانگ لە دوای مانگ، ساڵ لە دوای ساڵ، لە ڕووی فیکرەوە زیاتر بچڕژێت و لە ناوەڕۆکەوە پتر بخەملێت، وێجا بە هەوڵی نەپساوەی ستافێکی دڵسۆز، بەشێوەیەکی سروشتی نما بکات و بەرەو بەرزتر هەڵکشێت.

لێرەدا، من نامەوێت لە بەهای هیچ گۆڤارێکی ڕۆشنبیری، ئەدەبی، مەعریفی کوردی کەم بکەمەوە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی ساڵانێکە بە زۆرینەیان ڕادەگەم و بەدەم خوێندنەوەیان، ناوەڕۆکیان تەتەڵە دەکەم، دەتوانم بڵێم تا ئێستا گۆڤاری ڕامان وەک پێشەنگ ماوەتەوە. ئەگەر گۆڤارە هەرە باشەکانی ئەم بوارە ئەستێرە بن، بێگومان ڕامان وەک هەیڤ وایە و ڕووناکی بۆ هەمووان پەخش کردووە. ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، سوودیان لێ وەرگرتووە، یان با بڵێین بە جۆرێک لە جۆرەکان لاساییان کردووەتەوە.

بیرمە یەکەم ژمارەی بەناوی «تێڕامان» دەرچوو، لە بەرگەوە بۆ بەرگ خوێندمەوە، هەر لەوساوە هەستم کرد دەستم بە گۆڤارە دڵخوازەکەی خۆم گەیشتووە. لە دووەم ژمارەیدا ناوەکەیان بە « ڕامان» گۆڕی، من «تێڕامان»کەم پێ مەعریفی و لەبارتربوو، چوزانم! ڕەنگە ئەوانیش پاساوی خۆیان هەبووبێت.

بە هەرحاڵ، مانگانە بەتاسەوە چاوەڕێی دەرچوونی ئەو گۆڤارەم دەکرد، نووسین و

لێکۆڵینەوە و دیمانەی نووسەر و ئەدیبان تینوویەتییان دەشکاندم. ڕامان بە ئێستاشەوە، کە دوا ژمارەی (٣١٠)ی لەبەر دەستی منە، نەک لە بڕشت و ناوەڕۆکی ئاوەدانی خۆی نەکەوتووە، بەڵکوو هێندەی دی چڕوپڕتر و بەهادارتر بووە.

ئایا نهێنی مانەوەی ئەم گۆڤارە بە سەردەستە و پێشەنگی گۆڤارە کوردییەکان چییە؟ من لەلای خۆمەوە دەمەوێت لە خوارەوە بە چەند خاڵێک مشتێک لە خەروارێک، وەرامی ئەم پرسیارە بدەمەوە:

**یەکەم:** ڕامان لەو گۆڤارانە نەبووە هەر بابەتێکی بۆ بێت بڵاوی بکاتەوە، یان لەبەر خزمایەتی و حزبایەتی و دۆستایەتی، ئاستی ناوەڕۆکی گۆڤارەکە بە بابەتی بێسەروبەر و لاوەکی دابەزێنێت. بەداخەوە، زۆرێک لە بڵاوکراوەکان بەردەوام ڕەچاوی ئەم جۆرە شتانەیان کردووە و دەیکەن. بابەتی مردوو، یان بێ هێز و پێز، لە گۆڤاری ڕامان جێگەی نەبووەتەوە. جگە لەمەیش، من بیستوومە جاری وا هەبووە بابەتی نووسەرێکی شۆرەتداریان ڕەت کردووەتەوە و هی نووسەرێکی تازەپێگەیشتوویان بڵاوکردووەتەوە، چونکە بابای نووسەر هەرچەند نێوداریش بێت، ئەمە مانای وا نییە هەموو بابەتەکانی باش و بەهێز بن، یان لەگەڵ ڕێڕەوی ئەواندا تێک دەکاتەوە، ئەمەیش دەرخەری ئەوەیە ڕامان خودان نەهجێکی تایبەت بە خۆیەتی. نووسەرێک ئەگەر بیەوێت بابەتێکی لەوێ بڵاوببێتەوە، دەبێت ئاگاداری شێوازیان بێت، پێشتر بە لانی کەم چەند ژمارەیەکی ئەو گۆڤارەی خوێندبێتەوە، نابێت بابەتی دووبارە، یان سواو و پواو بێت. نووسەرێک بە جۆر و ستایلی نووسینی ئەم گۆڤارە فرچکی نەگرتبێت و دەستوپەنجەی لەگەڵ نەرم نەکردبێت، یان بە ئاراستەکەی ڕانەهاتبێت، ئەستەمە بتوانێت لەگەڵیاندا بەردەوام بێت.

ئەدەبی خێرا «الأدب السريع»، وەک خواردنی خێرا «فاست فود» وایە، چێژێکی ڕووکەشی هەیە، بەڵام زۆرجار زیانی زۆرترە لە سوود، هەرزەحەز و سادەخوێنان حەزی پێ دەکەن، ورووژاندن و چێژ ڕەچاو دەکرێت و هەواداری زۆرە، بەڵام لە کۆتاییدا تێ دەگات چۆن کاتی خۆی بە زایە داوە. هەر هیچ نەبێ خوێنەری جیددی بەلایەوە ناچێت، ڕامان لەم جۆرە نووسینانە بەدوورە و هەرگیز شتێکی وام تێدا نەدیوە. خوێنەری ڕامان دەبێ پاشخانێکی فیکری و ئەدەبی هەبێت، دەنا نە تێی دەگات و نە پێی دەگات.

**دووەم:** زمان و ڕێنووس.. دەتوانم بڵێم لە هەموو گۆڤارە کۆن و نوێیەکانی کوردی، ڕامان تاکە گۆڤارە زمان و ڕێنووسێکی دروست و تەواوی هەیە. ئەمە هەر من نیم ئەم شایەتییەی بۆ دەدەم، زۆرینەی نووسەر و ئەدیبان، بەتایبەت ئەوانەی سەروکاریان لەگەڵ زمان و ڕێنووسدا هەیە، ددان بەم هەقیقەتەدا دەنێن و لەم بارەوە ڕامان بە سەرمەشق دادەنێن. دەزگای وەشان و پەخشکردن، ئەگەر دەستەڵاتی پێداچوونەوە و داڕشتنەوەی برێک لە ڕستە و چاککردنی ڕێنووسی نەبوو، باشتر وایە دایخەن، چونکێ هەر بەڕاستی ئابڕووی زمان دەبەن. چۆن دەکرێت لە یەک لاپەڕەدا، چەندان هەڵەی ڕێنووس و کەموکووڕیی داڕشتن هەبن، با بابەتێک جوانترین پەیام و باشترین ناوەڕۆکی هەبێت، کە زمانێکی پاراو و کوردییانەی نەبوو، با هەر نەبێت. جێگەی داخە، جاری وا هەبووە تەلەفۆنم

لەگەڵ سەرنووسەرێک کردووە، گوتوومە کاکە گۆڤارەکەتان پڕە لە هەڵە و پەڵەی زمان و ڕێنووس، لە وەرامدا گوتوویەتی: ئەو نووسەرانەی بابەتمان بۆ دەنێرن مەرجیان ئەوەیە نابێت کەس بە زمان و ڕێنووسیاندا بچێتەوە، یان هەر نووسەر و ڕێنووسی خۆی هەیە و هێشتا ماویەتی ڕێنووسێکی یەکگرتوومان هەبێت! بە دەیان جار بۆم نووسیون و پێم گوتوون، ئەم بابەتە کۆتایی هاتووە، دەمێکە ڕێنووسی کوردی سەرپێ کەوتووە، هیچ زمانێکیش بێ گرفت نییە، ئەوەتە زمانی عەرەبی دەنووسن «شؤون، شؤن، شئون»، ئەمانە شتی لاوەکین و مەسەلە بنەڕەتییەکانی زمانی کوردی چارەسەر کراون، تەنانەت بەشێکیان تا ئێستایش نازانن جیاوازیی نێوان ڕێنووس و ڕێزمان بکەن، وەک: «وشتر خەت پیشەم نییە قەت»، بابەتەکان تێکەڵوپێکەڵ دەکەن و هەر تیرە و لە کەندالێک دەدەن. من پێشنیاز دەکەم بۆ ڕاستکردنەوەی ڕێنووس و چاککردنی زمان بە وردی گۆڤاری ڕامان بخوێننەوە، چونکە فەرهاد شاکەلی، کە خۆی پسپۆڕی زمان و ڕێنووسی کوردییە لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: «لە کوردستان جگە لە گۆڤاری ڕامان، هیچ بڵاوکراوەیەک ڕێنووسی تەواو نییە.» بەداخەوە، هەیە لەسەر زمان و ڕێزمان دەنووسێت، کەچی زمانی دارشتن و تێگەیاندنی وێرانە! لێرەوە جێگەی خۆیەتی بڵێم، ئەو گەنجانەی دەیانەوێت بە زمانێکی بێ گرێوگۆڵ و ڕەوان بنووسن، با گۆڤاری ڕامان وەک قوتابخانەیەک تەماشا بکەن و بە وردی بیخوێننەوە.

**سێیەم:** هەر لە سەرەتای دەرچوونی (ڕامان)ـەوە، بایەخێکی زۆر بە دیداری ئەدیب و نووسەر و ڕۆشنبیران دراوە، نەک تەنیا لەیەک بواردا، بەڵکوو لە هەموو کایەکانی: ئەدەب، ڕۆمان، شیعر، چیرۆک، مێژوو، پەخشان، زمان، هونەر، شانۆ، دەستنووس... کەسی دیمانە لەگەڵکراویان وەک تاقگە هەڵڕشتووە و بە پشوویەکی درێژ، هێمنانە هەموو دوڕ و گەوهەرەکانیان لێ وەرگرتووە، وا ڕێکەوتووە پێشتر ژیاننامەی چەند کەسێک لەو کەسانەم خوێندووەتەوە، کە لە ڕامان دیداریان لەگەڵدا کراوە، بە قەد ئەو دیدارانەی سوودم وەرنەگرتووە. دیارە شێواز و چۆنیەتی پرسیارکردن و کەسایەتی دیدارساز، ڕۆڵێکی باڵا دەبینن. بۆ وەرگرتنی زانیارییەک، یان ساغکردنەوەی بابەتێک، نابێ ڕاستەوخۆ بچیتە نێو باسەکەوە، بەڵکوو دەبێت تەواوی دەوروبەر و شتگەلی پێوەندیدار بناسێنیت، واتە بۆ گەیشتن بە مرواری، دەبێ تەواوی دەریا و قووڵییەکەی تەی بکەیت. ئەوەی من لە ڕامان بەدیم کردووە، ئەو قووڵی و لێزانییەیە، هێمنی و پشوودرێژییە. ئێستایش تامی ئەو دیمانانەی پێشتر لە ڕامان خوێندوومنەتەوە بە نموونە: مەسعوود محەمەد، شوکر مستەفا، مارف خەزنەدار و عەبدولکەریم شێخانی و ع.ع. شەونم و چەندانی دیکە، لە بیر و هۆشم ماونەتەوە و ماکیان گرتووە.

**چوارەم:** ڕامان لە ساغکردنەوەی دەستنووس و دیوانی شاعیرانیشدا پێشەنگ بووە، خۆی لە دەمەدەمێ و وەڵامی بێکەڵک بواردووە. هەموومان دەزانین کەسێک بیەوێت دیوانێک یان، دەستنووسێک ساغ بکاتەوە، دەبێت ئەزموونێکی زۆری ئەدەبی هەبێت، لەبواری زمان ئەگەر مەعلانیش نەبێت، شارەزاییەکی باشی هەبێت، ناکرێ کەسێک دەستنووسێکی دوو سەت ساڵ بەر لە ئێستا ساغ بکاتەوە، کەچی هیچ لەبارەی زمان و شێوازی ژیانی پێشینان نەزانێ و هەرە

لە برە دەرنەکات، هەروەها دەبێ ئەمانەتپارێز بێت و بە ئارەزووی خۆی، یان کەسانی دیکە، کەموزیادی نەکات. بەدەر لەوانەیش، دەبێ هێمن بێت و ڕووبین و ڕووکەشانە بڕیار نەدات، لێرەوە گەورەیی ڕامان دەردەکەوێت. کاتی خۆی نووسەرێک لێکۆڵینەوەیەکی بۆ ڕامان ناردبوو، پێیان گوتبوو هێشتا پێویستی بە دەوڵەمەندکردن و ساغکردنەوەی زیاتر هەیە، ئێمە بەم شێوەیە بڵاوی ناکەینەوە. لێرەدا ڕامان ڕۆڵی سەرپەرشتیارێک دەبینێت و نووسەران پێدەگەیەنێت، هەروەک چۆن گۆڤارە زانستی و ئەدەبییەکانی جیهان فلتەری خۆیان هەیە و بابەتی لاواز و نیوەچڵ و ناڕاست بڵاوناکەنەوە، (ڕامان)یش بە هەمان شێوەیە و هیوادارم هەرواش بمێنێتەوە.

**پێنجەم:** ڕوونە، گەلی کورد بەوە شۆرەتی دەرکردووە کە هەموویان شاعیرن، لەوەتەی بەربەستی کێش و سەرواش نەماوە هەر کێ هەڵدەستێت دەتوانێ شیعری ئازاد بنووسێت و ناو لە خۆی بنێت شاعیر، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە سەدان کەس لێدوانی جوان و سەرنجڕاکێشی بۆ بنووسن و بیبەنە کەشکەڵانی فەلەک، کەچی لە بنچینەدا هیچی بەسەر هیچەوە نەبێت، نەک پێوەندی بە شیعر، تەنانەت بە میعریشەوە نەبێت. لەنێو ئەو هەموو پاشاگەردانییەی لە بواری شیعردا هەیە، ڕامان بایەخێکی زۆری بەو بوارە داوە.

**یەکەم:** لە ڕیزبەندی بابەتەکاندا بە پێچەوانەی هەموو گۆڤارە ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکان، شیعری خستووەتە پێشەوە، ئەمەیش بۆ ئەوەی پێمان بڵێت شیعر دایکی ڕەسەنی پەخشان و ڕۆمان و شانۆ و تێکڕای کایە ئەدەبییەکانە، ئەدەب بەگشتی زادەی شیعرە.

**دووەم:** هەڵسەنگاندن و وردبینی و ئەدەببینی بۆ شیعرەکان دەکات، ئاخۆ لە ڕووی زمان و داڕشتنی شیعرییەوە چۆنن؟ تا چەند خزمەت بە بواری ئەدەب دەکەن؟ تەنانەت ئەوانەی شیعرەکانیشیان ڕەت دەکرێنەوە، ئەگەر بە ئیدراکەوە لە بابەتەکە بڕوانن، سوودی زۆر لە کەموکوڕییەکانیان وەردەگرن و بە شێوەی دیکە و زمان و داڕشتنی تر تێهەڵدەچنەوە. ڕامان بۆ ئەوانە وەک مەشقگە و پاڵاوگەیەکە، هەم پێیان دەگەیەنێ، هەم تێیان دەگەیەنێ.

**شەشەم:** ئازاد عەبدولواحید، ڕاستییەکەی بۆیە خستمە دواوە، بۆ ئەوەی بڵێم هەر پێنج خاڵەکەی پێشوو زیاتر لە سایەی فەزڵ و هونەری ئەوەوەن، ئەگەرچی ستافەکەیشی ماندوونەناسانە کاری باش و گەورەیان کردووە، لێ ئەو هاوسەنگی و جوانی گۆڤارەکەی ڕاگرتووە. وەک دەبینین ٣١٠ ژمارەی لێ دەرچووە، کەچی ئەو زاتە هێشتا هەر دەڵێی لە ژمارەی یەکەمدا کار دەکا، بە گڕوتینێکی زۆرەوە هەموو هەوڵ و تەقەللایەک بۆ پتر دەوڵەمەندکردن و جوانکردنی ئەم گۆڤارە دەدات. هەرکەسێک بابەت و دیمانە و لێکۆڵینەوەکانی ئازاد عەبدولواحیدی خوێندبنەوە، دەزانێ جۆری کتێب و بابەتەکانی چەندە باڵا و بەهادارن. لێرەوە وەک وەفایەک ئەوە دەدرکێنم، کە نووسینەکانی ئازاد عەبدولواحید و ڕامانەکەی بۆ من بوون بە فێرگەیەک، دەیان وانەی زمان و ڕێنووس و داڕشتن و زانیاریی ڕۆشنبیری و ئەدەبی لێوە فێربووم. ئەو نووسەرە لە شلکەی ژیانییەوە، تەمەنی خۆی نەزری نووسین و ئەدەب کردووە، ئەگەر لە بابەتە سەرەتاییەکانی وردبیتەوە بۆت دەردەکەوێت، کە ئەو لەو قۆناغەشدا نەیتوانیوە بابەتی کرچوکاڵ و لاواز بنووسێت. کتێبەکانی

لەسەر ئەختەر و شێخ نووری و چەندان شاعیری هاوچەرخی دیکە قووڵ و جیاوازن. هەر چۆنێک بێت، من پێم وایە ئازاد عەبدولواحید بووەتە سەرچاوەیەکی گرنگی زۆرینەی نووسەرانی کورد و گەلێک نووسەری لاو لە قوتابخانەکەی دەرچوون و ئێستا بە ئاگاییەوە دەنووسن و بەرهەمەکانیان بڵاودەکەنەوە، چونکە ئەگەر نووسەر ئاگایی نەبوو، نووسینەکانی سەریان لە هیچ دەردەچێت، ئازاد عەبدولواحید لە ڕێگەی ڕامان و کتێبەکانییەوە، ئەو ئاگاییەی بۆ نووسەر و ڕۆشنبیران دروست کردووە. ئەو، لە هیچ سەرنووسەرێک ناچێت، تەنیا لەبەر وشەیەک، پیتێک، دەربڕینی نێو بابەتێک، چەندان جار گۆڤارەکەی لە چاپخانە گێڕاوەتەوە. سەلیقە و وردبینی و جواننووسییەکەی، جێگەی سەرنج و تێڕامان و سپاسە.

لێرەوە زۆر بە جوانی دەردەکەوێت، نهێنی و چیرۆکی مانەوەی گۆڤاری ڕامان و گەشەکردنی بەردەوامی چی بووە و چۆن بووە.

## پوختەی قسان

لە سەردەمێکدا هەموو شتێک بەرەو سادەیی و ڕووکەشی چووە، تەعبیر لاواز بووە و نووسین بڕشت و بژوێنی نەماوە، هەتا کتێبێکی باش دەخوێنیتەوە، دەیان کتێبی بێ سوود لە بەردەمتدا قووت دەبنەوە، تا گۆڤارێکی دڵخواز و بە کەڵک دەدۆزیتەوە، چەندان گۆڤاری ئاڵوواڵا و ڕەنگاوڕەنگی بێ ناوەڕۆک دێنە بەردەستت. من لە ئەزموونی خوێندنەوەی چەندان ساڵەی خۆم، دەڵێم بابەتی سادە بۆ کەسێک بیەوێت بگاتە کاری گەورە و گرنگ و دەستەبژێر، نەک سوودی نییە، بەڵکوو ساردیشی دەکاتەوە، لە کۆتاییدا هەر بابەتێک فیکری و مەعریفی بێت و بە ئەدەبێکی قووڵ نووسرابێت لێی دەپرینگێتەوە و چێژی لێ وەرناگرێت. زۆر خوێنەری جیددیمان هەبووە، بەڵام چونکە هەر تەنیا بابەتی سادە و سواوی خوێندووەتەوە و هەڵنەکشاوە، ئێستایش هەر لە جێگەی خۆی قەتیس بووە و ناتوانێت لەو چوارچێوەیە دەربچێت کە بۆخۆی دایڕشتووە، بۆیە من وەک واقیع و هەقیقەت و وەفایەک، بۆ ئەو هەموو زانیارییەی هەر لە سەرەتای دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە تا ئێستا وەرمگرتووە، بە شانازییەوە دەڵێم: گۆڤاری ڕامان، باشترین گۆڤاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردییە و تەماخوازم هەروا لە ترۆپکدا بمێنێتەوە، چەند جار خوێندوومەتەوە و لە سەرنووسەرم بیستووە وتوویەتی: (من هەرگیز بە سەرنووسەری گۆڤارێکی لاواز و ئاست نزم ڕازی نابم، کەی هەستم بە لاوازی گۆڤارەکە کرد، دەست لە کارەکەم هەڵدەگرم).




# لەم ژمارەیەوە ڕامان مانگانە دەردەچێتەوە

* به دەرچوونی ئەم ژمارەیەی ڕامان زۆر ئاسوودەم، ئەو ڕووداوە بە ڕۆژێکی گەشی ژیانم دەزانم، ئیدی گۆڤارەکەمان وەک جاری جاران گەڕایەوە دۆخی ئاسایی خۆی و لە مەولا مانگانە دێتەوە بەردەست و دیدەتان، گومانم لەوەشدا نییە سەرلەنوێ دەرچوونەوەی (ڕامان)ی مانگانە چەند منی پێ کەیفساز بووم، ئەوەندەش دەبێتە مایەی دڵخۆشیی نووسەران و خوێنەران. ئەم هەنگاوە کارێکی وا دەکات پتر لە جاران پرد و ڕایەڵی پێوەندییەکانمان لەگەڵ نووسەران توندوتۆڵ و تۆکمەتر بکەینەوە، پێوەندیشمان لەگەڵ خوێنەرەکانمان لە جاران قایم و پتەوتر بکەینەوە. لێرە بەدواوە ڕامان باشتر بە بڵاوکردنەوەی نووسین و داهێنانی داهێنەکانمان ڕادەگات، لێرەوە بە پێویستی دەزانین داوای لێبوردن لەو نووسەرانە بکەین کە بەهۆی ئەو دۆخە نەخوازراوەوە، ئەگەر بەرهەمەکانیان درەنگ بڵاوبووبێتەوە، ئەوانەی لەگەڵمان پشوودرێژ بوون، نازیان بەسەرمانەوە هەیە و دەکرێ لە داهاتوودا بایەخی زیاتر بە بابەتەکانیان بدرێ و بە زوو بڵاوکردنەوەیان قەرەبوویان بکەینەوە.

* هەرگیز بە خەیاڵماندا نەدەهات ڕۆژێک گۆڤارەکەمان ڕابوەستێ، یان بە دوو مانگ جارێک دەربچێ، ئەوە بارودۆخێکی ناهەموار بەسەرمانیدا سەپاند، ئەمڕۆ بە پێداگری زۆری ئێمە و بە هیمەتی کەسانی خەمخۆر، گۆڤارەکەمان کرایەوە مانگانە، پاش ئەوەی لە ژمارە (٢٧٤)ـەوە تا (٣٠٩ — ٣١٠) بە جووت ژمارەیی دەرچوو، ئومێدەوارم جارێکی دی دۆخی وەها خراپ بە خۆمانەوە نەبینین. هەر بەبۆنەی ڕاگەیاندنی موژدەی دەرچوونی (ڕامان)ی مانگانەوە، سپاسێکی بێپایانی نووسەر و هاوکارەکانمان دەکەین کاتێ لە ساڵی (٢٠١٤)ـەوە پاداشتی نووسین ڕاگیرا تا دوا ژمارە ئەوان دەروەست نەبوون و بێ بەرانبەر بۆیان دەنووسین، تەنانەت هەبوون دەیانگوت ئامادەین پێتاک بۆ بەردەوامبوونی ڕامان کۆ بکەینەوە، ئەوانیش بوون بە گوڕوتینتر چاکی مەردانەیان لێ کرد بەلادا و بێ پسانەوە و بە هەموو شێوەیەک پشتیوانییان لە گۆڤارە دڵخوازەکەی خۆیان کرد، بگرە هەرچیمان پێ دەسپاردن و داوامان لێ دەکردن، بە دەنگمانەوە دەهاتن و کاریان بۆ کردین، ئێستەش دڵنیام جاران چۆن بوون، لەمەولاش بە هەمان کەفوکوڵ کە ئێمەیان لەسەر ڕاهێناوە لەگەڵمان بەردەوام دەبن و بە نووسینە ناوازە و دانسقە و تایبەتییەکانیانەوە زیاتر ڕامان دەوڵەمەند دەکەن و دەڕازێننەوە، تەنیا مەرجی ئێمە ئەوەیە بابەتەکانیان لە هیچ شوێنێکی دی بڵاونەکرابنەوە و ڕەچاوی ڕێباز (نهج)ی گۆڤارەکەمان بکەن کە لە سەرەتاوە لەسەری ڕۆیشتووین.

* لە ئاییندەیەکی نزیکیش نیازمان وایە فیستیڤاڵی ڕامان، ساڵانە لە هەولێری پایتەخت ساز بکەین کە هەر ساڵەی لەسەر تەوەرێکی گرنگ ئیش دەکەین، بۆ ئەو مەبەستەش ڕووناکبیران هان دەدەین و دەمانەوێ ئەم چالاکییە کولتوورییە وەک نەریتێکی ساڵانە، ببێتە گردبوونەوەیەکی گەورە و تەکانێک بە بزاڤی ڕۆشنبیریی و ئەدەبیمان بدەین، بەمەش برەوی زیاتر بە ژیانی کولتووریی کوردەواری بدرێ و بیبووژێنینەوە. لەم ئەرکە نەتەوەییەشدا چاوەڕێی قەڵەمە داهێن و کارا و جیددییەکانین کە بە بەشداربوون و پێشنیارەکانیان، ئەو فیستیڤاڵە سەربخەن.

* ماوە بڵێم: برام د. سالار عوسمان، بۆ مێژوو دەیڵێم تۆ لەمێژە ڕێزت لە ڕەنج و تەقالای ئێمە گرتووە و (ڕامان)ت بە قەدەر ئێمە خۆش ویستووە، کورد واتەنی: قەدری زێڕ لەلای زێڕینگرە، سپاس کە قسەی خۆت بردە سەر.

**سەرنووسەر**